# کۆرسی
# پێشەنگە ناوخۆییەکان

ڕێبەری ڕاهێنەران بۆ زنجیرەیەک لە نۆ وۆرکشۆپی هاوکاریی کۆمەڵگا ناوخۆییەکان بۆ فێربوون و بەهاپێدان و بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ هەمووان.



FORB Learning Platform

هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیر
کردنەوە، ویژدان و ئایینی هەیە؛
ئەم مافە ئازادی گۆڕینی ئایین، باوەڕ و ئازادیی
کەسەکە دەگرێتەوە، ئەمەش بە تەنیا یان لەگەڵ
ئەوانی تر لە کۆمەڵگایەکدا، جا بە ئاشکرا یان نهێنی،
بە مەبەستی دەرخستنی ئایین یان باوەڕەکەی لە
فێرکردن، کارپێکردن، پەرستن و  پابەندیدا.

جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ،
مادەی ١٨



# پێڕست

## ڕێبەری ڕاهێنەر


سوپاس و پێزانین ........ 5
بۆچی پێویستمان بە پێشەنگە ناوخۆییەکان هەیە ........ 6
کێ لە پشت کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکانە؟ ........ 7
پەیامی هاوبەشەکانمان ........ 8


**بەشی آ چۆن ئەم سەرچاوانە بەکار بێنین**


ناساندنی کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان ........ 11
چۆنییەتی بەکارهێنانی سەرچاوەکان ........ 13
چۆنییەتی ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک ........ 15
ڕێنمایی بۆ ڕاهێنان ........ 17
وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاڵۆزەکان ........ 21
بۆچوون و ڕێپێدانەکان ........ 29


**بەشی ب بابەتەکانی کۆرسەکە**


دانیشتنی ١ **پێویستییە مرۆییەکان- مافەکانی مرۆڤ- بەرپرسیارێتییە مرۆییەکان**
پێداچوونەوەی دانیشتنەکە ........ 32
وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە ........ 35
نووسراوی پێشکەشکردن لەگەڵ چیرۆکی پێشەنگەکان ........ 41

دانیشتنی ٢ **ناساندنی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین یان باوەڕ**
پێداچوونەوەی دانیشتنەکە ........ 46
وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە ........ 49
گۆرانی شمشاڵ و تەپڵ، ئەفسانەیەکی ئازادیی ئایین یان باوەڕ ........ 56
نووسراوی پێشکەشکردن ........ 60
چیرۆکی پێشەنگەکان: چیرۆکی پیتەر، پاکستان ........ 64

دانیشتنی ٣ **فرەناسنامەییمان**
پێداچوونەوەی دانیشتنەکە ........ 65
وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە ........ 68
نووسراوی پێشکەشکردن، لەگەڵ چیرۆکی سامح و هانا، میسر ........ 75

دانیشتنی ٤ **پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ**
پێداچوونەوەی دانیشتنەکە ........ 78
وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە ........ 80
نووسراوی پێشکەشکردن ........ 85
دوو خولەک نووسراوی کورتە دراما: وەشانی سادەکراو ........ 92
چیرۆکی پێشەنگەکان: چیرۆکی قەشە جەیمس و ئیمام ئەشەفا ........ 95

دانیشتنی ٥ **ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەماندا**
پێداچوونەوەی دانیشتنەکە ........ 96
وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە ........ 99
نووسراوی پێشکەشکردن ........ 107
چیرۆکی پێشەنگەکان: چیرۆکی ئیمینا، بۆسنیا هێرتسەگۆڤینا ........ 109

دانیشتنی ٦ **ئیلهام وەرگرتن لە چیرۆکەکان- هێز وەرگرتن لە تاکتیک**
پێداچوونەوەی دانیشتنەکە ..... 111
وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە ..... 114
نووسراوی پێشکەشکردن ..... 121
چیرۆکی پێشەنگەکان لە هیندستان و دانیمارک و کیرگستان ..... 124

دانیشتنی ٧ **باسکردنی تاکتیکەکان**
پێداچوونەوەی دانیشتنەکە ..... 126
وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە ..... 128

دانیشتنی ٨ **گەشتی گۆڕانکارییمان**
پێداچوونەوەی دانیشتنەکە ..... 132
وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە ..... 135
نووسراوی پێشکەشکردن ..... 140

دانیشتنی ٩ **گەشتی گۆڕانکارییمان (بەردەوام دەبێت)**
پێداچوونەوەی دانیشتنەکە ..... 144
وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە ..... 146

بەشی پ **بابەتەکانی سەرچاوە**

بەشداریبە سەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤ پەیوەند بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ ..... 151
زانیاریی دەربارەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە وڵاتەکەتدا بدۆزەرەوە ..... 153
بەردەوام بە لە فێربوون: سەرچاوە و کۆرسی ئۆنلاینی زیاتر ..... 155
پێرستی ڕاهێنانەکان ..... 159


### سەرچاوە هاوبەشەکان

سەرچاوەکانی بەڕێوەبردنی کۆرسەکە، لەم بەستەرەی دەستە ڕاست بدۆزەرەوە:

- پێشکەشکردنی پاوەرپۆینت بۆ هەر دانیشتنێک
- نووسراوی پێشکەشکردنەکان لە ووردێکدا، تا بتوانیت دەستکاری بکەیت و بیگونجێنیت لەگەڵ چوارچێوە و بینەرەکانتدا
- بڵاونامەکان
- بەکارهێنانی کارتی یاری و پۆستەرەکان لە ڕاهێنانەکاندا

www.forb-learning.org/ckb/changemakers/course-materials/

لێرە
سەرچاوە هاوبەشەکان
بدۆزەرەوە

### وەشانی زمانەکانی تر

ڕێبەری ڕاهێنەران و هەموو سەرچاوە هاوبەشەکان بە زمانە جیاوازەکان بەردەستن. بڕوانە داخۆ کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان لێرە بە زمانی تۆ بەردەستە.

www.forb-learning.org/ckb/changemakers/languages/

لێرە
سەرچاوە
هاوبەشەکان
بدۆزەرەوە

# سوپاس و پێزانین

سوپاسی تایبەت بۆ ئەندامانی گرووپی هەڵسەنگاندنی کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان بۆ پاڵپشتی تەواوەتی گەشەپێدانی سەرچاوەکان و پرۆسەی تاقیکردنەوەکان.

- گالینا کۆلۆدزینسکایا، ئەنجوومەنی نێوان ئایینەکان، کیرگزستان
- حەلا فەرید فارس، میسر
- هەمام حەداد، تەقەرووب بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئوردون
- هیدایا مەولیدی دەد، ناوەندی نێوان ئایینەکانی زانزیبار، تانزانیا
- عیرفان ئەندازیار، ناوەندی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە و عەلمانییەت، هیندستان
- جیمی ئێم ئای، پەیوەندیی کەنیسەکان لە ئەندەنوسیا
- مێلیسا نگوین، مێزگردی ئازادیی ئایین یان باوەڕی ڤێتنام
- مایک گابرێل، هاوپەیمانی نیشتیمانی ئینجیلی مەسیحی سریلانکا
- تەحمییە کازی، ڕاوێژکار و ڕاهێنەری سەربەخۆی ئازادیی ئایین یان باوەڕ، بەریتانیا
- یوکۆها نۆبیا، کەنیسەی پریبێستەری نایجیریا

هەروەها سوپاس بۆ ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بۆ بەشداریی و سەرنجەکانیان: لیزا وینثر، کریستین تڤێت ئەلێکساندەر بۆرێلۆ کرۆسبی (هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی ستیفانۆس)، کرستینا پاترینگ و نیکلاس ئێکلۆڤ (شاندنی ئەنجوومەنی سویدی لە گەشەپێدان)، تابیتا شرۆدەر نودسن، ئیدا شمیت و فیلیپ باف پێدەرسن (ناوەندی گەشەپێدانی کەنیسە)، لاین یو تان، گری زیراو و سیدسڵ ماری ویثر پراگ، چیان مایکڵ واینەر (نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ)

سوپاسێکی تایبەت بۆ هەموو ئەوانەی چیرۆکی پێشەنگی خۆیان لەگەڵمان بەش کردووە!

سوپاسی تایبەت بۆ هاوکاریی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی لە ڕێکخستن و بەرهەمهێنانی وەشانی کوردیی کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان. ئەم بڵاونامەیە بە پاڵپشتی دارایی نەرویج بەرهەم هێنراوە. ناوەڕۆکی ئەم بڵاونامەیە بە تەنیا بەرپرسیارییەتی سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕە و بە هیچ جۆرێک نابێت بە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی حکومەتی نەرویج لێک بدرێتەوە.

Norway

# بۆچی پێویستمان بە پێشەنگە ناوخۆییەکان هەیە

لە سەرتاسەری جیهاندا، خەڵکانی سەر بە هەموو ئایین و باوەڕەکان بە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، پەیوەند بە ئازادیی ئایین یان باوەڕەوە کاریگەر دەبن، لە زۆربەی شوێنەکانیش ئەم پێشێلکارییانە خراپتر دەبن. سرووشت و قورسی و ئەندازەی کێشەکان بە شێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێن، بەڵام جیاکاری، وتاری کیناوی، تاوانی کیناوی و پێشێلکارییەکان، لە هەموو جیهاندا بەربڵاون.

هەروەها سنووربەندییەکانی حکومەت بۆ مافی کارپێکردنی ئاشتییانە و دەربڕینی بیروباوەڕەکان کێشەیەکی گەورەی ترە کە ڕەوتێکی گەردوونییە و بەندە بە بچووکبوونەوەی پانتایی کۆمەڵگای مەدەنی. لە زۆر چوارچێوەدا، شێوازەکانی ئێستای کینە و سنووردارکردنی یاسایی بەهۆی پەتای کۆرۆناوە زیاتر بوون.

پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ، جیاواز کار لە ژنان و پیاوان دەکەن. ژنان بە تایبەتی ڕووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە، ئەمەش لەڕێی یاسای ئایینی باری کەسی و توندوتیژیی جێندەرییەوە.

پێشێلکارییە زۆر و جیاوازەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەبنە هۆی ئەشکەنجەی گەورەی کەسی و کۆمەڵگاکان ناسەقامگیر دەکەن. بۆیە پێویستییەکی بەپەلەی گۆڕانکاری هەیە و ئەم گۆڕانەش پێویستە لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت.

ئەو کۆمەڵگانەی بە یەکسانی و ئاشتی و دادپەروەری دەناسرێنەوە، بەبێ هەوڵێکی یەکلاکەرەوەی یاسادانەران و بەرپرسان بۆ چاکسازی یاسا و مسۆگەرکردنی یەکسانی لە جێبەجێکردن و کارپێکردنی یاساکان، روو نادات. ئەم هەوڵە یەکلایەنانەی سەرەوە بێ پاڵپشتی و فشاری گۆڕانکاری لە خوارەوەدا، کەمتر روو دەدەن. سەرباری ئەمەش، زۆر لە پێشێلکارییە ڕۆژانەییەکان کە ڕووبەڕووی خەڵک دەبنەوە، لە لایەن ئەندامەکانی تری کۆمەڵگاوە ئەنجام دەدرێن- لە شوێنی کار و خوێندنگە و ماڵەکاندا. هەروەها دەبێت گۆڕانکاری لە خوارەوە بۆ سەرەوەش بکرێت.

خەڵکانێکی زۆر نیگەرانی پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕن لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا، بەڵام دڵنیا نین داخۆ چۆن دەتوانن گۆڕانکاری بکەن. ئەوان باوەڕیان وایە پێویستیان بە زانین و کارامەیی هەیە تا بتوانن هەنگاوی کرداریی بەرەو گۆڕانکاری بنێن. کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان بەشداری ئەم هێزپێدانە دەکات، نەک تەنیا سەرنج دەخاتە سەر ئەو زانین و ڕەفتارانە، بەڵکوو ڕێبازەکانی هەنگاونانیش، ئەمەش بە هەردوو تێگەیشتنی تەواوەتی و هەنگاوی بنەمادار بە مافەکان.

دەمانەوێت ئێوە خواستی بەشدارییتان بۆ گۆڕانکاری لە چوارچێوەی خۆتاندا هەبێت و هیوا دەخوازین سەرچاوەکانی کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان لەمەدا هاوکارتان بن.

کاثێرین کاش
سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ

# کێ لە پشت کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکانە؟

کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان لە لایەن سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕەوە پەرەی پێ دراوە، ئەمەش بە هاوکاریی چەندان کەس و ڕێکخراوی پابەند بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ هەمووان.

سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ، سەرچاوەکانی فێربوون و کۆرس و دەرفەتەکانی پەیوەندی بۆ یارمەتیدانی تاکەکان و کۆمەڵگاکان و بڕیاردەران، بە مەبەستی فێربوون و بیرکردنەوە و پەرەپێدانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەستەبەر دەکات. پرۆژەیەکی تۆڕی گشتگیری ئەورووپای باکوورە، لەمەڕ ئازادیی ئایین یان باوەڕ، ئەمەش بە گفتوگۆ و هاوکاری لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵگا ئایینی و باوەڕمەندەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و گەشەپێدان، هەروەها دامەزراوە ئەکادیمییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا.

سەرچاوە و کۆرسەکانی تری سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ هەشت فیلمی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت، کە ڕوونی دەکەنەوە ئازادیی ئایین یان باوەڕ چی دەگرێتەوە و لە چ ڕەوشێکدا سنووردار دەبێت (بە چەندان زمان بەردەستە)؛ ڕاهێنانێکی ئۆنلاین و ڕاهێنەری ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆرسی ڕاهێنەران؛ خولێکی ئۆنلاین داواکراو لەسەر ئازادیی ئایین یان باوەڕ، هەروەها ئامرازێکی ڕاهێنان بۆ ڕاهێنەرانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لەخۆ دەگرێت.

**بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی وێبسایتەکەمان بکە**
forb-learning.org

## چۆن کۆرسەکە گەشەی پێ دراوە

کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان لە ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١ لە لایەن کارمەندانی سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ، بە هاوکاری گرووپێکی هەڵسەنگاندن پەرەی پێ دراوە، کە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگا مەدەنی و ئایینییەکانی دە وڵاتی ئەفریقا و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و ئەورووپاوە وەرگیراوە. گرووپی هەڵسەنگاندنەکە لە کەسانی مەسیحی و موسڵمان و بودایی و بێباوەڕ پێکهاتبوون.

ئامانجی ئێمە دروستکردنی کۆرسێك بوو کە لە ئاستی بنەڕەتی و چوارچێوەیەکی سەلامەتدا، پەیوەندیدار و بەردەست و دەستپێڕاگەشتوو بێت. ئەمەش بە مانای دروستکردنی کۆرسێک بوو کە بتوانرێت لە لایەن هەر ڕاهێنەرێکی لێهاتووەوە (بێ گوێدانە ئەوەی چەند زانیاریان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ هەیە) و (بێ گوێدانە ئاستی پەروەردەیی) پێشکەش بە هەر کەسێك بکرێت، ئەمە بە شێوازێکی وا بتوانرێت گواستنەوەی ناوەڕۆک بە شێوازێکی سرووشتی ڕوو بدات.

بەم جۆرە، سەرنجی ئێمە لەسەر سێ بابەت بوو:

- بونیادانی ڕێبازێک لەو شوێنەی مرۆڤەکان گێڕانەوەی چیرۆک و هاوبەشی و فێربوونی ئەزموونی و پەیوەندی بینراو وەک ئامرازێک بۆ ناساندن و لێکۆڵینەوەی چەمکەکان بەکار بێنن، نەوەک ڕێبازی تیۆری و بنەمادار بە دەقەکان.
- ڕێگەی کرداری تاوەکوو مرۆڤەکان گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای ناوخۆییدا بکەن.
- تا ئاستی پێویست ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی خولەکە و پەرەدان بە هەموو پێویستییەکان لە لایەن ڕاهێنەرەکەوە.

پاش پەرەپێدان و نەخشەسازی، ئەندامانی گرووپەکانی هەڵسەنگاندن لە هیندستان و ئوردن و نایجیریا و تانزانیا لەگەڵ گرووپێکی ١٢-٢٥ کەسی کۆمەڵگا ناوخۆییەکان، خولەکەیان تاقی کردەوە. بەشداربووان لە شۆفێری تاکسی و دوکاندار و بەرگدوور و مامۆستا و توێژەری کۆمەڵایەتی و مامۆستای خوێندنگەی قورئان و ئەندامانی کەنیسە و گرووپی سەرکردە گەنجەکان و خوێندکارانی زانکۆ پێکهاتبوون. بۆچوونەکانی بەشداربووان و ڕاهێنەرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ئەرێنی بوون و ڕێکخستنی خولەکە لەسەر بنەمای زانیارییەکانیان ئەنجام درا.

FORB Learning Platform

Nordic Ecumenical Network on Freedom of Religion or Belief
NORFORB

## پەیامی هاوبەشەکانمان

### پێشەکی لە ئەنجوومەنی جیهانیی کڵێساکانەوە

لەو کاتەوەی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ مسۆگەری مافەکانمانی بۆ ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان و ئایین ڕاگەیاند، گەلان هەوڵیان داوە لێکدانەوەی چەمکەکانی ئەم مافە بکەن و لێی تێبگەن. چەندان یاسا و پێودانگ و سیاسەت لە سەرتاسەری جیهاندا مشتومڕ و دانوستانیان لەسەر کراوە و پەسەند کراون، هەرچەندە بەداخەوە زۆر جار ناتوانن بەدەستهێنانی تەواوەتی ئەم مافە بۆ خەڵکی فەراهەم بکەن. بەڵام هەموو یاساکان، چوارچێوە و جارنامەکان، هیچ بایەخێکیان نییە تا ئەو کاتەی لە لایەن خەڵکی ئاسایی نەتەوەیەک نەناسرێن و تێگەیشتنیان بۆی نەبێت. هەروەها برەودان و پارێزگاری هەموو مافەکانی مرۆڤ لە ناو ماڵ، ناو خێزان، لەگەڵ دراوسێ و ناو کۆمەڵگاکاندا دەست پێ دەکات.

ئامانجی کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان، ئەم جۆرە کۆمەڵگانەیە، کە ڕەنگە هیچ زانیارییەکی پێشوەختەیان نەبێت، یان زانیارییەکی کەم دەربارەی مافەکانی مرۆڤ و پێودانگە یاساییەکان بزانن، هەروەها بە شێوازێک نەخشەسازی بۆ کراوە کە بەرەنگاری ڕەفتارەکان بکات، بیانگۆڕێت و بەسەر ترسی ئەو کەسانەدا زاڵ بێت کە بیروباوەڕیان جیاوازە، ئەمەش لەڕێی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕێبازی بینراوەوە. هەروەتر خولەکە پێشەنگە ناوخۆییەکان بەهێز دەکات تا ببنە داکۆکیکاری مافی ئازادیی ئایین یان باوەڕ.

سەرباری ئەمەش، کۆرسەکە دەبێتە ئامرازێکی بەنرخ بۆ ئەندامانی کەنیسە و هاوبەشەکانی تری ئەنجوومەنی جیهانیی کەنیسەکان، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە هەوڵی بەرەوپێشبردنی تێگەیشتن و پەسەندکردنی بنەمای ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەدەین، تا بۆ هەمووان و بێ گوێدانە بیروبۆچوون و باوەڕ، کارپێکراو بێت.

"جیاوازییەکان بە مەبەستی جیابوونەوە و نامۆبوون نین. ئێمە جیاوازین بۆ ئەوەی پێویستییەکانی یەکتری بەدی بێنین"

قەشە دێسمۆند توتو

**جێنیفەر فیلۆت نیسن، بەڕێوەبەری بەرنامە**

**ئەنجوومەنی جیهانیی کەنیسەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ و چەکداماڵین**

کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان سەرچاوەیەکی گەورەی چالاکوان، ڕاهێنەران و پەروەردەکارانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقایە. ڕێبازە گشتگیر و هاوپەیوەند و نەرم و نیانەکەی ڕێ بە گونجاندنی پێشکەشکردن و ڕاهێنانەکان لە چوارچێوەی ناوخۆی خۆیاندا دەدات، بەم جۆرەش ڕێبازێکی تایبەتمەند بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری بونیاد دەنێت، هەروەها پێشێلکارییەکان دەستنیشان دەکات و بەدوای باشترین کارکردەکاندا دەگەڕێت. هەروەتر کۆرسەکە لەڕێی بەئامانجگرتنی مرۆڤەکان لە ئاستی بنەڕەتیدا، پانتاییەک بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی و نیگەرانییەکان بۆ بەشداربووان دەستەبەر دەکات، هاوکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەری داهێنەرانە و برەودان بە دەستپێشخەرییەکانی کۆمەڵگا. کۆرسەکە ئامرازی گاڵتەوگەپ و هاوپەیوەند لەخۆ دەگرێت، بەڵام لە بابەتە مشتومڕاوییەکان دوور ناکەوێتەوە و ڕێنمایی لەبارەی دارشتنی دانیشتنەکان بە ڕاهێنەرەکان دەدات. ئەمە سەرچاوەیەکی زەمینەسازییە بۆ ئەندامانی تۆڕی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ناوچەکەدا کە برەو بە هاوڵاتیبوونی گشتگیر دەدەن و ڕێزی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەگرن.

**ئانا ماریا داو، سەرۆکی پەیمانگای توێژینەوە و خولەکان**

**بۆ بەڕێوەبردنی هاوڵاتیبوون و هەمەجۆری- دامەزراوەی ئادیان**

"کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان لە بەستێنی ئەفریقادا کە نەریت تێیدا زۆر زیندوو و چالاکە، سوودێکی زۆری هەیە. کۆرسەکە یارمەتیدەرمان بووە بۆ گفتوگۆکردن لەمەڕ پرسە هەستیارەکان و کردنەوەی ئاوەز و ئافراندنی تێگەیشتنی نوێ، تەنانەت ئەگەر شتگەلێکیش مابن بکرێن، بەڵام دەتوانین سەرەتای تێڕوانینی نوێ ببینین. پرۆگرامی پەیوەندیی نێوان موسڵمان و مەسیحییەکان لە ئەفریقا PROCMURA، کە گەڕان بەدوای ئاشتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان موسڵمان و مەسیحییەکانە، هەروەها ئازادی و لێبوردەیی ئایینی کردووەتە بیرۆکەی خۆی، ئەم کۆرسە بەشدارییەکی بەرچاو پێك دەهێنێت کە پرۆگرامی پەیوەندیی نێوان موسڵمان و مەسیحییەکان لە ئەفریقا PROCMURA، بتوانێت لە جێبەجێکردن و سەرکەوتنی پرۆگرامەکانی لە سەرانسەری هەڵبژاردنەکانی خۆیدا لە ئەفریقا و دەرەوەدا بەکاری بێنێت. هەروەها ئێمە شانازی دەکەین کە بەشدارییمان لە بەردەستبوونی سەرچاوەکان بە زمانی فەرەنسی و دەستڕاگەیشتن بە فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ زۆرێکی تری کۆمەڵگا ئەفریقییەکان کردووە."
**ڕێڤ کۆمی ئادراک، ڕاوێژکاری گشتی**
**پرۆگرامی پەیوەندیی نێوان موسڵمان و مەسیحییەکان لە ئەفریقا PROCMURA**

"بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ئاستی بنەڕەتی لایەنێکی گرنگی بەدەستهێنانی ڕێزگرتنە لە ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ناوچەکانی باشووری ئاسیا. کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان دەستی هاوکارییەکی شایستە دەگەیەنێتە هەموو ئەوانەی دەیانەوێت ئەمە بکەن. تۆڕی دیداری ئاسیای باشوور بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ (SAFFORB)، بەوپەڕی دڵخۆشییەوە چاوەڕێی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەیە و هیوا دەخوازێت ڕێژەیەکی زۆری دەزگا پەروەردەیی و ئاشتیخوازیەکانی نێوان ئایینەکان لە ناوچەکەدا ،ئەو کارە بکەن، بەم چەشنەش دەتوانین کارەکە بەرەوپێش ببەین، بەرەو گۆڕینی ڕەفتارەکان وهێزپێدانی کۆمەڵگاکان بۆ هەنگاونان بەرەو گۆڕانکاری."
**ساموێل جایاکومار، ڕێکخەر،**
**دیداری ئاسیای باشوور بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ (SAFFORB)**

"لەگەڵ ٥٠ هاوبەش لە ٧ وڵاتی جیهانەوە کە کار بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای ئاشتەوا و گشتگیر لەڕێی ئازادیی ئایین یان باوەڕەوە دەکەن، دەستپێشخەریی هاوبەش بۆ هەنگاوی ئایینی ستراتیژی (JISRA)، بە گەرمی بەخێرهاتنی کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان دەکات، کە سەرچاوەی بەردەستی لەمەڕ ئازادیی ئایین یان باوەڕ فەراهەم کردووە کە بۆ گواستنەوەی ناوەڕۆک و گونجاندن ئاسانن و بە چەند زمانێک بەردەستن. ئەم کۆرسە ئامرازی زیادە و پێویست دەداتە هاوبەشانی دەستپێشخەریی هاوبەش بۆ هەنگاوی ئایینی ستراتیژی (JISRA)، تا بریکارە جیاوازەکانی گۆڕانکاری ئامادە بکات و پاڵپشتیان بکات لە ڕاهێنەری گفتوگۆ لەنێو خۆیان و نێوان کۆمەڵگا ئایینییەکان، هەروەها لە کارەکانیان بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، بە تایبەتیش بۆ ژنان و گەنجان و ئەندامانی تر، ئەمە بە دەستگەیشتنی سنووردار بە پەروەردەی فەرمی. ئێمە سوپاسگوزارین بەو دەرفەتە فێرکارییانەی وا سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەستەبەری کردوون و بە خۆشحاڵییەوە چاوەڕێی هەنگاوی داهاتووین!"
**کرستینا ماسدام، ڕێکخەری هاوپەیمانی دەستپێشخەری هاوبەش بۆ هەنگاوی ئایینی ستراتیژی (JISRA)**

"بە گوێرەی ئەوەی ئێمە لەو ناوچە جوگرافییانە کار دەکەین کە زۆر جار بەشداربووان کەمترین پەروەردەی خوێندگەیان بینیوە، ئەم کۆرسە هاوکارمان دەبێت و ئەو دەرفەتەمان پێ دەبەخشێت کە ئامانجەکانمان بەدەست بهێنین، لە هەموو بوارەکانی کارکردن و لەگەڵ هەموو بەشداربووەکانمان. ئێمە بە سوپاسگوزارییەوە پێشوازی لێ دەکەین. هەروەها تێگەیشتنی سادە و دەستڕاگەشتوو بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ، بەشداری لە تێگەیشتنێکی باشتر و پەسەندکردنی دوولایەنەی کۆمەڵگا ئایینییەکان دەکات. ئەم کۆرسە دەرفەتمان دەداتێ تا هاوکاری مرۆڤەکان بۆ تێگەیشتن و ناودارکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لەنێوان گرووپە ئایینییەکان بکەین. بە کورتی، سەرکردە ئایینییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە ڕێباز و تێگەیشتنی نوێوە بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ، دەبنە هۆکاری بەرەوپێشبردنی پێکەوەژیان و هاوژیانیی ئاشتیانە."
**ئەندامی هاوپەیمانی دەستپێشخەری هاوبەش بۆ هەنگاوی ئایینی ستراتیژی (JISRA)، مالی**

# بەشی "أ"

## چۆن ئەم سەرچاوانە بەکار بهێنین

# ناساندنی کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان

کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان زنجیرەیەکی ٩ وۆرکشۆپی دوو کاتژمێرییە، بۆ توانادان بە گرووپەکانی گەنجان و پێگەشتووان نەخشەڕێژ کراوە، بە مەبەستی فێربوون و پێدانی بەها و برەودان بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ هەمووان لە ناو کۆمەڵگاکەی خۆیاندا.
ئەم ڕێبەری ڕاهێنەرە و هەموو سەرچاوە بەشدارەکان بێ بەرانبەر بەردەستن تا بەکاری بێنن، بەو شێوەیەی بەگونجاوی دەزانن و لە چوارچێوەی خۆتاندا بیگونجێنن. لەم بەستەرەدا بە چەند زمانێک بەردەستە.
لێرە سەرچاوە هاوبەشەکان بدۆزەوە:
www.forb-learning.org/ckb/changemakers/languages/

لێرە
سەرچاوە هاوبەشەکان
بدۆزەرەوە

## ئامانجەکانی کۆرسەکە چین؟

کۆرسەکە چوار ئامانجی سەرەکیی هەیە:
- هاوکارمان دەبێت بۆ ناسینەوە و بەرزنرخاندنی هەمەجۆری ناو کۆمەڵگاکان و لە نێوان کۆمەڵگاکاندا.
- هاوکارمان دەبێت بۆ تێگەیشتن و بەرزنرخاندنی مافە مرۆییەکانمان، لەوانەش؛ مافی ئازادیی ئایین یان باوەڕ.
- بۆ دیاریکردنی کێشەکانی پەیوەست بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەماندا
- بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێکەوە.

## کۆرسەکە بۆ کێ نەخشەڕێژ کراوە؟

کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان بۆ ئەو کەسانەی وا لە ئاستی بنەڕەتیدان و دەربارەی کێشەکانی پەیوەند بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەیاندا نیگەرانن و دەخوازن ڕێگایەک بدۆزنەوە تا گۆڕانکاری دروست بکەن، نەخشەڕێژ کراوە.
کۆرسەکە پێویستی بە هیچ ئاگایی و ئەزموونێکی پێشوەختە، یان تەنانەت هیچ پەسەندکردنێکی پێشوەختەی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن بەشداربووانەوە نییە. ئەوەی پێویستە تەنیا مێشکێکی کراوە و خواستی هاوکارییە بۆ بونیادنانی ئەو کۆمەڵگانەی کە بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە و یەکسانی و ئامادەیی بۆ بەشداریی لە پرۆسەیەکی هاوپەیوەندی فێربوون و بیرۆکەی هاوبەش تایبەتمەندن.
بۆ گرووپی ١٢ -٢٤ کەسی نەخشەڕێژ کراوە بەڵام دەتوانرێت لەگەڵ گرووپی گەورەتر یان بچووکتردا بگونجێندرێت.
هەرچەندە کۆرسەکە بە لەبەرچاوگرتنی بەشداربووان لە چوارچێوەی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیادا نەخشەڕێژ کراوە، بەڵام پێمان وایە ناوەڕۆکەکانی لە هەموو چوارچێوەیەکدا بەسوود دەبن.

"باشترین بەشی کۆرسەکە ئەوە بوو کە پەیوەندیدار بوو بە نیگەرانییەکانی خەڵکەوە، لە هەمان کاتدا سادە و خۆش بوو بۆ فێربوون. ئەزموونێکی سەرسوڕهێنەر بوو."
**هیدایا دود، ڕاهێنەر، تانزانیا**

"کۆرسەکە وەرچەرخانێک بوو- دەمتوانی گۆڕانی ڕەفتارەکان لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دانیشتنەکان ببینم. ئێمە بەم نزیکانە دووبارە دەست پێ دەکەینەوە."
**عیرفان ئەندازیار، ڕاهێنەر، هیندستان**

"کۆرسەکە چاوی بەشداربووانی بە ڕووی تەواوی ئەو ڕێگا جیاوازانەدا کردەوە کە دەتوانن وەڵامی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی پێ بدەنەوە. یارمەتی دان تا کارامەییەکانیان لە نەخشەی کاردا بەرەوپێش ببەن. بەم شێوەیەش، لە ئەنجامدا دەبنە پێشەنگی کاریگەرتر لە کۆمەڵگاکەیاندا."
**هەمام حەداد، ڕاهێنەر، ئوردون**

## کێ دەتوانێت ڕاهێنەریی بۆ کۆرسەکە بکات؟

رێنمایی! لە لاپەڕەکانی ١٧-٢٠، ئەو رێنماییانە بدۆزەرەوە کە هاوکاریت دەکەن بۆ بەرەوپێشبردنی کارامەییەکانی ڕاهێنەری. دەتوانیت لە لاپەرەی ١٥ رێنمایی چۆنییەتی خۆئامادەکردن بۆ هەر دانیشتنێک بدۆزیتەوە.

کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان کۆرسێکی هاوبەیوەندە- ڕاهێنانی گرووپ و یاری و چیرۆک و گفتوگۆ و رۆڵگێڕان و پێشکەشکردن دەگرێتەوە. هەرکەسێک کە ئەزموونێکی کەمی سەرکردایەتی پرۆسەکانی فێربوونی هاوپەیوەندی لەگەڵ گەنج و پێگەشتوواندا هەبێت، دەتوانێت سەرکردایەتی کۆرسەکە بکات. رێبەری ڕاهێنەرەکە و سەرچاوە هاوبەشەکانی رێنمایی ورد دەربارەی بەرێوەبردنی هەر دانیشتنێک فەراهەم دەکەن.

هەروەها پێویست ناکات شارەزا بیت تێیدا یان ئاگایت لە مافەکانی مرۆڤ هەبێت یاخود ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ ئەوەی ببیتە ڕاهێنەری کۆرسەکە. هەموو ئەو زانیارییانە دەستەبەر کراون کە پێویستن، لەوانەش؛ نووسراو و پاوەرپۆینتی پێشکەشکردنەکان دەربارەی پرسەکان. هەروەها رۆڵی ڕاهێنەرەکە ئەوە نییە کەسێکی تەواو شارەزا بێت، بەڵکوو بۆ رێنوێنی بەشداربووەکانە لە رێگەی پرۆسەیەکی فێرکاری دوولایەنەوە.

ئەوەی ڕاهێنەرەکە زۆر پێویستییەتی، هەستیارییە بەرانبەر بە چوارچێوەکە- توانای بریاردان کاتێک هەندێک پرس زۆر هەستیار دەبن یان مەترسیدارن بۆ گفتوگۆ، گونجاندنی پرۆسەکە بەگوێرەی ئەوە، هەروەها توانای مامەڵە لەگەڵ پەیوەندیی گرووپەکان کاتێک هەستیاری و گرژی سەر هەڵدەدەن.

## کۆرسەکە چ بابەتێک دەگرێتەوە و چۆن دارێژراوە؟

کۆرسەکە نۆ دانیشتنی رووبەروو دەگرێتەوە کە هەر یەکەیان دوو کاتژمێر دەخایەنێت. بە دوو بەش دارێژراوە. بەشی یەکەمی کۆرسەکە (دانیشتنی ١-٥) سەرنج دەخاتە سەر پەرەپێدانی ئاگایی و رەفتارەکان، بەم جۆرەش دڵ و گیانمان ئامادە دەبێت تا ببینە پێشەنگ. بەشداربووان لەبارەی رەفتارەکانیان بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ئایین یان باوەڕ فێر دەبن و لێکۆڵینەوە دەکەن، هەروەها رەچاوی رەفتارەکانیان دەکەن بەرانبەر ئەو کەسانەی ناسنامەیان لەوان جیاوازە. هەروەتر بەشداربووان کارامەیی لە شیکاری دەقییدا بەدەست دێنن.

لە بەشی دووەمی کۆرسەکەدا (دانیشتنی ٦-٩)، بەشداربووان دەربارەی چەندان رێباز و تاکتیک فێر دەبن کە دەتوانن بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ و مافەکانی تر سوودیان لێ ببینن، ئەمانەش لەرێی پرۆسەیەکی نەخشەی کارەوە بۆ دیاریکردنی کێشەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ. ئەم دانیشتنانە سەرنج دەخەنە سەر کردار و کارامەییەکان.

بۆ وردەکاریی زیاتر بروانە بابەتەکانی کۆرسەکە.

"چالاکییەکان زۆر بە گوڕ و تین بوون، چیرۆکەکان سەرسوڕهێنەر بوون، هەروەها بەشداربووان تامەزرۆی قسەکردن بوون. پێموایە کۆرسەکە بۆ هەر کەسێک کە ئارەزووی لەو بابەتانە هەبێت سەرکەوتووە، لە ئاستی بنەرەتییەوە تا ئەو کەسانەی ئاگاییەکانی مامناوەندییان لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە هەیە. بۆ من وەک ڕاهێنەرێک ئەزموونێکی ئیلهامبەخش بوو."
**یوکۆها نۆبیا، ڕاهێنەر، نایجیریا**

"کۆرسەکە زۆر ناوازە بوو- چەندان گفتوگۆی لێ کەوتەوە! بە ڕاستی گرووپەکە هەمەجۆر بوو- موسوڵمان، مەسیحی، بەهایی و درووز. لە ڕاستیدا ئاسان نەبوو تا زەمینەی هاوبەش بدۆزینەوە، بەڵام گفتوگۆکان زۆر باش بەرێوەچوون."
**هەمام حەداد، ڕاهێنەر، ئوردون**

## چۆنییەتیی بەکارهێنانی سەرچاوەکان

کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان وەک پرۆسەیەکی فێرکاری نەخشەرێژ کراوە، نۆ دانیشتن دەگرێتەوە و ١٨-٢٠ کاتژمێر دەخایەنێت. دەتوانرێت ئەم دانیشتنانە لە سێ ڕۆژدا، لە کۆتایی دوو هەفتەدا تەواو بکرێن، یاخود بە ماوەیەکی درێژتر، بۆ نموونە یەک دانیشتن لە هەفتەیەکدا.

هەروەها بۆ ئەوەی بتوانیت چەند بکرێت کۆرسەکە بۆ ڕاهێنەرەکە ئاسان بکرێت، ئێمە هەموو سەرچاوە پێویستەکان بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکان دابین دەکەین.

بۆ هەر دانیشتنێک، نەخشەی دانیشتنێکی ئامادەکراو و کۆمەڵێک سەرچاوەی یاریدەدەر هەن، لەوانەش؛ نووسراو و پاوەرپۆینتی پێشکەشکردنەکان، بڵاونامە و سەرچاوە بۆ ڕاهێنانەکان وەک کارت و پۆستەرەکان.

زۆر لەو سەرچاوانە وەک بەڵگەنامەیەکی وۆرد بەردەستن، کە دەتوانیت باریان بکەیت و دەستکارییان بکەیت و لەگەڵ چوارچێوەی خۆت و پێویستییەکانی گرووپەکەت بیگونجێنیت. هەروەها گەر بتەوێت، دەتوانیت وەرگێڕان بۆ دەقی پەڕەکانی پاوەرپۆینت و بڵاونامەکان بکەیت.

لێرە
سەرچاوە هاوبەشەکان
بدۆزەرەوە

ڕێنمایی! هەموو بابەتەکانی کۆرسەکە بە چەند زمانێک بەردەستن! دەکرێت وەشانی زمانەکانی تر لێرە بدۆزیتەوە.

### ڕەچاوکردنی مەترسی و ئاسایش

لە هەندێک بەستێندا، مەترسی و هەڕەشە لە گفتوگۆی پرسەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیی ئایین یان باوەڕ بە ئاشکرا هەیە. تکایە بە وردی بیر بکەنەوە داخۆ وتنەوەی ئەم کۆرسە ئێوە یان بەشداربووەکانتان دەخاتە دۆخێکی مەترسیدار یاخود ناکۆکی و لاوازییەکان زیاتر دەکات. دەکرێت لەبارەی چییەوە، لەگەڵ کێ و لەکوێ و چۆن گفتوگۆ بکرێت؟ چۆن دەتوانن مەترسییەکان کەم بکەنەوە- بۆ نموونە بە گونجاندن یان سنووردارکردنی ناوەڕۆکەکان؟ چۆن دەتوانن ئاسایشتان بەهێز بکەن، بۆ نموونە بە بەشدارییپێکردن و بەدەستهێنانی پشتیوانی سەرکردە ناوخۆییەکان؟ داوای ئامۆژگاری لە خەڵک بکەن و هەوڵ بدەن سەرەتا کۆرسەکە لەگەڵ ئامادەبووانێکی 'سەلامەتدا' بڵێنەوە. هەروەها تەنیا کاتێک کۆرسەکە بڵێنەوە کە هەست بە سەلامەتی بکەن.

## چ تەکنەلۆژیا و کەرەستەیەکم بۆ وتنەوەی کۆرسەکە پێویستە؟

### سەرچاوەکان

- بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە ئاسانترین شێوە، پێویستە دەستت بە پرینتەرێک یان فۆتۆکۆپییەک بگات. ئەگەر ئەمە نەتوانرا، ئەوا دەتوانیت بە بەکارهێنانی تەختەی نووسین و پێنووس یان تەنانەت بە بەکارهێنانی دار بەسەر لمەوە، دروستی بکەیت.
- دەستگەیشتن بە کۆمپیوتەر و نیشاندەرێک بۆ پیشاندانی پاوەرپۆینتەکان سوودێکی ترە بەڵام شتێکی بنەڕەتی نییە.
- پێویستە کەرەستە سەرەتاییەکانی وۆرکشۆپەکە دەستبەر بکەیت، وەک تەختەی نووسین و پێنووس و دەفتەری تێبینی و هەندێک شمەکی ڕۆژانەیی وەک تۆپی نەرم و تۆپی خوری. هەروەها ڕیزبەندی سەرچاوە پێویستەکان لە نەخشەی هەر دانیشتنێکدا و لە لاپەڕەی ١٥ (چۆن ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک بکەین) دابین کراوە.

## دەتوانم چالاکییەکان هەڵبژێرم و تێکەڵاویان بکەم؟ پێویستە هەر نۆ دانیشتنەکە بڵێمەوە؟

ڕەنگە ئارەزووی دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ بکەیت تاوەکوو بۆ چالاکییەکانی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان یان بەرزکردنەوەی هۆشیاری زیادی بکەیت کە پێشتر تیبدا بەشداربوویت. ئێوە پێشوازیتان لێ دەکرێت بۆ هەڵبژاردن و تێکەڵاوکردنی چالاکییەکانی ئەم کۆرسە لە پرۆسە فێرکارییەکانی خۆتاندا و بە نەخشەسازی خۆتان.

نۆ دانیشتنی کۆرسەکە پێشکەوتنێکی لۆژیکی پێک دەهێنن. بەڵام ئەگەر نەتانەوێت هەموو کۆرسەکە بڵێنەوە، ئەوا دەکرێت پاش تەواوکردنی بەشی یەکەم (دانیشتنی ٥) بوەستن. زیانەکانی ئەمەش ئەوەیە کە ڕەنگە بەشداربووان هەست بە بێزاری بکەن لە فێربوونی کێشەکانی مافی مرۆڤ، ئەمە بێ پێدانی ئامرازی پێویست بۆ چارەسەری ئەو کێشانە.

دەکرێت دانیشتنی سێیەم (فرەناسنامەییمان) لاببرێت بێ ئەوەی کاریگەری بخاتە سەر ڕەوتی دانیشتنەکانی تری بەشی یەکەم. هەروەها دانیشتنی ٣ سەرنج دەخاتە سەر ڕەفتارەکانمان و هۆشیاریمان بەرانبەر ڕەوشی 'ئەوی تر'- لەمەڕ باوەڕباوی و چوونیەکییەکان لە سەرانسەری دابەشبوونەکاندا. ئەمە تێمەپەڕێن تا ئەوکاتەی متمانەت بە هەڵوێستی ئەرێنیانەی بەشداربووەکانتان بەرانبەر بە 'ئەوی تر' دەبێت.

ئەگەر گرووپێکتان هەیە کە لە مافەکانی مرۆڤ تێدەگات و شارەزایە و ئەو مافانەی لە لایەن ئازادیی ئایین یان باوەڕەوە پارێزراون، بەرز دەنرخێنێت، ئەوا دەتوانرێت پرۆسەکە لە دەستپێکی دانیشتنی ٥ەوە بگونجێندرێت.

"لە ڕاستیدا بابەتەکان بۆ تێگەیشتن و بەکارهێنان ئاسانن و دۆستی ڕاهێنەرەکە و فێرخوازەکانن، هەروەها بە جوانی نەخشەسازیان بۆ کراوە. یەکێک لە بەشداربووەکانم، سەرکردەیەکی گەنجە ناوخۆییەکان، دەیەوێت کۆرسەکە لەگەڵ گرووپی گەنجەکانی بڵێتەوە- کە شتێک دەربارەی چەندێتیی دەستڕاگەیشتن و ئاسانیی وتنەوەی کۆرسەکە دەڵێت."

**هیدایا دود، ڕاهێنەر، تانزانیا**

"دەتوانن هەموو پێویستییەکانتان لە سەرچاوەکاندا بدۆزنەوە و بەکارهێنانیان ئاسانە". بەڵام ڕێنماییەکی باش ئەوەیە کە ڕاهێنەرێکی هاوکارتان هەبێت. پاشان یەکێکتان لەڕێی پرۆسەی فێربوونەوە سەرنج دەخاتە سەر سەرکردایەتی گرووپەکە، لە کاتێکدا ئەوی تریان دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ تەکنەلۆژیادا بکات و هاوکاری تاکەکەسی ئەو بەشداربووانە بکات کە پێویستیان بە پاڵپشتی زیاتر هەیە"

**عیرفان ئەندازیار، ڕاهێنەر، هیندستان**

# چۆنییەتیی ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک

نەخشەی دانیشتنەکان بە وردی باسی چۆنییەتیی وتنەوەی کۆرسەکە دەکەن. پەیڕەوی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بکە بۆ ئامادەکاریی هەر دانیشتنێک:

لێرە
سەرچاوە هاوبەشەکان
بدۆزەرەوە

## ١. سەرچاوەی هاوبەش بۆ دانیشتنەکە بدۆزەرەوە

لە نەخشەی هەر دانیشتنێکدا بەستەرێکی ڕاستەوخۆ بۆ سەرچاوە هاوبەشەکانی ئەو دانیشتنە دەدۆزیتەوە کە ئەمانە دەگرێتەوە؛

- پاوەرپۆینتی دانیشتنەکە
- نووسراوی هەر پێشکەشکردن و چیرۆکێک
- سەرچاوەی پرێنتکراو بۆ بەکارهێنان لە ڕاهێنانەکاندا، بۆ نموونە، کارت و پۆستەر و بڵاونامەکان

## ٢. خوێندنەوە، بیرکردنەوە، گونجان!

**ئەم نەخشەی دانیشتنە بە وردی بخوێنەوە.**

بیر بکەرەوە دەربارەی چۆنییەتی کارکردنی ئەم ڕاهێنانە لەگەڵ گرووپەکەتدا. داخۆ شتێک هەیە پێویستی بە گونجاندن یان گۆڕین هەبێت؟

ڕەنگە پێویست بکا نووسینەکە لە پاوەرپۆینت و پەڕاوەکانی دابەشکردندا بگۆڕیت کە بەسەر ئامادەبوواندا دابەش دەکرێن.

نەخشەی دانیشتنەکە بگونجێنە، بەگوێرەی ڕاهێنان و پاوەرپۆینت (ئەگەر بەکار بهێنرێت).

## ٣. ئامادەکردن و ڕاهێنان لەسەر پێشکەشکردنەکان

حەوت لە دانیشتنەکان پێشکەشکردن دەگرنەوە. نووسراو و پاوەرپۆینتەکانی ئەو پێشکەشکردنانە بۆ ئێوە دەستەبەر کراون. (ئەگەر متمانەت بە ئاگاییت دەربارەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ئایین یان باوەڕ هەبێت، دەتوانیت پێشکەشکردنی خۆت دروست بکەیت- بەڵام دڵنیابە لەوەی خاڵە سەرەکییەکانی نووسراوەکە لەخۆ دەگرێت!)

ئامادەکاریی بۆ پێشەشکردنەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**نووسراوەکە بخوێنەرەوە و دەستکاری بکە**
نووسراوەکە چەند جارێک بخوێنەوە و بیر لە ناوەڕۆکەکەی بکەرەوە. داخۆ شتێک هەیە بتەوێت دەستکاری بکەیت، بیگونجێنیت یان زیادی بکەیت- بۆ نموونە، زیادکردنی زانیاری یان نموونە لە وڵاتەکەی خۆت؟ گۆڕانکارییەکان ئەنجام بدە. (وەشانێکی ووڕد کە شیاوی دەستکاریکردنە، لە سەرچاوە هاوبەشەکاندا بەردەستە.)

**دەستکاریکردنی پاوەرپۆینت/ ئامادەکردنی پەڕەی پێشکەشکردن**
پاوەرپۆینتەکە بە گوێرەی هەر گۆڕانێک کە لە نووسراوەکەدا کراوە، دەستکاری بکە. ئەگەر پاوەرپۆینت بەکار ناهێنیت، دەتوانیت پەڕەی پێشکەشکردن بەکاربهێنیت لەگەڵ خاڵە سەرەکییەکانی سلایدەکان.

**ڕاهێنان بۆ پێشکەشکردنەکەتان**
سەبارەت بە دانانی ئەو تەکنەلۆژیایانەی بۆ پێشکەشکردنەکانتان پێویستن، ڕاهێنان بکەن، لەگەڵ سلایدەکانی پاوەرپۆینت یان پەڕەی پێشکەشکردنەکان.

**بیرکردنەوە لە چۆنییەتیی وەڵامدانەوەی بەشداربووەکان**
دەکرێت بەشداربووان چ پرسیار یان کاردانەوەیەکیان هەبێت؟ دەکرێت ئێوە چۆن وەڵام بدەنەوە؟ بەشی "وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاڵۆزەکان" لە پەڕەی ٢١دا بخوێننەوە بۆ هاوکاری و ئامادەکارییتان. لەبیرت بێت وتنی 'نازانم' لە وەڵامدانەوەی 'پرسیارەکانی' بەشداربووان شتێکی ئاساییە! چاوەڕوان ناکرێت ببیتە پسپۆڕ، بۆیە ئاساییە گەر تۆش پرسیارت هەبێت.

**زیادەی بژاردەیی: متمانەبەخۆبوونتان بونیاد بنێن**
هەندێک نەخشەی دانیشتنەکان بەستەری کورتە فیلم یان ئەو خوێندنەوانە دەگرنەوە کە یارمەتی متمانەبەخۆبوون و ئامادەکارییتان دەدەن.

## ٤. کەرەستەکانت ئامادە بکە!

هەموو ئەو کەرەستانەی بۆ وتنەوەی کۆرسەکە پێویستە، ئامادە بکە. ڕیزبەندی سەرچاوە ستانداردەکان بۆ بەکارهێنان لە هەموو ئەو دانیشتانەی خوارەوەدا هاتووە. لە بەشی "ئامادەبە" ی نەخشەی هەر دانیشتنێکدا، ڕیزبەندێکی سەرچاوەی هاوبەش دەدۆزیتەوە کە بۆ ئەو دانیشتنە پێویستە، بۆ نموونە بڵاونامە یان کەرەستەی یارییەکان، وەک مەنجەڵی شۆربا یان تۆپی خوری.

**کەرەستە سەرەکییەکانی سەرچاوەکان**

**بۆ هەموو دانیشتنەکان پێویستت بەم کەرەستە سەرەکیانە دەبێت:**

- تەختەی نووسین و پێنووسی تەختەی نووسین
- پێنووس و پەڕەی ئاسایی
- دەفتەری تێبینی
- شریت و ئامرازەکانی تری هەڵواسینی پۆستەر و پەڕەی پێشکەشکردن، هتد.
- کۆمپیوتەرێک و نیشاندەرێک بۆ پێشاندانی سلایدی پاوەرپۆینت (بژاردەیی)

## ٥. ژوورەکە ئامادە بکە!

لە بەشی 'ئامادەبە' ی نەخشەی هەر دانیشتنێکدا، ڕێنمایی چۆنیەتیی ڕێکخستنی ژوورەکە دەدۆزیتەوە (بۆ نموونە، چۆنیەتی ڕێکخستنی کورسییەکان، چی بە دیوارەکەوە هەڵواسیت).

تێبینی

نەخشەی دانیشتنەکان بۆ دانیشتنێکی سەرەکی دوو کاتژمێری دانراون. ئەزموونی تاقیکردنەوەی پرۆسەکان دەری دەخات کە هەندێک گرووپ پێویستیان بە دوو کاتژمێر زیاتر نییە لە کاتێکدا ئەوانی تر کاتی زیاتریان دەوێت تا زیاتر درێژە بە گفتوگۆکان بدەن. ڕەنگە بتانەوێت لە بەرنامەکەتاندا 'خشتەی کاتی نەرم و نیان' دابنێن تا ئەگەر پێویستی کرد گفتوگۆکان بەردەوام بن.

"ئامادەکردنی کۆرسەکە کاتی دەوێت. بابەتەکان زۆرن بەڵام وتنەوەی کۆرسەکە ئاسانە ئەگەر ئامادەکاری بکەیت. هەموو شتێک بە ڕوونی باس کراوە. هەروەها بۆ جاری دووەم کە کۆرسەکە دەڵێیتەوە، کاتێکی کەمی ئامادەکاری دەوێت."
**هەمام حەداد، ڕاهێنەر، ئوردون**

"سەرەتا پێویستە ڕێبەری ڕاهێنەرەکە بە گشتی بخوێنیتەوە، پاشان ئامادەکاری بۆ هەر دانیشتنێک بکەیت. وێناکردنی هەر دانیشتنێک و ڕەچاوکردنی کارکردنی هەر ڕاهێنانێک بیرۆکەیەکی باشە. ئەگەر دڵنیا نیت لەوەی چۆن دانیشتنێک کار دەکات، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر تاقیکردنەوەی ڕاهێنانەکان لەگەڵ هاوکارە ڕاهێنەرەکەتدا بکەیت.
**یوکاها نگوابیا، ڕاهێنەر، نایجێریا**

# ڕێنمایی بۆ ڕاهێنان

## ڕاهێنەر چییە؟

**پێناسە**
بۆ ڕاهێنەری: کردارێک یان پرۆسەیەک ئاسان یان ئاسانتر بکرێت، یان ئەگەری ئەنجامدانی هەبێت. ڕاهێنەر یارمەتیدەر دەبێت لە ئاسانترکردنی پرۆسەی فێربوون، لێکۆڵینەوەی ڕەفتارەکان و بەدەستهێنانی کارامەیی نوێ بۆ بەشداربووان.

**ڕاهێنەر:**
- شێوازەکانی بەشداری بەکار دەهێنێت بۆ هاوکاریی بەشداربووان لە تێکەڵبوون و پەیوەندی لەگەڵ یەکتر، هەروەها پرسەکان بە ڕێگەیەکی خۆش و گرنگ و ئیلهامبەخش.
- ژینگەیەکی متمانەپێکراو وکراوە و فێربوونی دوولایەنە دروست دەکات، تێیدا جیاوازیی بیروبۆچوونەکان ڕێزلێگیراو دەبن، بۆ نموونە هاوکاریی گرووپەکە بۆ دامەزراندنی یاسا بنەڕەتییەکان دەکات.
- ناهاوسەنگی هێز لە گرووپەکەدا دەناسێتەوە و چارەسەری دەکات، بە مەبەستی دڵنیاییدان لەوەی هەمووان هەست بە بەشداریی دەکەن و دەرفەتی بەشدارییان هەیە.
- چوارچێوەیەک بۆ فێربوون دابین دەکات و بە درێژایی پرۆسەکە سەرکردایەتی بەشداربووان دەکات.
- دڵنیایی دەدات لەوەی 'ئەرکەکانی ماڵداری' ئەنجام دراون- دانیشتنەکە ئامادە دەکات، شوێنی کۆبوونەوەکە ڕێک دەخات و بەشداربووان ئاگادار دەکاتەوە و هتد.

سەرچاوەکانی ئەم ڕێنوێنییە بۆ هاوکاریی ئێوە بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو شتانە نەخشەیان بۆ کێشراوە. وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە چەندان ڕاهێنانی بەشداری دەگرێتەوە، چوارچێوەیەکی ڕوون بۆ پرۆسەکانی فێربوون و ڕێنوێنییەکی ئاشکرا لەسەر چۆنیەتیی ئامادەکاریی دانیشتنەکان.

**ڕاهێنەرەکە ئەمانەی خوارەوە نییە:**
- مامۆستا یان وانەبێژ- لە پرۆسەکانی بەشداریی فێربووندا، ڕاهێنەرەکە هاوڕێی بەشداربووانە و ڕێنمایی پرۆسەیەکی فێربوون دەدات کە هەمووان تێیدا بەشدارین.
- پێویستی بە پسپۆڕی- هەرچەندە ڕاهێنەرەکە هەموو دانیشتنەکان ئامادە دەکات، ڕەنگە هەندێک لە بەشداربووان لە ڕاهێنەرەکە زیاتر دەربارەی بابەتەکە بزانن! زانیاریی هەمووان لەسەری وەرگیراوە.
- ناوەندی سەرنج- ڕاهێنەری باش کەمتر لە بەشداربووان دەدوێت، ئەوان بۆ ناو گفتوگۆکە ڕادەکێش دەکات.

کۆرسی ڕاهێنەرانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ ، بڕوانە کۆرسی ئۆنلاین ڕاهێنانی ڕاهێنەران لێرەدا.

ئارەزوو دەکەیت زیاتر فێر بیت دەربارەی ڕاهێنەریی فێربوونی مافەکانی مرۆڤ لە ئازادیی ئایین یان باوەڕ؟ پێشکەشی کۆرسی ڕاهێنانی ڕاهێنەرانی ئۆنلاین بێ بەرانبەری ئێمە لەمەڕ ئازادیی ئایین یان باوەڕ بکە. هەروەها لەپێشینەیی دەدرێت بەوانەی چالاکانە بەشداران لە پێشکەشکردنی پەروەردەی مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئازادیی ئایین یان باوەڕ، ئەمە لە چوارچێوەی پێشێلکارییە گەورەکاندا.

## ڕێنمایی گشتیی ڕاهێنان

**دانیشتنەکانت بە باشی ئامادە بکە و نەرمونیان بە!**
چەندە باشتر ئامادەی دانیشتنەکان بیت، ئەوەندە زیاتر متمانەت بە خۆت دەبێت. پێشوەختە چالاکییەکان لەگەڵ گرووپەکەتدا بگونجێنە. هەروەها کاتی دانیشتنەکان نەرم و نیان بە لەوەی دەبینیت کامە چالاکی پێویستی بەکاتی زیاتر یان کەمتر هەیە.

**دابینکردنی دیدارێکی کراوە**
هەڵوێستەکان لە پرۆسەکاندا دەگۆڕێن کاتێک ئێمە پانتایی گوێگرتن لەوانی تر و بیرکردنەوە و گەشەسەندنمان هەیە، ئەمە بێ ئەوەی هەست بە ناچاریی بکەین بۆ نواندنی هەڵوێستێک کە ئامادەی نواندنی نەبین. هەروەها دەرفەت بە بەشداربووەکانی تر بدە لەوەی هەڵوێستی جیاواز لەوانەی تۆ بنوێنن و نارازی بن. هەروەتر لەو مشتومڕانەی ئامانجیان دیاریکردنی براوە و شکست خواردووە، دوور بکەوە.

**لە وەڵامی سادە بۆ پرسیارە ئاڵۆزەکان دوور بکەوە**
بە زۆری هۆکارەکانی پێشێلکاریی مافەکان ئاڵۆزن کە چەندان هۆکار دەگرنەوە وەک؛ نەریتە کولتوورییەکان و پێکهاتەکانی دەسەڵات. ئاگاداربە لە سادەکردنەوەی زۆر، بە تایبەتی لە کەمکردنەوەی بەرپرسیارییەتی بۆ ڕەتکردنەوەی مافەکان بە یەک یان دوو هۆکار، بۆ نموونە؛ ناسنامەی ئایینی. هانی بەشداربووان بدە بۆ شیکاری ئەو هۆکارە جیاوازانەی لە ئەزموونەکانیاندا بەشدارن.

**هەوڵی وردبینی زمان و بێهیواکردنی باوەڕباوییەکان بدە**
بەرەنگاری فریودانی گشتاندن ببەوە و هاوکاریی بەشداربووان بۆ دوورکەوتنەوە لە گشتاندن بکە، بۆ نموونە "موسوڵمانەکان وان....، "هیندۆسەکان وا بیر دەکەنەوە"، یان "ژنان ئەمەیان نییە....". بیری بەشداربووان بهێنەوە کە تەنانەت گەر زۆرینەی ئەندامانی گرووپەکە هەمان ئەزموون و بیروباوەڕی هاوبەشیان هەبێت، هێشتا دەبێت گشتاندن تایبەتمەند بکرێت (بۆ نموونە؛ "هەندێکجار"، "لە زۆر دۆخدا").

**لە بەراوردکردنی ئازارەکان دوور بکەوە**
هانی یەکدەنگی و هاوسۆزی لەنێوان تاکەکان و گرووپەکان بدە لە جیاتی بەراوردکاری، دوورکەوتنەوە لە کێبڕکێ یان مشتومڕ سەبارەت بەوەی کێ خراپترین دۆخی چەشتووە.

**لە وتنی نازانم دوودڵ مەبە**
بیرت بێت کە ڕاهێنەریش فێرخوازێکە! کاتێک وەڵامی پرسیارێک نازانیت، پرسیار بکە داخۆ کەسێکی تر دەیزانێت یان نا. بەرەنگاری ئەو خولیایە ببەوە کە تەنیا خۆت وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەیتەوە، بە تایبەتی کاتێک پرسیارەکە بۆچوونی تێدا بێت (بۆ نموونە؛ "باشترین ڕێگە بۆ وەڵامدانەوەی وتاری کیناوی چییە؟") بەڵکوو، پرسیار لە گرووپەکە بکە داخۆ چۆن وەڵامی پرسیارێکی وا دەدەنەوە و ئامادەی بیرۆکەی جیاواز دەبن.

**بە تیم کار بکە و تۆمارێک جێ بهێڵە**
ڕاهێنەرەکان لە ئەزموونەکان و یەکترەوە فێر دەبن! هەوڵ بدە لە تیمێکی ٢-٣ ڕاهێنەریدا کار بکە، کە پێکەوە نەخشە و هەڵسەنگاندن و بەڕێوەبردنی کۆرسەکە دابڕێژن. سەرنج بدە لە هەر دانیشتنێکدا چی ڕووی داوە، لەوانەش؛ گونجاندن و گۆڕانکارییەکانی نەخشەکە، بیرۆکەی نوێ و سەرکەوتن و سەختییەکان. ئەمە یارمەتیت دەدات بۆ نەخشەسازی وۆرکشۆپەکانی داهاتوو.

## ئەو ئاڵنگارییە باوانەی ڕووبەڕووی ڕاهێنەرەکان دەبێتەوە

**ئاڵنگارییەکانی ڕاهێنان: بزوێنەری دەسەڵات**
لە کۆمەڵگادا ناهاوسەنگی سیستماتیکی دەسەڵات لەنێوان ژنان و پیاوان، گرووپە ڕەگەزی و نەژادی و ئایینییەکان؛ پێگەشتووان و منداڵان/ کەسانی گەنج؛ کەسانی تەندروست و خاوەنپێداویستی تایبەت؛ کەسانی خوێندەوار و نەخوێندەوار هەیە. ئەم ناهاوسەنگیانە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان بەشداربووان لەگەڵ ڕاهێنەرەکەدا هەیە. بەشداری سەرکردە ئایینییەکان لە ڕاهێنانەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ کاریگەری دەخاتە سەر بزوێنەری گرووپەکە، هەروەها گفتوگۆی ئەو پرسانەی وا بەگوێرەی نەریتە کولتوورییە ناوخۆییەکان، چاوەڕوان ناکرێت ژنان بۆچوونیان هەبێت، (بۆ نموونە. یەزدانناسی). هەروەتر بزوێنەرەکانی دەسەڵات بە زۆری شاراوەن، ڕاهێنەرەکە پێویستە چاودێریان بکات و بەڕێوەیان بەرێت بۆ دڵنیایی لە پانتاییەکی ئەرێنی فێربوون.

**ئەمانە چەند ڕێنماییەکی بەڕێوەبردنی بزوێنەری دەسەڵاتن:**

- هۆشیار بە! ئاگادار بە لەوەی چۆن بەشداربووان دەتوانن سەردەستە یان بێدەنگ بن، لە کوێ دادەنیشن، چۆنیەتیی دانیشتنیان و پەیوەندیان لەگەڵ تۆ و ئەوانی تردا.
- وەک ڕاهێنەرێک دەسەڵاتی خۆت بەکار بهێنە تا بە وردی ئاڵنگاری بزوێنەری دەسەڵاتی نەرێنی بکەیت و دەستکاری بکەیت، بۆ نموونە بە ئاماژەدان بە یاسا بنەڕەتییەکان یاخود پێداگری لەوەی پێشوازی لە بۆچوون و بیرۆکەی هەموو بەشداربووەکان دەکەیت.
- بەکارهێنانی ڕاهێنانی بەشداریکردن و گرووپە بچووکەکان تا بەشداربووان بە دەوری خۆیاندا بجووڵێن و بەشدار بن. هەروەها دڵنیا بە لەوەی هەمان کەسەکان هەمیشە پێکەوە کار ناکەن.

- پێشەنگی گفتوگۆکان بکە، سستماتیکانە کار بکە بۆ بانگهێشتکردنی هەمووان بۆ قسەکردن  و دڵنیابی لەوەی هەمووان گوێیان بۆ دەگیرێت.
- بەشداربووە شەرمنەکان بۆ قسەکردن هان بدە، بە تایبەتی کاتێک وا دیارە یەکێکیان دەیەوێت شتێک بڵێت (بۆ نموونە؛ کاتێک دەیەوێت دەست بەرز بکاتەوە یان سەری دەلەقێنێت). جوڵەی جەستەی خۆت بەکار بهێنە، بۆ نموونە نزیکبوونەوە لێیان یان هاندانیان لەڕێی پەیوەندی چاوەوە.
- بەکارهێنانی بەخشندەیی لە ستایش بەڵام دوورکەوتنەوە لە بەبەزەییبوون.
- بەرپرسیاریەتی بدە بەوانەی دەنگیان نابیسترێت- بۆ نموونە ئەرکداریان بکە تا ڕاپۆرتی کاری گرووپەکە بدەن.
- هەرگیز ڕێگە بە توانجی ناوزڕاندنی ئەوانی تر مەدە، یان ئەو قسانەی هەستی باڵادەستی و خۆبەزلزانین دەگوازنەوە، بە ئێشن، دڕندانەن و جیاکارییین و بێ لێپرسینەوە تێدەپەڕن، بە تایبەتی کاتێک ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ئامانجیان بەشداربووەکانی تر بێت. بۆ یاسا بنەڕەتییەکان بگەڕێرەوە یان پرسیار لە بەشداربووە  "نەگونجاو"ەکان بکە داخۆ بۆچی ئەمەیان وت، چیان کردووە، هەروەها بەشداربووەکانی تر بانهگێشت بکە تا سەبارەت بە ڕەوشەکە بۆچوون بدەن.
- بەگوێرەی چوارچێوەکە، ڕەنگە ئاسانتر بێت (لە هەندێک ڕەوشدا، پێویستە) بۆ ژنان و کچان، هەروەها پیاوان و کوڕان، بە جیا قسە بکەن، ئەمە پێش ئەوەی لەناو تەواوی گرووپەکەدا قسە بکەن. هەروەها ئەمە بۆ تەمەنی جیاواز و گرووپی ئایینی و کولتووری جیاوازیش دروستە.

**ئاڵنگارییەکانی ڕاهێنان: پرسە هەستیارەکان**

مافەکانی مرۆڤ بەها، هەست و بۆچوونەکانمان تێکەڵ دەکات و دەتوانێت بەرەنگاری جیهانبینینمان و پێشبینییەکانمان ببێتەوە. ڕەنگە هەندێک لە بەشداربووان وا هەست بکەن کە بابەتەکە گرنگی بە دژایەتییەکان دەدات و هەرەشە لە بەها، باوەڕ و نەریتەکانیان دەکات، هەروەها ڕەنگە تراوما/ساکان کاریگەری بخاتە سەر وەڵامدانەوەی ئەو بەشداربووانەی ئەزموونی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیان کردووە. ئەگەر بەشداربوووەکان تورەبوون، کشانەوە، گفتوگۆکانیان تێکدا یان شەڕەنگێز بوون، ئەوا دەکرێت نیشانەی ئەوە بێت بەهۆی پرسە هەستیارەکانەوە هەست بە مەترسی دەکەن.
وەک ڕاهێنەرێک، ڕۆڵی تۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆ و بزوێنەری گرووپەکەیە، ئەمەش بە هێشتنەوەی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ هەمووان، لەوانەش؛ خودی خۆت، دەستەبەرکردنی دیدارێکی بڕیارنەدانی پێشوەختە بۆ فێربوونی دوولایەنە و هێشتنەوەی گفتوگۆکە پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ/ئازادیی ئایین یان باوەڕ.

ئەمانە چەند ڕێنماییەکی گشتین سەبارەت بە مامەڵەی بابەتە هەستیارەکان و گرژییەکان:

- پێشوەختە بیر لە دانیشتنەکە بکەرەوە، پرسە هەستیارەکان دەستنیشان بکە و بیر لە چۆنییەتی مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخانەدا بکە کە ڕەنگە سەرهەڵ بدەن.
- لە پرۆسەیەکدا پەلە مەکە تاوەکو گفتوگۆی مشتومڕاوی ڕوو نەدات. ڕێ بدە کەسەکان پرسیاری نائاسایی بکەن.
- ڕاکێشی ناو مشتومڕەکان مەبە. تۆ ڕاهێنەری نەوەک هاوبەشی مشتومڕ.
- بیرت بێت کە پەروەردەی مافەکانی مرۆڤ بونیادنانی کارامەییەکان دەگرێتەوە بۆ گفتوگۆی ئەو پرسانەی لەسەریان کۆک نین. مەرج نییە گرووپەکە لەسەر هەموو شتێک ڕێک بکەوێت.
- زەمینە ئامادە بکە- کات تەرخان بکە بۆ گەشەپێدانی یاسا بنەڕەتییەکان و ئەنجامدانی ئەو ڕاهێنانانەی پەرە بە متمانە و هاوسۆزی دەدەن.
- بەکارهێنانی بەشداری تاکەکەسی کە لە ئەزموونی خۆتەوە سەرچاوە دەگرن، بۆ هاندانی کرانەوەی بەشداربووان بۆ بەشدارییەکی تەواوتر.
- ئاماژەدان بە یاسا بنەڕەتییەکان کاتێک گرژییەکان دەردەکەون، هەروەها بیرهێنانەوەی بەشداربووان لە گرنگیی گوێگرتن و ڕێزگرتنی ڕوانگە جیاوازەکان.

- دانپێدانانی بەرهەڵستییەکان بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ. ڕوونی بکەرەوە کە هەموومان سوود لە تێگەیشتن و کارکردن لەڕێی ناکۆکیی بەها و بیرۆکەکان وەردەگرین.

- پێشوازیی بەرخۆدان بکە! وەک ئامرازی ڕاهێنەریی گفتوگۆ بەکاری بهێنە، پرسیار لە ئەندامانی گرووپەکە بکە تا بیرکردنەوە و کاردانەوە و نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە پرسەکان باس بکەن. هەروەها پێوستە باس لە ڕەفتارە نەرێنییەکان بە ئاشکرا بکرێت، ئەمەش لە گرووپێکی ڕێکخراودا تا فێربوونی پێشەنگانە ڕوو بدات.

- دانپێدانان و چارەسەرکردنی گرژییەکان. وەستاندنی پرۆسەکە، وتنی ئەوەی لە ژوورەکەدا هەست بە گرژی دەکەیت، پرسیار لە بەشداربووەکان بکە بۆچوونە جیاوازەکان دیاریی بکەن و پرسیار بکەن داخۆ ئاساییە ئەگەر نارازی بن. پرسیار لە بۆچوونی گرووپەکە بکە لەوەی چۆن دەیانەوێت مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەدا بکەن. بۆ نموونە ڕەنگە بیانەوێت بە گرووپی بچووک یان دانیشتنی جیا گفتوگۆی پرسەکە بکەن، یان بیانەوێت بیوەستێنن. هەروەها دەربڕینی هەر نادڵنیاییەکی تاکەکەسی. بۆ نموونە، دەتوانیت داوای دواخستنی بابەتێکی دیاریکراو بکەیت تا ئەو کاتەی گرووپەکە هەموویان باشتر یەک دەناسن و متمانە و لێکتێگەیشتنی هاوبەش دروست دەکەن.

- ئەگەر ناکۆکییەکان مەترسی بخەنە سەر شێواندنی دانیشتنەکە و زیان بە پەیوەندییەکان بگەیەنن، ئەوا گفتوگۆکە هەڵپەسێرە و سەرنج بخەرە سەر ئەو پرسانەی کۆدەنگی تێدا دروست دەبێت. کۆرسەکە شوێنی مشتومڕ نییە.

- چاوەڕوانی زۆر مەکە! بە نەرمی کار بکە بۆ بونیادنانی گفتوگۆ لەمەڕ پرسەکانی نارەزایەتی. خەڵک زۆر گوماناویانە دەستبەجێ و ئاشکرا پەیوەند بە نەریت و باوەڕباوییە ڕەگداکوتاوەکان، بۆچوونیان دەگۆڕن. هەروەها بەرکەوتن بە تێڕوانینە جێگرەوەکان و دروستکردنی پەیوەندییەکانی هاوسۆزی، وا دەکات بەشداربووان بە تێپەڕینی کات دووبارە بە تێڕوانینەکانیاندا بچنەوە.

### ڕاهێنەری: تاکە دژوارەکان

هەندێک جار تاکێک، بە مەبەست یان بێ مەبەست، ڕێگریی لە یەکدەنگی و کاریگەریی گرووپەکە دەکات، بۆ نموونە بە داگیرکردنی وتووێژەکان یان بە سەرنج خستنە سەر مۆبایلەکانیان. چارەسەرییەکان بەگوێرەی تاکەکان و دۆخەکان جیاوازن، لێ ئەم ڕێکارانەی خوارەوە یارمەتیدەر دەبن.

- بەکارهێنانی تاکتیک و قسەی خۆش کاتێک بەشداربوویەک بۆ ماوەیەکی درێژ قسەی کردووە. بۆ نموونە، پچراندنی قسەکانیان بە خێرایی لەنێوان خاڵەکاندا، بە دەربڕینێکی وەک؛ "ئەمە خاڵێکی باشە، سوپاس! بیروبۆچوونی ئەوانی تر چۆنە؟" یاخود سەیری کاتژمێرەکەت بکە و زەردەخەنەیەک بکە.

- ئەرکێک بە بەشداربووە باڵادەستەکە بسپێرە، بۆ نموونە نووسینی بیرۆکەکانی گرووپەکە لەسەر تەختەی نووسینێک. ڕەنگە ئەمە پێویستییان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەوانی تردا پەرت بکات.

- دانپێدانان بەوەی بزوێنەری گرووپەکە باش کار ناکات و یاسا بنەڕەتییەکانیان بیر بهێنەوە. دڵنیابوونەوە لەوەی خاڵەکان ئارەزووی پچڕان ناکەن، هەموو گفتوگۆکان نهێنین و هیچ ئامێرێکی پەیوەندیی ڕێگەپێدراو نییە، هەروەها بیروبۆچوونی هەمووان ڕێزی لێ دەگیرێت و لە یاسا بنەڕەتییەکاندا هەن. پێداگری لەوەی جێبەجێکردنی یاسا بنەڕەتییەکان بەرپرسیارییەتی هەمووانە و ڕێ بدە فشاری گرووپەکە چارەسەری کێشەکە بکات.

- ئەگەر پێویستی کرد، یەک بە یەک قسە لەگەڵ ئەو بەشداربووانە بکە کە زۆر باڵادەستن یان بێڕێزی دەکەن، بۆ نموونە لە کاتی پشوودا. گەیاندنی ئەوەی تۆ بەشدارییان بەرز دەنرخێنیت، دەستنیشانکردنی ئاڵنگارییەکان و داوای چارەسەر و گفتوگۆی ئەو ڕێگایانەی وا دەتوانن بۆ بەرەوپێشبردنی ژینگەی فێربوون یارمەتیدەر بن.

- وەکو دواین چارەسەر، دەتوانرێت داوا لە بەشداربوویەک بکرێت گرووپەکە جێ بهێڵێت. دەبێت ئەو هەستە نەرێنیانەی لە هەنگاوێکی لەو جۆرەوە سەر هەڵدەدەن بەرانبەر ئەو هەستە نەرێنیانە قورسایان بدرێتێ کە لە گرووپەکەدا دروستی دەکەن.

سەرچاوە: بەشی "ڕێنمایی بۆ ڕاهێنان" لە کتێبی پەروەردەی مافەکانی مرۆڤەوە گونجێندراوە، نانسی فلاوەرز ئێت ئاڵ.، لە لایەن ناوەندی سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ و دامەزراوەی ستاینلیەوە بڵاو کراوەتەوە. بە ڕێگەپێدران بەکار هێنراوە.

# وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاڵۆزەکان

ڕەنگە کاتێک کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان دەڵێیتەوە، ڕووبەڕووی پرسیاری ئاڵۆز سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە لایەن بەشداربووانەوە ببیتەوە. لێرە ئەگەری چەند پرسیار و ناڕەزایەتییەکمان کەڵەکە کردووە کە ڕەنگە ڕووبەڕوویان ببیتەوە، هەروەها بیرۆکەی وەڵامدانەوەیان. هەر بەشداربوویەک و چوارچێوەیەک جیاوازە، بۆیە مەرج نییە هەر ناڕەزایەتی و وەڵامێک بە تۆوە پەیوەندیدار بێت. سەرباری ئەمەش، هیواخوازین ئەم کەڵەکەی پرسیارانە یاریدەدەرت بێت بۆ ئامادەکاریی وتووێژە دژوارەکان.

کاتێک وەڵامی ناڕەزایەتییەک دەدەیتەوە، بیرت بێت هەر ڕاستییەک و ڕەنگدانەوەی هەر ئەزموونێکی تاکەکەسی دووپات بکەیتەوە کە لە ناڕەزایەتییەکاندا دەیدۆزیتەوە، ئەمەش بە وتنی ئەوەی ئایا تۆ دەزانیت، وە ئەوەی خۆشبەختانە کۆرسەکە یارمەتیدەرە بۆ گەڕان بەدوای پرسیارەکاندا پێکەوە! پرۆسەکانی گۆڕانی ڕەفتارەکان بە زۆری خاو و پلە بە پلەن. هەروەها ئامانجتان چاندن و ئاودانی تۆوەکانی گۆڕانکاری بێت لە جیاتی چاوەڕوانی گۆڕانی دەستبەجێی بۆچوونەکان.

بۆ واقعییەتی پرسیارەکان سەبارەت بەوەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ چی دەگرێتەوە و چ کاتێک سنووردار دەبێت، تکایە تەماشای زنجیرە کورتە فیلمەکانمان بکە لەسەر بابەتەکە. زۆرێک لە پرسیارە ئاڵۆزەکان پەیوەندییان بە چۆنییەتی مامەڵەی کێشەیەکی دیاریکراوی ئازادیی ئایین یان باوەڕ و گۆڕانکارییەوە هەیە. تکایە سەرچاوەکانی دانیشتنی ٦-٩ (کە سەرنج دەخەنە سەر پلانی کار) بۆ یارمەتیدانی گرووپەکان بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانە، بەکار بهێنە.

**تەماشای ئەم فیلمانە بکە بۆ هاوکاریت لە وەڵامدانەوەی پرسیارە واقعییەکان لەبارەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ.**

## ڕەچاوکردنی مەترسی و ئاسایش

ڕەنگە ناڕەزایەتییە بەهێزەکانی مافەکانی مرۆڤ، بە تایبەتی ناڕەزایەتیی ئایینی، ئاماژەیەکی ئاگادارکەرەوەی مەترسی بن. لە چوارچێوە سەختەکاندا، ڕەنگە گفتوگۆ ڕاشکاوەکانی ماف و پێشێلکارییەکان ببنە هۆکاری دەرخستنی گرژییەکانی ناو گرووپەکە، یان هۆکاری مەترسی بۆ سەر سەلامەتی تۆ یان بەشداربووەکانت. ئەگەر گفتوگۆکان بە ئاراستەیەکی مەترسیداردا بچن، گفتوگۆکان بوەستێنە و دان بە هەستیاری بابەتەکەدا بنێن. هەروەها گفتوگۆکان بە ئاراستەی ڕەزامەندیی هاوبەشدا ببەن و هەندێک کات بە سەرنج خستنە سەر پەیوەندییەکان و ڕاهێنانی بونیادنانی متمانە لە گرووپەکەدا بەسەر ببەن.

تێبینی

**بەرەنگاری یان بۆ گوێگرتن؟**

ڕەنگە بەرەنگاریی خەڵکی فریودەر بێت کاتێک لە وەڵامی هەندێک سەرنجدا دەڵێیت "هەڵوێستەکەت خراپە" یان "بەهەڵە لەمە تێگەیشتوویت" . لە ڕاستیدا ڕەنگە پێویست بکات هەندێک گفتوگۆ بوەستێنیت و یاسا بنەڕەتییەکانیان بیر بهێنیتەوە، بە تایبەتی کاتێک ئەوانی تر لە گرووپەکەدا هەست بە هێرش یان سووکایەتی دەکەن. هەروەها گۆڕینی چوارچێوەی بیرکردنەوەکان زۆر جار پێویستی بە گوێگرتن و پێزانینی ژیرانە هەیە- وتووێژێکی هەستیار کە تێیدا هەردوو ڕاهێنەرەکە و ئەو کەسانەی ناڕەزایەتییەکان دەردەبڕن، هەوڵی دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش دەدەن، هەرچەندە بچووکیش بێت. ڕەنگە گفتوگۆی یەک بە یەک لە پشووەکاندا یان پاش تەواوبوونی دانیشتنەکان شێوازێکی بەسوود بێت، بە تایبەتی کاتێک کەسی ناڕازی بەسەر گفتوگۆکاندا زاڵ دەبێت یان دەبێتە هۆی دروستبوونی کەشێکی نەرێنی لەناو گرووپەکە.

## بابەت- زۆرینە بەرانبەر کەمینەکان

**نارەزایەتی:** پێویستە زۆرینە مافی زیاتری بدرێتێ! ئەوان مافی بڕیاردانیان لە دیموکراسیدا هەیە.
**نارەزایەتی:** ئەگەر کەمینەکان بیانەوێت لێرە ژیان بکەن، ئەوا دەبێت بیروباوەڕ و شێوازی ژیانمان وەرگرن، ئێرە وڵاتی ئێمەیە.

**وەڵامە ڕێتێچووەکان:**

- لە دیموکراسیدا، ئەو لایەنە سیاسییەی زۆرترین دەنگ بەدەست دەهێنێت، بانگهێشتی پێکهێنانی حکومەت دەکرێت. بەڵام بۆ ئەوەی دیموکراسییەت بەردەوام و تەندروست بێت، دەبێت ئەو حکومەتە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی هەمووان بکات. بێ مافی یەکسان بۆ هەموو هاوڵاتییان، دەکرێت دیموکراسی ببێتە ستەمکاری زۆرینە- نەک ئەوەی دوو گورگ و مەڕێک دەنگ بدەن بۆ ئەوەی ژەمی ئێوارە چی بخۆن.
- ئەگەر حکومەتەکەتان بتوانێت نکۆڵی لە مافی کەمینەکان بکات و پێویست بێت کەمینەکان ملکەچی بیروباوەڕ و شێوەژیانی زۆرینە بن- ئەی چی دەربارەی ئەو کەسانەی هەمان باوەڕی تۆیان هەیە و کەمینەن لە وڵاتێکی تردا؟ ئایا ئاساییە حکومەتەکەیان هەمان شت بکات و مافەکانیان زەوت بکات؟
- دیموکراسی وابەستەی مافەکانی مرۆڤە. هەروەها هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە بەبێ مافەکانی وەک؛ ئازادی قسەکردن و زانیاری و ئازادی کۆبوونەوە و هاوبەشی و ئازادی ڕۆژنامەگەری و مافی دەنگدانی گشتگیر، مەحاڵە. بەبێ ئەم مافانە هاوڵاتیان ناتوانن لایەنی سیاسیی پێک بێنن، هەروەها ناتوانن بە هۆشیارییەوە بزانن دەنگ بە کێ بدەن یان بە سەلامەتی دەنگ بدەن.
- جیاوازیی کولتوور و نەریتەکان، کۆمەڵگا لە زۆر ڕەهەندەوە دەوڵەمەند دەکات، بۆ نموونە؛ لەڕێی هونەر و خواردنەوە.

**نارەزایەتی: مافەکانی مرۆڤ تەنیا بۆ کەمینەکان گرنگە.**

**وەڵامە ڕێتێچووەکان:**

- مافەکانی مرۆڤ بۆ ئەو کەسانەی سەر بە هەموو جۆرە کەمینەیەکن، گرنگە. چونکە ئەوان زۆر جار ڕووبەڕووی مەترسی گەورەتر دەبنەوە، بۆ نموونە جیاکاری. سەرباری ئەمەش، مافەکانی مرۆڤ بۆ هەمووانن. مافەکانی مرۆڤ هەوڵی پاراستنی هەمووان دەدات لە خراپبەکارهێنانی دەسەڵات و بەرەوپێشبردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان. هیچ کەسێک نایەوێت بێ هۆکار دەستگیر بکرێت، ئەشکەنجە بدرێت یان جیاکاریی بەرانبەر بکرێت، هەروەها هیچ کەسێک نایەوێت منداڵەکانی لە پەروەردە بێبەش بکرێن. هەروەتر بێ گوێدانە ئەوەی ئێمە سەر بە زۆرینەین یان کەمینە، هەموومان دەمانەوێت لەو کۆمەڵگایانەدا بژین کە لەم شتانە پارێزراو بین- ئەو کۆمەڵگایانەی کە تێیاندا شکۆی مرۆڤایەتیمان لەڕێی مافەکانەوە پارێزراو بێت.
- ئێمە چەندان ناسنامەمان هەیە. ڕەنگە من بەشێك بم لە کەمینەیەکی ئایینی یان نەژادی، بەڵام سەر بە جۆرێکی تری کەمینە بم- بۆ نموونە بەهۆی بوونی خاوەنپێداویستی تایبەتەوە.

## بابەت- بەها و پیلانەکانی ڕۆژئاوا

**ناڕەزایەتی:** زلهێزەکانی ڕۆژئاوا مافەکانی مرۆڤ بەکاردێنن بۆ کەمکردنەوە و زیانگەیاندن بە پێگەی وڵاتانی تر، هەرچەندە خۆیان ڕێزی پێودانگەکان ناگرن. مافەکانی مرۆڤ تەنیا ئامرازێکی یاری دەسەڵاتە سیاسییەکانە.

**وەڵامە ڕێتێچووەکان**

- هەر ئامرازێک، هەرچەندە باشیش بێت، دەکرێت خراپ بەکاربێت. هەندێک جار مافەکانی مرۆڤ لە یاریی دەسەڵاتە سیاسییەکاندا بەکاردێت. ڕاستە کە هیچ وڵاتێک تۆمارێکی بێ کەموکوڕی مافەکانی مرۆڤی نییە (هەرچەندە هەندێکیان تۆماری زۆر باشتریان لەوانی تر هەیە). هەندێک حکومەت پێشێلکاریی ئاشکرای مافەکان ئەنجام دەدەن، ئەمە لە کاتێکدا ئەوانی تر بە هەمان شت تۆمەتبار دەکەن. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە مافەکانی مرۆڤ بۆ ئێمە گرنگ نین- خاوەنمافەکان. ئەوانە دەربارەی ئازادی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی ئێمەن.
- پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا زۆر ڕوو دەدەن- بۆ نموونە لەڕێی جیاکاریی و تاوانی ڕقەوە. تەنانەت ئەگەر حکومەتیش شکست بهێنێت، ئێمە وەک هاوڵاتی دەتوانین بەشداریی لە بەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکانماندا بکەین. هەروەها دەتوانین لەپێناو مافەکانی یەکتردا پێکەوە یەک بگرین و بۆ ڕێزگرتن لە مافەکان، بەرەنگاری شکستەکانی حکومەت ببینەوە. کاتێک ئەمە دەکەین، بۆ حکومەتەکان دژوارتر دەبێت (ڕۆژئاوایی یان بەپێچەوانەوە)، بۆ بەردەوامیی ئەنجامدانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ. پرسیارەکە ئەوە نییە داخۆ حکومەتەکان یاری سیاسیی دەکەن، بەڵکوو ئێمە چیمان پێ دەکرێت تا مافەکانی مرۆڤ بکەینە واقعی خۆمان و کۆمەڵگاکەمان.

**ناڕەزایەتی: مافەکانی مرۆڤ بەهای بیانی و ڕۆژئاوایی و کولتووری داگیرکارین.**

**وەڵامە ڕێتێچووەکان:**

- جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن نوێنەرانی چەندان لایەنی جیهانەوە کە ئایین و باوەڕی (باوەڕی) جیاوازیان هەیە، داڕێژراوە. ئەو نوێنەرانە پێداگریی دەکەن لەوەی مافەکانی مرۆڤ دەربارەی شکۆی مرۆڤ و ئەو پێویستیانەن کە هەموومان لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەمانە. بە نزیکەیی هەموو وڵاتانی جیهان واژۆیان لەسەر مافەکانی مرۆڤ کردووە و لەسەر ڕێزگرتن و پاراستن و بەرەوپێشبردنیان ڕێککەوتوون.
- مافەکانی مرۆڤ دەربارەی چۆنییەتیی مامەڵەکردنی ئێمە و مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردایە، ئەمەش لە خوێندنگە و کێڵگە و شوێنی کار و ماڵ و گەڕەکەکانمان. ئامانجی ئەو مافانە پاراستنی ئێمەیە لە خراپە لە لایەن ئەو کەسانەی دەسەڵاتیان بەسەر ژیانمانەوە هەیە- خاوەن موڵکەکان، خاوەنکارەکان، مامۆستا و تەنانەت ئەندامانی خێزان، هەروەها پاراستنمان لە خراپە لە لایەن دەسەڵاتدارەکانەوە. ئەوە بۆ هەموومان گرنگە.
- بڕوانە ئەو مافانەی لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا داڕێژراون و پرسیارەکان بخەنە ڕوو. داخۆ هیچ کامێکیان پەیوەندیدارن بەو شتانەی ئێمە بە پێویستییەکانی مرۆڤی دەزانین؟پێت وایە کام مافە تایبەتییانە 'بیانی' بن؟ هیچ مافێک هەیە ئێمە نەمانەوێت بۆ خۆمان؟

**ناڕەزایەتی:** **مافەکانی مرۆڤ تاکگەراین. لە کولتووری ئێمەدا، ئەرک و پەیوەندی بەکۆمەڵ زۆر لە مافە تاکەکەسییەکان گرنگترن. تان و پۆی کۆمەڵگاکەمان دادەڕمێت ئەگەر هەمووان بێ ڕەچاوکردنی بەرپرسیارییەتییەکانیان داوای مافەکانیان بکەن.**

**وەڵامە ڕێتێچووەکان:**

- ڕاستە، مافەکانی مرۆڤ خاڵی دەستپێکی خۆی لە مافی تاکدا وەردەگرێت. گرنگە تاکەکان مافیان هەبێت- چونکە ئێمە وەک تاکێک دەکرێت مەترسی پێشێلکارییمان لەسەر بێت، بۆ نموونە بەهۆی بەرپرسە گەندەڵەکانەوە یان ئەندامانی خێزانە توندوتیژەکانەوە. کاتێک ئەمە ڕوو دەدات، پێویستە دەستمان بە دادپەروەری و هاوکاری بگات.

- تەنانەت ئەگەر مرۆڤ خاڵی دەستپێکی خۆی لە تاکەوە وەربگرێت، زۆرێکی مافەکانی مرۆڤ ئەو شتانە دەپارێزن کە پێکەوە ئەنجامی دەدەین. بۆ نموونە، ئێمە مافی بونیادنانی خێزانمان هەیە، مافی ئازادی گردبوونەوە، مافی کۆبوونەوەی بەکۆمەڵمان پێ دەدات، هەروەها ئازادیی ئایین یان باوەڕ مافەکانمان دەپارێزێت تا سەر بە کۆمەڵگایەکی باوەڕمەند بین و ڕێکخراوی ئایینی دابنێین و پێکەوە بەندایەتی و پەرستن بکەین. هەروەها چەند گرووپێکی پاراستنی مافی گەلە ڕەسەنەکان و کەمینەکان هەن.
- مافەکانی مرۆڤ بەرپرسیارییەتی دەگرێتەوە. هەمووان بەرپرسیارییەتی پەسەندکردن و ڕێزگرتن لە مافی کەسانی دیکەیان هەیە- مامەڵەکردنێکی باش لەگەڵ مرۆڤەکان و کارکردن بۆ کۆمەڵگایەک کە هیچ کەس نەبێتە قوربانی خراپبەکارهێنانی دەسەڵات. تان و پۆی کۆمەڵگا زۆر بەهێزتر دەبێت ئەگەر هەمووان ئەو بەرپرسیارییەتییە لە ئەستۆ بگرن.

## بابەت: ئامرازێکی بێ هێز و ناپەیوەندیدار

**ناڕەزایەتی:** دەوڵەتان بە بەردەوامی پێشێلی مافەکانی مرۆڤ دەکەن و کەس نییە بیانوەستێنێت. لە پاراستنی مرۆڤەکان شکست دەهێنن. سوودی چییە؟ مافەکانی مرۆڤ تەنیا وشەی سەر کاغەزن.

**ناڕەزایەتی:** ڕەنگە مافەکانی مرۆڤ بۆ خەڵکی ڕۆژئاوا یان خەڵکی ناو شارەکان کار بکات، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی گوندەکان نییە.

**وەڵامە ڕێتێچووەکان:**

- هیچ هێزێکی پۆلیسی نێودەوڵەتی نییە ڕێگری لەو حکومەتانە بکات کە پێشێلی مافەکانی مرۆڤ دەکەن. زۆر جار کۆمەڵگای نێودەوڵەتی شکست دەهێنێت لە کۆتاییهێنان بە پێشێلکارییە قورسەکانی مافەکانی مرۆڤ. هەروەها کاتێک حکومەتەکان یاسا و ڕێسا بۆ چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ دەردەکەن، هەندێک جار کاریگەرییەکی کەمیان لەسەر ئاستی بنەڕەتی هەیە. سەرباری ئەمەش، مافەکانی مرۆڤ بێسوود نین.
- ناتوانرێت مافەکانی مرۆڤ لە دەرەوە بەدەست بێن. گۆڕینی مافەکانی مرۆڤ بە واقعێکی زیندوو بۆ کەسانی ئاسایی، ئەو  پرۆسەیەیە کە وا بونیادی دەنێین لەناو کۆمەڵگاکەمان و نەتەوەکەمان. زۆر جار ئەم پرۆسەیە بە ئازارەوە خاو دەبێتەوە و پێویستی بە ئارامگرتن و بوێری و ستراتیژی باش هەیە- بە تایبەتی کاتێک ئەوانەی لە دەسەڵاتدان، خواستی گۆڕینی شتەکانیان نییە. هەروەها گەشتی گۆڕانکاری زۆر جار دوورودرێژە و لە هەنگاوە بچووکەکانەوە دەست پێدەکات. ڕەنگە زۆر شت لە کورتمەودادا ناواقعی بن بۆ بەدەستهێنان، بەڵام گەشتەکە شایەنیەتی.
- یاسا و ڕێسا و سیاسەتی باش لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا گرنگن. بەڵام هەنگاوی داهاتووش بە گرنگ دادەنرێت- ئەویش بونیادنانی ئەو دامەزراوانەیە کار دەکەن. ئەمەش بەو مانایەی دڵنیایی بدرێت لەوەی یاساکان بە باشی ناسراون و لە لایەن هەمووانەوە بە بەرپرسیارییەتییەوە پەیڕەو دەکرێن. هەروەها ئەمە بونیادنانی هۆشیاری و کارامەیی و سیستمی لێپرسینەوە لە هەموو ئاستەکاندا دەگرێتەوە، جا لە گوندنشینەوە تاوەکو دادگای باڵا.
- زۆر پێشێلکاریی مافەکان لە کۆمەڵگادا ڕوو دەدەن. بەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤ بەندە بە بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی مافەکان و گۆڕینی هەڵوێست و بەها و ڕەفتارەکان لەنێوان کەسانی ئاسایی لە ئاستی بنەڕەتیدا.
- دەستکەوتی زۆر بەدەست هاتوون! هەڵمەتەکانی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ هەمووان، دەرکردنی ئەو یاسایانەی ژنان لە توندوتیژی خێزانی دەپارێزن، یان بۆ دڵنیایی لەوەی بنەماڵەی ناوچە پەراوێزخراوەکان دەستیان بە خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک چاودێری تەندروستی و کارەبا ڕادەگات- ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکن لەوەی چۆن کارکردنی مافەکانی مرۆڤ ژیانی خەڵکی ئاسایی لە سەرانسەری جیهاندا باشتر کردووە. ئاسانە لەبیری بکەین کە لەڕێی خەباتی نەوەکانی ڕابردووەوە چەند مافمان بەدەست هێناوە.

## بابەت- ناڕەزایەتییە ئایینییەکان بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ

تێبینی

ناڕەزایەتییە ئایینییەکان پەنجە دەخەنە سەر پرسە ئاڵۆز و هەستیارەکان، هەروەها لێکدانەوە ئایینییەکان و بیرکردنەوەی لۆژیکی لە ڕووی دەقەوە زۆر جیاوازن. وەڵامە پێشنیارکراوەکانی خوارەوە ئامۆژگاری سەرەتایی گشتیی فەراهەم دەکەن و باسی فێرکارییە ئایینییە تایبەتییەکان ناگرێتەوە.
ئەگەر چاوەڕوان دەکەیت مامەڵەی ئەم پرسانە لە گرووپەکەتدا سەخت بێت، ڕەچاوی بانگهێشتکردنی کەسێکی کارامە و لێهاتوو بکە کە نەریتی باوەڕی ئەوانە باس دەکات کە ناڕەزایەتییان هەیە، ئەمەش بۆ هاوکاری تۆ بۆ وتنەوەی کۆرسەکە. داخۆ لە چوارچێوەی ئێوەدا سەرکردە یان ڕێکخراوی ئایینی هەیە کار بۆ مافەکانی مرۆڤ بکات و بتوانن پێی بگەن؟
هەروەها ڕەچاوکردنی هاندانی ئەو کەسەی پرسیار دەکات/ناڕەزایەتی دەردەبڕێت گرنگە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ مەترسییەکان بکەیت، ئایا بەڕاستی کونجکۆڵن و دەیانەوێت بزانن داخۆ دەتوانن بۆ باوەڕ و کارەکەیان و مافەکانی مرۆڤ ڕاستگۆ بن، یان چالاکانە هەوڵی دابەشکاری دەدەن؟
بیرت بێت کە ئاساییە بڵێیت نازانم و پێشنیار بکەیت بەشداربووەکان بیر بکەنەوە لەوەی چۆن باوەریان پەیوەندیدارە بەو بابەتانەی بە درێژایی کۆرسەکە بەرباس دراون.

**ئازادیی ئایین یان باوەڕ و تەکنەلۆژیا .. سەرچاوەی چەندان ئایین لێرە بدۆزەرەوە**

**ناڕەزایەتی:** مافی مرۆڤ دروستکراوێکی مرۆییە. ئێمە پەیڕەوی ئیرادە و یاسای یەزدانی دەکەین. ئایینەکەمان وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە پێویستمانە- ئێمە پێویستمان بە مافەکانی مرۆڤ نییە!

**وەڵامە ڕێتێچووەکان:**

- مافی مرۆڤ دروستکراوێکی مرۆییە. سەرباری ئەوەش، لەناو هەر نەریتێکی ئایینیدا، چەندان زانا و سەرکردە و ئەندام هەن کە باوەڕیان وایە ناوەڕۆکی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕەنگدانەوەی فێرکارییە سەرەکییەکانی ئایینەکەیانە سەبارەت بە شکۆ و دادپەروەری و بەرپرسیارییەتیی مرۆڤ. ڕەنگە کاتێک ئێمە لە مافەکانی مرۆڤ دەکۆڵینەوە، پێکهاتەی خاڵە هاوبەشەکان لەگەڵ نەریتی باوەڕیمان بدۆزینەوە.
- مافەکانی مرۆڤ ئەرکێکی جیاواز لە فێرکارییە ئایینییەکان بەدی دێنێت. لە جیهانێکدا کە خەڵکانی ئایینی جیاواز هەن و هیچیان شان بە شانی یەکتر ناژین، مافەکانی مرۆڤ زمانێکی هاوبەشمان پێ دەدەن بۆ قسەکردن دەربارەی ئەو جۆرە کۆمەڵگایەی دەمانەوێت پێکەوە بونیادی بنێین. هەروەها چوارچێوەیەکی یاسایی دابین دەکەن کە دەتوانین بۆ لێپرسینەوەی حکومەت بەکاری بهێنین- ئەمەش بۆ دڵنیایی لەوەی ڕێز لە شکۆ و دادپەروەریی مرۆڤ دەگرن.
- نوێنەری چەندان ئایین و باوەڕ لە داڕشتنی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا بەشداربوون و مشتومڕی چڕوپڕ سەبارەت بە ڕەشنووسەکە لە لایەن هەموو ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە کراوە. هەندێک لەو مشتومڕانە دەربارەی چۆنییەتیی پەیوەندیداری ئەو مافانەی پێشنیارکراون بە بەها ئایینی و مرۆڤدۆستییەکانەوە بوون. ئامانجەکەش بۆ برەودان بە جاڕنامەیەک بوو کە بەڕاستی گشتگیر بێت- بۆ پێناسەکردنی ئەو مافانەی هەمووان دەتوانن لەسەری کۆک بن، ئەمەش بێ گوێدانە ئایین یان بیروباوەڕ.

**ناڕەزایەتی:** ناتوانم کار بۆ مافەکانی مرۆڤ و/یان ئازادیی ئایین یان باوەڕ بکەم، چونکە لە ناوچەکەی مندا پەسەندکراو نین.

دەکرێت دانیشتنەکان بە ئاسانی لە ڕێڕەو لابدەن بەهۆی گفتوگۆی مافێکی دیاریکراوەوە یان ڕێگاکانی جێبەجێکردنی ئەو مافانەی خەڵک لەگەڵیاندا ناکۆکن. بپرسە داخۆ کەسی ناڕازی دەربارەی چ مافێکی تایبەتی نیگەرانە. تاوەکوو ڕێککەوتن لەسەر ئەو مافە تایبەتییە کلیلی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کۆرسەکە بێت، هەوڵ بدە سەرنج بخەیتە سەر بوارەکانی ڕێککەوتن و وردە وردە بواری کۆدەنگی فراوانتر بکەیت.

**وەڵامە ڕێتێچووەکان:**

- بپرسە داخۆ مافەکانی مرۆڤ/ڕەهەندەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ هەن کە ڕەنگدانەوەی بەهای نەریتە باوەڕییەکانی کەسی ناڕازیی بێت، وە ئایا پرسی مافی مرۆڤ هەن کە بیانەوێت چارەسەر بکرێن. ئاماژە بەوە بدە کە مەبەستی کۆرسەکە تەنیا ئەوە نییە پێویست بکات لەسەر هەموو بابەتێک ڕێک بکەوین، بەڵکوو بۆ ئەوەی ببینە پێشەنگی بەهێزتر و چارەسەری کێشەکانی ناو کۆمەڵگاکەمان بکەین.

- هەوڵ بدە نموونەی کاریگەری پێشێلکارییە بەرجەستەکانی مافی پەیوەندیدار لەسەر تاکەکان و گرووپ و کۆمەڵگا بهێنیتەوە، چۆن ئەو زیانانەی دروست دەبن پەیوەندییان بە پەیامەکانی شکۆ و خۆشەویستی مرۆڤەوە هەیە و دەبێت لە ئایینەکەماندا بدۆزرێنەوە؟
- ڕەنگە سنووردارکردنی مافەکان لەڕێی یاساکانەوە باشترین ڕێگەی بەرەوپێشبردنی ڕەوشت و ئاکار نەبێت.
- پرسیار لە گرووپەکە بکە داخۆ ئایینەکەیان چی دەربارەی ئەو مافە دەڵێت وا لێی نارازین و دەبێت چی بەسەر ئەو کەسانە بێت کە بەکاری دەهێنن. ئایا تەنیا دەقێک یان لێکدانەوەیەکی پەیوەندیدار هەیە؟ ئایا هیچ دەقێک، بەهایەک یان لێکدانەوەیەک هەیە پاڵپشتی مافەکە بکات بەهەر شێوەیەک بێت؟ ئایا فێرکارییەکان بە تێپەڕینی کات گۆڕانیان بەسەردا هاتووە؟
- ئەو وڵاتانەی هەمان جۆری زۆرینەی ئایینییان هەیە، زۆر جیاواز مامەڵەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەکەن. هیچ ڕێگایەکی ئیسلامی، بودایی و مەسیحی بۆ دەرکردنی یاسا لەسەر مافەکانی مرۆڤ نییە.

**ڕێنمایی! پرسیار لە سەرکردەیەکی ئایینی بکە یاخود زانایەکی ئایینی کە پابەندە بە مافەکانی مرۆڤەوە بۆ یارمەتی بەڕێوەبردنی گفتوگۆی لەم شێوەیە!**

**پرسیار: ئایا پەسەندکردنی مافی یەکسان بۆ ئایینەکانی تر بەو مانایە نایەت کە پێم وابێت هەموو ئایینەکان بە یەکسانی ڕاستن؟ ئایا پێویستە دەست لەو بیرکردنەوەیە هەڵگرم کە ئایینەکەی من تاکە ئایینی ڕاستە کە کار بکات بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ هەمووان؟**
**نارەزایەتی: بۆچی پێویستە مافی یەکسان ببەخشین لەکاتێکدا ئایینەکەی ئێمە باڵاترین ئایینە؟**

وەڵامە ڕێتێچووەکان:

- ئازادیی ئایین یان باوەڕ پارێزگاری لە مافی بیروباوەڕی تۆ دەکات کە ئایینەکەی تۆ تاکە ڕێگەی ڕاستە. هەروەها پارێزگاری لە مافی کەسانی تریش دەکات کە باوەڕیان وابێت ئایین یان باوەڕەکەیان تاکە ئایین و باوەڕی ڕاستە. ئەمە کاری مافەکانی مرۆڤ یان یاسای نێودەوڵەتی نییە کە بڕیار لەسەر پرسی واقعییەتی ئایینەکان بدەن. مافەکانی مرۆڤ سەرنج دەخەنە سەر مرۆڤەکان، ئەمەش لەسەر بنەمای ئاکارەکانی شکۆی مرۆڤایەتی. ئەوان پانتاییەکی سەلامەت دادەڕێژن کە تێیدا دەتوانین شان بە شانی یەک و بە هەموو جیاوازییەکانمانەوە بژین پێکەوە، ئەمەش بە دامەزراندنی کەمترین پێودانگەکانی چۆنییەتیی مامەڵەکردنمان لەگەڵ یەکتر بە ڕێز و شکۆوە.
- زۆرینەی ئایینەکان تیشک دەخەنە سەر گرنگیی شکۆی مرۆڤایەتی و چەند وەشانێکی یاسایی زێڕین دەگرێتەوە- کە ئێمە پێویستە بەو جۆرەی ئارەزوو دەکەین مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت، مامەڵەی کەسانی تر بکەین. پرسیار لە بەشداربووان بکە داخۆ ئایینەکەیان یاسای زێڕینیان هەیە، هەروەها بۆ هاوبەشپێکردنی ئەو فێرکارییانەی بەمەوە پەیوەستن. بپرسە داخۆ ڕێی تێ دەچێت بە یاسا زێڕینەکان بژیت لەکاتێکدا مرۆڤەکان مافی یەکسانیان نەبێت؟
- مامەڵەی کەسەکان بە شێوەیەکی یەکسان پەیوەند بە کەمترین پێودانگی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ وتنی ئەوەی ئێمە باوەڕەکانیان پەسەند دەکەین، هەمان شت نییە. لە بنەڕەتدا دەتوانین لەگەڵ باوەڕی مرۆڤەکانی تر کۆک نەبین بەبێ گەڕانەوە بۆ جیاکاریی و توندوتیژی و نکۆڵی لە مافەکان. هەروەها سنووردارکردنی مافی کارپێکردنی ئایین تەنیا کاتێک ڕێگەی پێ دەدرێت کە کارپێکردنەکە هەڕەشەی ماف و ئازادی و تەندروستی گشتیی کەسانی تر بکات.
- ئایا هیچ مافێک هەیە بۆ خۆمان مەبەستمان بێت، بەڵام پێمان وابێت پێویستە کەسانی تر لێی بێبەش بن؟ ئەگەر ئێمە ئەو مافانە لە کەسانی تر زەوت بکەین، چۆن دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کاتێک نایەت حکومەت وا بیر بکاتەوە کە ئاساییە مافەکانی ئێمە زەوت بکات؟ تا ئەوکاتەی هەمووان مافدار نەبن، هیچ کەس خاوەن ماف نییە. پاشان ئەوەی ئێمە هەمانە تەنیا شایستەی یاساییە کە دەوڵەت بە شێوەیەکی کاتی پێی داوین و دەتوانێت هەرکاتێک کە لەگەڵ نیازەکانی دەوڵەتدا بگونجێت، وەری بگرێتەوە.
- مافەکانی مرۆڤ ئەوانەن وا پارێزگاری لە باوەڕی ئەو کەسانە دەکەن کە هەمان باوەڕی ئێمەیان هەیە و وەکو کەمینەیەک لە وڵاتانی تردا دەژین. ئەگەر بڵێین زۆرینە یان دەوڵەت لە وڵاتەکەی ئێمەدا دەتوانێت بڕیار بدات کێ خاوەن مافە و کێ خاوەن ماف نییە، ئەوا واتە دەڵێین ئاساییە بۆ دەوڵەت/زۆرینەکانی تر، مافی ئەو کەسانە زەوت بکەن کە هەمان باوەڕی ئێمەیان هەیە.

## بابەت: ئازادی و جڵەوکردن

**پرسیار:** ئەو کەسانەی بە شێوازێک کار بە ئایین دەکەن کە لەگەڵ کولتووری ئێمەدا باش ناگونجێت. هەموو کەسێکی ئەو ئایینە بەو شێوەیە کار بەو ئایینە ناکات، بۆیە ئاشکرایە کە گرنگ نییە. ئەگەر گرنگ بێت، دەبێت ئێمە بتوانین قەدەغەی بکەین.
**پرسیار:** ئەگەر دەسەڵاتدارە ئایینییەکان بڵێن دەبێت ئایینێک بە یەک شێوە کاری پێ بکرێت، بۆچی دەبێت ڕێ بدەین مرۆڤەکان بە شێوەیەکی جیاواز کاری پێ بکەن؟

**وەڵامە ڕێتێچووەکان**

- ئایینەکان لە ناوخۆدا زۆر هەمەچەشنن. چەند ڕێگەیەکی جیاوازی پەیڕەوکردنی شتەکان لە هەر باوەڕێکی دیاریکراودا هەیە و بە دەگمەن یەک دەسەڵاتی ئایینی هەیە کە لە لایەن هەموو باوەڕمەندەکانەوە پەسەند کرابێت. لەم جیهانە گەڕۆکەدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکات، مرۆڤەکان بە ڕێگا جیاوازەکانیان بۆ ئەنجامدانی شتەکان، شان بە شانی یەک پێکەوە دەژین.
- وێنای بکە ناچاربوویت بۆ وڵاتێکی تر بڕۆیت. هەستت چۆن دەبێت ئەگەر کۆمەڵگاکە ئەو مافە زەوت بکات و بە شێوەیەک مامەڵەت لەگەڵدا بکات بەهات نەزانێت یان ناچارت بکات بە شێوەیەک کار بە ئایین بکەیت، پێچەوانەی ویژدانی تۆ بێت؟
- مرۆڤەکان ناچار نین بیسەلمێنن کە کردەوەکانیان بۆ ئایینەکەیان گرنگە بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێت پەیڕەوی بکەن. ئێمە پێویستە ئازاد بین. بۆ ئەوەی ئازادیمان بۆ کارپێکردنی ئایین سنووردار بکەین، دەبێت دەوڵەت پیشانی بدات سنووردارکردنەکە پێویستییە، بۆ نموونە بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی یان ماف و ئازادیی کەسانی تر. جێگرتنەوەی ئازادی بە سنووردارکردنە ناپێویستەکان، دەبێتە هۆی بەگژداچوونەوە و گرژیی کۆمەڵایەتی، هەروەها دەسەڵاتی هەرەمەکی و زیاد لە پێویست دەخاتە دەستی دەوڵەتەوە و کۆمەڵگا لە دیموکراسی دوور دەخاتەوە و بەرەو دیکتاتۆری پەلکێشی دەکات.

## بابەت: هێرش و هاوسەنگی

**پرسیار:** ئایا هیچ مافێک هەیە پێویستی بە پاراستن بێت لە هێرش؟
**نارەزایەتی:** ڕێگەدان بە کەمینەکان/ بیرە ئازادەکان بۆ قسەکردن لەسەر/کارپێکردنی ئایینەکەیان، ئازادانە مەترسی لەسەر تێکدانی بەهاکانمان و هاوسەنگیی کۆمەڵایەتیمان هەیە.
**نارەزایەتی:** نابێت هیچ کەسێک هێرش بکاتە سەر هەستە ئایینیەکانی کەسانی تر. دەبێت کوفر و وتار و ڕەفتارە هێرشبەرانەکانی تر قەدەغە بکەین. بەم شێوەیە دەتوانین هاوسەنگی و پیرۆزییەکان بپارێزین.
**نارەزایەتی:** دەبێت پارێزراو بین لەوەی ئایینەکەمان بە شێوەیەکی نەرێنی وێنا بکرێت- چونکە دەبێتە هۆی جیاکاری.

**وەڵامە ڕێتێچووەکان:**

- بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، هەموو کەسێک ئازادانە مافی بیروباوەڕ و کارپێکردن و گوزارشتکردن لە باوەڕەکانیان هەیە. ئەمەش تا ئەو کاتەی ئەو کارپێکردنە زیان بە ماف و ئازادییەکانی ئەوانی تر نەگەیەنێت. هەروەها یاسای نێودەوڵەتی لە بینین و بیستنی ئەو شتانەی لەگەڵیان ناکۆکین یان لە ڕەخنەکانمان لەو شتانەی بەنرخن بۆمان، نامان پارێزێت. هیچ مافێکی مرۆڤ نییە بۆ پاراستن لە هەستی هێرشبەری.
- دەکرێت قەدەغەکردنی وتار و ڕەفتاری  هێرشبەرانە بۆ پاراستنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، لۆژیکی و ئاکاری ببینرێت. ئەمە ڕاستە، لەگەڵ ئەوەشدا، مەحاڵە پێناسەی ئەوە بکەین کە چی هێرشبەرانەیە. هەندێک کەس زیاتر بەهۆی بوونی بیرۆکەکانیان هەڕەشەیان لێ دەکرێت لە جیاتی خودی خۆیان. بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، ئەو وتارەی پێویستە قەدەغە بکرێت وتاری کینادوییە کە هانی کینە و توندوتیژی دەدات. یاساکانی کوفر و هەڵگەڕانەوە لە ئایین و 'پاراستنی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی' بە گشتی زۆر لەمە فراوانترن. ئەوان مەبەستیانە کە:

- زانینی ئەوەی چی بە نایاسایی دادەنرێت، نارِوون و سەخت بێت.
- هێرش لە ڕوانگەی زۆرینەوە پێناسە بکرێت (لە پراکتیکدا ئەگەر لە ڕووی تیۆرییەوە نەبێت).
- بەرانبەر هێرش و تۆمەتی نارِاست کراوە بێت- سەختە بیسەلمێنیت کە شتێکت نەوتووە.
- هاندانی توندوتیژی بە پشتگیریی لەو بیرۆکەیەی کە دەبێت سزای ئەو کەسانە بدەین کە ئاشتیانە بیروباوەڕەکانیان دەردەبڕن و زۆرینە ئارەزووی ناکەن.
- لە ئەنجامدا ئەوانەی بە ئاشتیانە گوزارشت لە بیروباوەڕەکانیان دەکەن، بە گرژییە کۆمەڵایەتییەکان تاوانبار دەکرێن. پێویستە ئەو کەسانەی بەرانبەر دەربڕینی ئاشتیانە بە کینە و توندوتیژییەوە کاردانەوە دەنوێنن، بەرپرسیارییەتی بگرنە ئەستۆ.

- ڕەنگە قەدەغەکردنی گاڵتەجاڕی و ڕەخنە لە ئایینەکان و دامەزراوە ئایینییەکان بۆ پاراستنی پیرۆزییەکان بە ڕاست ببینرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەخنە دەرەکی و ناوەکییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەهێزکردن و باوەڕدارکردنی زیاتری دامەزراوە ئایینییەکان. دامەزراوە ئایینییەکان لە لایەن خەڵکەوە پێك هێنراون و هەندێک جاریش بە هەڵە لە شتەکان تێدەگەن. تەنیا کاتێک دەتوانرێت مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکرێت کە بتوانین بێ ترس باسیان بکەین. تاوانەکانی ئەم دواییە سەبارەت بە دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان لە دامەزراوە ئایینییەکاندا، گرنگی ئەم ئازادییە دەردەخات.

- ڕەنگە 'هاوسەنگی' لەسەر بێدەنگیی کەمینەکان و بیرە ئازادەکان لەمەڕ باوەڕ و ناسنامەکانیان بونیاد بنرێت کە تەنیا نمایشێک بێت وەک هاوسەنگی لە لایەن زۆرینەوە ئەزموون بکرێت؟ ئایا ئێمە لە درێژمەوددا کۆمەڵگایەکی ئارام و سەقامگیرمان دەبێت، کاتێک تەنیا زۆرینە هەست بکەن بەوەی هاوسەنگی و یەکگرتوویی هەیە؟

- هیچ مافێکی مرۆڤ نییە بۆ پارێزگاری لە هەستی هێرشبەری. لە ڕاستیدا، ڕەخنە و لێبوردەیی بیروڕا جیاواز و دژبەرەکان بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروست زۆر گرنگە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک دەوڵەتێک، میدیا یان زۆرینەی کۆمەڵگاکان لە وێناکردنی سیستماتیکی نەرێنی و دژایەتیی ئایینە کەمینەکان بەشدار دەبن، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی جیاکاری و توندوتیژی بەرانبەر شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە. ئەمە لە کاتێکدا کە تەنانەت کاتێک ئەو سەرنجە تاکەکەسیانەشی دەدرێن، نابنە هۆی وتاری کیناوی و هاندانی توندوتیژی. بەگوێرەی ئەوەی مافەکانی مرۆڤ و سەقامگیری کۆمەڵگا بەندە لەسەر دەوڵەت و ڕەفتاری بێلایەن و ئەخلاقی میدیا. کارکردن بۆ بەرەوپێشبردنی ئەخلاق لە سیاسەت و میدیا و گوتاری گشتیدا، هەروەها وەڵامدانەوەی خێرای گوتاری کیناوی و هاندانەکان گرنگییەکی زۆریان هەیە.

لێرەدا باسی بۆچوون و چیرۆکەکانتان لەگەڵماندا بکەن

# بۆچوون و ڕێپێدانەکان

**چیرۆکی پێشەنگی خۆتمان بۆ باس بکە و بۆچوون و پێشنیاری خۆت بدە!**
پێمان خۆشە بزانین ئێوە چۆن ئەم سەرچاوانە بەکار دەهێنن و چۆن ئەو سەرچاوانە بەشداریی دەکەن لەوەی مرۆڤەکان هەنگاوی کرداریی بۆ گۆڕانکاری بنێن! چ شتێک باش کار دەکات و پێویستە چی باشتر بکەین؟

لێرەدا باسی بۆچوون و چیرۆکەکانتان لەگەڵماندا بکەن:
www.forb-learning.org/feedback-form

**ئایا پێویستە پێش بەکارهێنانی ئەم سەرچاوانە داوای مۆڵەت بکەم یان کەسێک ئاگادار بکەمەوە؟**
نەخێر. ناوەرۆکەکانی ئەم ڕێنمایی ڕاهێنەرە و هەموو سەرچاوە هاوبەشەکانی بێ بەرانبەر بۆ هەر کەسێک بەردەستە بۆ گونجاندن و بەکارهێنانی بۆ پەروەردەکردنی ئەوانی تر و بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ هەمووان.

کاتێک ئەم سەرچاوانە بەکار دەهێنیت، تکایە بەهایان بدەرێ و لەبارەی سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕەوە قسە بۆ خەڵک بکە، www.forb-learning.org, کە دەتوانن تێیدا زانیاریی زیاتر و سەرچاوەی فێربوون و کۆرسە ئۆنلاینەکان بدۆزنەوە.

**ئایا پێویستە داوای مۆڵەت بکەم تاوەکوو لە بڵاوکراوەکانی تردا ڕاهێنانە تایبەتییەکانی ئەم ڕێنوێنییە بەکار بێنم؟**
نەخێر. دەتوانیت دەقی ڕاهێنانەکان یان وەشانی ڕاهێنانە گونجێندراو و وەرگێڕدراوەکانی ئەم ڕێنوێنییە لە بڵاوکراوەکاندا بەکار بهێنیت. بەڵام ڕەنگە نەتوانیت نموونەکان بێ وەرگرتنی مۆڵەت بەکار بهێنیت. کاتێک دەقێک بەکار دەهێنیت، تکایە بەها بدە بە سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ و بەستەری سەرچاوە بنەڕەتییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

سەرچاوە: کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان، سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ
www.forb-learning.org/changemakers

پێمان خۆشە گوێبیستی بڵاوکراوەکانتان بین! تکایە فۆڕمی بۆچوون بەکار بهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان.

**ئایا دەتوانم ڕێبەری ڕاهێنەرەکە و سەرچاوە هاوبەشەکانی بۆ زمانی خۆم وەربگێڕم و بڵاویان بکەمەوە؟**
ئێمە باوەڕمان بە گرنگیی خستنەڕووی سەرچاوەکانی فێربوون هەیە لەمەڕ ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ ئەو کەسانەی ئینگلیزی نازانن. ئێوە دەتوانن ئازادانە وەرگێڕان بۆ چەند بەشێکی ناوەڕۆکەکە بکەن. تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن ئەگەر خوازیارن هەموو کۆرسەکە و ڕێبەری ڕاهێنەرەکە وەربگێڕن، بە بەکارهێنانی ئەم ئیمەیڵە: info@forb-learning.org

**مافی کۆپیکردن**
دەقی ئەم بڵاوکراوەیە بەپێی CC BY-SA پارێزراوە. ئەمە واتا ئازادیت لەوەی سەرچاوەکان بگونجێنیت و بەکاریان بهێنیت بەهەر شێوازێک بێت، تا ئەوکاتەی بەها بە سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەدەیت و وەشانە گونجێندراوەکان و ئەوانەی تر کە هەمان ئەم زاراوانەی مافی کۆپیکردن بەکاردێنن، لەگەڵ ئێمە هاوبەشی پێ دەکەیت.

وێنەکانی ڕێبەری ڕاهێنەرەکە و هەردوو دەق و وێنەی ئەفسانەی 'گۆڕانی شمشاڵ و تەپڵ' لە لایەن مافی کۆپیکردنەوە پارێزراون و ناتوانرێت بەبێ مۆڵەت بڵاو بکرێنەوە یان بگونجێندرێن. تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن

هەموو مافەکانی کۆپیکردن لە لایەن ئەنجوومەنی ڕاسپێردراوی سویدی باوەڕمەند بە گەشەپێدان، ٢٠٢١، بە ناوی تۆڕی کڵیسای باکووری ئەورووپا لەمەڕ ئازادیی ئایین یان باوەڕ، تۆڕی پشت سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕەوە پارێزراون.

# بەشی "ب"

## بابەتەکانی کۆرسەکە

# دانیشتنی ١-٥

## بەشی ١ : ئامادەکردنی کۆڵەپشتەکانمان

ئامانجی کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان ئامادەکردنی بەشداربووەکانە تا ببنە پێشەنگی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا. پرۆسەی گۆڕینی ئازادیی ئایین یان باوەڕ درێژخایەنە و هەندێک جاریش دژوارە، بەڵام پارمەتیدەرت دەبێت تا ئامادە بیت!

بەشی یەکەمی کۆرسەکە سەرنج دەخاتە سەر 'ئامادەکردنی کۆڵەپشتەکانمان'- لەمەڕ گەشەپێدانی ئاگایی و ڕەفتارەکان، بەم جۆرەش مێشک و دڵمان بۆ گەشتی بەرەو گۆڕانکاری ئامادە دەبێت. هەروەها دەرفەت بە بەشداربووان دەدات فێر ببن و لێکۆڵینەوە لە ڕەفتارەکانیان بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ بە گشتی بکەن و بە تایبەتیش بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ، هەروەها بۆ بیرکردنەوە لە ڕەفتارەکانیان بەرانبەر ئەوکەسانەی ناسنامەیان لەوان جیاوازە. هەروەها کارامەیی لە شیکاری دەقدا دەستەبەر دەکات.

دانیشتنی ١-٥ پرۆسەیەک پێک دەهێنن کە هەریەکەیان لەسەر فێربوون و ڕەنگدانەوەی دانیشتنەکانی پێشوو دروست بوون.

- دانیشتنی ١ بەگشتی مافەکانی مرۆڤ دەناسێنێت.
- دانیشتنی ٢ بە تایبەتی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەناسێنێت.
- دانیشتنی ٣ سەرنج دەخاتە سەر لێکۆڵینەوەی ناسنامەکانمان و پرسەکانی شایستەیی و زیانەکان.
- دانیشتنی ٤ لێکۆڵینەوەی توندوتیژییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەکات و ڕێ دەدات بەشداربووان ڕاهێنان لەسەر دەستنیشانکردنی پێشێلکارییەکان بکەن.
- دانیشتنی ٥ ڕێ بە بەشداربووان دەدات گەشە بە شیکاریی دەق ئازادیی ئایین یان باوەڕی خۆیان بدەن و کێشە پەیوەندیدارەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا دەستنیشان بکەن.

فێربوون و ڕەنگدانەوەی ئەم دانیشتنانە بناغەیەکی گرنگ بۆ بەشی دووەمی کۆرسەکە دابین دەکات، کە سەرنج دەخاتە سەر پلانی گەشتەکان بەرەو گۆڕانکاری لە کۆمەڵگاکەماندا- لەمەڕ ئەو ڕێبازانەی دەتوانین بەکاریان بێنین بۆ برەودان بە مافەکانی مرۆڤ و نەخشەی کرداری. شیکاریی دەق کە لە دانیشتنی ٥ دا پەرەی پێ دراوە، وەک بابەتی سەرچاوە لە هەموو دانیشتنەکانی بەشی ٢ بەکار دەهێنرێت.

# دانیشتنی ١

## پێویستییە مرۆییەکان- مافەکانی مرۆڤ- بەرپرسیارییەتییە مرۆییەکان

### پێداچوونەوەی دانیشتنەکە

> **ڕێنمایی! لە تێڕوانینی گشتی بۆ دانیشتنەکە دەتوانیت ئامانج و ناوەڕۆک و کاتی دانیشتنەکە و ڕیزبەندی سەرچاوەکان و ئامادەکارییە پێویستەکان بدۆزیتەوە.**

لە زۆر چوارچێوەدا، مرۆڤەکان مافەکانی مرۆڤ بە دوور لە ژیانی ڕۆژانەیی دەبینن، کە بە کولتووره ناوخۆییەکان ناپەیوەندیدارن یان وەک بەشێك لە کارنامەی نیۆکۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی. بەداخەوە کاریگەرییە نەرێنییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەبنە هۆی لەدەستدانی ئامرازێکی بەسوود کە مرۆڤەکان دەتوانن بۆ باشترکردنی ژیانیان لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا بەکاری بێنن. ئەگەر مرۆڤەکان دەربارەی ئەو مافانە نەزانن کە پێویستە خۆیان و کەسانی تر خاوەنی بن بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و نیشتیمانی، ئەوا مسۆگەریی بەردەوامیی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ ئاسانتر دەبێت.

دانیشتنەکە لە دوو بەش پێکدێت:

**بەشی ١ : پێشەکییەکان**
ئەمە پێشەکییەک لە پێکهاتە و ئامانجەکانی کۆرسەکە دەگرێتەوە و وا دەکات بەشداربووان یەکتر بناسن. هەروەها گفتوگۆی یاسا بنەڕەتییەکانی گفتوگۆکان لەخۆ دەگرێت. ئەمەش بە تایبەتی لەو گرووپانەدا گرنگە کە لەوانەیە کێشەی متمانە هەبێت یان هەستیار بن بە بابەتەکە.

**بەشی ٢ : پێویستییە مرۆییەکان- مافەکانی مرۆڤ- بەرپرسیاریەتییە مرۆییەکان**
ئامانجی ئەم بەشە بۆ بونیادنانی ئاگایی و بەرزنرخاندنی مافەکانی مرۆڤە، هەروەها بەستنەوەی مافەکان بەو پێویستییانەی لە ژیانیان و کۆمەڵگاکەیاندا ئەزموونی دەکەن. ئەمەش بنەمایەکی گرنگ بۆ هەموو ئەو دانیشتنانەی بەدوایدا دێن، پێک دەهێنێت.

### ئامانجەکانی فێربوون

> **ڕێنمایی! دەتوانیت لە لاپەڕەکانی ٢١-٢٨دا ڕێنمایی بدۆزیتەوە تا لە وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاڵۆزەکان دەربارەی مافەکانی مرۆڤ هاوکاریت بکات.**

ئەم دانیشتنە سەرنج دەخاتە سەر گەشەپێدانی ئاگایی بەشداربووان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ و ڕەفتاری ئەرێنی بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ.

لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا ئامادەبووان:

- دەتوانن لانی کەم شەش مافی مرۆڤ ڕیزبەند بکەن کە بۆ ژیانی ڕۆژانەیان گرنگن و لانی کەم ناوی مافێک بهێنن کە لەناو کۆمەڵگاکەیاندا پێشێل کراوە.
- گرنگیی مافەکانی مرۆڤ و پەیوەندیداری بە ژیانی ڕۆژانەیان دەربڕن، هەروەها ئەوەی هەمووان دەتوانن لە بونیادنانی کۆمەڵگایەک کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ پارێزراو بن و ڕێزیان لی بگیرێت، ڕۆڵیان هەبێت.

**تێبینی**

مەبەستی ئامانجەکانی فێربوون بۆ یارمەتیدانی ڕاهێنەرەکەیە لە هەڵسەنگاندنی چەندێتی باش بەڕێوەچوونی پرۆسەکە، هەروەها دیاریکردنی ئەو بوارانەی دەتوانیت لە ڕووی ئاگایی و ڕەفتار و کارامەیی بەشداربووانەوە، تێیدا بەدوای پێشکەوتندا بگەڕێیت. ئەوانە وەک دەستەبەرکردنی زانیاری نین بۆ بەشداربووان- وەک ڕیزبەندی ئەو شتانەی چاوەڕێ دەکەن بەدەستی بێنن.
واقعییەتی ئامانجەکانی فێربوون بۆ هەر دانیشتنێک بەندە لەسەر خاڵی دەستپێکی بەشداربووان- بۆ نموونە، ڕەفتارەکانی ئێستایان بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ. هەروەها بەرەوپێشچوون بەرەو ئامانجەکان ڕەنگە پلە بە پلە بێت لە ماوەی کۆرسەکەدا، نەوەک بەدەستهێنانی لە تەنیا دانیشتنێکدا.

## ناوەڕۆک و کاتی دانیشتنەکە

| | |
|---|---|
| **بەخێرهاتن و پێشەکی**<br>بەخێرهاتنێک، ناساندنی بەشداربووان، پێشکەشکردنی کۆرسێک و ڕاهێنانی یاسا بنەڕەتییەکان. | ٣٠ خولەک |
| **ڕاهێنانی گشتی: شۆربای ژیان**<br>بەدواداچوون بۆ پێویستییەکانی مرۆڤ بە وێناکردنی پێکهاتەکانی ناو مەنجەڵێکی شۆربا | ٣٥ خولەک |
| **ڕاهێنانی ڕۆیشتن و قسەکردن: پێشانگەی مافەکانی مرۆڤ**<br>یارمەتی بەشداربووان دەدات بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان پێویستییەکانی مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ. | ٢٥ خولەک |
| **پێشکەشکردن: پێویستییە مرۆییەکان- مافەکانی مرۆڤ- بەرپرسیارییەتییە مرۆییەکان**<br>پێشەکییەک بۆ مافەکانی مرۆڤ کە تیشک بخاتە سەر ڕێککەوتنە سەرەکییەکان و ئەرکی دەوڵەتان و ڕۆڵی کەسانی ئاسایی کە دەتوانن بۆ بەدیهێنانی مافەکان بیبینن. | ١٥ خولەک |
| **گفتوگۆی کۆتایی**<br>دەرفەتدان بە بەشداربووان بۆ سەرنج و بیرکردنەوە لە زانیارییەکان و کۆتاییهێنان بە دانیشتنەکە. | ١٥ خولەک |
| **کۆی گشتی کات** | **٢ کاتژمێر** |

## ئامادە بە

بەپێی ڕێنماییەکانی پەڕەی ١٥ ئامادەکاریی بۆ دانیشتنەکە بکە 'چۆن ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت'. بیرت بێت- تۆ گرووپەکەی خۆت دەناسیت! پێشوازیت لێ دەکرێت بۆ گۆڕین و گونجاندنی هەر پێکهاتەیەکی دانیشتنەکە تا لەگەڵ پێویستییەکانی گرووپەکەتدا بیگونجێنیت.

**سەرچاوەکانی ئەم دانیشتنە**

سەرباری سەرچاوە سەرەکیەکانی هەر دانیشتنێک کە لە پەڕەی ١٦دا ڕیزبەند کراون، بۆ وتنەوەی کۆرسەکە پێویستت بەم سەرچاوانەی خوارەوە دەبێت:

- سەبەتەیەکی بچووک
- پارچەیەک کاغەزی بچووک
- مەنجەڵێکی شۆربا (بەهەر شێوازێک کە لەناو کولتووری تۆدا باو بێت) لەسەری نووسرابێت 'شۆربای ژیان'
- چاپکراوێکی 'کارتی پێویستییە مرۆییەکان'- پێشوەختە پارچە کرابێت.
- چاپکراوێکی ' پۆستەرەکانی پێشانگەی مافەکانی مرۆڤ'
- ئەگەر تۆ ڕاهێنانی زیادەی 'بیر لە چی دەکەیتەوە' ئەنجام دەدەیت، ئەوا پێویستت بە ١٠ دانە بەرد یان پارەی سکە یان پارچە کاغەز بۆ هەر بەشداربوویەک دەبێت.

**دەتوانیت سەرچاوە هاوبەشەکان بۆ ئەم دانیشتنە لێرەدا بدۆزیتەوە.**

**زیادەی بژاردەیی: متمانەبەخۆبوونتان بونیاد بنێن!**

وەک بەشێک لە ئامادەکاریتان بۆ هەر دانیشتنێک، تەماشای ئەم کورتە فیلمانە بکەن بۆ فێربوونی زیاتر دەربارەی مافەکانی مرۆڤ. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بونیادنانی متمانەبەخۆبوونتان و توانای ئێوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. بەڵام نیگەران مەبن، وەک ڕاهێنەرێک، ڕۆڵی ئێوە بوون بە پرۆفیسۆر نییە بەڵکوو بوون بەو کەسەی سەرکردایەتی پرۆسەیەکی فێرکاری دوولایەنە دەکات.

فیلمەکان

**ژوورەکە ئامادە بکە**

بۆ ئەم دانیشتنە، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر بە نیمچەبازنەکردنی کورسییەکان و ڕووەو پێشەوە دەست پێ بکەیت. بەم جۆرەش گرووپەکە دەتوانن بە ئازادی بجوڵێنەوە. هەروەها ژوورێکی گەورە بەبێ هیچ مێزێک، زیاتر یارمەتیدەر دەبێت.




'شۆربای ژیان'

"ڕاهێنانەکانی 'شۆربای ژیان' و 'پێشانگەی مافەکانی مرۆڤ' بەرچاوڕوونییەک بوون. هەندێک لە بەشداربووان بۆ یەکەم جار درکیان بەوە کرد کە مافەکانی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیاندا مانای شتێک دەگەیەنێت. هەروەها ئەو مافانەی مرۆڤیان دۆزییەوە کە هەرگیز لەبارەیانەوە ئاگادار نەبوون."

**یوکۆها نۆبیا ، ڕاهێنەر، نایجیریا**

# وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە

## بەشی ١: پێشەکییەکان ٣٠ خولەک

چونکە ئەمە یەکەم دانیشتنە، بەسەربردنی کات بۆ هاوکاریی گرووپەکە بۆ پەیوەندیی و دانانی یاسا بنەڕەتییەکان و ناساندنی ئامانج و پێکهاتەی کۆرسەکە بە گرنگ دەزانرێت.

تێبینی

> ئەگەر پێشوەختە گرووپەکەت یەکتر دەناسن، ئەوا دەتوانیت کەمێک کورتتری بکەیتەوە. هەروەها ئەگەر ئەگەری ئەوە هەیە بە ئاشکرا کێشەی متمانە لەناو گرووپەکەتدا هەبێت، ئەوا پێویست دەکات کاتی زیاتر بۆ بونیادنانی پەیوەندییەکان تەرخان بکەیت. بەم شێوەیەش، ڕەچاوی وتنەوەی یەکەم دانیشتن بە شێوەیەکی درێژتر بکەیت بۆ دەستپێکردنی کۆرسەکە. هەروەها پێشنیاری چالاکیی زیادە دەکرێت بۆ ئەو گرووپانەی پێویستیان بە کاتی زیاتر هەیە.

### ١. بەخێرهاتن ٣ خولەک

بەخێرهاتنی هەمووان بکە بە شێوەیەک لەگەڵ گرووپەکەتدا گونجاو بێت، بۆ نموونە، چەند وشەیەکی پێزانین بۆ ئامادەبوونیان، گوتنی کۆپلەیەک گۆرانی یان نزایەک.

### ٢. ڕاهێنانی دەستپێک: ڕستەکە تەواو بکە ١٢ خولەک

ڕاهێنانی گشتی

**ئامانج**

ئەم ڕاهێنانە دەرفەت بە ئامادەبووان دەدات بۆ ناساندنی خۆیان و هاوکاری تۆ دەکات بۆ تێگەیشتن لە پاڵنەری بەشداربوونیان.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت**

بە دەوری بازنەکەدا بسوڕێرەوە و پرسیار لە هەریەکەیان بکە بۆ تەواوکردنی ئەم ڕستانەی خوارەوە.
(یەک ڕستە بۆ هەر بەشداربوویەک- بەبێ وەڵامی دوورودرێژ!)
"من ناوم..... هاتووم بۆ ئەم کۆرسە چونکە....."

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت**

کاتێک هەمووان قسەی خۆیان کردووە، زۆر بەکورتی باسی بابەتێکی هاوبەشی وەڵامەکانیان بکە. سوپاسی بەشداربووان بکە بۆ زانیارییەکانیان و بڵێ کە هیوا دەخوازیت لانی کەم هەندێک لە هیواکانیان بۆ ئەم کۆرسە بێتە دی و ئەوەی تۆ ئێستا ئامانج و پێکهاتەکانی کۆرسەکە دەخەیتە ڕوو.

ڕێنمایی: ئاگادار بە لە هێشتنەوەی کات بە درێژایی بەشی ١: پێشەکییەکان. پێویستە کات بۆ بەشی ٢ تەرخان بکەیت!

### ٣. ناساندنی کۆرسەکە ٥ خولەک

کورتە باس

**ئامانج**

ئامانجی ئەم کورتە باسە پێدانی تێڕوانینێکی گشتییە دەربارەی ئامانج و ڕێچکەناسی و بابەت و وانە کردارییەکانی کۆرسەکە.

**چی بگوترێت**

بە ناوەڕۆکی سلایدەکانی پاوەرپۆینتی ٣-٦ یان هەمان دەق لەسەر پەڕەی پێشکەشکردنەکاندا بچۆرەوە. لە پاوەرپۆینتەکەدا تێبینی ئاخێوەرەکە بکە دەتوانیت بەکاری بهێنیت (تەنانەت ئەگەر پەڕەکانی پێشکەشکردنیش بەکار بهێنیت).

تێبینی

> ئەگەر مشتومڕی زۆر لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە گرووپەکەتدا هەیە، ڕەنگە بتەوێت لە سلایدی ٥، وشەکاریی بابەتەکانی کۆرسەکە بگونجێنیت، ئەمەش بۆ بەکارهێنانی چەمکە پەیوەندیدار و پەسەندکراوە ناوخۆییەکان.

راهێنانی گشتی

## ٤. ڕاهێنانی یاسا بنەڕەتییەکان: تێپەڕاندنی سەبەتەکە ١٠ خولەک

**تسەبەم**

یاسا بنەڕەتییەکان بۆ یارمەتی بونیادنانی پانتاییەکی سەلامەت لەگەڵ چاوەڕوانیی هاوبەش دەربارەی ئەوەی چۆن لەگەڵ یەک بدوێین و گوێ بۆ یەک بگرین، گرنگە.

**سەرچاوەکان**

- سەبەتەیەک
- پارچە کاغەزێکی بچووک
- پێنووس

### چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت

ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

دەمانەوێت لە ماوەی ئەم کۆرسەدا، هەمووان هەست بە سەلامەتی و ڕێزگرتن بکەن- بۆ ئەوەی دەرفەتی قسەکردن و دەربڕینی بیروڕا و بیرۆکە و ئەزموونەکانیان لەسەر بنەمایەکی یەکسان هەبێت. بۆ هاوکاری بونیادنانی ئەو ژینگەیە، هەبوونی هەندێک یاسای بنەڕەتی بەسوودە کە هەموومان لەسەری کۆک بین و پێوەی پەیوەست بین. دەکرێت ئەو یاسا زەمینیانە کرداری بن (وەک هاتن لە کاتی خۆیدا و بێدەنگکردنی ئامێرەکانی پەیوەندی)، یان دەربارەی پەیوەستیمان بە یەکترەوە (وەک بەڕێزەوە گوێگرتن یان پێدانی دەرفەتی قسەکردن).

### چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت:

سەبەتەیەک لە ناوەڕاستی بازنەکەدا دابنێ. پارچەیەکی بچووک کاغەز و پێنووسێک بە هەمووان بدە. داوا لە هەر یەکەیان بکە دوو یاسای بنەڕەتی بنووسن کە پێیان وایە دەبێت گرووپەکە خاوەنی بێت و کاغەزەکەیان بخە ناو سەبەتەکەوە. هەموو بیرۆکەکانی ناو سەبەتەکە بخوێنەوە و لەسەر تەختەی نووسینەکە بیان نووسە.

لە ئەگەری نەبوونی هەر یەکێک لەم بنەمایانەی خوارەوە، ئەوا زیادیان بکە:

- چالاکانە گوێ بگرە- کاتێک ئەوانی تر قسە دەکەن، ڕێزیان بگرە.
- لە ئەزموونی خۆتەوە قسە بکە لە جیاتی گشتاندن (بڵێ 'من' لەبری 'ئەوان'، 'ئێمە'، یان 'ئێوە').
- لە بەرەنگارییکردنی یەکتر بەڕێزەوە لەڕێی پرسیارکردنەوە سڵ مەکەرەوە، بەڵام خۆت لە هێرشی کەسی بەدوور بگرە- سەنج بخەرە سەر بیرۆکەکان.

بپرسە داخۆ هەمووان لەسەر یاسا بنەڕەتییەکان کۆکن.

راهێنانی گرووپ

## ڕاهێنانی زیادەی بژاردەیی: بیر لە چی دەکەیتەوە ١٥ خولەک

ئەگەر گرووپەکەت پێویستی بە کاتی زیاتر بوو بۆ یەکتر ناسین، دەتوانیت ١٥ خولەکی تر بۆ دانیشتنەکە زیاد بکەیت و ئەم ڕاهێنانە بگرێتە خۆ.

**تسەبەم**

یارمەتیدانی بەشداربووان بۆ پەیوەندیی و وێناکردنی ئەو شتە زۆرە هاوبەشانەی هەمانە.

### چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت

- بەسەر گرووپی ٤-٦ کەسیدا دابەش بن.
- ١٠ سکەی پارە/ بەردی بجووک/پارچە کاغەز بە هەمووان بدە.
- خولانەوە بە دەوری بازنەکەدا، پێویستە کەسی یەکەم شتێک بڵێت کە حەزی پێیەتی (بۆ نموونە، خوێندنەوە). دەبێت هەموو ئەوانی ترکە حەزیان بە هەمان شتە، سکەیەک لە ناوەڕاستی بازنەکەدا دابنێن.
- پاشان کەسی دووەم ئەو شتە دەڵێت کە حەزی پێیەتی و هەموو ئەوانی ترکە حەزیان لێیە سکەیەکی تر لە ناوەڕاستدا دادەنێن.
- لەمە بەردەوام دەبیت تا کەسێک هیچ سکەیەکی پێ نامێنێت.

## بەشی دووەم: ناساندنی مافەکانی مرۆڤ

### ١. ڕاهێنانی گشتی: شۆربای ژیان ٣٥ خولەک

ڕاهێنانی گشتی

**پێناسە**

ئەم ڕاهێنانە وێنەی پێکهاتەکانی ناو مەنجەڵەکە بەکار دەهێنێت بۆ یارمەتی بەشداربووان بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو پێویستییانەی ئێمە (وە هەموو مرۆڤەکان) هەمانە. بەکارهێنانی کارتی ئامادەکراو و بیرۆکەکانی خۆیان، هەروەها بەشداربووان ئەو پێکهاتانە هەڵدەبژێرن کە پێویستە بخرێتە ناو 'شۆرباکە' بۆ ئەوەی ژیانیان شکۆدار بێت.

**مەبەست**

ئەم ڕاهێنانە دوابەدوای ڕاهێنانی 'پێشانگەی مافەکانی مرۆڤ دێت'، کە ئەو پێویستییانەی لەم ڕاهێنانەدا دەستنیشانکراون دەبەستێتەوە بەو مافانەی لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون. ئەم دوو ڕاهێنانە دەبێت پێکەوە ئەنجام بدرێن. هەروەها ئامانجی هەردووکیان هاوکاریی بەشداربووانە بۆ دۆزینەوەی چۆنییەتی پەیوەندیداریی مافەکانی مرۆڤ بە ژیانی ڕۆژانەوە و بیرکردنەوە لەو پێویستییانەی خۆیان دیاریی دەکەن- لەبری بوون بە کەسی نامۆ یان دوورەپەرێز.

**سەرچاوەکان و ئامادەکارییە پێشوەختەکان**

تۆ پێویستت بەمانە دەبێت:
- مەنجەڵێکی لێنانی شۆربای نەریتی یان مەنجەڵێکی گەورە کە لەسەر لایەکی نووسرابێت "شۆربای ژیان"
- چاپکردن و پارچەکردنی 'کارتی پێویستییە مرۆییەکان'. ئەگەر پێویست بوو، کارتەکان دەستکاری بکە و دەقە ئینگلیزییەکە بگۆڕە بۆ زمانی وەرگێڕدراوی بەشداربووان.
- چەند پێنووسێک.

ڕێنمایی! بیرت بێت کە بابەتەکانی کۆرسەکە لەم بەستەرەدا بە چەند زمانێک بەردەستن.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت** ٤ خولەک

مەنجەڵی شۆرباکە لە ناوەندی ژوورەکەدا دابنێ و 'کارتی پێویستییە مرۆییەکان' لەسەر زەوییەکە بە چواردەوری مەجەڵەکەدا لەگەڵ چەند پێنووسێک بڵاو بکەرەوە. داوا لە هەمووان بکە بە شێوەیەکی بازنەیی بە دەوری کارتەکاندا کۆببنەوە.

ڕوونکردنەوەی ئەمانەی وا دێن:
- ژیان کەمێک لە مەنجەڵی شۆربا دەچێت کە چەندان پێکهاتەی تێدایە- هەروەک شۆربا، ژیان پێویستی بە چەندان پێکهاتەی جیاواز هەیە بۆ ئەوەی تامێکی تایبەتی پێ ببەخشێ.
- چەند پێکهاتەیەک لە ژیاندا، وەک (شتێکی بەبەهای پەیوەندیدار بە کولتوورەوە باس بکە)، هێندەی تر تامی ژیان خۆشتر دەکات. بەڵام چەند پێکهاتەیەکی تریش هەن، وەک ماڵ، خواردن، یان چاودێری تەندروستی کە لەڕاستیدا پێویستمان پێیانە. ئەگەر ئەو پێکهاتانە نەبن ئەوا ژیان بەرەو خراپی دەچێت و لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەوە ئازار دەچێژین. هەروەها شکۆمان لەدەست دەدەین.
- لەم ڕاهێنانەدا، بیر لەو پێکهاتە گرنگانە دەکەینەوە کە بۆ ژیانمان پێویستن. هەروەها شۆربای ژیان لێدەنێین- بە تایبەتتر، ژیانێکی شکۆمەندانە!
- هەریەک لە کارتەکانی سەر زەوییەکە لە چواردەوری شۆرباکە نوێنەرایەتی شتێک دەکات کە ڕەنگە بۆ ژیانێکی شکۆمەندانە گرنگ بێت. هەروەها چەند کارتێکی سپی هەن کە دەتوانین لەسەریان بیرۆکەی ئەو پێویستییانەی بۆ ژیانێکی شکۆمەندانە دەمانەوێت، بنووسین یان بکێشین.

ڕێنمایی! لێرەدا لە پاشەکەوتکردنی کاتدا ئاگاداربە- پێویستت بە کات دەبێت بۆ گفتوگۆکانی داهاتوو.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ٣٠ خولەک
- بە گرووپەکە بڵێ کە تەنیا دوو خولەکیان هەیە بۆ سەیرکردنی کارتەکان و بیرکردنەوە لەوەی کامەیان گرنگترینیانە بۆ ئەوان.

- پاشان بە دەوری بازنەکەدا بسوڕێوە و پرسیار لە هەریەکەیان بکە تا کارتێک هەڵبگرن کە نوێنەرایەتی ئەو شتە دەکات بۆ ژیانێکی شکۆمەندانە بە گرنگی دەزانن، یەک ڕستە بڵێ (تەنیا) دەربارەی بۆچی گرنگە و پاشان کارتەکە بخەرە ناو مەنجەڵی لێنانەکەوە.
- لە سووڕانەوە بە دەوری بازنەکەدا بەردەوام بە تا ئەو کاتەی کەسەکان هەست دەکەن هیچ کارتێک نەماوە کە بۆیان گرنگ بێت. هەروەها دەتوانن کارتێکی سپی هەڵبگرن و ئەوە بڵێن نوێنەرایەتی چی دەکات و بیخەنە ناو مەنجەڵەکە. دەبێت کەسەکان لەو کاتەدا لەسەر هەڵبژاردنەکانی یەکتر بدوێن.
- کاتێک هەموو ئەو کارتانەی دەخوازرا خرانە ناو مەنجەڵەکەوە، بە گرووپەکە بڵێ، ئێستا 'شۆربای ژیان' مان ئامادە کرد. داوا بکە گفتوگۆی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بکەن:
  - ئایا هیچ پێکهاتەیەکمان زیاد کردووە کە بۆ ژیانێکی شکۆمەندانە پێویست نەبێت؟
  - ئایا هیچ پێکهاتەیەک (کارت)ێکمان جێ هێشتووە و لەسەر زەوییەکە جێ مابێت. وە بۆچی؟
  - داخۆ کاتێک 'پێکهاتە گرنگەکان' لە ژیانماندا نین، چی کاریگەرییەک دروست دەکەن؟ بۆچوونەکان باس بکەن.
  - ئەگەر گرووپێکی تر لە شوێنێکی تری ئەم جیهانە هەمان ڕاهێنان بکەن، پێتوایە پێویستی زۆر جیاوازیان دەبێت یان هەندێک لە پێویستییە مرۆییەکان گشگیر و بنەڕەتین، کە هەموو بوونێکی مرۆیی هاوبەشیی پێ دەکات؟

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت** ١ خولەک

کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنە بە وتنی ئەوەی هەموو بوونە مرۆییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا زۆر شتی هاوبەشیان هەیە- ئەمەش بە سادەیی چونکە ئێمە مرۆڤین و هەمان پێویستیمان هەیە.

## ٢. ڕاهێنانی ڕۆیشتن و قسەکردن: پێشانگەی مافەکانی مرۆڤ ٢٥ خولەک

ڕاهێنانی گشتی

### پوختە

بەشداربووەکان بە دەوری ژوورەکەدا دەسووڕێنەوە و 'کارتەکانی پێویستییە مرۆییەکان' لە ئەزموونی ڕاهێنانی پێشوو بەو پۆستەرانەی مافەکانی مرۆڤ کە ئەو مافانەی مرۆڤ نیشان دەدات وا لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون، هاوتا دەکەن.

### ئامانج

ئەم ڕاهێنانە پێکەوە لەگەڵ ڕاهێنانی پێشوو، ئامانجی هاوکاریی بەشداربووانە بۆ دۆزینەوەی چۆنییەتی پەیوەندیداریی مافەکانی مرۆڤ بە ژیانی ڕۆژانەوە و بیرکردنەوە لەو پێویستییانەی خۆیان دیاریی دەکەن- لەبری بوون بە کەسی نامۆ یان دوورەپەرێز.

**سەرچاوەکان و ئامادەکاریی پێشوەختە**

- ٣٠ پۆستەری پێشانگەی مافەکانی مرۆڤ چاپ بکە. پۆستەرەکان بە چواردەوری دیواری ژوورەکەدا بلکێنە. ئەگەر پێویستی کرد، یەکەم جار دەستکاری پۆستەرەکان بکە و دەقە ئینگلیزییەکە بە وەرگێڕانێک بۆ زمانی بەشداربووان بگۆڕە.
- پۆستەرەکان بخوێنەوە و بیر بکەوە داخۆ هیچ کام لەو مافانەی باسکراون، لە چوارچێوەی تۆدا پێشێلکراون. بیرکردنەوەی پێشوەختە لەمە بۆ بەڕێوەبردنی وتووێژەکە یارمەتیت دەدات.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت** ١ خولەک

هەموو 'کارتەکانی پێویستییە مرۆییەکان'ی ڕاهێنانی پێشوو کۆبکەرەوە و بەسەر بەشداربووواندا دابەشیان بکە. داوا لە بەشداربووان بکە داخۆ باسی مافی مرۆڤیان بیستووە. بە بەشداربووان بڵێ کە پۆستەرەکانی سەر دیوارەکە مافەکانی مرۆڤ دەناسێنن و بە گوێرەی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ کە بە نزیکەیی هەموو حکومەتانی جیهان واژۆیان لەسەر کردووە، هەموو ژن و پیاو منداڵێکی سەر ئەم زەوییە خاوەنیەتی.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ٢٣ خولەک

- **ڕۆیشتن بە دەوری پێشانگەکەدا** (١٥ خولەک)
'ڕۆیشتنێک بە دەوری پێشانگەکەدا' لە ژوورەکەدا بکە و بڕوانە هەموو پۆستەرەکان. کاتێک لە هەر پۆستەرێک نزیک دەبیتەوە، دەقی پۆستەرەکە بخوێنەوە. داوا بکە داخۆ کەس 'کارتی پێویستییە مرۆییەکان'ی هەیە کە بەو مافەی مرۆڤەوە پەیوەندیدار بێت، ئەو کەسەی بەڵێ دەکات، بڵێت ئەو شتە چییە کە پێویستە.(پۆستەر و کارتە هاوتاکان هەمان هێمایان لەسەرە کە بە مافەکانی مرۆڤەوە پەیوەندیدارە، بۆیە پێویستە ئاسان بێت!). دەستبەجێ بچۆرە سەر پۆستەری داهاتوو بەبێ گفتوگۆ- پێویستە هەر دوو خولەکێک دوو پۆستەر هاوتا بکەیت!
نیگەران مەبە ئەگەر کەس پێشنیاری کارتێکی بۆ پۆستەرێکی دیاریکراو نەکرد، لە سووڕانەوە بە دەوری پۆستەرەکاندا بەردەوام بە، کاتێک دەگەیتە کۆتایی، ئەو کارتانە هاوتا بکە کە ماونەتەوە و کەس باسی نەکردوون، ئەمەش بە بەکارهێنانی هێماکان وەک ڕێنماییەک.

- **پرسیارەکانی گفتوگۆ** (٨ خولەک)
ئەگەر هەموو پۆستەرەکانت خوێندووەتەوە و هاوتای کارتەکانی پێویستییە مرۆییەکانت کردوون، ئەوا گفتوگۆی ئەمانەی خوارەوە بکە:
  - داخۆ ئەم مافانە ڕەنگدانەوەی ئەو پێویستیانەن وا بۆ شکۆی ژیانت پێویستن- بە واتایەکی تر، داخۆ بە ژیانی ئێمەوە پەیوەندیدارن؟
  - کام لەم مافانە لە وڵاتەکەمان/کۆمەڵگاکەماندا ڕێزیان لێ دەگیرێت و دەپارێزرێن، کامیان ڕێزلێگیراو و پارێزراو نین؟ ئەگەر ئەمە بۆ گرووپەکە سەخت بوو، باسی هەندێک مافی مرۆڤ بکە کە دەزانیت لەیاسادا یان لە کردەدا نکۆڵیان لێ کراوە.

**ڕێنمایی! ئەگەر دەتوانیت دانیشتنی درێژمەودات هەبێت، ئەوا دەتوانیت کاتی گفتوگۆی زیاتر بۆ ئەم ڕاهێنانە زیاد بکەیت.**

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت** ١ خولەک
کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنە بە وتنی ئەوەی ئەو ڕاهێنانەی تا ئێستا کردوومانە، بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو پێویستیانەی هەمانە، مافەکانی مرۆڤ چین و چۆن پێویستییەکانمان بە مافەکانی مرۆڤەوە پەیوەندیدارە، یارمەتیدەرمان بووە. هەروەها ڕەنگە پەیامی ڕاهێنانەکان کورت بکەینەوە بە وتنی ئەوەی مافەکانی مرۆڤ لە نزیکەوە بە پێویستییەکانی مرۆڤ و ئەو چەشنە کۆمەڵگایەی دەمانەوێت تێیدا بژین، پەیوەندیدارن. ئێمە ئێستا لەڕێی پێشکەشکردنێکەوە کەمێک زیاتر لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە فێر دەبین.
داوا لە هەمووان بکە کارتەکانیان بخەنەوە ناو مەنجەڵی شۆرباکە. لە دانیشتنی داهاتوودا پێویستت بە مەنجەڵ و کارتەکان دەبێت!

## ٣. پێشکەشکردن: مافەکانی مرۆڤ- پێویستییە مرۆییەکان- بەرپرسیارییەتییە مرۆییەکان ١٥ خولەک



**پێشکەشکردن**

### تسەبەم و ەسانێپ
ئەم پێشکەشکردنە بەشداربووان بە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەناسێنێت، ئەمەش لە چاوی پێویستییە مرۆییەکان، مافەکانی مرۆڤ و بەرپرسیارییەتییە مرۆییەکانەوە. هەروەها ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییە سەرەکییەکان و بەرپرسیارییەتی دەوڵەتان و ئەرکە ئاکارییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا دەناسێنێت. بنەمایەکی گرنگ بۆ کۆرسەکە دەستەبەر دەکات.

**سەرچاوەکان**

- دەتوانرێت نووسراوی پێشکەشکردنەکە لە لاپەڕە ٤١ی ئەم ڕێنوێنییەدا بدۆزرێتەوە.
- نووسراوەکە لەگەڵ سلایدەکانی ٧-٢٨ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا هاوتایە و لە تێبینی ئاخێوەرەکان بۆ ئەم سلایدانەدا هاتووە.
- وەشانێکی دەستکاریکراوی وۆردی ئەم نووسراوە لە سەرچاوە هاوبەشەکانی ئەم دانیشتنەدا بەردەستە.

**ڕێنمایی!** داوایان لێ بکە پرسیار و سەرنجەکانیان بۆ کۆتایی پێشکەشکردنەکە دابنێن.

**ئامادەکاریی پێشوەختە**

بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی لە لاپەڕەی ١٥ سەبارەت بە 'چۆنییەتیی ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک' هاتوون، ئامادەکاریی بکە.

نووسراو و سلایدەکانی پاوەرپۆینت بخوێنەرەوە و بیانگونجێنە (یان پەرەی پێشکەشکردن بۆ خاڵە سەرەکییەکانی سلایدەکان ئامادە بکە). هەروەها برگەی پرسیارە ئالۆزەکان لە لاپەڕەکانی ٢١-٢٨ بخوێنەرەوە و بیر بکەوە داخۆ بەپێی نارەزایەتییە چاوەڕوانکراوەکانی بەشداربووان، لە کوێدا پێویستە خاڵێکی زیاتر یەک بخەیت. ڕاهێنان بکە بۆ گەیاندنی پێشکەشکردنەکە پێکەوە لەگەڵ سلایدەکان/ پەڕەی پێشکەشکردنەکان.

## ٤. گفتوگۆی کۆتایی ١٥ خولەک

گفتوگۆ گشتییەکان

**مەبەست**

ئەم گفتوگۆیە دەرفەت بە بەشداربووان دەدات بیر لەو شتانە بکەنەوە کە لە پێشکەشکردنەکەدا بیستوویانە و کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنێت.

**چۆن گفتوگۆکە ئەنجام بدرێت**

**ڕێنمایی!** هاوکاریی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاڵۆزەکان لە پەڕەکانی ٢١-٢٨دا بدۆزەرەوە.

داوای پرسیار و سەرنج لەسەر پێشکرشکردنەکانی پێشوو بکە، پاشان ئەم پرسیارانە بکە:

- مافەکانی مرۆڤ لە بنەماکانی یەکسانی، شکۆ و بەرپرسیارییەتی بەرانبەر یەکتری دەست پێ دەکات. چی چەمکێک، چیرۆکێک یان پەندێک لە کولتووری خۆماندا، نەریت و زمانێک ڕەنگدانەوەی ئەم بیرۆکانەن؟
- ئایا دەمانەوێت مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەمان بەدی بێت؟ دەتوانین، وەک زالیها ماگدالینا بەشداریی ڕوودانی ئەمە بکەین؟

**ڕێنمایی!** کارتەکانی مافەکانی مرۆڤ فرێ مەدە- لە دانیشتنی داهاتوودا پێویستت پێیان دەبێت!

بە گوتنی ئەوەی لە دانیشتنی داهاتوودا، باس لە مافەکانی مرۆڤ بۆ ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین یان باوەڕ دەکەین، کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنە. بیر دەکەینەوە لەوەی بە درێژایی کۆرسەکە چۆن بتوانین گۆڕان لە کۆمەڵگاکەی خۆماندا دروست بکەین.

**سەرچاوەکان**

بیر لە چی دەکەیتەوە: لە ڕاهێنانی "منیش هەروەها" دا گونجێندراوە، لە ڕاهێنەریی ناساندنی گرووپەکان. یانەی نێودەوڵەتی لیۆن https://temp.lionsclubs.org/EN/pdfs/icebreakers.pdf

# نووسراوی پێشکەشکردن

## پێویستییە مرۆییەکان - مافەکانی مرۆڤ - بەرپرسیارییەتییە مرۆییەکان

نووسراوی پێشکەشکردنی دانیشتنی ١ لە سلایدەکانی ٧-٢٨ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا خراوەتە ڕوو.

### پێشەکی: مافەکانی مرۆڤ



بێ گوێدانە ئەوەی ئێمە کێین، سەر بە چ ئایین و ڕەچەڵەک و ڕەگەزێکین یان تەمەنمان چەندە و لە کوێ دەژین- هەندێک پێویستی بنەڕەتی هەن کە بۆ هەمووان هاوبەشن. هیچ کەسێک ناخوازێت بێ هیچ هۆکارێک دەستگیر بکرێت، ئەشکەنجە بدرێت یان جیاکاری لەدژ بکرێت، هەروەها هیچ کەسێک نایەوێت منداڵەکانی لە برسێتیدا بمرن. هەموومان دەمانەوێت لەو کۆمەڵگایانەدا بژین کە لەو شتانە پارێزراو بین.



مرۆڤەکان هەمان پێویستی بنەڕەتی و گشتگیریان هەیە. ئەگەر ئەم پێویستیانە نەبن، خۆشگوزەرانی جەستەیی، سۆزداری و ڕۆحیمان زەرەرمەند دەبێت.

### مافەکانی مرۆڤ



حکومەتەکانی جیهان دانیان پێدا ناوە کە هەموو کەسێک و لە هەر **شوێنێک** ئەم پێویستیانەی هەیە و حکومەتەکان بەرپرسیارن – لە ڕاستیدا ئەرکێکە- تا ڕێز لەم پێویستیانە بگیرێت و تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ بەدیهێنانیان بدەن.



بۆ هاوکاریکردنی ئەمە تا ببێتە ڕاستی، حکومەتانی جیهان لەسەر مافە مرۆییە جیهانییەکان ڕێککەوتوون- لەمەڕ ئەو مافانەی وا هەمووان هەیانە و ئەو ئەرکەی لەسەر شانی هەموو حکومەتانە، بۆ ڕێزگرتن و پاراستن و بەرەوپێشبردنی ئەو مافانە.



سێ گرنگترین ڕێککەوتننامەکانی مافی مرۆڤ ئەمانەن:

- جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، کە ئێمە بە بەکارهێنانی پۆستەرەکان پێی ئاشنا بووین، هەروەها وردەکاریی دوو ڕێککەوتننامەی تر کە مافەکانمان بە شێوەیەکی وردتر بۆ ڕوون دەکەنەوە:
- پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان
- پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان

ئەم دوو پەیماننامەیە لە ڕووی یاساییەوە پابەندن بەو وڵاتانەی پەسەندی دەکەن.



ژمارەیەکی زۆری وڵاتان بەشداری ئەم ڕێککەوتنامانەن- هەموو ئەو وڵاتانەی ڕەنگیان سەوزە لەسەر ئەم نەخشانە! حکومەتی هەموو ئەو وڵاتانە، پەسەندیان کردووە کە ئەرکێکی یاساییان بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەنجامدانی سێ شت هەیە:




- بۆ ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ لەو یاسایانەی دایدەنێن و ئەو هەنگاوانەی بەرپرسان دەیگرنە بەر. بۆ نموونە، نابێت هیچ یاسایەکی جیاکاری هەبێت و نابێت هیچ کەسێک ئەشکەنجە بدرێت.
- بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، دڵنیایی لەوەی هەمووان دەتوانن داوای دادپەروەری بکەن کاتێک مافەکانیان لە لایەن دەوڵەت یان هەر کەسێکی ترەوە پێشێل دەکرێت.
- بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ، باشترین هەوڵ بدەن بۆ دڵنیایی لەوەی هەمووان دەستیان بە مافەکانیان دەگات. بۆ نموونە، هەموو هەوڵێک بدەن بۆ دڵنیایی لەوەی هەمووان دەستیان بە چاودێری تەندروستی و پەروەردە دەگات. بە دڵنیاییەوە، هەموو حکومەتەکان هەمان سەرچاوەیان نییە، بۆیە هێنانەدی ئەو مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە پرۆسەیەکی پلەبەندییە.




حکومەتەکان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی خاوەنی ئەم مافانەن. یەکەم بەندی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت، "هەموو مرۆڤەکان بە ئازادیی و یەکسانی شکۆ و مافەوە لەدایک دەبن".



بەداخەوە، زۆر لە حکومەتەکان پابەندی ئەمانە نابن- زۆر کەس مافەکانیان پێشێل دەکرێن. ژنان، کچان، کەمینەکان، کەسانی خاوەنپێداویستیی تایبەت و کۆچبەران بە تایبەتی ڕووبەڕووی پێشێلکردنی مافەکان دەبنەوە. توندوتیژیی جێندەری نموونەیەکی باو و ئاساییە کە لە هەموو وڵاتێکی ئەم جیهانەدا ڕوو دەدات.

## ڕەخنەی مافەکانی مرۆڤ



کاتێک حکومەتەکان مافەکان پێشێل دەکەن یان شکست دەهێنن لە پاراستنی کەسەکان لە پێشێلکردنی ئەو مافانە، هیچ هێزێکی پۆلیسی جیهانی نییە تا سزای حکومەت بدات. بۆیە ئەگەر هیچ هێزێکی پۆلیسی نێودەوڵەتی نەبێت بۆ ناچارکردنی حکومەتەکان تا مافەکانی مرۆڤ پەیڕەو بکەن- ئایا مافەکانی مرۆڤ بێسوود نابن- تەنیا وشەی سەر کاغەز لەبری ئامرازێکی کاریگەر بۆ گۆڕانکاری؟



هەندێک ڕاستی لەوەدا هەیە کە هەندێک حکومەت زۆر قورس کاریگەر دەبن. بەڵام لە زۆربەی وڵاتەکان، ڕەخنەی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بووەتە هۆکاری گۆڕانکاری ئەرێنی. هەروەها چەندان ڕێگای بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ هەن بەبێ بوونی هێزی پۆلیسی نێودەوڵەتی.



هەندێک هۆکاری تر هەن وا دەکەن خەڵک ڕەخنەی مافەکانی مرۆڤ بکەن. ڕەنگە ئەمانە بیرکردنەوەی تۆش بن.

- ڕەنگە مافەکانی مرۆڤ بۆ تۆ تەکنیکی/هونەری دەربکەون- بابەتی پارێزەران و سیاسەتمەداران لەبری شتێک کە تۆش تێیدا بەشدار بیت.
- یان ڕەنگە وا بیر بکەیتەوە مافەکانی مرۆڤ زۆر لە ژیانی ڕۆژانەی تۆوە دوورە- شتێک کە چینێکی پایەتەختی شارەکان دەتوانن خەمی لێ بخۆن.
- یان ڕەنگە مافەکانی مرۆڤ وەک چەکێک لە یارییەکانی سیاسەتی جیهانیدا دەربکەوێت.شتێک کە حکومەتەکان دووڕووانە بەکاری دێنن، ئەویش ڕەخنەگرتنی دوژمنەکانیانە، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆشیان مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن.

باشە، مافەکانی مرۆڤ پەیوەندیی بە یاساوە هەیە، سیاسەتمەدارەکان یاسا دادەنێن و پارێزەرەکان لەڕێی دادگاکانەوە، خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ دەکەن. بەڵێ، هەندێک جار زاراوەکە بەکار دەهێنرێت و بۆ مەبەستی سیاسی سووکایەتی پێ دەکرێت. بەڵام مافەکانی مرۆڤ زۆر لەمانە زیاترن!

## مافەکانی مرۆڤ و ئێمە



وەک بینیومانە، لە ڕاستیدا مافەکانی مرۆڤ دەربارەی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەمانن. دەربارەی ئەوەی چی لە خوێندنگە، کێڵگە، شوێنی کار، ماڵەکان و گەڕەکەکانماندا ڕوو دەدات. هەروەها دەربارەی ئەوەی پێویستە چۆن لەگەڵ یەکتر مامەڵە بکەین و مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت. دەربارەی پاراستنمان لە سووکایەتی لە لایەن ئەوانەی دەسەڵاتیان بەسەرمانەوە هەیە- خاوەن موڵکەکان، خاوەنکارەکان، مامۆستا و تەنانەت ئەندامانی خێزان. وە بە دڵنیاییەوە، لە لایەن دەسەڵاتدارانی وەکو پۆلیس، دادگاکان و سوپا و حکومەت.
ڕەنگە بتوانین بە وتنی ئەوەی مافەکانی مرۆڤ دەربارەی ئەو کۆمەڵگایانەن کە دەمانەوێت تێیاندا بژین و کار بۆ بونیادنانیان بکەین، کورتی بکەینەوە.
ئەگەر مافەکانی مرۆڤ ببنە واقعی کۆمەڵگاکانمان، ئەوا هەموومان بەشێکمان هەیە تا ڕۆڵی تێدا بگێڕین. پێشێلکاریی زۆری مافەکانی مرۆڤ دەکرێت، چونکە کەسانی ئاسایی ڕێزی مافەکانی کەسانی تر ناگرن- بۆ نموونە کاتێک مامەڵە لەگەڵ هەندێک کەس دەکەین وەک ئەوەی یەکسان نەبووبن. هەروەها حکومەتەکان، بازرگانەکان و تاکەکان دەتوانن بەردەوامی بە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بدەن چونکە مرۆڤەکان پشتی یەکتر ناگرن و هەوڵی گۆڕانکاری نادەن. ئەمەش چونکە زۆربەی کات بێدەنگین.




ئێمە حکومەتەکان نین- ئێمە ڕێککەوتننامەکانی مافەکانی مرۆڤمان واژۆ نەکردووە. ئێمە ئەرکی یاساییمان بۆ دڵنیایی لە پەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤ نییە. بەڵام ئێمە مرۆڤی خاوەن ژیری و ویژدانین، هەروەها ئەرکی ئەخلاقیمان بەرانبەر یەکتری هەیە. وەک جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت:

"هەموو مرۆڤەکان یەکسان لە شکۆ و مافدا لەدایک دەبن. هەروەها ژیری و ویژدانیان پێ دراوە و دەبێت بە ڕۆحی برایەتییەوە مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن."

"دەبێت هەموو تاکێک و هەموو دەزگایەکی کۆمەڵگا، بە فێرکردن و پەروەردە بۆ بەرەوپێشبردنی ڕێزگرتن لەم ماف و ئازادییانە هەوڵ بدات."

هەر کاتێک دەسەڵاتمان هەبوو لە ژیانی کەسانی تردا باشە یان خراپە ئەنجام بدەین، ئەوا ئەرکێکی ئەخلاقیمان بۆ بەرزڕاگرتنی مافەکانی مرۆڤ هەیە. ناتوانین هەموو شتێک ئەنجام بدەین- لە هەندێک دۆخدا، قورسە بیر لە شتێک بکەینەوە کە بتوانین بیکەین- بەڵام کاتێک نادادپەروەری دەبینین، دەتوانین شتێک بۆ یارمەتیدانی ئەوانی تر بکەین، ڕەنگە ئەمەش ئەرکێکی ئەخلاقی بێت. ئەنجامدانی شتێک دەکرێت هێندەی بوون بە دراوسێیەکی باش سادە بێت.

## چیرۆکی پێشەنگەکان



شەفەق حەسەن، ژنێکی بەریتانی موسوڵمانە لە باشووری لەندەن. لەم ساڵانەی دواییدا، بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی تاوان لە بەریتانیا سەری هەڵدا. موسوڵمانەکان، بە تایبەتی ژنە موسوڵمانەکان (وەک شەفەق) کە سەرپۆشیان دەپۆشی، دەبوونە ئامانج- لەسەرهێڵ و سەر شەقامەکان. لەم چوارچێوەیەدا، بەخشندەیی و هاوڕێیەتی لەنێوان کەسانی باوەڕداری نەریتی جیاواز مانایەکی گەورە دەبەخشێت.
شەفەق دەڵێت باوەڕی ئەو بە مرۆڤایەتی گەڕایەوە کاتێک دراوسێ ناموسوڵمانەکەی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دیاریی بەخشییە خۆی و کوڕە ١٤ ساڵانەکەی بە ناوی ئایان بەبۆنەی ئاهەنگگێڕانی جەژن



شەفەق وێنەیەکی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس داناوە و دەڵێت:

"دراوسێ ناموسوڵمانەکەمان ئێمەی تەواو سەرسام کرد بە خورمای جەزائیری و بەرماڵێک بۆ کوڕە چواردە ساڵانەکەم کە تەواوی مانگەکە بەڕۆژوو بوو. ئەو ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە دراوسێمانە، بەڵام بە تەواوی سەرسامی کردین بە دیارییەکانی جەژن"

"من نەمزانیبوو ئەو سەرنجی ئایانی داوە کە بەڕۆژوو دەبێت. کوڕەکەم هەستێکی تایبەتی هەبوو. ئەوان دراوسێیەکی دۆستانەن، هەروەها هەواداری بریانییەکەی دایکمن بۆیە هەمیشە لە مەجەلێکدا بۆی دەنێرین. ئێمە کۆمەڵگایەکی هەمەچەشنین، مایەی دڵخۆشییە کە دراوسێکەمان هێندە بیرمەند و هاندەری ئایان و بیروباوەڕە ئایینییەکانی بوو."

---



زالیها و ماگدالیناش لە چوارچێوەیەکی زۆر جیاوازدا، جیاوازیی دروست دەکەن. زالیها موسوڵمانێکی دڵسۆزە و داپیرەیە، خەڵکی دوورگەی پێمبایە لە زانزیبار و لە خوێندگەی قورئانی ناوچەکە وانە دەڵێتەوە.

---



إلیها دەڵێت:

"من لە نائارامییەکانی کۆمەڵگاکەمان نیگەرانم. گەنجەکانمان هیچ باوەڕێکیان بە سەرکردە سیاسییەکان نییە و هیچ دەرفەتێکیان نییە"

---



بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

"زۆربەی دانیشتووانی جیهان کە دێنە ئێرە بۆ کارکردن لە بواری پیشەسازیی گەشتیاری، مەسیحین. زۆر لە موسوڵمانەکان کە دەیان ناسم مەسیحییەکان تاوانبار دەکەن بە وەرگرتنی هەلی کاری ئەوان. من چەندان ساڵ بە نائارامی سیاسی و گرژیی ئایینیدا تێپەڕیم. چەندان کڵێسام بینیوە سووتێندراون، نامیلکەکانی وتارە کیناوییەکان دابەشکراون، مەسیحییەکان لە ڕێگەیان بۆ کڵێسا هەراسان کراون. من تێدەگەم کە ئەمە گەنجەکانمان توندڕەوتر دەکات و ئەمەش نیگەرانم دەکات. بۆیە پەیوەندیم بە کۆمیتەی نێوان ئایینەکانی ژنانەوە کرد."

---



"من دەمەوێت ڕێگریی لە توندوتیژیی ئایین لە دوورگەکەی خۆماندا بکەم. لە خوێندنگەی قورئاندا، خوێندکارەکانم فێر دەکەم کە لێبوردەیی و خۆشەویستی بەشێکی سەرەکی ئایینەکەی ئێمەیە. داهاتوو لەگەڵ منداڵەکانی ئێمەدایە و ئێمە لە پیشاندانی ڕێگاکەیان بەرپرسیارین."

---



" ماگدالینا، دانیشتوویەکی مەسیحیی کە لە زانزیبار نیشەجێیە، بە هەمان شێوە، بەشداریی کاروباری نێوان ئایینەکانی کردووە. ئەو بەهۆی پۆشاکەکەی و ئایینەکەیەوە ڕووبەڕووی جیاکاری بووەتەوە، بەڵام بڕیاری داوە ببێتە دیواری دابەشبوونی نێوان مەسیحی و موسوڵمانەکان. هەروەها پەیوەندی بە ئەنجوومەنی ژنانی ناوچەی ئونگۆیا کردووە کە دەچێتە ناو کۆمەڵگاکان بە مەبەستی قسەکردن دەربارەی ئاڵنگاریی نێوان ئایینەکان و مافەکانی ژنان.

هەروەها ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: "من پەیوەندیم بە کۆمیتەکەوە کرد بە مەبەستی فێربوون لەبارەی ئیسلام و تێگەیشتن لەوەی موسوڵمانان چۆن دەژین". "ئێمە هەموومان ژنین، وە بەهۆی ئەمەوە ڕووبەڕووی جیاکاری دەبینەوە- پێویستە پێکەوە بین و پشتگیری یەکتری بکەین."



کەسانی بێشوماری وەک دراوسێی شەفەق و وەک زالیها و ماگدالینا هەن. کەسانی ئاسایی وەک ئێمە، کە لە ڕێگەیەکی بچووکی خۆیانەوە هەوڵ دەدەن مافەکانی مرۆڤ بکەنە واقعی کۆمەڵگاکەی خۆیان- پێشەنگە ناوخۆییەکان!

ئێمە هەرکێیەک بین، دەتوانین شتێک بۆ بەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤ بکەین!

## سەرچاوەکان

بابەتەکانی باوەڕ
https://www.faith-matters.org/family-surprised-by-presents-from-non-muslim-neighbour-to-celebrate-eid/

سەنتەری نێوان ئاینەکانی زانزیبار(ZANZIC)
https://english.danmission.dk/project/zanzibar-peacebuilding-through-interfaith-dialogue/

# دانیشتنی ٢

## ناساندنی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین یان باوەڕ

### پێداچوونەوەی دانیشتنەکە

**ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین یان باوەڕ**

بۆ ڕاهێنەریی، زۆر جار ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین یان باوەڕ بە ناوێکی کورتتر ئاماژەی پێ دەکرێت "ئازادیی ئایین یان باوەڕ". ئێمە زۆر جار ئەم ناوە کورتکراوەیە لە ڕێنوێنییەکەدا بەکار دەهێنین- بەڵام بیرت نەچێت کە بیرکردنەوە ویژدانیش پارێزراون!

زۆر جار مافی مرۆڤ بۆ ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین یان باوەڕ، بە نزیکەیی لە هەموو شوێنێک مشتومڕاوییە. زۆربەی خەڵک بیروباوەڕ و بیرۆکەکانی خۆیان دەبینن دەربارەی ئەوەی دەبێت کەسانی تر چۆن بیر بکەنەوە و ڕەفتار بکەن، وەک ئەوەی ئاسایی و ڕاست و دروست بێت. تا ئەو کاتەی ئێمە پەیوەندییەکی ئەرێنی تاکەکەسیمان لەگەڵ ئەو کەسانە هەبێت کە هەڵگری بیرۆکە و باوەڕی جیاوازن، ئەوا دەکرێت ئاسان بێت کە 'ئەوانی تر' بە جۆرێک لە جۆرەکان بە کەمتر ببینین، یان وەک مەترسییەک بۆ سەر کولتوور و بەهاکانمان، یان تەنانەت بۆ سەر یەکگرتوویی و ئاسایشی نیشتیمانی. دەکرێت ئەمە لە کۆمەڵگا ئایینییە توندەکان و کۆمەڵگا زۆر نائایینی و دنیاییەکاندا ڕوو بدات.

وەک هەر لایەنێکی تری کولتووری و ئایینی و باوەڕیی 'بۆ باشتر و بۆ خراپتر'. هەندێک جار ئەو باوەڕ و کردەوە و سەرکردە و ڕێکخراوانەی پەیوەستن بەوانەوە، دەبنە هۆکاری کێشەی بەرچاو لە کۆمەڵگادا. بەڵام زۆر جار ئایین و باوەڕ بە جۆرێک دەردەکەون کە کەسانی باوەڕمەند بەهێز دەکەن و سوود بە کۆمەڵگای فراوانتر دەگەیەنن.

کەواتە مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی چی دەربارەی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین و باوەڕ دەڵێت؟ چ مافێکمان هەیە و کەی ڕێگە بە دەوڵەت دەدرێت تا کارپێکردنی ئایین و باوەڕ سنووردار بکات؟

ئەم دانیشتنە مافەکان بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەناسێنێت، هەروەها ئەگەر و کەی و چۆن دەسەڵات ڕێگەی پێ بدرێت سنوورداری بکات. دەرفەت بە بەشداربووان دەدات لەبارەی مافەکانەوە فێر ببن و بیر بکەنەوە لەوەی چۆن بە بەهاکانیان و ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵگاکەیانەوە پەیوەندیدارە.

### ئامانجەکانی فێربوون

ئەم دانیشتنە سەرنج دەخاتە سەر گەشەپێدانی ئاگایی بەشداربووان و بەرزنرخاندنی بەهاکانی مافی مرۆڤ بۆ ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین یان باوەڕ.

لە کۆتایی دانیشتنەکە بەشداربووان دەتوانن:

- ناوەڕۆکی ئازادیی ئایین یان باوەڕ ڕوون بکەنەوە: مافی هەبوون، هەڵبژاردن/گۆڕین و کارپێکردنی ئایین یان باوەڕ بەبێ جیاکاری و زەبروزەنگ و توندوتیژی.
- ڕوونی بکەنەوە چۆن ئازادیی ئایین یان باوەڕ بە ژیانی ڕۆژانەوە پەیوەندیدارە.
- سنووربەندییەکانی مافەکان بە ڕێگەیەکی سادە ڕوون بکەنەوە، ئەوەی کە ناکرێت ئازادیی ئایین یان باوەڕ وەک بیانووی زیانگەیاندن بە کەسانی تر بەکار بێت.

## ناوەڕۆک و کاتی دانیشتنەکە

| | |
|---|---|
| **ڕاهێنانی دەستپێک: بە هەمووان بڵێ!**<br>بیری بەشداربووان بهێنەوە لە دانیشتنی پێشوودا چی فێربوون. | ١٠ خولەک |
| **ڕاهێنانی چیرۆک و گفتوگۆ: سەردەمانێک**<br>ئەفسانە یارمەتی بەشداربووان دەدات بیر بکەنەوە لەوەی ئایا ئەو شتانەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەیانپارێزێت بەنرخ دەزانن یان نا. | ٤٥ خولەک |
| **پێشکەشکردن: ناساندنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ**<br>پێشکەشکردنێکی سەرەکی بۆ کۆرسەکە، ناساندنی ئەوەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ چی دەپارێزێت و کەی دەکرێت سنووردار بکرێت. | ١٥ خولەک |
| **گفتوگۆی گشتی: ئازادیی ئایین یان باوەڕ**<br>گفتوگۆی ناوەڕۆک و زانیارییەکانی پێشوو. | ١٠ خولەک |
| **ڕاهێنانی تێرامان و گفتوگۆ: ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ڕۆژەکەمدا**<br>یارمەتی بەشداربووان دەدات بۆ دیاریکردنی چۆنییەتیی بەکارهێنانی مافەکانیان بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ژیانی ڕۆژانەیاندا. | ٣٥ خولەک |
| **سەرنجەکانی کۆتایی و چیرۆکی پێشەنگەکان**<br>بە درێژایی کۆرسەکە بۆ کاریگەرییخستنەسەر بەشداربووان چیرۆکەکان دەگرێتە خۆ | ٥ خولەک |
| **کۆی گشتی کات** | **٢ کاتژمێر** |

## ئامادە بە

بەگوێرەی ڕێنمایی لاپەرە ١٥ خۆت بۆ دانیشتنەکە ئامادە بکە، 'چۆن ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت'. بیرت بێت- تۆ گرووپەکەت دەناسیت! پێشوازیت لێ دەکرێت بۆ گونجاندن و گۆڕینی هەر پێکهاتەیەکی دانیشتنەکە، گونجاندن بەگوێرەی پێویستییەکانی گرووپەکەت.

**سەرچاوەکان بۆ ئەم دانیشتنە**

سەربارى سەرچاوە سەرەکیەکانی هەر دانیشتنێک کە لە لاپەڕەی ١٦دا ریزبەند کراوە، پێویستت بەم سەرچاوانەی خوارەوە دەبێت بۆ بەرێوەبردنی ئەم دانیشتنە:

- تۆپێکی نەرم.
- مەنجەڵی شۆربا و کارتی پێویستییە مرۆییەکان کە لە دانیشتنی پێشوودا بەکار هاتوون.
- بڵاونامە یان پەڕەی پێشکەشکردن لەگەڵ پرسیارەکانی گفتوگۆی گرووپەکە بۆ ڕاهێنانی 'سەردەمانێک'.
- بڵاونامە یان پەڕەی پێشکەشکردن لەگەڵ پرسیارەکانی گفتوگۆی گرووپەکە بۆ ڕاهێنانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ڕۆژەکەمدا.
- ئەگەر ناتەوێت پاوەرپۆینت/فیلم بەکار بهێنیت، ڕەنگە بخوازیت ئەمانەی خوارەوە ئامادە بکەیت:
  - سەردەمانێک : پۆستەری وێنەکانی چیرۆکەکە چاپ بکە.
  - پەڕەی پێشکەشکردن لەگەڵ ناوەڕۆکە سەرەکییەکان لە سلایدی پاوەرپۆینتەکان.
  - ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ڕۆژەکەمدا: چاپکراوی سلایدەکانی ٤٧-٥٩ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکە.

**دەتوانیت سەرچاوە هاوبەشەکان بۆ ئەم دانیشتنە لێرەدا بدۆزیتەوە.**

### زیادەی بژاردەیی: متمانەبەخۆبوونتان بونیاد بنێن!

وەک بەشێک لە ئامادەکاریتان بۆ هەر دانیشتنێک، تەماشا ئەم کورتە فیلمانە بکەن بۆ فێربوونی زیاتر دەربارەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بونیادنانی متمانەبەخۆبوونتان و توانای ئێوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. هەشت فیلمی نزیکەی ٥-١٠ خولەکی لەسەر ڕیزبەندەکە هەیە. سەرنج بخەنە سەر فیلمەکانی ژمارە ٢ (مافی هەبوون یان هەڵبژاردن)، ژمارە ٣ (مافی کارپێکردن) و فیلمی ژمارە ٨ کە کەمێک درێژترە (سنووربەندییەکانی ماف)، ئەمە کاتێک کاتی پێویست بە سەیرکردنی هەموویان نەبوو.

**فیلمەکان**

### ژوورەکە ئامادە بکە

بۆ ئەم دانیشتنە، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر بە نیمچەبازنەکردنی کورسییەکان و ڕووەو پێشەوە دەست پێ بکەیت، لەگەڵ بۆشاییەکی گەورە لە ناوەڕاستدا. بەم جۆرەش گرووپەکە دەتوانن بە ئازادی بجوڵێنەوە. هەروەها ژوورێکی گەورە بەبێ هیچ مێزێک زیاتر یارمەتیدەر دەبێت.



سەردەمانێک

"ڕاهێنانی سەردەمانێک ڕێگەی بۆ زۆر گفتوگۆی قووڵ خۆش کرد. چەندان دەرگای لە بیری خەڵکیدا کردەوە. ئەوان دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لە کۆمەڵگاکانی خۆیان سەبارەت بە هەموو شتێک، هەر لە نەریتە جێندەرییەکانەوە بۆ ئەگەری تێپەڕاندنی ئەو نەریتانە لەگەڵ دۆخی ئێستادا."
**هەمام حەداد، ڕاهێنەر، ئوردون**

# وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە

ڕاهێنانی گشتی

## ١. ڕاهێنانی دەستپێک: بە هەمووان بڵێ ١٠ خولەک

**پێناسە**

بەشداربووان تۆپێک بۆ یەکتر هەڵ دەدەن، شتێک دەڵێن کە لە دانیشتنی پێشوودا بیریان ماوە، پێش ئەوەی تۆپەکە بۆ پێشەوە هەڵ بدەنەوە.

**مەبەست**

ئەم ڕاهێنانە دەستپێکێکی خۆش و هاوپەیوەند بە دانیشتنەکە دەبەخشێت. ئامانجی هاوکاری ئەندامانی گرووپەکەیە تا بیریان بێتەوە لە دانیشتنی پێشوودا چی فێربوون و هەستیان بە چی کردووە و بیریان لەچی کردووەتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو شتەی بیریانە لەگەڵ یەکتر باسی بکەن. ئەمە بۆ یارمەتیدانی تێگەیشتن بۆ هەر ئەندامێکی نویی گرووپەکە.

**سەرچاوەکان**

- تۆپێکی نەرم.
- مەنجەڵێکی شۆربای پڕ لە 'کارتی پێویستییە مرۆییەکان' (بەکارهاتووی دانیشتنی پێشوو).

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت**

مەنجەڵی شۆرباکە لەگەڵ 'کارتی پێویستییە مرۆییەکان' لە ناویدا، بخەرە ناوەڕاستی بازنەکەوە. دڵنیا ببەوە لەوەی سێ کارتی پەیوەند بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە بەشی سەرەوە دانراون و بەم شێوەیەش دەتوانیت لە کۆتایی یارییەکەدا بە ئاسانی دەستت پێ بگات.

بەخێرهاتنی هەمووان بکە بۆ دانیشتنەکە و ڕوونی بکەوە کە دانیشتنەکە بە چاوپیاخشاندنێکی خێرا بە دانیشتنی پێشوو دەست پێ دەکات. داوا لە گرووپەکە بکە بە دەوری مەنجەڵی شۆرباکەدا کۆ ببنەوە کە بە شێوەیەکی گونجاو مەودایان دراوەتێ.

ڕوونی بکەرەوە کە دەبێت بە شێوەیەکی هەڕەمەکی تۆپەکە بۆ یەکتر هەڵ بدەن. ئەو کەسەی تۆپەکەی پێ دەگات دەبێت ڕستەیەک بڵێت، شتێک کە لە دانیشتنی پێشوو بیریەتی. دەکرێت ئەمە چیرۆکێک بێت یان شتێک کە فێربووبن یان هەستێک، بیرکردنەوەیەک هەیانبووبێت. پاش باسکردن، پێویستە تۆپەکە بە هەڕەمەکی بۆ بەشداربوویەکی تر فڕێ بدەن، دڵنیایی بدرێت لەوەی هەمووان دەرفەتی قسەکردنیان پێ دەدرێت. هەر کەسێک لە دانیشتنی پێشوودا ئامادە نەبووبێت، هاوار دەکات "بە هەمووان بڵێ"، کاتێک تۆپەکە دەگرن و دواتر بۆ پێشەوە فڕێ دەدرێت.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت**

خۆت ڕاهێنانەکە دەست پێ بکە بە وتنی شتێک کە لە دانیشتنی پێشوو بیرت بێت و تۆپەکە بۆ بەشداربووان فڕێ بدە. وشە هاندەرەکان وەک 'سوپاس' و 'نایابە' لە وەڵامی بەشداریی بەشداربووەکان بەکار بێنە! بەردەوامی بە ڕاهێنانەکە بدە تا ئەوکاتەی هەموویان جارێک تۆپەکە دەگرنەوە.

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت**

پیرۆزبایی لە گرووپەکە بکە سەبارەت بەوەی چەند شتیان بیر دێتەوە و زۆر بە کورتی هەر خاڵێکی سەرەکی زیاد بکە کە لەبیریان کردبێت. پاشان بڕۆ بۆ لای مەنجەڵی شۆرباکە لە ناوەڕاستدا و ئەو سێ کارتە دەربهێنە کە بە ئازادیی ئایین یان باوەڕەوە پەیوەندیدارن. کارتەکان بەرز بکەرەوە و بە هەمووان بڵێ کە ئێمە لەم دانیشتنەدا، بە دوای مافی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین و باوەڕدا دەگەڕێین.

## ٢. ڕاهێنانی چیرۆک و گفتوگۆ: سەردەمانێک ٤٥ خولەک

چیرۆک

**پێناسە**

ئەم ڕاهێنانە لەسەر بنەمای چیرۆکی 'گۆرانی شمشاڵ و تەپڵ' دروست بووە. چوار بەشی هەیە: گێڕانەوەی چیرۆک- گفتوگۆی گشتی- گفتوگۆی گرووپ- بۆچوون/دەرەنجام.

**مەبەست**

ئەم ڕاهێنانە ئامانجییەتی یارمەتی گرووپەکە بدات بۆ بیرکردنەوە لەوەی ئایا ئەو شتانەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەیانپارێزێت بەنرخ دەزانن یان نا، وە چۆن ئەو شتانە لە نەریت و کولتووری ئەواندا بەهایان پێ دەدرێت. چیرۆکەکە حەوت وشەی سەرەکی پەیوەند بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەردەخات: بیرکردنەوە، باوەڕپێهێنان، پەیوەستبوون بە، کارپێکردن، پرسیارکردن، گۆڕین و ڕەتکردنەوە.

**سەرچاوەکان**

- نووسراوی چیرۆکەکە (بڕوانە لاپەڕەی ٥٦ یان ئەم بەستەرە).
- سلایدەکانی ٣-٢٣ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکە کە چیرۆکەکە پیشان دەدات یان چاپکراوێکی پۆستەرەکانی هەمان وێناکردن. (ئەگەر پێویست بوو، ئەوا بەبێ ئەمانەش ڕاهێنانەکە دەکرێت).
- بڵاونامەی 'سەردەمانێک'ی پرسیارەکانی کاری گرووپەکە (یەک دانە بۆ هەر ٣-٤ بەشداربوویەک) یان لاپەڕەی پێشکەشکردنی ئامادەکراوی پێشوەختە کە پرسیارەکانی کاری گرووپەکەی لەسەر بێت.

**چیرۆک، پۆستەر و بڵاوکراوەکان [لێرەدا](#) بدۆزەرەوە.**

**ئامادەکاریی پێشوەختە**

ڕاهێنان بکە بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە یان دارشتنەوەی بە وشەسازی خۆت، بەم شێوەیەش دەتوانیت ببیتە چیرۆکبێژێکی سەرنجڕاکێش و متمانەبەخۆبوونت زیاد بکات بۆ پیشاندانی سلایدەکانی پاوەرپۆینت یان پۆستەرەکان لە شوێن و کاتی خۆیدا.

ئەگەر تۆ پۆستەر بەکار دەهێنیت، پێشوەختە ڕەچاوی هەڵواسینیان بە شێوەیەکی یەک لە دوای یەک لەسەر دیوارەکە بکە. ئەمە وا دەکات ئاماژە بە پۆستەری گونجاو لە کاتی گونجاودا بکەیت.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ٣٥ خولەک

- **گێڕانەوەی چیرۆک** (١٥ خولەک)

ڕوونی بکەرەوە کە دەست بە خوێندنەوەی ئەفسانەیەک دەکەیت، پاشان بە گشتی و گرووپی بچووک گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

چیرۆکەکە بگێڕەوە و سلایدەکانی پاوەرپۆینت/ پۆستەرەکان پیشان بدە. هەوڵ بدە بە هەستێکی زۆرەوە بیخوێنیتەوە!

- **گفتوگۆی گشتیی خێرا** (٥ خولەک)

داوا لە بەشداربووان بکە دەستیان بەرز بکەنەوە و وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەنەوە- تەنیا یەک یان دوو وەڵام بۆ هەر پرسیارێک وەربگرە.

– بە بۆچوونی ئێوە پەیام و وانەکانی چیرۆکەکە چین؟
– ئایا هیچ شتێک لە شێوازی ڕەفتاری کارێکتەرەکاندا بەرز دەنرخێنیت؟

**ڕێنمایی! ئاگاداری ڕێکخستنی کات بە بۆ دڵنیایی لەوەی کاتی تەواو بۆ گفتوگۆی گرووپە بچوکەکان بەردەستە.**

(ئەگەر بۆ بەشداربووان، گرنگیی بیرۆکەی شمشاڵ و تەپڵ سەخت بوو، ڕوونی بکەرەوە کە ئەوان نوێنەرایەتی سیستمی بیروباوەڕ و کارپێکردنی ئایینەکانی گوندنشینەکان دەکەن).

- **گفتوگۆی گرووپی بچووک** (١٥ خولەک)

بەشداربووان بۆ ٣-٤ گرووپ دابەش بکە، کۆپییەکی پرسیارەکانی کاری گرووپەکان بە هەر گرووپێک بدە.

سلایدی ٢٤ی پاوەرپۆینتەکە کە حەوت وشە سەرەکییەکان دەگرێتە خۆ، یان پەڕەی پێشکەشکردن بە ڕیزبەندی وشەکانەوە، پیشان بدە. ڕوونی بکەرەوە کە هەموو ئەو وشانە بە شێوازێک بە چیرۆکەکەوە پەیوەندیدارن.

(وشە سەرەکییەکان: بیرکردنەوە، باوەڕپێهێنان، پەیوەستبوون بە، کارپێکردن، پرسیارکردن، گۆڕین و ڕەتکردنەوە.)

- داوا لە گرووپەکە بکە گفتوگۆی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بکەن:
  - چۆن ئەم وشانە پەیوەندییان هەیە بەوەی چی لە چیرۆکەکەدا ڕوویداوە و بەو شتانەی تۆ دەربارەی کەسایەتییەکان بەرز دەیاننرخێنیت یان ئارەزووی ناکەی؟
  - دەتوانیت بیر لە چیرۆکێکی کولتووری یان نەریتی ئایینی خۆتان بکەیتەوە کە شتی ئەرێنی دەربارەی بیرکردنەوە، باوەڕپێهێنان، پەیوەستبوون، کارپێکردن، پرسیارکردن، گۆڕین و ڕەتکردنەوەی کەسەکانەوە هەبێت؟
  - ئایا کاتێک بۆ ئەنجامدانی ئەمانە ڕێ بە مرۆڤەکان دەدرێت، سوود بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت یان دەبێتە مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگا؟ یان هەردووکیان؟
  - داخۆ بەبێ ئەوەی مرۆڤەکان ئەمانە ئەنجام بدەن، ئەگەری گۆڕانکاری ئەرێنی هەیە؟

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنیت** ۱۰ خولەک

پرسیار لە هەر گرووپێک بکە تا باسی شتێک بکەن کە لە گفتوگۆکەیاندا بە هاندەر، گرنگ یان دژوار زانیبێت.

بە وتنی شتێک لەمانەی خوارەوە کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنە:

- ئێمە وەک شێوازێکی دەستپێک بۆ لێکۆڵینەوەی بەها و مافەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ، بیرمان لەم چیرۆکە کردووەتەوە.

- ئەم بەها و مافانە سادە و بێ مشتومڕ نین. ڕەنگە وامان لێ بکەن کەمێک هەست بە نیگەرانی بکەین. بۆ نموونە، ڕەنگە بتەوێت بزانیت کە:
  - ئەگەر مرۆڤەکان ئازادن لە بیرکردنەوە بۆ خۆیان و هەڵبژاردنی چۆنییەتیی شێوازی ژیانیان، داخۆ کولتوور، نەریت و باوەڕەکانی ئێمە نابنە جێی مەترسی؟
  - داخۆ چ گەرەنتییەکمان هەیە مرۆڤەکان ئەو ئازادییانە بۆ باشە بەکار بێنن؟ کەسانێک هەن بیرۆکە و نیازی خراپیان هەیە. هەموو کەسێک وەک زیانا نییە کە ژیانێکی باشتری بۆ هاوڕێکانی دەخواست. هەندێک جار مرۆڤەکان بیروباوەڕەکانیان بۆ پاساودانی ئەو کردارە خراپانە بەکاردێنن کە زیان بە کەسانی تر دەگەیەنێت- وەک ئەو خاوەن کۆگا چایەی ئۆنۆی هەراسان کرد و باندێکی بۆ دراندنی هەموو تابلۆکانی 'هەمووان بەخێربێن'. ڕێکخستبوو.

- ئەمانە هەموو پرسیاری گرنگن کە بەردەوام لێکۆڵینەوەیان لێ دەکرێت! لە لایەکی ترەوە، گۆڕانکاری ئەرێنی مەحاڵە تا ئەو کاتەی ڕێ بە مرۆڤەکان دەدرێت لەو شتانەی کە پێیان وایە خراپن، بیر بکەنەوە و باوەڕ بهێنن و پرسیار بکەن- وەک جیاکاری لە بازاڕدا.

- کەواتە پێویستە مرۆڤەکان چ مافێکیان هەبێت و چ کاتێک پێویستە حکومەت ئەم مافانە سنووردار بکات؟ئێستا ئێمە لەبارەی ئەوەوە فێر دەبین داخۆ یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی دەربارەی ئەمە چی هەیە بۆ وتن.

## ٣. پێشکەشکردن: ناساندنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ ۱۵ خولەک

پێشکەشکردن

**پێناسە و مەبەست**

ئەم پێشکەشکردنە مافی ئازادیی ئایین یان باوەڕ پێناسە دەکات لەگەڵ ئەوەی چ کاتێک سنووردار دەکرێت. ئەمەش زانیارییەکی سەرەکی بۆ کۆرسەکە پێک دەهێنێت.

**سەرچاوەکان**

- دەتوانرێت نووسراوی پێشکەشکردنەکە لە لاپەرە ٦٠ ی ئەم ڕێبەرەدا بدۆزرێتەوە.
- نووسراوەکە لەگەڵ سلایدەکانی ٢٥-٤٦ ی دانیشتنی ئەم پاوەرپۆینتەدا هاوتایە و لە تێبینی قسەکەرەکان بۆ ئەم سلایدانەدا هاتووە.
- وەشانێکی دەستکاریکراوی ووردی ئەم نووسراوە لە سەرچاوە هاوبەشەکانی ئەم دانیشتنەدا بەردەستە.

### ەتخەوشێپ ییراکەدامائ

بەگوێرەی ڕێنماییەکانی لاپەڕە ١٥ ئامادەکاریی سەبارەت بە 'چۆنییەتیی ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک' بکە. سڵایدی نووسراو و پاوەرپۆینتەکان بخوێنەوە و یەکیان بخە (یان پەڕەی پێشکەشکردن بۆ خاڵە سەرەکییەکان لەسەر سڵایدەکان دروست بکە) هەروەها ڕاهێنان بۆ پێشکەشکردنی سیمینارەکە بکە، ئەمەش بەیەکەوە لەگەڵ سڵایدەکان/ پەڕەکانی پێشکەشکردن.

> ڕێنمایی! داوا لە بەشداربووان بکە تا سەرنج و پرسیارەکانیان بۆ کۆتایی پێشکەشکردنەکە دابنێن.

> **تێبینی**
>
> ڕەنگە بخوازیت چەند خولەکێک بۆ ئەم پێشکەشکردنە زیاد بکەیت- زیادکردنی زانیاری دەربارەی یاسا زۆر گرنگەکانی پەیوەند بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە وڵاتەکەی تۆدا، هەروەها پەیوەندییان بە نۆرمە نێودەوڵەتییەکانەوە. ئامۆژگاری و بەستەرەکان بۆ هاوکاری دۆزینەوەی ئەم زانیارییە لە لاپەڕەکانی ١٥٣-١٥٤ی ڕێبەری ڕاهێنەرەکەدا دەدۆزرێتەوە.
>
> بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ قسە مەکە چونکە کەسەکان ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ هۆشیان بە بابەتەکە بدەن! ئەگەر پێویست بوو ، پاش پێشکەشکردنەکە وزەبەخشێک بەکار بهێنە. هەروەها بۆ ئەنجامدانی ئەمە، کاتەکان کەم بکەرەوە بۆ چالاکییەکانی تر (بۆ نموونە. ڕاهێنانی دەستپێک کەم بکەرەوە) یان دانیشتنێکی درێژتر ئەنجام بدە.

## ٤. ڕاهێنانی گشتی: ئازادیی ئایین یان باوەڕ ١٠ خولەک



**گفتوگۆی گشتی**

### تسەبەم و ەسانێپ

گفتوگۆی پێشکەشکردنی پێشوو وا دەکات بەشداربووان لە پێشکەشکردنەکانەوە توانای فێربوونیان بەرەوپێش ببەن.

### چۆن گفتوگۆکە ئەنجام بدرێت

داوای سەرنج و پرسیاری گشتی لەمەڕ زانیارییەکان بکە و پاشان بەگوێرەی ئەم دێڕانەی خوارەوە پرسیار بکە:

- کام لەو مافانەی پێشکەشکرا بۆ ئێوە گرنگترینە؟
- ئایا هیچ شتێک هەبوو کە قەبوڵکردنی قورس بێت یان ناڕوون بێت؟

> تێبینی! لە لاپەڕە ٢١-٢٨ دەتوانیت ڕێنمایی وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاڵۆزەکان سەبارەت بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ بدۆزیتەوە.

پاش ١٠ خولەک، کۆتایی بە گفتوگۆ گشتییەکە بێنە. ڕوونی بکەرەوە کە ئێستا گرووپەکە لەڕێی ڕاهێنانێکەوە بەردەوام دەبن لە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی پرسەکان.

**بیرت بێت:** تۆ ڕاهێنەریت نەوەک پرۆفیسۆر! ئەگەر بەشداربووان پرسیارێکیان هەبێت و نەزانیت چۆن وەڵامی بدەیتەوە، وەڵام بدەرەوە بەڵام بۆ زانینی وەڵامەکە هەست بە فشار مەکە! پێداگری بکە لەوەی ئەمە پرۆسەیەکی لێکۆڵینەوەی دوولایەنەیە کە ڕۆڵی تۆ بۆ توانای وتووێژە نەوەک بوون بە لێهاتوویەک.

## ٥. ڕاهێنانی گشتی: ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ڕۆژەکەمدا ٣٥ خولەک



**ڕاهێنانی گشتی**

### ەسانێپ

ڕاهێنانی تێڕامان- پێکەوە- باسکردن، تێیدا کەسەکان دەری دەبڕن کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا چۆن؛ بیر دەکەنەوە، باوەڕ دەهێنن، پەیوەست دەبن، کاری پێدەکەن، پرسیار دەکەن، گۆڕانکاری دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە.

### تسەبەم

ئامانجی ئەم ڕاهێنانە هاوکاریی کەسەکانە بۆ پەسەندکردنی ئەوەی کە مافی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین و باوەڕ لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکار دەهێنین. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ خستنەڕووی ئەوەی مافەکە بۆ ئێمە گرنگە لە ڕاستیدا نەک تەنیا بە شێوەیەکی تیۆری.

> **اسەرچاوەکان و ئامادەکاریی پێشوەختە**
>
> - پێش دانیشتنەکە هەڵواسینی سڵایدەکانی ٤٨-٦٠ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکە یان چاپکراوەکانی ئەو سڵایدانە لەسەر دیوار.
> - کۆپییەکی پرسیارەکانی کاری گرووپەکە بۆ هەر ٣-٤ بەشداربوویەک یان پەڕەی پێشکەشکردنی ئامادەکراو کە پرسیارەکانی کاری گرووپەکەی لەسەر بێت.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت** ٤ خولەک

داوا لە هەمووان بکە دوو دوو بڵاو ببنەوە. ئەمانە ڕوون بکەرەوە:

ئێمە ئێستا باسی ئەوە دەکەین کە ئازادیی ئایین یان باوەڕ مانای چی دەگەیەنێت لە ژیانی ڕۆژانەماندا. یەکەم، هەر کەسێک بە بێدەنگی بیر دەکاتەوە. پاشان هەندێک بیرۆکە باس دەکات لەگەڵ هاوبەشەکەی، پێش گەڕانەوە بۆ گفتوگۆی بیرۆکەکانمان.

ئەم دەقانەی خوارەوە بخوێنەرەوە (یان شتێکی هاوشێوە بڵێ). بە سلایدەکانی ٤٧-٥٩ی پاوەرپۆینتەکەدا بڕۆ، یان ئاماژە بە بڵاونامەی سلایدەکان بکە کاتێک دەیان خوێنیتەوە.

"بیر لە ڕۆژێکی ئاسایی ژیانت بکەرەوە. لە کوێ و چۆن بیرکردنەوە، بیروبۆچوون، پرسیار و هەستی پەیوەستبوونی ئایینی یان نائایینی یان ناسنامەت دەردەبڕیت؟ دەکرێت ئەمانە بگرێتەوە:

- لەو شتانەی دەیانخۆیت یان نایانخۆیت.
- لەو شتانەی دەیانپۆشیت یان نایانپۆشیت.
- لە نزا و نەریت و ئاهەنگگێڕانە کانی ساتە گرنگە کانی ژیان
- لەوەی چی دەخوێنیتەوە
- لە وتووێژەکان لەگەڵ خێزانەکەت، هاوڕێکانت یان هاوڕێی کار و لەوەی چۆن منداڵەکانت بەخێو دەکەیت یان
- لەوەی چۆن خزمەت بە کۆمەڵگاکەت دەکەیت یان بەشداری ئەو پرسانە دەبیت کە پەیوەندییان بەتۆوە هەیە لە کۆمەڵگادا."

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ٣٠ خولەک

**بیرکردنەوە!** (٥ خولەک)

داوا لە هەمووان بکە بۆ ماوەی پێنج خولەک بە بێدەنگی بیر لە ڕۆژێکی ئاسایی بکەنەوە. کەی و چۆن بیرکردنەوە، باوەڕ ، پرسیار و پەیوەستبوونە ئایینی و نائایینیەکان لە ڕۆژێکی ئاسایی ژیانیاندا دەردەبڕن؟

**تیمی دوو کەسی** (١٠ خولەک)

داوا لە بەشداربووان بکە بیرۆکەکانیان لەگەڵ هاوبەشەکانیان باس بکەن، بۆ ئەوەی بزانن لە کام لەم پرسیارانەی خوارەوەدا هەست بە ئاسوودەیی دەکەن تا باسی بکەن:

- باسی چیرۆکێک بکە کاتێک باست لە بیرۆکەکانی خۆت کردووە یان شتێکت خستووەتە ژێر پرسیارەوە. چی ڕوویداوە و هەستت چۆن بووە؟
- باسی چیرۆکێک بکە کە تێیدا نەتتوانیوە باسی بیرۆکەکانت بکەیت، شتێکت خستووەتە ژێر پرسیارەوە کە هەستت کردبێت هەڵە بووە یان لەگەڵ ناسنامەی تۆدا ناساز بووە. هەستت چۆن بووە؟
- ئایا توانای دەربڕینی بیرۆکەکانت و ناسنامەت لە ژیانی ڕۆژانەتدا گرنگە بۆ تۆ؟ ئایا گرنگە بتوانیت ئەو بیرۆکە و کردەوانە بخەیتە ژێر پرسیارەوە کە وا بیردەکەیتەوە هەڵەن؟
- هەستت چۆن دەبێت کاتێک ناچار بکرێی لەسەر بنەمای چۆنییەتیی بیرکردنەوەی کەسانی تر بژیت و بیر بکەیتەوە، لەبری بیروباوەڕی خۆت؟

**باسکردن** (١٥ خولەک)

داوا لە کەسەکان بکە بێنەوە ناو گرووپی گشتی. ئەو پرسانەی باسمانکردن لە گرووپە دوو بە دووەکان هەموویان پەیوەندییان بەم پرسیارانەی خوارەوە هەیە:

- ئایا ئەو مافانەی لە لایەن ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین و باوەڕەوە پارێزراون، بۆ ئێوە گرنگن؟
- هەستتان چۆن دەبێت کاتێک ئێمە خاوەن ئەو مافانە نەبین؟

رێنمایی! ئامادە بە بۆ دەستەبەرکردنی هەندێک ڕەنگدانەوەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ژیانی خۆتدا، ئەمە کاتێک وتووێژەکە خاو دەستی پێ کرد.

پرسیار بکە داخۆ هیچ کەسێک ئارەزوو دەکات باسی بیرکردنەوە، هەستەکانی یان ئەزموونەکانی پەیوەند بەمەوە بکات، بەگوێرەی ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ هاوبەشەکانیان کردیان. باسکردنەکە پێویستە خۆویستانە بێت! پاش کەمێک، داوا لە گرووپەکە بکە داخۆ سرووشتی مرۆیی هاوبەشی ئێمە واتا هەموو کەس هەمان پێویستی مرۆیی پەیوەست بە مافەکانی بیرکردنەوە- باوەڕپێهێنان- پەیوەستبوون بە- کارپێکردن- پرسیارکردن- گۆڕین و ڕەتکردنەوەی هەیە؟ ئایا ئەو مافانە بۆ کەسانی هەر ئایین و باوەڕێک گرنگن؟

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت** ١ خولەک

بە سوپاسکردنی هەمووان بۆ بیرۆکەکانیان و بەشدارییان لە گفتوگۆکەدا، کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنە.

## ٦. سەرنجەکانی کۆتایی و چیرۆکی پێشەنگان ٥ خولەک

گفتوگۆی کورت

### پێناسە

ئەم گفتوگۆ کورتە کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنێت، هەروەها دەیبەستێتەوە بە گۆڕانکارییەوە، ئەمەش بە بەکارهێنانی چیرۆکی کەسێکی ئاسایی کە مافی ئازادیی ئایین یان باوەڕ تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها بە بەشداربووان دەڵێت کە لە دانیشتنی داهاتوودا جاوەڕێی چی بکەن.

### چی بگوترێت

ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەنجام بدە. سلایدەکانی ٦١-٦٣ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکە بەکار بهێنە بۆ خستنەڕووی چیرۆکی پیتەر، ئەگەر کرا.

- ئەمڕۆ باسمان لە مافی ئازادیی ئایین یان باوەڕ کرد و لەبارەی ئەو مافانەوە فێربووین کە بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی دەبێت ئێمە و هەموو کەسێک خاوەنی بێت.
- ئەمە مافێکی کەمێک ئاڵۆزە و ڕەنگە هەندێک شت هەبن کە لێی تێنەگەین یان لەگەڵیان کۆک نەبین. بەڵام دڵنیام لەوەی هەندێک شت هەن کە لێیان تێ دەگەین و ڕازین لەسەریان. ئەمە شوێنێکی باشە بۆ دەستپێکێک بۆ پێشەنگەکان!
- کەسانی ئاسایی وەک ئێمە دەتوانن جیاوازییەک بۆ کێشەکانی کۆمەڵگاکەمان دروست بکەن.
- چیرۆکی پیتەر لە لاپەڕە ٦٤ بخوێنەوە، (هەروەها لە سەرچاوە دابەزێندراوەکاندا بەردەستە).
- لە دانیشتنی داهاتوودا، هەندێک کاتی زیادە بۆ لێکۆڵینەوەی پرسەکانی ناسنامە و دەستەبەری و زیانەکان بەسەر دەبەین. وە لە دانیشتنی داهاتووتردا، زیاتر لەبارەی پێشێلکاریی مافی ئازادیی ئایین یان باوەڕ و ئەو ڕێگایانەی تێیدا دەتوانین جیاوازی دروست بکەین، فێر دەبین.



'گۆرانی شمشاڵ و تەپڵ'

"بەشداربووەکان ئەفسانەکەیان زۆر بە دڵ بوو- ئەوە باشترین بەشی دانیشتنەکە بوو. کەسایەتییەکان، وێنەکان، بابەتەکان- قسەیان بۆ دەکردن."
**هیدایا دود، ڕاهێنەر، تانزانیا**

# گۆرانی شمشاڵ و تەپڵ

لەڕێی کاتێرین کاش و سیدسڵ ماری وینتەر پراگ
لە لایەن تۆبی نوسەمەوە کێشراوە

**ەم چیرۆکە بنەمایەک بۆ "ڕاهێنانی سەردەمانێک" دادەڕێژێت، لە سڵایدەکانی ٣-٢٣ی دانیشتنی ٢ی پاوەرپۆینتەکە خراوەتە ڕوو.**




**گۆرانی شمشاڵ و تەپڵ**

---



سەردەمانێک، دوو گوند هەبوون

---



خەڵکی گوندەکە بە تەپڵ لێدان و سەماکردن بەنێوبانگ بوون. هەر کە منداڵێکیان پێی دەگرت، تەپڵێکیان دەدایە دەستی. تەپڵی بچووک هەبوون کە ئاوازیان وەک نەرمە بارانێک بوو، هەروەها تەپڵی برووسکەئاسای گەورە کە پێویستی بە دوو کەس بوو بۆ هەڵگرتن. تەپڵ لێدان هاوبەشی ژیان و ئاهەنگگێڕانەکان و شیوەن و هەموو شتێک بوو لەو نێوەندەدا - هەروەها خەڵکەکە پێیان وابوو کە تەپڵ لێدان هاوسەنگی ژیانیان لەگەڵ ڕۆحی دارستاندا دەپارێزێت.

---



خەڵکی گوندی دۆڵی خوارەوە هەرگیز لە تەپڵلێدەرەکان تێنەدەگەیشتن. هەروەها تەپڵلێدانیان بە بێزارکەر دەزانی و لە هەر 'لێدان'ێکی سادەدا پێکەنینیان پێی دەهات. کاتێک کوڕێک لەم لادێیەدا لەدایک دەبوو، باوکی لە دار یان ئێسک شمشاڵێکی دادەتاشی، بەم جۆرەش کوڕەکە تا کۆتایی ژیانی شمشاڵەکەی لەڕێی پەتێکەوە دەکردە ملی. ساڵانێکی زۆری خایاند تا شارەزای چریکە و ئاوازەکانیان بوون، هەروەها خەڵاتی ڕێزلێنان دەبەخشرایە ئەو پیاوانەی کە لێهاتووییان دەبووە هۆی ئەوەی شمشاڵەکە هێندە شیرین بچرێت، خواوەندی فیردەوسەکان شاگەشکە بکات و باران و خۆرەتاو بە کێڵگەکان ببەخشێت.

---



هەرچەندە گوندنشینەکانی گوندی تەپڵ، هەفتانە بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان دەچوونە بازاڕی گوندی شمشاڵ، بەڵام خەڵکی ئەو دوو گوندە تێکەڵ نەدەبوون. تەپڵلێدان لە بازاڕدا قەدەغە بوو. زۆر خاوەن کۆشکی گوندی شمشاڵ ڕەتیان کردەوە شمەکەکانیان بە تەپڵلێدەرەکان بفرۆشن و تەپڵلێدەرەکان لە گوندنشینانی گوندی شمشاڵ نارازی بوون.

---



کچێکی گەنجی تاقانە بە ناوی زیانا لە گوندی شمشاڵ دەژیا. کونجکۆڵی و میهرەبانییەکەی وایکردبوو هەمووان خۆشیان بوێت. کاتێک تەمەنی ١٠ ساڵان بوو، باوکی نەخۆش کەوت. ڕۆژێکیان، باوکی بانگی کردە لای خۆی، "کچە ئازیزەکەم، من هێندەم نەماوە لە ژیان. شمشاڵەکەم هەڵگرە و بیکە ملت، بەو شێوەیە هەمیشە پێکەوە دەبین" زیانا زۆر دڵتەنگ بوو؛ بۆ کچان نەریت نەبوو شمشاڵ هەڵگرن، بەڵام هەر زوو پرسیاری لە خۆی کرد، "بۆچی نابێ ڕێگەم پێ بدرێت شمشاڵ بژەنم؟ شەوێکیان باوکی مرد. زیانا شمشاڵەکەی هەڵگرت و لە ملی کرد.



کاتێک زیانا گەورە بوو، یارمەتی دایکی دەدا لە چاندنی سەوزە تا بتوانن لە کۆشکەکەی خۆیاندا بیفرۆشن هەرچەندە ئەو کەسێکی ئازا و میرهرەبان بوو، بەڵام خەڵکی گوندەکەی زیانا زۆر جار بەهۆی شمشاڵەکەی ملییەوە گاڵتەیان پێ دەکرد. هەندێک جار هەوڵیاندەدا ڕازی بکەن تاوەکوو شمشاڵەکە دابنێت، بەڵام ئەو ڕەتی دەکردەوە. هەر کە دەرفەتێکی هەبووایە، زیانا دەچووە دارستان تا شمشاڵەکەی باوکی بژەنێت.



لە ڕۆژێکی لەو شێوەیەدا، زیانا گوێی لە لێدانێکی نزمی تەپڵ بوو، کونجکۆڵانە، بە ناو دارستاندا بە دوای لێدانەکانی تەپڵەکەدا دەڕۆشت تا گەشتە شوێنێکی کراوە، لەوێ گەنجێک تەپڵی لێدەدا و گۆرانی دەچڕی، لە هەمان کاتدا خوشکەکەی میوەی لە دارێک دەکردەوە. زیانا ئەوانی لەڕێی بازاڕەکەوە ناسییەوە- ئەوان خوشک و برایەک بوون بەناوی ئۆنۆ و ئیریس.

زیانا خۆی لە پشت دارەکانەوە شاردەوە و دەستیکرد بە ژەنینی شمشاڵەکەی. گۆرانی شمشاڵەکە و ڕیتمی تەپڵەکە شانبەشانی یەک بە ئاوازێکی زۆر جوان سەمایان دەکرد.

کاتێک گۆرانییەکە تەواو بوو، زیانا کونجکۆڵانە بەرەو ڕوویان هەنگاوی نا. ئۆنۆ و ئیریس سەریان سوڕما کاتێک کچێکیان بە شمشاڵێکەوە بینی، بەڵام زەدەخەیەکیان کرد، زانیان ئەویش وەک ئەوان ڕێی پێ نادرێت لە گوندی شمشاڵ ئامێرەکەی بژەنێت. ئیریس هەندێک میوەی دا بە زیانا، پاشان هەرسێکیان پێکەوە گفتوگۆیان دەکرد و تا دەمەو ئێوارە مۆسیقایان دەژەند.



ڕۆژی دواتر، زیانا هاوڕێ نوێیەکانی لە بازار لە بەردەم کۆشکی چایەکەدا بینی. خاوەن کۆشکەکە هاواری کرد بەسەریدا، "چەپەڵی تەپڵلێدەر لێرە دوور بکەوە" ئۆنۆ زۆر توڕە بوو، بەڵام ئیریس دووری خستەوە. کوڕی خاوەن کۆشکەکە، کە خەریکی چا تێکردن بوو بۆ ئۆنۆ، هەستی بە شەرمەزاری دەکرد.



زیانا هەرگیز پێشتر لەبارەی هێماکانی 'نا بۆ تەپڵلێدەرەکان' بیری نەکردبووەوە. هەستی بە دڵگرانی دەکرد کاتێک تێگەیشت لەگەڵ دایکیدا لە کۆشکەکانی تەپڵلێدەرەکان هەرگیز هیچ شتێکیان نەکڕیوە.

ئەو شەوە زیانا لە دایکی پرسی بۆچی هەرگیز نەچوون بۆ کۆشکی تەپڵلێدەرەکان، دایکی لە وەڵامدا گوتی "وا باشترە پابەند بیت بەوەی کە دەیزانیت" ، بەڵام زیانا تێنەدەگەیشت و بەردەوام دەیپرسی بۆچی ناکرێت هەمووان لە هەموو شوێنێک پێشوازییان لێ بکرێت، بە جۆشەوە باسی لە میوە بەتامەکانی ئۆنۆ و ئیریس دەکرد کە لە کۆشکەکەیان دەیفرۆشن. لە کۆتاییدا، دایکی زیانا ڕازی بوو لە ڕۆژی بازاڕکردنی داهاتوودا، هەندێک لە میوەکانیان تاقی بکاتەوە.



لە هەمان کاتدا لە ماڵی خاوەن کۆشکی چایەکەدا مشتومڕێکی تر سەری هەڵدا، ئەمەش کاتێک کوڕی خاوەن کۆشکەکە، بڕۆن، پرسیاری لە مامەڵەی باوکی دەکرد لەگەڵ تەپڵلێدەرەکاندا. خاوەن کۆشکەکە یەکێک بوو لە هەرە ژەنیارە ڕێزلێنراو و سەربەرزەکانی شمشاڵ لە گوندەکەدا. باوک و باپیرەی ژەنیارێکی زۆر لێهاتوو بوون، بەڵام کوڕەکەی تەواو نائومێد بوو. گرنگ نەبوو بڕۆن چەند هەوڵی دەدا، بەڵام تەنانەت فێری هەرە سەرەتاییترین ئاوازەکانیش نەدەبوو. پاش ساڵانێکی زۆر لە ڕاهێنانی ناچاری و سەرنجی نەرێنی و ڕەق، بڕۆن هیچ حەزێکی بۆ شمشاڵ نەمابوو. هەستی دەکرد خەونی بە ئاوازێکی دووری تەپڵ و ژیانێکی ترەوە دەبینی.



لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، زیانا، ئیریس و ئۆنۆ بەردەوام لە دارستانەکەدا کۆ دەبوونەوە و پێکەوە دەیانژەنی. ئەوان خەونی زۆریان هەبوو- خەونیان بە سەردەمێکەوە دەبینی کە هەمووان پێشوازییان لێ بکرێت، ئەو کاتەی تەپڵ و شمشاڵ پێکەوە بە ئاشکرا لێ بدرێن، لە کوێ بیانەوێ بتوانن مۆسیقا جوانەکانیان پێکەوە لە بازاڕدا بژەنن.

---



هەموو هەفتەیەک، ئۆنۆ و ئیریس سەردانی زیانا و دایکیان لە کۆشکی سەوزەواتەکان دەکرد، دایکی زیانا میوە و چەرەزاتی لێیان دەکڕی. ڕۆژێکیان، ئۆنۆ سەرنجی دا کە دایکی زیانا کونجکۆڵانە تەماشای ئەو تەپڵە دەکات کە بە پشتوێنەکەیەوە کراوە.

ئۆنۆ وتی، "ئەمە تەپڵی پێکەنینە"، "دەنگەکەی بە واتای دڵخۆشی دێت، کاتێک تەپڵ لێدەدەم منداڵەکان سەما دەکەن و پێدەکەنن". دایکی زیانا سەرسام بوو.

هەروەها تەپڵلێدەرەکانی تر لە دەوریان کۆبوونەوە، زیانا و دایکی دەربارەی تەپڵەکانی ئەوانیش دەیانپرسی. ئەو ڕۆژە، دایکی زیانا زۆر بە خێرایی سەوزەکانی فرۆشت. هەندێک لە کۆشکەکانی دراوسێی، دڵتەنگ بوون بە پێشوازیکردنی دایکی زیانا لە تەپڵلێدەرەکان بۆ بەشی خۆیان لە بازاڕەکە، بەڵام دایکی زیانا دەیزانی ئەگەر هەمووان بتوانن لە یەکتر بکڕن، بۆ هەمووان باشتر دەبێت.

---



لە تەنیشت کۆشکەکەی خۆیانەوە، پیرە پیاوێک بەهاراتی دەفرۆشت، بەڵام بازاڕی خراپ بوو. ئۆنۆ پێشنیاری بۆکرد تا تابلۆیەک هەڵواسێت و لەسەری بنووسێت "هەمووان بەخێربێن" ئەمە بۆ بەرزکردنەوەی بازرگانیی، تابلۆکەی بۆ پیرەپیاوەکە کێشا لەگەڵ وێنەی تەپڵ و شمشاڵ لەسەر هێماکە.

بەم شێوەیە، بازاڕی پیرەپیاوەکە زیادی کرد، هێدی هێدی ڕەزامەندی خاوەن کۆشکەکانی تریش زیادی دەکرد. تابلۆی "هەمووان بەخێربێن" لەسەر هەموو خاوەن کۆشکەکانی تەپڵلێدەرەکان و شمشاڵژەنەکان دەرکەوت. بازاڕیش گەشەی سەند.

---



بەڵام هەموو شتێک باش نەبوو، باوکی بڕۆن ترس و دڵەڕاوکێی هەبوو بە هاتنەناوەوەی تەپڵلێدەرەکان بۆ شوێنەکەی ئەو لە بازاردا. ئەوانی وەک هەڕەشە بۆ ڕێبازە نەریتییەکان دەبینی، ئەو کەسانەی کۆکردەوە کە هەمان هەستیان هەیە بۆ دڕاندنی تابلۆکان و هەراسانکردنی تەپڵلێدەرەکان. گرژی لە بازاڕدا پەرەی سەند و ئەنجوومەنی بازاڕیش لەمە نیگەران بوو.

---



بڕۆن ڕەتی کردەوە بەشداری لە پیلانەکەی باوکیدا بکات. لەبری ئەوە، لەگەڵ پیرەپیاوە بەهاراتفرۆشەکە قسەیان بۆ ئەنجوومەنی بازاڕ کرد و ڕازییان کردن تا میوانداری کۆنسێرتێک بۆ هەمووان لە بازاڕەکەدا بکەن. ڕەنگە باوکی بڕۆن و ئەوانی تر، تەپڵلێدەرەکان پەسەند بکەن کاتێک گوێیان لە چیرۆک و گۆرانییەکانیان دەبێت.

---



دەنگۆی کۆنسێرتەکە بڵاو بووەوە و خەڵک لە دوورەوە دەهاتن. خاوەن کۆشکەکان زۆر زیاتریان لە ڕۆژێکی ئاسایی دەفرۆشت. لە کۆتاییدا، کاتی کۆنسێرتەکە هات. پیرەپیاوە بەهاراتفرۆشەکە ئاوازێکی زۆر جوانی بە شمشاڵە دارەکەی دەژەنی، کچەکەشی گۆرانی سوپاسگوزاری خوای فیردەوسەکان بۆ کۆکردنەوەیەکی بەرهەمی باش دەچڕی. ڕوونی کردەوە بۆچی پاش ساڵانێکی زۆری کاری سەخت لە گەنجێتیدا، گۆرانییەکە مانایەکی قووڵی هەیە بۆی. باوکی بڕۆن بڕۆیەکی بەرز کردەوە کاتێک دەیڕوانییە زەردەخەنە و سەرلەقاندنی هەندێک لە تەپڵلێدەرەکانی ناو خەڵکەکە.



پیرەپیاوەکە ئۆنۆ و ئیریسی بۆ سەر شانۆکە بانگهێشت کرد. ئەوان چیرۆکی تەپڵەکانیان گێڕایەوە و ئاوازی چێژبەخشیان بۆ ڕێزلێنان لە ڕۆحی سەماکاری جۆگەی دارستانەکە دەچڕی، هەروەها گۆرانییە بروسکەئاساکان بۆ سوپاسکردنی ڕۆحی ڕەشەبا بۆ هێشتنەوەی داری میوەکانیان بە سەلامەتی. بۆ یەکەم جار، گوندنشینانی شمشاڵ هەوڵیاندا تێبگەن تەپڵ مانای چی بۆ تەپڵلێدەرەکان دەگەیەنێت. باوکی بڕۆنیش ڕووخساری گرژ کردبوو.

---



لە کۆتاییدا، زیانا چووە سەر شانۆ لەگەڵ ئۆنۆ و ئیریس. بیری لە باوکی دەکردەوە، شمشاڵەکەی بۆ لێوی برد و هەرسێکیان پێکەوە دەیانژەنی. بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بەسەر ئامادەبوواندا کێشا. هەرگیز پێشتر گوێبیستی شمشاڵ و تەپڵ نەبوون پێکەوە و هەرگیز کچێکیان نەبینیوە شمشاڵ بژەنێت.

ئاوازی سوپاسگوزاری بۆ باران و خۆر لە شمشاڵەکەی زیاناوە لە کاتی خۆیدا بە هەوادا بڵاو دەبووەوە بە ڕەوتی سەماکردن لە تەپڵەکەی ئۆنۆوە.

گۆرانییەکە کۆتایی هات و ئامادەبووان هەموو تەماشای یەکتریان دەکرد. هەندێکیان بە دوودڵییەوە چەپڵەیان لێدەدا، لەکاتێکدا ئەوانی تر خۆیان لێ لادەدا. باوکی بڕۆن بەسەر زیانادا تەقییەوە "خیانەتکار" هاواری کرد و ڕۆشت.

ڕووخساری بڕۆن زۆر خەمبار بوو کاتێک سەیری باوکی دەکرد. سەری لەقاند و شمشاڵەکەی لە ملی کردەوە و لەسەر کۆشکەکەی باوکی داینا، جا گوندەکەی جێهێشت.

---



پاش کۆنسێرتەکە، وتووێژی زۆر لە هەردوو گوندەکەدا ڕوویدا، ئایا دەبێت هەمووان لە هەموو کۆشکەکانی بازاڕدا پێشوازییان لێ بکرێت؟ ئایا دەبێت ڕێگە بە کچان بدرێت شمشاڵ بژەنن و دەکرێت هەرگیز شمشاڵ و تەپڵ پێکەوە لێ بدرێن؟ پاش چەند مانگێک، هێشتا گوندنشینەکان نەیانتوانی هاوڕا بن.

پاش گوێگرتن لە ئەزموونی تەپڵلێدەرەکان و بینینی دڵسۆزی هەموو کەسەکان، ئەنجوومەنی بازار بڕیاری دا.

"هەموو کەسێک لە بازاڕدا بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت!"

قەدەغەی تەپڵلێدان هەڵگیرا و تابلۆکانی "نا بۆ تەپڵلێدەرەکان" هێنرانە خوارەوە. بەڵام بۆ پرسیارەکانی تری ژەنینی ئامێرەکان، ئەنجوومەنەکە ڕەتی کردەوە لایەنگری بکات. لەبری ئەمە، باوەڕی دڵسۆزانەی هەر کەسێک ڕێزی لێ دەگیرێت و ئازادن لە شوێنکەوتنی ئەو باوەڕە.

---



چەند ساڵێکی خایاند تاوەکوو تەپڵلێدەرەکان لە هەموو کۆشکێکی بازاڕەکەدا هەست بە پێشوازی بکەن، بەڵام زیانا و ئۆنۆ و ئیریس هەموو هەفتەیەک پێکەوە دەبینران کە گۆرانی شمشاڵ و تەپڵ دەچڕن، تا ئەو کاتەی پەنجەکانیان ڕەق بوون و پرچیان سپی بوو.

# نووسراوی پێشکەشکردن

## ناساندنی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین یان باوەڕ

ئەم نووسراوەی دانیشتنی ٢ی پێشکەشکردنەکە لە سلایدەکانی ٢٥-٤٦ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا خراوەتە ڕوو.

تێبینی: ئەم پێشکەشکردنە ئاماژە بە ئەفسانەیەک دەدات "گۆرانی شمشاڵ و تەپڵ"، ئەگەر ناتەوێت ئەفسانە لەگەڵ گرووپەکەتدا باس بکەیت، پێویست دەکات دەستکاری نووسراوەکە بکەیت. دەتوانیت لە لاپەرە ٥٥ی ئەم ڕێبەری ڕاهێنەرە و سەرچاوە هاوبەشەکانی، چیرۆکەکە بدۆزیتەوە.

### پێناسە




کەواتە، ئازادیی ئایین یان باوەڕ کێ یان چی دەپارێزێت؟
ڕەنگە بیربکەیتەوە کە وەڵامێکی لۆژیکی بۆ ئەم پرسیارە، خودی ئایین و باوەڕ بێت. بەڵام لە ڕاستیدا، ئازادیی ئایین یان باوەڕ، ئایین یان باوەڕەکانی تر ناپارێزن. خودا یان پیرۆزییەکان ناپارێزێت. تەنیا وەک هەر مافێکی مرۆڤی تر، مرۆڤەکان دەپارێزێت.
بۆ ئەوەی ناوی تەواوەتی بە مافەکە بدەین، ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین یان باوەڕ، مافی هەموو مرۆڤێک دەپارێزێت- بێ گوێدانە ئەوەی کێن و باوەڕ بە چی دەهێنن و سەر بە چ ئایینێکن.




ئازادیی ئایین یان باوەڕ لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیەیە کە هەموو مرۆڤەکان پێویستیی بنەڕەتییان هەیە:

- بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێت بیر بکەنەوە و لەبارەی ئەوەی چی باشە و ڕاستە، بۆ خۆیان بڕیار بدەن.
- بۆ ئەوەی سەر بەو گرووپانە بن کە باوەڕ و کارپێکردن و ناسنامەی هاوبەشیان هەیە.
- بۆ ئەوەی بتوانن پرسیاری بیرۆکە و کارپێکردنەکان بکەن، بیرۆکەکانیان بگۆڕن دەربارەی ئەوەی باوەڕ بە ئەنجامدانی چی دەکەن و ئەو شتانە ڕەت بکەنەوە کە پێشێلی ویژدانیان دەکات.

بۆ بیرکردنەوە، باوەڕپێهێنان، پەیوەستبوون بە، کارپێکردن، پرسیارکردن، گۆڕین و ڕەتکردنەوە.

### ئێمە خاوەن کام مافانەین؟




کەواتە، ئێمە چ مافێکمان هەیە؟ با بڕوانین بزانین چی لە گفتوگۆکاندا نووسراوە.
ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە لایەن مادەی ١٨ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنیی و سیاسییەکانەوە پارێزراوە. ئەمە پەیماننامەیەکی پابەندە بە یاساوە، هەروەها ١٧٣ وڵات بەشدارییان لە پەیڕەوکردنی ئەو یاسا نێودەوڵەتییانەدا کردووە. (بە بەشداربووان بڵێ داخۆ وڵاتەکەی تۆ پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنیی و سیاسییەکانی پەسەند کردووە).




یەکەم ڕستەی مادەی ١٨ دەڵێت:
"دەبێت هەمووان مافی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان و ئایینیان هەبێت."




هەمووان مافی بیرکردنەوەیان بۆ خۆیان هەیە- وەک زیانا لە چیرۆکەکەدا، کە وا بیری دەکردەوە دەبێت ڕێگەی پێ بدرێت شمشاڵەکە بکاتە ملی، هەرچەندە کچیش بێت.




ئێمە مافی ئەوەمان هەیە گوێ بۆ ویژدانمان بگرین- وەک جۆن بڕۆن ڕەتی کردەوە یارمەتی باوکی بدات، چونکە وا بیری دەکردنەوە کارەکەی باوکی هەڵەیە.




هەروەها ئێمە مافی باوەڕهێنانی ئایینی و نائایینیمان هەیە و مافی هەبوونی ناسنامەی ئایینی و باوەڕیش- بۆ باوەڕی و بۆ پەیوەستبوون. هەر وەک گوندنشینانی شمشاڵ و تەپڵ، زۆربەمان باوەڕی دڵسۆزانەمان هەیە. دەکرێت باوەڕمان و کۆمەڵگا و ئەو مرۆڤانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، مانایەکی زۆرمان پێ ببەخشن.




بەڵام گرنگ نییە لە کام کۆمەڵگایەدا دەژین یان چەندە بیروباوەڕەکانمان ڕاست و دروستن، هەمیشە کەسانێک هەن، بە هەر هۆکارێک بێت، باوەڕیان بە بیروبۆچوونیان لە کۆمەڵگاکەیاندا لەدەست دەدەن- وەک بڕۆن چۆن شمشاڵەکەی دانا و کۆمەڵگاکەی جێهێشت.




لە یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی، مافی دەرچوون و گۆڕینی ئایین یان باوەڕ، شانبەشانی مافی هەبوونی باوەڕ یان ئایین پارێزراوە.




ئەم مافانەی بیرکردنەوە، باوەڕهێنان، پرسیارکردن و گۆڕینی باوەڕەکان زۆر جار پێیان دەگوترێت ئازادییە ناوەکییەکان. ئەوانە دەربارەی ئەو شتانەن لە مێشک و ڕۆحماندا ڕوو دەدەن، کە پەیوەندییان بە ناسنامەمانەوە هەیە- هەستکردن بەوەی ئێمە کێین.
لەبەر ئەم هۆکارە، ئەوانە مافی ڕەهان. بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، هەرگیز ڕێگە بە هیچ کەس و حکومەتێک نادرێت ئەو مافانە سنووردار بکات.
بەڵام بە دڵنیاییەوە، ئایین و باوەڕ زۆر زیاترن لەوەی چی لە مێشک و ڕۆحی ئێمەدا ڕوو دەدات! دەربارەی ئەوەی ئێمە چی دەکەین- چۆن باوەڕەکانمان بە وشە و کردار دەردەبڕین.




لە چیرۆکەکەی ئێمەدا، ژیانی گوندنشینەکان پڕبوو لەو کردارانەی کە گوزارشت لە باوەڕ و پێکبەندییەکان دەکەن! هەر لە پۆشینی شمشاڵەوە بۆ تەپڵلێدانی ژیانی ڕۆژانە.
ئازادیی ئایین یان باوەڕ پارێزگاری لەم مافانەش دەکات. با دووبارە بڕوانینە پەیماننامەکە:




مادەی ١٨ دەڵێت:

دەبێت ئەم مافە ئازادیی بگرێتەوە، جا چ تاکەکەسی یان لەناو کۆمەڵگادا لەگەڵ ئەوانی تر و بە شێوەیەکی ئاشکرا یان نهێنی، ئەمەش بۆ دەرخستنی ئایین یان باوەڕەکەی لە پەرستن، پەیوەستبوون، کارپێکردن و فێرکردندا."

ئێمە مافی نوێژکردنمان بە تایبەتی هەیە، هەروەها دەربڕینی ئایین و باوەڕمان وەک بەشێک لە کۆمەڵگاکەمان، لەگەڵ پەرستن و نەریتی بەکۆمەڵ. هەروەها ئەو کۆمەڵگایەش مافی هەیە- نەوەک مافی جلەوکردنی ئەندامەکانی، بەڵکوو مافی پەیوەند بە دەوڵەتەوە. بۆ نموونە، دەبێت دەوڵەت دڵنیایی بدات لەوەی کۆمەڵگا ئایینی و باوەڕدارەکان دەتوانن ناسنامەی یاسایی بەدەست بێنن ئەگەر خواستیان لەسەر بێت، بەم جۆرەش دەتوانن خاوەن تۆماری بانکیی بن، توانای دامەزراندنیان هەبێت و باڵەخانە بونیاد بنێن.
هەروەها چەندان ڕێگەی جیاواز بۆ تاکەکان و گرووپەکان هەن تا ئایین یان باوەڕێک پەیڕەو بکەن، شارەزاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان چەندان نموونەی چالاکییان خستووەتە ڕوو کە پارێزراون. بۆ نموونە ئێمە مافمان هەیە تاوەکو:



- پێکەوە سرووتی پەرستن جێبەجێ بکەین و ئاهەنگی فێستیڤاڵەکان بگێڕین و ڕەچاوی ڕۆژەکانی پشوو بکەین.
- پۆشاکە ئایینییەکان بپۆشین و پەیرەوی ڕێژیمێکی خۆراکی تایبەت بکەین.
- شوێنی تایبەتی پەرستن و گۆڕستانمان هەبێت، هەروەها هێما ئایینییەکان بخەینە ڕوو.
- ڕۆڵبینینمان لە کۆمەڵگادا هەبێت، بۆ نموونە بە پێکهێنانی ڕێکخراوی خێرخوازی
- بۆ باسکردن و فێرکاری ئایین یان باوەڕ، هەروەها ڕاهێنان یان دەستنیشانکردنی سەرکردەکان

لەم خاڵەدا، ڕەنگە بیر بکەیتەوە- "زۆر باشە- ئەمانە تەنیا ئەو جۆرە مافانەن کە بۆ کۆمەڵگاکەم دەمەوێن!" یان ڕەنگە نیگەران ببیت!

## خۆبەخشی و یەکسانی- زیان بەوانی تر مەگەیەنە!



چی دەربارەی ئەو کەس و گرووپانەی کە ئایین یان باوەڕ بۆ برەودان بە ڕق و توندوتیژی بەرانبەر کەسانی تر بەکاردێنن، ئەوانەی جیاکاری بەرانبەر کەسانی تر دەکەن یان لەناو گرووپەکەیاندا کەسانی تر سەرکوت دەکەن و جڵەویان دەکەن؟ ئایا ئازادیی ئایین یان باوەڕ بە مانای ئەوە دێت ئەوان ئازادن لە ئەنجامدانی ئەمە- بێ گوێدانە ئەوەی کاریگەرییەکەی لەسەر کەسانی تر چییە؟ بە سوپاسەوە نەخێر!

---




پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤ پێمان دەڵێن کە مافەکانمان چین و سنووری مافەکانمان کامانەن. یان گەر بە جۆرێکی تر باسی بکەین- بەرپرسیارییەتییەکانمان چین کاتێک مافەکانمان بەکار دێنین.
دەتوانین ئەو بەرپرسیارییەتیانە کورت بکەینەوە بە وتنی ئەوەی نابێت هیچ کەسێک بە جۆرێک ماف و ئازادییەکانی بەکاربێنێت کە زیان بەوانی تر بگەیەنێت. ئەمە ئەرکێکی ئەخلاقی هەموو کەسێکە بەگوێرەی پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤ. هەروەها حکومەت پابەندییەکی یاسایی بۆ ڕێزگرتن لە مافی هەمووان و پاراستنی هەموو کەسێک لە زیان هەیە. بە تایبەتی بڕوانینە ئەوەی کە چۆن پێویستە ئێمە لە زیان بپارێزرێین.

---




یەکەم: بەبێ زەبروزەنگ!
زەبروزەنگ لە بابەتی ئایین یان باوەڕدا ڕێگەپێدراو نییە. باوەڕهێنان و پەیوەستی خۆبەخشانەن. دەسەڵاتداران، کۆمەڵگا باوەڕییەکان و خێزانەکان ڕێگەیان پێ نادرێت هەڕەشە، ترساندن یان توندوتیژی بۆ ناچارکردنی هەر کەسێک بۆ باوەڕهێنان یان باوەڕنەهێنان، بۆ کارپێکردن یان کارپێنەکردن، پەیوەستبوون بە ئایینەوە یان پەیوەستنەبوون بە ئایینەوە، بەکاربێنن.

---




دووەم: بەبێ جیاکاریی!
مادەی ٢ ی پەیماننامەکە هەموو جۆرەکانی جیاکاری قەدەغە دەکات- جا چ لەسەر بنەمای ئایین، نەژاد، جێندەر یان زمان بێت، بۆ نموونە. دەوڵەتان ڕێککەوتننامەکانی مافی مرۆڤیان واژۆ کردووە و ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی مامەڵەی یەکسان لەگەڵ هەمووواندا بکەن و چالاکانە بۆ کۆتاییهێنان بە جیاکاری لە کۆمەڵگادا کار بکەن- وەک ئەوەی ئەنجوومەنی بازاڕ لە چیرۆکەکەماندا ئەنجامی دا.

---




سێیەم: بەبێ لەناوبردنی مافەکان!
مادەی ٥ دەڵێت کە ڕێگە بە هیچ حکومەتێک، گرووپێک یان کەسێک نادرێت بە شێوەیەک لێکدانەوە بۆ مافێکی مرۆڤ بکات وەک ئەوەی ماف بە کۆمەڵێک بدات کە بە شێوەیەک مامەڵە بکەن کە مافەکانی تری مرۆڤ لەناو ببەن.

هەروەها مادەی ٢٠ قەدەغەی داکۆکی لە ڕق و کینەی ئایینی دەکات کە لە ڕێگەی هاندان بۆ جیاکاریی، دوژمنایەتی و توندوتیژییەوە سەرچاوە دەگرێت.

بێ گوێدانە ئەوەی حکومەت یان کەسێک پێی وایە ئایین چی لەوان دەخوازێت، هیچ کەسێک ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە ئازادیی ئایین یان باوەڕ ئەو مافەیان دەداتێ کە مافی کەسانی تر پێشێل بکەن.

من دڵنیام دەتوانن بیر لە چەندان نموونەی بەکارهێنانی ئایین بۆ پاساودان یان هاندانی توندوتیژی بکەنەوە، یان ئەو کارپێکردنە ئایینییەی کە زیان بە کەسانی تر دەگەیەنێت. هەروەها لەوانەیە بیر لەو کاتانە بکەیتەوە کە مرۆڤەکان نادادپەروەرانە لە کارپێکردنی ئاشتیانەی ئایین یان باوەڕەکان زەوت دەکرێن.

## سنووربەندییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ




کەواتە پاساکان کامانەن؟ کەی حکومەت ڕێی پێ دەدرێت ئازادیی ئایین یان باوەڕ سنووردار بکات؟ با بەخێرایی بڕوانینە پاساکان.
یەکەم، ڕەنگە هەرگیز مافی بیرکردنەوە و باوەڕهێنان (ئازادیی ناوەکی) سنووردار نەکرێت. دووەم، ڕەنگە کارپێکردنی ئایین یان باوەڕ سنووردار بکرێت- بەڵام تەنیا کاتێک کە ئەم چوار پاسانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێن.

---




1. دەبێت یاسایەک هەبێت سنووربەندییەکان باس بکات، بە مانایەکی تر، پۆلیس ناتوانێت تەنیا ئەو شتە بکات کە ئارەزووی دەکات.
2. دەبێت سنووربەندییەکە هاوڕێژەیی بێت لەگەڵ ئەو کێشەیەی هەوڵی چارەسەری دەدرێت. بۆ نموونە، ئەگەر سیستمی دەنگیی کۆمەڵگایەکی باوەڕدار زۆر بەرز بوو، ڕەنگە داوا لە کۆمەڵگا باوەڕییەکە بکرێت چارەسەری بکەن یان ڕووبەڕووی سزای دارایی ببنەوە. قەدەغەکردنی ئەوەی پێکەوە کۆ ببنەوە، دژ بە هاوڕێژەییبوونە.
3. دەبێت سنووربەندییەکان دوور بن لە جیاکاری- دەبێت بەسەر هەمووان‌دا جێبەجێ ببن.
4. دەبێت سنووربەندییەکان پێویستی بن بۆ پاراستنی یەکێک لەم شتانەی خوارەوە:

ئاسایشی گشتی، نەزمی گشتی، تەندروستی گشتی، ئەخلاقی گشتی یان ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر.
لە ڕاستیدا وشەی پێویستی زۆر گرنگە. ئەوە تەنیا بەس نییە کە حکومەت یان زۆرینەی دانیشتووان وا بیر بکەنەوە کە سنووربەندی بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە خوازراوە. بە واتایەکی تر، نابێت بەبێ سنووربەندی مافەکان، هیچ ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هەبێت کە بەهۆی کارپێکردنەکانەوە دروست بوون. سنووربەندی مافەکان بە واتای دوایین چارەسەر دێت، هەرچەندە هەندێک جار پێویستییە.

---




بۆ نموونە دەکرێت کۆکردنەوەی خەڵکێکی زۆر لە شوێنی پەرستندا مەترسیدار بێت. بۆیە ڕەنگە پێویست بکات حکومەتەکان ژمارەی ڕێپێدانی کەسەکان لە شوێنی پەرستن سنووردار بکەن، ئەمەش لەسەر بنەمای ئاسایشی گشتی.
سنووربەندییەکانی تەندروستیی گشتی لەسەر کۆبوونەوەکان بە مەبەستی پەرستن لە کاتی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنادا زۆر باو بوو- هەندێک جار ئەو سنووربەندییانە زۆر پێویست و هاوڕێژەیی و ناجیاکاریی بوون، هەندێک جاریش بە تەواوی ناهاوڕێژەیی و جیاکارانە بوون.
قەدەغەی خەتەنەکردنی کچان نموونەیەکی سنووربەندییە کە مافی ئازادی ئەوای تر دەپارێزێت- لەم ڕەوشەدا کچان بۆ کچان. هەروەها بێ گوێدانە ئەوەی ئەمە وەک کردەوەیەکی ئایینی یان کولتووری دەبینرێت، دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر تەندروستی کچان و ناکرێت وەک ئاماژەدان بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ پاساو بدرێت.

---




لە ڕاستیدا ئەو یاسایانە زۆر گرنگن. بەبێ ئەوانە، حکومەتەکان دەیانتوانی هەر گرووپێک یان کردەوەیەک سنووردار بکەن کە خۆیان حەزیان پێی نەبێت. سنووربەندییەکان بە واتای کۆتا ڕێگای چارەسەری دێن، نەوەک ئامرازێک بۆ جڵەوکردنی دەوڵەت. لە دانیشتنەکانی داهاتوودا، تەماشا جۆرە جیاوازەکانی پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەکەین کە لە جیهاندا زیاتر ڕوو دەدات.

# ناکەگنەشێپ یکۆریچ

ئەم چیرۆکەی خوارەوە وەک بەشێك لە سەرنجەکانی کۆتایی دانیشتنی ٢ دەخوێندرێتەوە. لە سلایدەکانی ٦١- ٦٣ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا خراوەتە ڕوو.

## چیرۆکی پیتەر، پاکستان

چیرۆک

پیتەر کوڕێکی گەنجە، هاوکاریی گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگایەکی مەسیحیدا لە کۆت لاخپات کردووە، کە ناوچەیەکی زۆرینە موسوڵمانە لە شاری لاهۆر، پاکستان. هەموو بەیانییەک، پیتەر ڕۆژەکەی بە سەیرکردنی ڕێوڕەسمێکی ئایینی دەست پێ دەکات کە لە لایەن مامۆستایەکی ئایینییەوە لە وێستگەیەکی تەلەفزیۆنی مەسیحی ناوخۆییەوە پێشکەش دەکرێت. پیتەر دەڵێت "کاتی زۆرم نییە بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز یان بەشداریی لە گرووپی خوێندنی کتێبی پیرۆز، بەڵام سەیرکردنی ئەم ڕێوڕەسمە ئایینییە ڕێگەیەکەی ناوازەیە بۆ من تا ڕۆژەکەم دەست پێ بکەم"

بەیانییەک، پەخشی کەناڵە مەسیحییەکە وەستا. سەرەتا پیتەر وای دانا کێشەیەکی تەکنیکی بێت. کاتێک هێشتا کەناڵەکە بۆ هەفتەیەک پەخشی نەدەکرد، پیتەر و کۆمەڵێک بینەری ئاسایی ناوچەکە ڕۆیشتنە لای مامۆستای ئایینی کەناڵەکە؛ پێی گوتن کەناڵەکە لە ناوچەکانی تردا پەخشی ئاسایی خۆی دەکات.

پاش لێکۆڵینەوە، بۆیان دەرکەوت کە مەلایەکی مزگەوتە ناوخۆییەکە لەگەڵ وەستایەکدا ڕێککەوتوون تا کێبڵی کەناڵەکە لە ناوچەکەدا ببڕن، لەبەر ئەوەی (زانا ئایینی)ە ناوخۆییەکە، بە کەناڵێکی ڕاگەیاندنی مەسیحییەتی دەزانی.

پیتەر گوتی "ئێستا دەتوانی وێنای بکەیت کە چەندە سەرمان سوڕماوە، ئێمە لە نزیکەوە لەگەڵ دراوسێ موسوڵمانەکانمان دەژین و هێشتاش هیچ کێشەیەکمان لەگەڵیاندا نییە".

گرووپەکە زانیان کە دۆخەکە هەستیارە، بۆیە پەیوەندییان بە ڕێکخراوێکی کاسۆلیکی نیشتیمانییەوە کرد بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری و زانیاریی. دوابەدوای ئەم ئامۆژگارییە، سەرەتا پەیوەندییان بە کارەباچییەکەوە کرد. ئەو هیچ لارییەکی لە چاککردنەوەی پەخشەکە نەبوو، بەڵام گوتی ئەو ناتوانێت دژی مەلاکە کار بکات. بۆیە گرووپەکە بڕیاریاندا گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا ئایینییەکەدا بکەن.

نوێنەری گرووپەکە زیاتر لە سێ کاتژمێر هەوڵی دا مامۆستا ئایینییەکە ڕازی بکات تا پەخشی کەناڵەکە چاک بکەنەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ڕۆژی دواتر، نوێنەرەکە دووبارە هەوڵی دایەوە و دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، ئازادیی ئایین یان باوەڕ و ئەو مافانەی لەڕێی دەستووری پاکستانەوە بە هەموو هاوڵاتییەک دەدرێن، لەگەڵ مامۆستا ئایینییەکەدا دوا. پاش ڕۆژێکی دووردرێژ لە بیرکردنەوەی ژیرانە، مەلایەکە بە چاککردنەوەی پەخشی کەناڵەکە ڕەزامەند بوو، بەڵام داوای کرد بینەرە مەسیحییەکان دەنگی بڵندگۆی تەلەفزیۆنەکەیان کەم بکەن لە کاتی نوێژی موسوڵماناندا، تاوەکوو دراوسێکانیان لە کاتی نوێژدا بێزار نەکەن.

پیتەر گوتی "ئێمە زۆر دڵخۆش بووین!" "هەرچەندە بۆ هەندێک کەس ئەوە تەنیا پەخشێکی تەلەفزیۆنییە، بەڵام بۆ ژیانی ئێمە وەک مەسیحییەک، بەشێکی زۆر گرنگە".

**سەرچاوەکان**

کۆمسیۆنی کاسۆلیکی گەشەپێدانی مرۆیی، پاکستان. ناوی پیتەر بە هۆکاری پاراستنی ئاسایش گۆڕاوە.

# دانیشتنی ٣

## فرەناسنامەییمان

### پێداچوونەوەی دانیشتنەکە

ئەم دانیشتنە لێکۆڵینەوەی ئەو پێکهاتە زۆرانە دەکات کە ناسنامەی ئێمە پێک دەهێنن و چۆنییەتی پەیوەندیداریی ئەو پێکهاتانە بە دەستکەوت و زیانەکان لە کۆمەڵگادا. تیشک دەخاتە سەر چەندان زیان کە هەندێک کەس ڕووبەڕووی دەبنەوە و بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ناسنامەکانیانەوە پەیوەستن- بۆ نموونە بەهۆی کەمینەی ئایینی و پێگەی کەمینەیی تر و ڕەگەز، تەمەن یان چین.

ناسمانەی ئایینی لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا وەک 'دابەشکار'ێکی سەرەکی تەماشا دەکرێت، بەڵام ئێمە چەندان ناسنامە و ئەزموونی ژیانی هاوبەشی ترمان هەیە. ڕاهێنانەکانی ئەم دانیشتنە ئەمە دەردەخات.

ئەمە دانیشتنێکی زۆر سەرنجڕاکێشە کە پشوویەک لە زانیاریی وەگیراو لەسەر بنەمای ئاگایی دەستەبەر دەکات. سەرنج دەخاتە سەر فێربوونی ئەزموونی، ئەمەش بە بەکارهێنانی چەندان ڕاهێنان بۆ یارمەتیی بەشداربووان لە بیرکردنەوە و فێربوون لە یەکترەوە.

### ئامانجەکانی فێربوون

ئەم دانیشتنە سەرنج دەخاتە سەر بڕەودان بە ڕەفتارە ئەرێنییەکان بەرانبەر بە 'ئەوی تر' هەروەها توانای ناسینەوەی دەستکەوت و زیانەکان.

لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا بەشداربووەکان:

- دان بەوەدا دەنێن کە ناسنامەی ئایینی تەنیا بەشێکی ناسنامەکەی خۆیانە و ئەوان ناسنامە و ئەزموونی ژیانیان هەیە کە لە سەرانسەری دابەشبوونە ئایینییەکاندا هاوبەشن.
- دەزانن ڕەهەندە جیاوازەکانی ناسنامەکانمان دەبێتە هۆی دەستکەوت و زیان، لە ئاکامدا هەندێک کەس ڕووبەڕووی چەندان زیان دەبنەوە یان چەندان دەستکەوت بەدەست دەهێنن.
- هاوسۆزی بەرانبەر ئەوکەسانەی بەهۆی ڕەهەندێکی ناسنامەکەیانەوە زیانیان پێ گەیشتووە، دەردەبڕن. هەروەها گرنگیی کۆبوونەوەی خەڵک لە سەرتاسەری دابەشبوونەکاندا تا گۆڕانکاریی دروست بکەن.

تێبینی

بیرت بێت کە واقیعییەتی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە بەندە لەسەر خاڵی دەستپێکی بەشداربووەکان- بۆ نموونە ئەگەر هەڵوێستی نەرێنی بەهێز بەرانبەر گرووپەکانی تر هەبێت. مەبەستی ئامانجەکانی فێربوون بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بوارانەیە وا ڕاهێنەرەکە تێیدا دەتوانێت بەدوای پێشکەوتندا بگەڕێت، ئەمەش دەربارەی ئاگایی و ڕەفتار و کارامەیی کرداریی بەشداربووەکان. ڕەنگە پێشکەوتن بە درێژایی کۆرسەکە پلە بە پلە ڕوو بدات، نەوەک لە یەک دانیشتندا.

## ناوەڕۆک و کاتی دانیشتنەکە

| | |
|---|---|
| **بەخێرهاتن** | ٢ خولەک |
| **ڕاهێنانی دەستپێک: دەفری بەخت**<br>یارمەتی بەشداربووان دەدات تا بیر لە پرسی نایەکسانی و یەکگرتوویی بکەنەوە. | ١٥ خولەک |
| **ڕاهێنانی گشتی: هەنگاوێک بۆ پێشەوە**<br>یارمەتی بەشداربووان بدە بۆ بیرکردنەوە لەوەی کێ بەهۆی جیاکارییەوە زەرەرمەند بووە، هەروەها پێشێلکارییەکانی تریش لە چوارچێوەی خۆیاندا. | ٤٥ خولەک |
| **وزەبەخش: هەمووان کورسییەکانیان دەگۆڕنەوە**<br>ڕاهێنانێکی جەستەیی تێیدا ئەو کەسانەی لەگەڵ وتەکاندا هاوڕان کورسییەکان دەگۆڕنەوە. | ١٠ خولەک |
| **ڕاهێنانی گشتی: ناسنامەی کۆمەڵایەتیمان**<br>یارمەتی بەشداربووان دەدات بیر لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ناسنامەکەیان بکەنەوە، هەروەها چۆنییەتی هاوبەشییپێکردنی چەندان ناسنامە لەگەڵ کەسانی باوەڕداری تر. | ٤٠ خولەک |
| **سەرنجەکانی کۆتایی: ناسنامەکان و باوەڕباوییەکان**<br>ئەم سەرنجانە پەیامەکانی ڕاهێنانەکانی پێشوو پێکەوە دەبەستێتەوە. | ٨ خولەک |
| **کۆی گشتی کات** | **٢ کاتژمێر** |

## ئامادە بە

بەگوێرەی ڕێنمایی لاپەرە ١٥ خۆت بۆ دانیشتنەکە ئامادە بکە، 'چۆن ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت'. بیرت بێت- تۆ گرووپەکەت دەناسیت! پێشوازیت لێ دەکرێت بۆ گونجاندن و گۆڕینی هەر پێکهاتەیەکی دانیشتنەکە بەگوێرەی پێویستییەکانی گرووپەکەت.

**سەرچاوەکان بۆ ئەم دانیشتنە**

سەرباری سەرچاوە سەرەکییەکانی هەر دانیشتنێک کە لە لاپەرەی ١٦دا ڕیزبەند کراوە، پێویستت بەم سەرچاوانەی خوارەوە دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەم دانیشتنە:

- پانتاییەکی کراوە یان ژوورێکی زۆر گەورە بۆ بەشداربووان تا بە ڕیزێک بە درێژایی یەک لاتەنیشت لە تەنیشت یەکترەوە بوەستن و ١٠ هەنگاو بەرەو لاتەنیشتێکی تری ژوورەکە بنێن.
- بڵاونامەکان بۆ ڕاهێنانی 'دەفری بەخت'.
- مەقەستێک بۆ هەر هەشت بەشداربوویەک (بۆ نموونە. سێ دانە بۆ گرووپێکی ١٧-٢٤ کەسی).
- کارتی چاپکراو و بڕدراوی کەسایەتییەکان (ڕاهێنانی هەنگاوێک بۆ پێشەوە).
- ڕێزبەندی وتەکان بۆ خوێندنەوە (ڕاهێنانی هەنگاوێک بۆ دواوە).
- ڕیزبەندی وتەکان بۆ خوێندنەوە (ڕاهێنانی هەمووان کورسییەکانیان دەگۆڕنەوە).

**دەتوانیت سەرچاوە هاوبەشەکان بۆ ئەم دانیشتنە لێرەدا بدۆزیتەوە.**

### ژوورەکە ئامادە بکە

ئەمە دانیشتنێکی زۆر چالاکە و پێویستی بە پانتاییەکی زۆر و ئەو کورسیانە هەیە کە بە ئاسانی دەجووڵێندرێن، بۆ نموونە پاڵیان پێوە بنرێت بەرەو دیوارەکە) کورسی زۆر هەیە کە ئاسان بێت بۆ جووڵەپێکردن- بۆ نموونە پاڵنانیان بە دیوارەکەدا. مێزەکان ڕێگاکە دادەخەن. دەست بە دانیشتنەکە بکە بە پاڵنانی کورسییەکان بۆ دواوە، بەم شێوەیەش بەشداربووەکان دەتوانن ئازادانە بە دەوری ژوورەکەدا بسووڕێنەوە.



'هەنگاوێک بۆ پێشەوە'

"هەنگاوێک بۆ پێشەوە باشترین ڕاهێنانە! لە ڕاستیدا دەری دەخات چۆن خەڵکی بەجێ دەمێنن و چۆن ناوزڕاندن و چەواشەکاری کاریگەریی بەسەر ژیانی کەسەکانەوە هەیە. ئێمە دوابەدوای ئەوە پێویستمان بە کاتی زۆر بوو بۆ گفتوگۆکردن."
**هەمام، ڕاهێنەر، ئوردون**

"لە ڕاستیدا ڕاهێنانی هەنگاوێک بۆ پێشەوە زۆر یارمەتی بەشداربووەکانی دا بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی هەندێک کەس لە دواوە جێ دەمێنن، هەرچەندە بە شێوەیەکی یەکسان زیرەکن و تواناداران و ماندوونەناسانە کار دەکەن. فراوانبووونی دابەشبوونەکان وێنایەکی بەرجەستە بوو لەوەی چۆن کۆمەڵگا بۆ قازانجی گرووپ و ڕەگەزە دەستکەوتدارەکان داڕێژراوە، هەرچەندە هەمووان بە یەکسانی لەدایک بوون."
**عیرفان ئەندازیار، ڕاهێنەر، هیندستان**

# وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە



کورتە باس

## ١. بەخێرهاتن    ٢ خولەک

**چی بگوترێت**

بەخێرهاتنی هەمووان بۆ دانیشتنەکە بکە و ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

بابەتی ئەم دانیشتنە 'فرەناسنامەییمان'ە، هەروەها مەبەستی دانیشتنەکە نەک تەنیا بۆ سەرنج خستنەر سەر بینینی دابەشبوونەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگاکەمانە، بەڵکوو بۆ لایەنە هاوبەشەکانیشمانە. دانیشتنەکە زۆر سەرنجڕاکێش دەبێت و چەندان گفتوگۆ و باس دەگرێتەوە.



ڕاهێنانی گشتی

## ٢. ڕاهێنانی دەستپێک: دەفری بەخت    ١٥ خولەک

**پێناسە**

بەشداربووان یەک خولەکیان هەیە بۆ برین و دڕاندنی وێنەیەک، بەڵام کەمترین بەشداربوو مەقەستی پێدەبێت.

**مەبەست**

ئەم ڕاهێنانە دەستپێکێکی خۆش و سەرنجڕاکێش بە دانیشتنەکە دەدات کە یارمەتی کەسەکان دەدات بۆ بیرکردنەوە لە خاڵە جیاوازەکانی دەستپێکی ژیانی کەسەکان و سوودی پاڵپشتیی و هاوسۆزیی. (وەک بیرخستنەوەیەکی دانیشتنی ١، وێنای مەنجەڵی شۆربا بۆ پیشاندانی مافەکانی مرۆڤ بەکار دێت.)

**سەرچاوەکان**

- یەک کۆپی وێنەی مەنجەڵی شۆربا بە هەر بەشداربوویەک بدرێت.
- یەک مەقەست بۆ هەر هەشت بەشداربوویەک.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت**    ٣ خولەک

کۆپییەکی وێنەی مەنجەڵی شۆرباکە بە هەر بەشداربوویەک بدە (یان وێنەی کێشراوی مەنجەڵەکە ئەگەر دەستت بە ئامێری چاپکردن نەگەشت). مەقەستەکە بە چەند کەسێکی کەم بدە (بۆ نموونە، یەک دانە بۆ هەشت کەس). ئەرکەکە بۆ بەشداربووەکان ڕوون بکەرەوە بەبێ ڕوونکردنەوەی مەبەستی ڕاهێنانەکە، بۆ نموونە وەک ئەمانەی خوارەوە.

> "کاتێک وشەی 'برۆ' دەڵێم، دەبێت بەهەر شێوەیەک بێت لە ماوەی ١ خولەکدا، مەنجەڵی شۆرباکە لە لاپەڕەکە دەربهێنیت. خەیاڵەکانت بەکار بهێنە و داهێنەر بە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک. کەمترین کەس لە ئێوە بەختی هەیە بۆ ئەوەی مەقەستی پێ بێت."

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت**    ١١ خولەک

بڵێ 'برۆ' و کات بۆ ١ خولەک ڕاگرە. کاتێک کاتژمێرەکە زەنگ لێ دەدات، بە هەمووان بڵێ بوەستن و مەجەڵی شۆرباکانیان بەرز بکەنەوە تا هەمووان ئەنجامەکانی یەکتر ببینن.

ستایشی هەمووان لە بەرانبەر هەوڵەکانیان بکە و پرسیار بکە:

- چۆن ئەرکەکەت چارەسەر کرد؟
- هەستت چۆن بوو کاتێک مەقەستت پێ نەبوو؟
- هەستت چۆن بوو یەکێک لەوانە بێت کە مەقەستیان پێیە؟
- کەس بیری لە داواکردن و قەرزکردنی مەقەستێک کردەوە؟ بۆچی؟ بۆچی نا؟

ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

- ڕاهێنانەکە ڕوونی دەکاتەوە کە خەڵکی لە هەموو جیهاندا و لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە چەندان خاڵی جیاوازی دەستپێکی ژیان لەدایک بوون. چەندان هۆکار دیاریی دەکەن داخۆ ژیانمان چۆن دەبێت- نەوەک تەنیا پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دایکوباوکمان. هەندێک کەس بەختیان هەیە کە بە دەستکەوتی جیاوازەوە لەدایک دەبن، لەگەڵ 'مەقەست'. هەندێک کەسیش بە پێچەوانەوە.

- هەندێکجار ئەو کەسانەی گرفتی دەستکەوتیان هەیە وا بیردەکەنەوە دەبێت بەو ڕۆڵ و پێگەیەی پێیان دەدرێت ڕازی بن، ئەمە بەبێ هەوڵدان بۆ قەرزکردنی مەقەستێک یان گۆڕینی شتەکان. هەروەها کەسە خاوەن دەستکەوتەکان هەمیشە بیر لە پێدانی دەستگەیشتن بە 'مەقەست' بەوانی تر دەکەنەوە.

- مافەکانی مرۆڤ دەربارەی ژیانێکی شکۆمەندن. ئاگایی زیاتر دەربارەی مافەکانی مرۆڤ دەتوانێت یارمەتیمان بدات تا جیاوازتر بیربکەینەوە. پێویست ناکات نادادپەروەری پەسەند بکەین و بەو ڕاستییە فریو بخۆین کە ئێمە مەقەستمان نییە. دەتوانین داوای 'مەقەست' بکەین! هەروەها مافەکانی مرۆڤ دەتوانن یارمەتی خاوەن دەستکەوتەکان بدەن بۆ پاڵپشتی مافی ئەو کەسانەی خاوەن دەستکەوت نین.

### چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت ٢ خولەک

بە وتنی ئەوەی لە دانیشتنەکانی داهاتوودا، بیر لەوە دەکەینەوە کێ خاوەن دەستکەوتە و کێ ڕووبەڕووی نادادپەروەری دەبێتەوە لە کۆمەڵگاکەماندا، کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنە. خۆشبەختانە، ئەمە یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ بیرکردنەوە لەوەی دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن ژیانێکی شکۆمەندانە بژین و دەستیان بە 'مەنجەڵی شۆربا' – مافە مرۆییەکانمان بگات.

تێبینی

دەکرێت ئەم ڕاهێنانە کەمێک درێژتر بکرێتەوە ئەگەر تۆ دانیشتنێکی درێژتر ئەنجام بدەیت. پێش کۆتاییهێنان، دەرفەتی دووەم بە گرووپەکە بدەرەوە بۆ ئەوەی دیسانەوە ڕاهێنانەکە بکەنەوە. ئەم جارەیان دەتوانن خولەکێک بۆ گفتوگۆ دەربارەی چۆنییەتی هاریکاریکردن تەرخان بکەن، پێش ئەوەی خولەکێک بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنانەکە بەسەر بەرن. پرسیاریان لێ بکە داخۆ هەستیان بۆ هاریکاری چۆنە. سەرنج لەسەر ئەوە بدە کە ئەگەر بۆ هەمووان ئاسایی بێت پێکەوە کار بکەن، دەتوانین دەرفەتی دووەم بۆ کۆمەڵگاکەی خۆمان و بۆ خۆمان بونیاد بنێین. بیرت بێت، ئەگەر دەتەوێت ئەمە بکەیت ئەوا دوو جار ژمارەی بڵاونامەکان چاپ بکە!



ڕاهێنانی گشتی

## ٣. ڕاهێنانی گشتی: هەنگاوێک بۆ پێشەوە ٤٥ خولەک

### پوختە

لەم ڕاهێنانە سادەیەی ڕۆڵگێڕاندا، بەشداربووان خۆیان دەخەنە جێی ئەو کەسایەتییەی پێیان دەدرێت، هەروەها ئەگەر کەسایەتییەکەیان بەو وتەیە ڕازی بوو کە ڕاهێنەرەکە دەیخوێنێتەوە، ئەوا هەنگاوێک بۆ پێشەوە دەنێن. هەر کە بۆشاییە جەستەییەکە لەنێوان بەشداربووان فراوان دەبێت، ئەو سوود و زیانانەی وا ڕووبەڕووی گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەبنەوە، ئاشکرا دەبێت.

### مەبەست

- بۆ هاوکاریی بەشداربووان تا گرنگیی مافەکانی مرۆڤ/ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ کەسانی باوەڕدار و بێباوەڕ بەرز بنرخێنن، ئەمەش بە خۆخستنە شوێنی ئەو کەسانەی پاشخانی جیاوازیان هەیە.

- بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی سەبارەت بەو ئاڵنگارییانەی کە کەسانی سەر بە ئایین یان باوەڕەکانی تر لە ژیانی ڕۆژانەیان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

- بۆ دەرخستنی ئەوەی چۆن ئایین/باوەڕ و ناسنامەکانی تری وەک ڕەگەز و چینەکان، دابەش دەبن، بەم شێوەیەش هەندێک کەس ڕووبەڕووی چەندان زیان دەبنەوە.

### سەرچاوەکان

- شوێنێک/ژوورێکی گەورە بۆ بەشداربووان تا بە ریزێک لە تەنیشت یەکترەوە بوەستن بە درێژایی دیوارێک، نزیکەی ١٥ هەنگاوی بچووک بۆ پێشەوە و ڕووەو لایەکەی تری ژوورەکە بنێن.
- کارتی چاپکراوی کەسایەتییەکان بدرێت بە بەشداربووان.
- ریزبەندی وتەکان بۆ خوێندنەوە.

**کەسایەتی و وتەکان بۆ ئایینەکەی خۆت لێرە بدۆزەرەوە**

## ئامادەکاری پێشوەختە

بەم شێوەیەی خوارەوە کارتی کەسایەتییەکان و وتەکان ئامادە بکە:

- کۆمەڵێک کارت و وتەی سەرەکی وەک خاڵی دەستپێک هەڵبژێرە. کۆمەڵێک کەسایەتی و وتەی سەرەکی بۆ ژمارەیەک لە چوارچێوەی ئایینی لە بابەتەکاندا بۆ هابەشی دانیشتنەکە بەردەستن. ئەو کۆمەڵەیە هەڵبژێرە کە پەیوەندیدارە بە چوارچێوەی جوگرافی و کولتووری تۆوە.

پاشان:

- هەڵبژێرە کام کەسایەتییە بەکاردێنیت: لە هەر کۆمەڵەیەکی سەرەکی نزیکەی ٣٠ کارتی کەسایەتی بۆ تۆ دەستەبەرکراوە تا دەستکاریان بکەیت و چاپیان بکەیت. بۆ هەر بەشداربوویەک پێویستت بە یەک کارتی کەسایەتی دەبێت. هەروەها بەگوێرەی زۆرترین هاوشێوەیی و جیاوازی کەسایەتییەکان ئەو کارتە هەڵبژێرە کە بەکاردێت. دەتوانرێت ڕێنوێنی زیاتر لەمەڕ چۆنییەتی دەستنیشانکردن و گونجاندنی کەسایەتییەکان لە بەڵگەنامەکاندا بدۆزرێتەوە.

- هەڵبژێرە کام وتەیە بەکاردێنیت: پێویستت بە ١٢-١٥ وتە دەبێت بۆ خوێندنەوە. وتەکان لە ریزبەندی پێوانەکراو دەستنیشان بکە بەگوێرەی پەیوەندیداریی بە چوارچێوەی وڵاتەکەتەوە.

## چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت    ٨ خولەک

- ڕوونی بکەرەوە کە ئێمە ئێستا بیر دەکەینەوە لەوەی کێ لە کۆمەڵگاکەماندا سوودمەند و زیانپێگەشتووە و چۆن ئەوە کاریگەری بەسەر ژیانیانەوە هەیە.

- ڕوونی بکەرەوە گرووپەکە ڕاهێنانێکی سادەی ڕۆڵگێڕان بە بەرچاو هەمووانەوە بکات. هەمووان کەسایەتییێکیان پێ دەدرێت. پێویستە هەموویان لە لایەکی ژوورەکە ریزبن. تاکە شت کە بیکەن ئەوەیە هەنگاوێک بۆ پێشەوە بنێن، هەڵبەت ئەگەر پێیان وابوو کەسایەتییان لەگەڵ ئەو وتەیەی تۆ دەیخوێنیتەوە دەگونجێت.

- هەڕەمەکیانە کەسایەتییەکان دابەش بکە و داوایان لێ بکە کەسایەتییەکانیان بە نهێنی بهێڵنەوە. گرنگ نییە ئەگەر پیاوێک کەسایەتی ژنێک وەربگرێت یان بە پێچەوانەوە.

- چەند خولەکێک بۆ یارمەتیدانی بەشداربووەکان تەرخان بکە بۆ ئەوەی کەسایەتییەکە وەربگرن لەڕێی داواکردن لێیان کە بە کورتی بیر لەو پرسیارانەی خوارەوە بکەنەوە.وێنای بکە تۆ ئەو کەسایەتییەی لەسەر کارتەکەت هەیە:
  - ژیانی منداڵیت چۆن بوو؟
  - ژیانی ڕۆژانەت چۆنە- لە ڕۆژێکی ئاساییدا چی دەکەیت، لەگەڵ کێ تێکەڵ دەبیت، داهات و شێوازی ژیانت چۆنە؟
  - لەچی دەترسیت و هیوا بۆ چ شتێک دەخوازیت؟

## چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت    ٣٥ خولەک

- **ڕۆڵگێڕان**    (١٥ خولەک)

داوا لە بەشداربووان بکە بەهێڵێکی ڕاست لە لایەکی ژوورەکە لە تەنیشت یەکترەوە بوەستن. پێیان بڵێ کە ژمارەی وتەکان دەخوێنیتەوە. ئەگەر وا بیردەکەنەوە ڕۆڵەکانیان/کەسایەتییەکانیان لەگەڵ وتەکەدا دەگونجێت، ئەوا دەبێت هەنگاوێک بۆ پێشەوە بنێن. ئەگەر کەسایەتییان لەگەڵ وتەکەدا ناساز بوو، ئەوا لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە.

پێداگریی بکە لەوەی مەبەستی یارییەکە تەنیا هەنگاونان بۆ پێشەوە نییە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە تا بکرێت لەگەڵ ژیانی کەسایەتییەکەت ڕاستگۆ بیت. بەشداربووان لە ماوەی ڕاهێنانەکەدا ڕێگەیان پێ نادرێت قسە بکەن. و
تەکان بە دەنگی بەرز بخوێنەوە، یەک دانە لە کاتی خۆیدا. پاش هەر وتەیەک، بوەستە تا بەشداربووەکان کاتیان بۆ بیرکردنەوە هەبێت داخۆ کەسایەتییان بۆ پێشەوە دەچێت. پاش ئەوەی هەموو وتەکان دەخوێنیتەوە، ساتێک بە بەشداربووەکان بدە بۆ ئەوەی سەرنجی پێگەکانیان لە ژوورەکەدا بەراورد بە ئەوانی تر بدەن ، پێ ئەوەی بڵێن پێشتر کێ بوون.

- **گفتوگۆی گشتی** (٢٠ خولەک)

داوا لە بەشداربووەکان بکە بەم شێوەیەی خوارەوە پرسیار بکەن. (بۆ هەر پرسیارێک یەک یان دوو وەڵام وەربگرە، بۆ دڵنیایی لەوەی کاتی تەواوت بۆ دوو پرسیاری کۆتایی دەبێت).

– لە ماوەی ڕاهێنانەکەدا چی ڕوویدا؟
– هەستت بەچی کرد کاتێک هەنگاوت بۆ پێشەوە نا یان کاتێک نەتتوانی بۆ پێشەوە هەنگاو بنێیت؟
– هەستت بەچی کرد کاتێ زیادبوونی دابەشبوونی نێوان کەساکانت دەبینی؟
– ئایا ئاسان بوو یان قورس بوو ڕۆڵەکەت بگێڕیت- بۆ ئەوەی خۆت بخەیتە شوێنی ئەوکەسە؟
– هیچ کاتێک هەبوو هەست بکەیت سەرەتاییترین مافە مرۆییەکانت پشتگوێخراون، لەوانەش؛ ئازادیی ئایین یان باوەڕ؟ کەی؟

داوا لە هەمووان بکە باسی بکەن پێشتر کەسایەتییان چۆن بووە.

– ئایا پێگەی پەیوەندیداری ئێمە لە ژوورەکەدا ڕەنگدانەوەی واقعی نایەکسانییە لە کۆمەڵگاکەماندا؟ کێ بەجێ ماوە- ژنان- کەمینەکان، کەسانی هەژار؟
– ئایا ئەمە چ دەرەنجامێکی لەسەر ژیانی کەسەکان هەیە؟

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت** ٢ خولەک

بە وتنی ئەوەی پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێن ئێمە بە ماف و شکۆمەندیی یەکسان لەدایک بووین- کە هەموومان لە هەمان خاڵەوە دەست پێ دەکەین، کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنە. بەڵام نکۆڵیی لەسەر بنەمای یەکسانی ئێمە، بۆ نموونە، لەسەر ناسنامەی ئایینی و باوەڕی ئێمە، پێگەی کۆمەڵایەتیمان یان ئەوەی ئێمە ژنین یان پیاوین، کاریگەریی گەورەی بەسەر ژیانی ئێمەوە هەیە هەر لەو ساتەوەی لەدایک دەبین. زۆر کەس بەجێ دەمێنن و چەقبەستوو دەبن.

## ٤. وزەبەخش: هەمووان کورسییەکان دەگۆڕنەوە ١٠ خولەک



ڕاهێنانی گشتی

### پێناسە

ئەگەر بەشداربووان لەگەڵ ئەو وتەیەی ڕاهێنەرەکە دەیخوێنێتەوە کۆک بوون، ئەوا کورسییەکان دەگۆڕنەوە.

### مەبەست

بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وزە، ئەمە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی ببینین لە هەموو دابەشبوونەکاندا هێشتا شتی هاوبەشمان هەیە.

### ئامادەکاریی پێشوەختە

ڕیزبەندی وتەکان بۆ خوێندنەوە ئامادە بکە، بەگوێرەی گرووپەکەت ڕیزبەندەکەی خوارەوە بگونجێنە.

### چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت

داوا لە هەمووان بکە بە شێوەیەکی بازنەیی دابنیشن. بڵێ کە پێش ئەوەی دەست بە دانیشتنێکی گرنگتر بکەین، بە ڕاهێنانێکی خۆش و خێرا دەست پێ دەکەین. بڵێ کە تۆ وتەکان دەخوێنیتەوە و هەرکەسێک کۆک بوو، دەبێت کورسییەکان بگۆڕێتەوە.

### تێردب ماجنەئ ەکەنانێهاڕ نۆچ

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

- هەرکەسێک حەزی بە خواردنی (خواردنی ناوخۆیی بەناوبانگ لە هەموو کۆمەڵگاکان) هەیە، کورسییەکان بگۆڕێتەوە.
- هەرکەسێک حەزی بە (ژەنیاری بەناوبانگ لە هەموو کۆمەڵگاکان) هەیە، کورسییەکان بگۆڕێتەوە.
- هەرکەسێک حەزی بە (تیمی وەرزشی ناوخۆیی بەناوبانگ لە هەموو کۆمەڵگاکان) هەیە، کورسییەکان بگۆڕێتەوە.
- هەرکەسێک کە سەیری (بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەناوبانگ لە هەموو کۆمەڵگاکان) دەکات، کورسییەکان بگۆڕێتەوە.
- هەرکەسێک حەز بە تیشکی خۆر دەکات، کورسییەکان بگۆڕێتەوە.
- هەرکەسێک دڵخۆش دەبێت کاتێک باران دەبارێت، کورسییەکان بگۆڕێتەوە.
- هەرکەسێک حەز دەکات لە کۆمەڵگایەکی ئاشتییانەدا بژی کە هەموومان یەکتر قەبووڵ بکەین، کورسییەکان بگۆڕێتەوە.

### چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت

سوپاسی هەمووان بکە بۆ بەشدارییان و بڵێ کە وا دیارە هەموومان شتی هاوشێوەمان لەگەڵ یەکتردا هەیە- لەوانەش؛ هەندێک خەونی هاوشێوە.

گفتوگۆی گشتی

## ٥. ڕاهێنانی گفتوگۆ: ناسنامەی کۆمەڵایەتییمان ٤٠ خولەک

### تسەبەم

بۆ هاوکاریی کەسەکان تا هاوبەشییەکانیان لەگەڵ ئەو کەسانە ببینن کە ناسنامەی ئایینی/باوەڕیی جیاوازیان هەیە، هەروەها بیرکردنەوە لە چۆنییەتیی پەیوەستیی ناسنامەکان بە لاوازییەکانەوە.

**سەرچاوەکان**

- پەڕەی پێشکەشکردن کە ڕیزبەندی ١٠ ناسنامە بکات.
- سڵایدی ٣ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکە، یان پێکهاتەکانی لەسەر پەڕەی پێشکەشکردن نووسرابن.

### ئامادەکاریی پێشوەختە

- **١٠ ناسنامە هەڵبژێرە و پەڕەی پێشکەشکردن ئامادە بکە کە ناسنامەکانی تێدا ڕیزکرابێت**

hئەم ڕیزبەندییەی خوارەوە ١٥ ناسنامە دەگرێتەوە کە ڕەنگە خاوەنیان بین. ١٠ دانە لەوانە بۆ بەشداربووەکانت هەڵبژێرە تا گفتوگۆی بکەن، لەسەر بنەمای ئەوەی کامەیان زۆر پەیوەندیدار و گرنگە تا گرووپەکە بیری لێ بکەنەوە. دڵنیابەرەوە لەوەی هەندێک ناسنامەی 'کەیف و خۆشی' وەک وەرزش و مۆسیقا لە ڕیزبەندەکەتدا بن بۆ ئاسانکردنی گفتوگۆیەکە و دەستەبەرکردنی جێگرەوەی 'سەلامەت' بۆ کەسەکان تا باسی بکەن، لەو کاتانەی پرسیارەکانی گفتوگۆکە زۆر هەستیارن. هیچ ناسنامەیەک وەرمەگرە کە ببێتە هۆی دواخستنی پرۆسەکە و ببێتە هۆکاری مشتومڕ- پرسەکانی مشتومڕ مەبەستی ئەم ڕاهێنانە نین.

**ناسنامەکان**

– ئایین یان باوەڕ
– ڕەگەز
– یاری تۆپی پێ یان هەر وەرزێشکی تر تۆ پاڵپشتی بکەیت
– نەژاد/ ڕەچەڵەک
– نەتەوە
– ئارەزووی مۆسیقا
– ڕەوشی خێزان
– ئاستی پەروەردەیی
– خولیا
– چین/پێگەی دارایی
– ڕێکخستەی کۆمەڵایەتی
– تەمەن
– زمانی یەکەم
– ئاراستەی زایەندی
– تەندروست/خاوەنپێداویستی تایبەت

- **پێداویستیی بینراو ئامادە بکە**

لەسەر پەڕەی پێشکەشکردنەکە، ئەو ١٠ ناسنامەیە بنووسە کە هەڵتبژاردووە. ئەگەر پاوەرپۆینت بەکار ناهێنیت، ئەوا پەڕەی پێشکەشکردنی تر ئامادە بکە کە پرسیارەکانی گفتوگۆی سلایدی ٣ی پاوەرپۆینتەکە بگرێتەوە.

## چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت ٤ خولەک

- داوا لە بەشداربووەکان بکە ببنە تیمی دوو کەسی و کەمێک لە گرووپە دوو کەسییەکانی تەنیشتیان دوور بکەونەوە. ئەگەر بتوانن دابنیشن ئەوا باشترە، بەڵام گرنگ نییە.

- ناساندنی ڕاهێنانەکە بە ڕوونکردنەوەی ئەمانەی خوارەوە: زۆر جار، ئێمە سەرنج دەخەینە سەر ئەو شتانەی جیامان دەکەنەوە، بۆ نموونە کاتێک بیر لە ئایین دەکەینەوە، بیر لە 'ئەوان' دەکەینەوە- خەڵکانی سەر بە ئایینەکانی تر، وە 'ئێمە' – ئەو کەسانەی هەمان باوەڕ و نەریتی منیان هەیە. دەکرێت ناسنامە ئایینییەکان زۆر بەهێز بن. بەڵام هەریەک لە ئێمە چەندان ناسنامەی هەیە کە پێمان دەڵێت ئێمە کێین- بۆ نموونە ئاخێوەری (زمانی ناوخۆیی) بین، خەڵکی (پارێزگا)یەک بین یان هاندەرێکی بەپەرۆشی (یانەیەکی تۆپی پێ) بین! ئێمە ئێستا ڕاهێنانێک ئەنجام دەدەین کە یارمەتیمان دەدات بیر لە ناسنامە جیاوازەکانمان بکەینەوە و چۆنییەتی پەیوەستییان بە ناسنامەی کەسانی ترەوە.

  ١٠ ناسنامەکە و پرسیارەکانی گفتوگۆ لە پەڕەی پێشکەشکردن/پاوەرپۆینتەکە سلایدی ٣، بخوێنەوە.

## پرسیارەکانی گفتوگۆ

- کام بەشەی ناسنامەکەت بەهێزترین کاریگەری لەسەر چۆنییەتی تێگەیشتن لە خۆت هەیە؟
- کام بەشەی ناسنامەکەت بەهێزترین کاریگەری لەسەر چۆنییەتی تێگەیشتنی ئەوانی تر لەسەر تۆ هەیە؟
- بۆ کام بەشەی ناسنامەکەت هەست دەکەیت زۆرترین جار ڕووبەڕووی زیان دەبیتەوە یان دەستکەوتت دەبێت؟

## چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت ٣٥ خولەک

- **بیرکردنەوە!** (٥ خولەک)

داوا لە هەمووان بکە ٥ خولەک تەرخان بکەن بۆ بیرکردنەوە بە تەنیا، لەبارەی ناسنامەکانیان و چۆنییەتی وەڵامدانەوەیان بۆ پرسیارەکانی سەر شاشەکە.

- **تیمی دوو کەسی ي** (١٠ خولەک)

داوایان لێ بکە دوو بە دوو بۆ ماوەی ١٠ خولەک گفتوگۆی پرسیارەکان بکەن. پێداگری بکە لەوەی هیچ کەسێک پێویستی بە وتنی شتێک نییە کە هەست بکات زۆر تایبەت بێت- دەبێت تەنیا باسی ئەو شتانە بکەن کە بە وتنیان هەست بە ئارامی دەکەن.

- **باسکردن** (٢٠ خولەک)

هەمووان بهێنەوە ناو گفتوگۆ گشتییەکە. داوایان لێ بکە لەگەڵ گرووپەکە باسی بیرکردنەوەکانیان بکەن. هەموو باسکردنەکان خۆویستانەن! دڵنیابە لەوەی لەم گفتوگۆ زۆر کەسییەدا پارێزگاری لە گوێگرتن دەکەیت، لە کاتێکدا ئاساییە هەندێک کەس وەڵامی چیرۆکەکانی ئەوانی تر بدەنەوە بە باسکردن لە هەست و ئەزموونەکانی خۆیان، بەڵام مەهێڵە کەس ڕەخنەی ئەزموونی ئەوانی تر بکات.

## چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت ٢ خولەک

سوپاسی هەمووان بکە بۆ باسکردنی بیروڕاکانیان و بڵێ هیوا دەخوازیت ڕاهێنانەکە یارمەتیدەریان بووبێت بۆ بیرکردنەوە لە لایەنە زۆر جیاوازەکانی ناسنامەکانیان!

پێشکەشکردن

## ٦. سەرنجەکانی کۆتایی: ناسنامە و باوەڕباوەییەکان ٨ خولەک

**پێناسە**

سەرنجەکانی کۆتایی ئەم دانیشتنە لە شێوەی پێشکەشکردنێکی بچووکدان کە بابەتە جیاوازەکانی فێربوون لە ڕاهێنانی دانیشتنەکانەوە کۆ دەکاتەوە. پێشکەشکردنەکە چەند تیۆرییەک و چیرۆکی پێشەنگەکان دەگرێتەوە.

**مەبەست**

بۆ پێداگریی لە خاڵە سەرەکییەکانی دانیشتنەکە: ئەوەی هەمووان ناسنامەی جیاوازیان هەیە و لەسەر بنەمای ئەو ناسنامانە، دەکرێت ڕووبەڕووی سوود و زیان ببنەوە، هەروەها ئەوەی گرنگە، 'ئەوی تر' وەک بوونی ناسنامەیەکی تاکەکەسی کە پێناسەی هەموو شتێک لەبارەیانەوە بکات، نەبینین.

**سەرچاوەکان**

- دەتوانرێت نووسراوی سەرنجەکانی کۆتایی لە لاپەڕە ٧٥ی ئەم ڕێنوێنییەدا بدۆزرێتەوە.
- نووسراوەکە لەگەڵ سلایدی چواری دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا هاوتایە، هەروەها لە تێبینی ئاخێوەرەکە بۆ ئەم سلایدانە هاتووە.
- نموونەیەکی وۆردی نووسراوەکە لە سەرچاوە هاوبەشەکانی ئەم دانیشتنەدا بەردەستن.

**ئامادەکاریی پێشوەختە**

بخوێنەرەوە و ئەگەر ویستت، سلایدەکانی پاوەرپۆینت و نووسراوەکە یەک بخە (یان پەڕەی پێشکەشکردن بۆ خاڵە سەرەکییەکان لەسەر سلایدەکان دروست بکە). ڕاهێنان بۆ پێشکەشکردنەکە لەگەڵ سلایدەکان/ پەڕەکانی پێشکەشکردن بکە.

**سەرچاوەکان**

دەفری بەخت: لە ڕاهێنانی ئەستێرەوە یەکخراوە: جۆرج لایکی، ڕاهێنەریی فێرکاریی گرووپ. ل ١٠٩

هەنگاوێک بۆ پێشەوە: لە ڕێبەری کۆمسیۆنی ئەورووپا و پەروەردە بۆ بابەتەکانی ڕاهێنانی ئاشتی
www.educationforpeace.com/english/forb.php

ناسنامەی کۆمەڵایەتیمان: لە چەرخی ناسنامەی کۆمەڵایەتییەوە یەکخراوە، بەرنامەی وانەوتنەوەی گشتگیری زانکۆی میشیگن
https://sites.lsa.umich.edu/inclusive-teaching/social-identity-wheel/

# نووسراوی پێشکەشکردن

ناسنامە و باوەڕباوییەکان

نووسراوی لێدوانەکانی کۆتایی دانیشتنی ٣ لە سلایدەکانی ٤-١٣ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا خراوەتە ڕوو.




لەم دانیشتنەدا، لێکۆڵینەوەمان لە چۆنییەتی کاریگەریی ناسنامە جیاوازەکانمان لەسەر بینینی خۆمان ئەوانی تر و چۆنییەتی مامەڵەمان لەگەڵ یەکتردا کردووە. هەروەها بیرمان لەو ناسنامە زۆرانە کردووەتە کە هەریەکەمان هەیەتی و چۆنییەتی هاوبەشیان لە سەرانسەری سنوورە ئایینییەکاندا. ژنانی هیندۆس موسوڵمان و ناموسوڵمان چەندان زیان و ئاڵنگاریی هاوشێوەیان هەیە، هەر وەک بوودایی، مەسیحی جولەکە خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان، یان کەسانی سەر بە هەر باوەڕێک کە پەروەردەیەکی باشیان نەگەیشتووە. ئێمە هاوبەشی و جیاوازیشمان هەیە.

---




زۆر جار ناسنامە ئایینییەکان بۆ دابەشبوونی نێوانمان بەکاردێن. دەکرێت ئەمە ببێتە هۆکار تا ئێمە تێڕوانینی ناسنامەی تاکەکەسیمان بۆ کەسانی کۆمەڵگاکانی تر هەبێت- جولەکە، موسوڵمان، بوودایی و هتد..، وەک ئەوەی هەموو ئەوانەی خاوەن ئەو ناسنامەیەن، بە هەمان شێوە بیریان کردبێتەوە و هەستیان کردبێت یان مامەڵەیان کردبێت.

ئەوە شتێکی باو و ئاساییە کە خەڵک بە باوەڕباوییەکان یەکتر ناوزەند بکەن. زۆر جار، ئێمە بە ئاگاییەوە یان نائاگاییانە گریمانە دەکەین کە لە بنەڕەتدا کەسانی ناسنامەیەکی دیاریکراوی ئایینی یان باوەڕی، هەمان شتن. بێ گوێدانە تەمەن، ڕەگەز، چین، نەتەوە یان تێڕوانینی سیاسی و بێگوێدانە ئەوەی ئەوان پابەندن بە کارپێکردن و باوەڕیانەوە.

---




هەروەها ڕوانگەی ئێمە بۆ کەسانی تر وەک ئەوەی بەگوێرەی ئایینەکەیان پێناسە کرابێت و ئەو گریمانەیەی هەموو شتێکی تر دەربارەیان بەگوێرەی ئەوە دیاریی دەکرێت، باو و ئاساییە. بۆیە ئەگەر کەسێک لە گرووپەکە هەڵەیەک بکات، ئەوا بەهۆی ئەوەوەیە کە ئایینەکەیان داکۆکیی لە شتە خراپ و دزێوەکان دەکات.

---




کاتێک خەڵکی کۆمەڵگا جیاوازەکان پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا نییە، ئەوا گریمانەی 'ئەوی تر' بە تەواوە لە 'ئێمە' جیاوازە، ئاسان دەبێت- ئەوەی کە 'ئەوان' بەرژەوەندیی، پێویستی، بەها و هەستی جیاوازیان 'ئێمە' هەیە. بەپێی ئەوە، ڕەنگە وادابنێین ئەوان هیچ تێڕوانینێک و ژیرییەکیان نییە کە بتوانین لێیانە فێربین، یان تەنانەت دەکرێ وەک کەسێکی کەمتر لە ڕووی کولتوور و ئەخلاقەوە لێیان بڕوانین.

---



ئەگەر لە بری ئەوە، ئەو کەسانەی سەر بە گرووپەکانی تری کۆمەڵگان وەک مرۆڤی تەواو ببینین- کە چەندان ناسنامە و ئەزموونی ژیانیان هەیە (کە زۆرێکیان لەگەڵ ئێمە هاوبەشن)- ڕەنگە بتوانین بە شێوازی نوێ یەکتر بەرز بنرخێنین و هاوسۆزیی بنوێنین و یەکتر بناسێنین، هەروەها ڕێگای نوێ بۆ بەزاندنی سنوورەکان و بونیادنانی پەیوەندی بدۆزینەوە.

هەندێک ناسنامە دەبنە هۆی زیانگەیاندن لە کۆمەڵگادا، هەندێکی تر دەستکەوتمان پێ دەبەخشن. پێزانین لە ئاست دەستکەوتەکانمان، یارمەتیمان دەدات تا بزانین کەی دەبینە بەشێك لەو کێشەیەی دەبێتە هۆکاری زیانگەیاندن بەوانی تر. هەروەها ناسینی فرە ناسنامەییمان یارمەتیدەرمان دەبێت تاوەکوو ئەگەر و دەرفەتەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو زیان و جیاکارییانە ببینین کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، هەروەها بۆ پشتگیری یەکتر کاتێک ڕووبەڕووی جیاکاری دەبینەوە.

## چیرۆکی پێشەنگەکان



سامح، پیاوێکی گەنجی مەسیحی، هەروەها هانا، ژنێکی گەنجی مەسیحی، دانیشتووی گوندی حیجازن لە پارێزگای قانا لە میسر. ئەوان کار بۆ شکاندنی سنوورەکانی نێوان کۆمەڵگا مەسیحی و موسوڵمانەکان لە گوندەکەدا دەکەن.

هانا دەڵێت،

"ئەو منداڵانەم دەبینی کە ڕەتیان دەکردەوە لە تەنیشت یەکتر دانیشن یان تێکەڵی یەکتر ببن، چونکە ئایینەکانیان جیاواز بوو"

سامح دەڵێت'

"هەستم کرد ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گرفتە پێکەوە، هەروەها هەوڵدان بۆ گۆڕینی دیدگایان بەیەکەوە ئاسانتر بێت. ئێمە دەمانەویست منداڵانی ئەم ناوچەیە ببنە تۆوی گۆڕانکاری."

---



ئەوان تێگەیشتن کە منداڵەکان دەیانەوێت یاری تۆپی پێ بکەن، بەڵام تەنیا شوێنی باش بۆ یاری تۆپی پێ لە گۆڕەپانی دەرەوەی کڵێسای کاسۆلیکی بوو. دوو کەس پەیوەندییان بە قەشە ناوخۆییەکەوە کرد، باوکە فرانسس، کە زۆر پشتگیریی کردن و بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکان هاوکاری کردن.

ئەو دەڵێت،

"لە ڕاستیدا ئێمە پێویستیمان بەو دەستپێشخەرییە بوو کە ئێستا هانا و سامح لە گوندەکەدا ئەنجامی دەدەن، هیوا دەخوازین ئەمە بە هەموو گوندەکاندا بڵاو بێتەوە."

---



لە سەرەتادا منداڵە موسوڵمانەکان نەیاندەویست بڕۆنە ئەوێ، بەڵام لە کۆتاییدا هەموویان شوێن ڕێبازی هانا کەوتن.

هانا دەڵێت "بە هێواشی بەڵام بە دڵنیایی، هەوڵمدا منداڵەکان تێکەڵ بکەم". یەکەم کاردانەوەیان ڕەتکردنەوە بوو، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو، دەستیان کرد بە پێکهێنانی گرووپی نوێی تێکەڵاو."

هانا و سامح دایک و باوکی منداڵەکانیان بۆ سەیرکردنی چالاکیی گرووپەکە بانگهێشت کرد. بە زۆری دایکان یەکەم کەس بوون وەڵامی ئەرێنیان بەرانبەر بینینی شێوازی تێکەڵبوونی منداڵەکان دەدایەوە.

سامح دەڵێت،

"پێویستیمان بە گۆڕانکارییە، گۆڕانکارییش لە باوەڕبوون بە بیرۆکەیەکەوە دەست پێ دەکات"

هاناش دەڵێت،

"ئێمە دوو نموونەی زیندووین، هەرچەندە ئێمە لە دوو ئایینی جیاوازین بەڵام پێکەوە کار دەکەین. ئێمە تەواوکەری یەکترین و یەک ئامانجی هاوبەشمان هەیە. ئامانجی ئێمە منداڵەکانن."

## دەرەنجام

لە کۆتایی ڕۆژەکەدا، هەموومان دەمانەوێت شۆربای ژیان بەتام و چێژ بێت! ئێمە هەموومان سەر بە هەمان خێزانی مرۆڤین و هەمان پێویستی بنەڕەتیی و مافمان هەیە. کاتێک پێکەوە بۆ مافی هەمووان کار دەکەین، زۆر کاریگەرتر دەبین.

لە دوو دانیشتنی داهاتوودا، زیاتر لەبارەی پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕەوە فێر دەبین و هەوڵ دەدەین نەخشەی ئەوە بکێشین داخۆ ئەم مافانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا چۆن دەردەکەون. خۆشبەختانە ئەو ئاگاییە یارمەتیمان دەدات بۆ هەنگاوی داهاتوو تا ببینە پێشەنگی ناوخۆیی.

**سەرچاوە**

لێرە دەتوانیت فیلمی هانا و سامح لە یوتیوب بدۆزیتەوە کە چیرۆکەکانیان بە ژێرنووسی عەرەبی و ئینگلیزی دەگێڕنەوە What is your story? Egypt هانا لە کارەساتی ڕووداوی ئوتومبێل لە ٢٠١٩ گیانی سپارد.

# دانیشتنی ٤

## پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ

### پێداچوونەوەی دانیشتنەکە

ئەم دانیشتنە جۆرە جیاوازەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بە بەشداربووان دەناسێنێت، هەروەها ئەوەی چۆن کەسانی باوەڕدار و بێباوەڕ لە بەشە جیاوازەکانی جیهانەوە کاریگەر دەبن. هەروەتر توانای بەشداربووان بەهێز دەکات بۆ دەستنیشانکردنی پێشێلکارییە ئاساییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ کە ڕەنگە ڕووبەڕوویان ببنەوە.

ئەم دانیشتنە بە پێشکەشکردنێکی ٢٠ خولەکیی لەبارەی پێشێلکارییەکان دەست پێ دەکات. ڕەنگە چەند بەشێکی ئەم پێشکەشکردنە لە چوارچێوەی ئێوەدا مشتومڕاوی بێت. پێویستت بە گونجاندنی پێشکەشکردنەکەت دەبێت لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنەکانت دەربارەی ئەوەی چی سەلامەتە و دەتوانرێت بە شێوەیەکی بونیادنەرانە لەگەڵ بەشداربووان باس بکرێت.

پاش پێشکەشکردنەکە، دانیشتنەکە بە شێوەیەکی بەرچاو سەرنجڕاکێش دەبێت، لەگەڵ ٧٥ خولەک ڕاهێنانی دراما کە هەموو بەشداربووان دەگرێتەوە. هەروەتر بە چیرۆکێک دەربارەی دوو پێشەنگ لە نایجیریا کۆتایی بە دانیشتنەکە دێت.

### ئامانجەکانی فێربوون

ئەم دانیشتنە سەرنج دەخاتە سەر بونیادنانی ئاگایی دەربارەی جۆرە جیاوازەکانی پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ و ڕەوشەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەروەها سەبارەت بە بەهێزکردنی کارامەییەکان لە ناسینەوەی پێشێلکارییەکان.

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا بەشداربووان دەتوانن:

- جۆرە جیاوازەکانی پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ پێناسە بکەن
- جۆرە ئاساییەکانی پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ڕەوشە بەرجەستەکاندا دەستنیشان بکەن
- دان بەوەدا بنێن کە کەسانی باوەڕدار و بێباوەڕ بەهۆی پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕەوە کاریگەر بوون و هاوسۆزی ئازارەکانیان بن.

### ناوەڕۆک و کاتی دانیشتنەکە

| | |
|---|---|
| **بەخێرهاتن و پێشەکی**<br>بیریان بهێنەوە کە ئازادیی ئایین یان باوەڕ چییە و دانیشنەکە بناسێنە. | ٥ خولەک |
| **پێشکەشکردن: تێگەیشتن لە پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ**<br>گفتوگۆیەک کە ئاگایی لەمەڕ جۆرە جیاوازەکانی پێشێلکاریی دەدات، لەگەڵ نموونەکان لە سەرانسەری جیهاندا. | ٢٠ خولەک |
| **گفتوگۆی گشتی**<br>دەرفەتێک بۆ بیرکردنەوە و گفتوگۆی پێشکەشکردنەکە. | ١٠ خولەک |
| **ڕاهێنانی دراما: دوو خولەک کورتە درامای ئازادیی ئایین یان باوەڕ**<br>دەرفەتێک بە بەشداربووان بدە بۆ ڕاهێنان لەبارەی ناسینەوەی پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بە شێوازێکی جوان و سەرنجڕاکێش. | ٨٠ خولەک |
| **سەرنجەکانی کۆتایی و چیرۆکی پێشەنگەکان**<br>هەموو دانیشتنەکە پێکەوە دەبەستێتەوە. | ٥ خولەک |
| **کۆی گشتی کات** | **٢ کاتژمێر** |

## ئامادە بە

بەپێی ڕێنماییەکانی پەڕەی ١٥ ئامادەکاریی بۆ دانیشتنەکە بکە 'چۆن ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت'. بیرت بێت- تۆ گرووپەکەی خۆت دەناسیت! پێشوازیت لێ دەکرێت بۆ گۆڕین و گونجاندنی هەر پێکهاتەیەکی دانیشتنەکە تا لەگەڵ پێویستییەکانی گرووپەکەتدا بیگونجێنیت.

**سەرچاوەکانی ئەم دانیشتنە**

**سەرباری سەرچاوە سەرەکییەکانی هەر دانیشتنێک کە لە لاپەڕە ١٦دا ڕیزبەند کراوە، بۆ ئەنجامدانی ئەم دانیشتنە، پێویستت بەم سەرچاوانەی خوارەوە دەبێت:**

- کۆپی تەواوەتی سیناریۆی کورتە دراماکان بۆ هەر گرووپێکی شەش کەسی، تاوەکوو هەر گرووپێک دوو کۆپی تایبەت بە سیناریۆکەیان هەبێت.

**دەتوانیت سەرچاوە هاوبەشەکان بۆ ئەم دانیشتنە لێرەدا بدۆزیتەوە.**

### زیادەی بژاردەیی: متمانەبەخۆبوونتان بونیاد بنێن

وەک بەشێک لە ئامادەکارییەکانت، تەماشای ئەم کورتە فیلمە بکە بۆ فێربوونی زیاتر دەربارەی پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ

فیلمەکان

### ژوورەکە ئامادە بکە

بۆ ئەم دانیشتنە، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر بە نیمچەبازنەکردنی کورسییەکان و ڕووەو پێشەوە دەست پێ بکەیت. هەروەها ئەگەر ژوورێکی گەورە هەبێت (یان ژووری زیادە) باش دەبێت، بەم شێوەیەش گرووپەکان دەتوانن ڕاهێنانی دراماکانیان تا ڕادەیەک دوور لە یەکتر ئەنجام بدەن.



پێشکەشکردن

# وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە

## ١. بەخێرهاتن و پێشەکی ٥ خولەک

### تسەبەم و ەسانێپ

ئەم پێشەکییە کورتە، یارمەتی بەشداربووان دەدات تاوەکوو لە پرۆسەی کۆرسەکەدا خۆیان ئاراستە بکەن. بیریان دەهێنێتەوە لە دانیشتنی ٢دا چی دەربارەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ فێربوون و سەرنجی دانیشتنی ٤ و ٥- پێشێلکاریی مافەکان، دەناسێنێت.

کورتە باس

**سەرچاوەکان**

- پەڕەکانی پێشکەشکردنی یاسا بنەڕەتییەکان لە دانیشتنی ١.
- دانیشتنی ٤ی پاوەرپۆینت، سلایدی ٣ یان پەڕەی پێشکەشکردن کە وشەکانی بیرکردنەوە، باوەڕپێهێنان، پەیوەستبوون بە، کارپێکردن، پرسیارکردن، گۆڕین و ڕەتکردنەوە، لەسەری نووسرابێت.

### چی بگوترێت

بەخێرهاتنی هەمووان بۆ دانیشتنەکە بکە و ئەم خاڵانەی خوارەوە لەگەڵ گرووپەکەتدا بگونجێنە و بیانخەرە ڕوو.

- لە دانیشتنی ٢دا، تێگەیشتین ئازادیی ئایین یان باوەڕ واتای چییە. ئایا وشە سەرەکییەکانتان بیر دێتەوە کە بۆ پێناسەکردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بەکارمان هێنا؟ (بڕوانە داخۆ گرووپەکە دەتوانێت وشە سەرەکییەکانی بەبیر بێتەوە: بیرکردنەوە، باوەڕپێهێنان، پەیوەستبوون بە، کارپێکردن، پرسیارکردن، گۆڕین و ڕەتکردنەوە. پاشان سلایدی ٣ پیشان بدە و وشەکانی بخوێنەرەوە.
- هەروەها ئێمە فێربووین کە لە چ کاتێکدا دەتوانرێت ئازادیی ئایین یان باوەڕ سنووردار بکرێت. فێربووین کە ناتوانرێت ئازادی ناوەکیی- بۆ بیرکردنەوە و باوەڕپێهێنان و گۆڕینی بیرۆکە دەربارەی باوەڕەکان سنووردار بکرێت، بەڵام ئەوەی دەتوانین بیکەین- کارپێکردنی ئایین و باوەڕەکانمانە کە ڕەنگە سنووردار بکرێن، ئەگەر بە شێوازێکی تایبەت زیان بە کەسانی تر بگەیەنن. هەروەها فێربووین کە جیاکاری، زەبروزەنگ و هاندان بۆ توندوتیژی ڕێگەپێدراو نین.
- دوو دانیشتنی داهاتوو سەرنج دەخەنە سەر پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ. لەم دانیشتنەدا، تەماشا جۆرە جیاوازەکانی پێشێلکاریی دەکەین، هەروەها نموونەکان لە سەرانسەری جیهاندا. ئەمە یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن کەسانی سەر بە ئایین و باوەڕە جیاوازەکان لە هەموو شوێنێک کاریگەر دەبن. لە دانیشتنی داهاتوودا، هەوڵ دەدەین نەخشەی پێشێلکارییەکان لە کۆمەڵگاکەماندا بکێشین.
- ڕەنگە ئەم دانیشتنانە ئاسان نەبن- بەهۆی ئەو چیرۆکانەی گوێبیستیان دەبین، لەوانەیە ئەزموونی تاکەکەسیی سەختمان بیر بهێننەوە یان بەهۆی هەندێک لە پرسە ورووژاوەکان کە ڕەنگە ئاڵنگاریی بیرۆکەکانمان بکات دەربارەی ئەوەی دەبێت ڕێگە بەچی بدرێت یان نەدرێت لە کۆمەڵگاکەماندا. لەوانەیە لەم گرووپەدا هەندێک شت هەبن لەسەریان کۆک نەبین. بۆیە، لەم دانیشتنەدا با چاودێری بکەین و گوی بۆ یەکتر بگرین، هەروەها یاسا بنەڕەتییەکانمان بیر بێت! (پەڕەی پێشکەشکردنی یاسا بنەڕەتییەکان بۆ بیرهێنانەوەی بەشداربووەکان سەبارەت بەوەی ئەمانە چین، بەکار بێنە.)
- گوێگرتن بۆ چیرۆکی پێشێلکارییەکان وامان لێ دەکات هەست بە شەکەتی بکەین یان تەنانەت بێهیوا بین. بەڵام ڕەنگە پێویستمان بەوە بێت بتوانین کێشەکان دەستنیشان بکەین و لێیان تێ بگەین بۆ ئەوەی شتێک لەبارەیانەوە بکەین و وا بکەین گۆڕانکاری ڕوو بدات.

پێشکەشکردن

## ٢. پێشکەشکردن: تێگەیشتن لە پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ ٢٠ خولەک

### پێناسە و مەبەست

ئامانجی ئەم پێشکەشکردنە بەرزکردنەوەی ئاگایی بەشداربووانە دەربارەی جۆرە جیاوازەکانی پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ و ڕەوشی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەم ئاگاییە بنەمایەک بۆ ماوەی ئەم دانیشتنە و دانیشتنی داهاتوو پێک دەهێنێت کە تێیدا بەشداربووان برەو بە کارامەییان لە شیکاری دەقی ئازادیی ئایین باوەڕ دەدەن.

**سەرچاوەکان**

- دەتوانرێت نووسراوی پێشکەشکردنەکە لە لاپەڕە ٨٥ی ئەم ڕێنوێنییەدا بدۆزرێتەوە.
- نووسراوەکە هاوتای سلایدەکانی ٤-٣٩ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەیە و لە تێبینی ئاخێوەرەکەدا بۆ ئەم سلایدانەدا هاتووە.
- نموونەیەکی وۆردی نووسراوەکە لە سەرچاوە هاوبەشەکانی ئەم دانیشتنەدا بەردەستە.

ڕێنمایی! داوایان لێ بکە پرسیار و سەرنجەکانیان بۆ کۆتایی پێشکەشکردنەکە دابنێن.

### ئامادەکاریی پێشوەختە

بەگوێرەی ڕێنمایی لاپەرە ١٥ خۆت بۆ دانیشتنەکە ئامادە بکە، 'چۆن ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت'. نووسراو و سلایدەکانی پاوەرپۆینت بخوێنەوە و بیانگونجێنە (یان پەڕەی پێشکەشکردن بۆ خاڵە سەرەکییەکان لەسەر سلایدەکان دروست بکە) هەروەها ڕاهێنان بۆ پێشکەشکردنی سیمینارەکە پێکەوە لەگەڵ سلایدەکان/پەڕەکانی پێشکەشکردن بکە.

**تێبینی**

ئەم پێشکەشکردنە دووروردرێژە و چەندان نموونە لەخۆ دەگرێت. تۆ دەتوانیت ئەو نموونانە دەربکەیت کە کەمترین پەیوەندیداریان بە گرووپەکەتەوە هەیە. هەروەها دەتوانیت هەندێک نموونە بە چیرۆک لە چوارچێوەی خۆتدا بگۆڕیت. پەیامە سەرەکییەکانی ئەم نووسراوە بە ڕەنگی تۆخ تیشکی خراوەتە سەر. تکایە ئەم خاڵانە لە باسەکەتدا بخە ڕوو!

گفتوگۆی گشتی

## ٣. گفتوگۆی گشتی ١٠ خولەک

### پێناسە و مەبەست

گفتوگۆیەک دەربارەی پێشکەشکردنی پێشوو وا دەکات بەشداربووان لێیەوە دەست بە فێربوون بکەن.

### چۆن گفتوگۆکە ئەنجام بدرێت

- ئایا هیچ شتێک هەبوو لەبارەیەوە نەزانیت یان سەرسام بوویت بەوەی گوێبیستی بوویت؟
- کام لە چیرۆکەکانی ناو پێشکەشکردنەکە زۆرترین گونجانی لەگەڵ ژیانی تۆدا هەبوو؟
- پێت وایە چ جۆرە پێشێلکارییەک لە چوارچێوەی تۆدا کێشەدارترینە؟

پاش ١٥ خولەک کۆتایی بە گفتوگۆ گشتییەکە بهێنە. ڕوونی بکەرەوە کە ئێستا گرووپەکە لەڕێی ڕاهێنانێکەوە بەردەوامی بە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی پرسەکان دەدەن.

**تێبینی**

هەر کەسێک کە بە شێوەیەکی نایاریدەدەر دەستی بە 'وانەدان' کرد یان بابەتەکەی چڕ کردەوە، دەتوانیت قسەکانی پێ ببڕیت. سوپاسیان بکە بۆ سەرنجەکانیان و دووپاتی بکەوە لەوەی هەست بە چی دەکەن، بە تایبەتی کاتێک ئەمە لە ئەزموونەکانی تراوما و لاوازییەوە سەرچاوە دەگرێت. یاسا بنەڕەتییەکانیان بیر بهێنەوە ئەگەر پێویستی کرد. هەروەها هەوڵ بدە وتووێژەکە بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی کەسەکان هەست بە ئاسایش دەکەن- بۆ نموونە بە پرسیارێک کە سەرنج بخاتە سەر ئەو شتە گرنگانەی کەسەکان دەتوانن لەسەری کۆک بن.

## ٤. ڕاهێنانی دراما: دوو خولەک کورتە درامای ئازادیی ئایین یان باوەڕ
٨٠ خولەک

ڕاهێنانی گرووپ

**پێناسە**

لەم ڕاهێنانەدا، گرووپەکان درامای دوو خولەکی دروست دەکەن و پرۆڤەی دەکەن بەپێی ئەو سیناریۆ سادانەی بۆیان دابین کراوە. ئەو سیناریۆیانە پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەردەخەن کە بە شێوازی جیاواز ڕوو دەدەن. پاشان دراماکان پێشکەش دەکرێن و بە گشتی لەگەڵ بەشداربووان گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت کە پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە سیناریۆکەدا دەستنیشان دەکەن.

**مەبەست**

ئامانجی ڕاهێنانەکە گۆڕینی فێرکاری تیۆرییە لە پێشکەشکردنەکانەوە بۆ کارامەیی کردەیی لە دەستنیشانکردنی پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ، هەروەها توانای بیرکردنەوە لە پێشێلکارییەکان لە چوارچێوەی بەشداربووواندا.

**سەرچاوەکان و ئامادەکاریی پێشوەخته**

- بڕیار بدە چەند گرووپ پێک دەهێنیت: ٢-٣ گرووپی ١٠-١٦ کەسی نموونەییە، چونکە زۆربەی سیناریۆکان لانی کەم پێویستییان بە شەش کەسایەتیی هەیە. کاتی ڕاهێنانەکە لەسەر بنەمای سێ گرووپە بە لایەنی زۆرەوە (هەرە زۆری ٣٠ بەشداربوو دەگرێتەوە). گرووپی زیاتر زیاد مەکە تا ئەو کاتەی دەتوانیت دانیشتنەکە درێژ بکەیتەوە!
- هەڵبژێرە کام لە پێنج سیناریۆی دراماکە بەکار دەهێنیت، ئەمەش بەپێی پەیوەندیداریی سیناریۆکان و ژمارەی گرووپەکان. پێویستە هەر گرووپێک سیناریۆی جیاوازی هەبێت. دەتوانیت سیناریۆکان لە لاپەڕە ٩٢-٩٤ی ئەم ڕێنوێنییە و بەستەری سەرچاوەی دانیشتنەکە بدۆزیتەوە.
- دوو کۆپی هەر سیناریۆیەک کە هەڵتبژاردووە چاپ بکە تاوەکوو بەسەر گرووپی پەیوەندیداردا دابەشی بکەیت.
- سلایدی ٤٠ی دانیشتنی پاوەرپۆینت یان پەڕەی پێشکەشکردن کە وشەکانی جیاکاری، سنووربەندییەکانی حکومەت، شکستەکانی حکومەت و توندوتیژی لەسەر نووسرابێت.

**بڵاونامەی سیناریۆی دراماکان لێرە بدۆزەرەوە**

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت** ٥ خولەک

ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

- ئێمە ڕاهێنانێک لەسەر بنەمای دراما ئەنجام دەدەین تا یارمەتیمان بدات بۆ ناسینەوەی پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ کە ڕەنگە ڕووبەڕوویان ببینەوە.
- بەسەر چەند گرووپێکدا دابەش دەبین. هەر گرووپێک سیناریۆیەک وەردەگرێت- زنجیرەیەکی سادەی ڕووداوەکان لەنێوان چەند کەسایەتییێکدا ڕوو دەدەن. ئەرکی ئێوە ئەوەیە لە دوو خولەکدا ڕۆڵەکە بنوێنن!
- ١٥ خولەک بۆ دروستکردن و مەشقکردنی دراماکانتان هەیە. ئەمە کاتێکی زۆر نییە، بۆیە بە خێرایی ڕۆڵەکان دابەش بکەن و پاشان دەست پێ بکەن!
- پاش ١٥ خولەک، لە بەردەم هەموو گرووپەکانی تردا دراماکەت نمایش دەکەیت.
- ئەگەر دەتەوێت وردەکاریی بۆ چیرۆکەکە زیاد بکەیت، تکایە زیادی بکە- بەڵام دەبێت دراماکە لە دوو خولەک زیاتر نەخایەنێت.
- نیگەران مەبە! ئێمە بەدوای نمایشی خۆڕسکدا دەگەڕێین- نەوەک نواندنی بێ کەموکوڕی. تا ئەو کاتەی چیرۆکەکە واتا دەدات نمایشەکە سەرکەوتووە!

بەسەر چەند گرووپێکدا دابەش ببن و سیناریۆکان دابەش بکە.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ٧٥ خولەک

- **ڕاهێنانی دراماکان** (١٥ خولەک)

بە گرووپەکان بڵێ دەست بە ڕاهێنان بکەن! بە ناو گرووپەکاندا برۆ تا یارمەتییان بدەیت بۆ دەستپێکردن.

> تێبینی
>
> کات لەم ڕاهێنانەدا زۆر گرنگە! ڕێگە مەدە کاتی مەشقکردن لە ١٥ خولەک زیاتر بخایەنێت، چونکە ئەمە کات لە بەشی نمایش/ گفتوگۆی ڕاهێنانەکە دەبڕێت. هەروەها ڕێکخستنی کات لە ماوەی بەشی نمایش/ گفتوگۆدا گرنگە، بەم شێوەیەش یەکەم گرووپەکانی نمایش، کاتی گرووپەکانی دواتر نابەن.

- **نمایش و گفتوگۆ** (٥٠ خولەک)

هەر گرووپێک دوو جار دراما دوو خولەکییەکەیان پێشکەش دەکەن. جاری یەکەم بەبێ پچڕان پێشکەشی دەکەن. جاری دووەم، دەبێت بەشداربووان بە دەنگی بەرز بڵێن "بوەستە" هەر کاتێک بینیان توندوتیژیی ئازادیی ئایین یان باوەڕ ڕوو دەدات، پێویستە دراماکە بوەستێت (کەسایەتییەکان لە شوێنی خۆیان بوەستن). سلایدی ٤٠ی پاوەرپۆینتەکە پیشان بدە و پرسیاریان لێ بکە داخۆ کێ گوتی 'بوەستە' بۆ ئەوەی بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

- ئەمە نموونەی چی جۆرێکی پێشێلکارییە و کێ ئەنجامی دەدات، (بۆ نموونە. دوژمنایەتی کۆمەڵایەتی لە شێوەی جیاکاری یان پێشێلکاری، سنووربەندی حکومەت یان شکستی حکومەت لە پاراستنی مرۆڤەکان)؟

لە دراماکە بەردەوام بە تاوەکوو کەسێکی تر دەڵێت بوەستە و هەمان پرسیارەکانی سەرەوە دووبارە بکەرەوە. بۆ هەر درامایەک سێ پێشێلکاری هەن. دەتوانیت لە وەشانی سیناریۆی درامای ڕاهێنەرەکە لە لاپەڕە ٩٢-٩٤ بزانیت چین.

ئەگەر پاش ئەوەی گرووپەکە دوو جار پێشکەشیان کرد، کاتی زیادە مایەوە، ئەوا وتووێژی فراوانتر بە بەکارهێنانی ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئەنجام بدە:

- دەبێت چی لەم سیناریۆیەدا جیاواز بێت؟ دەبێت کام دامەزراوەیە یان کام کەسە بە شێوازێکی جیاواز ڕەفتار بکات یان دەبێت چ یاسا و ڕێسایەک جیاواز بێت؟
- کێ دەتوانێت بە شێوازێکی ئەرێنی دەستوەردان بۆ گۆڕینی شتەکان بکات؟ ئایا ئەندامێکی کۆمەڵگا، چالاکوان، ڕێکخراو یان بڕیاردەرێک دەتوانێت جیاوازی دروست بکات؟

١٥ خولەک بدە بە هەر گرووپێک بۆ پرۆسەی نمایش/ گفتوگۆ، زۆر ئاگاداری پاراستنی کات بە! (ئەگەر تەنیا دوو گرووپت هەبێت دەتوانیت ئەمە زیاد بکەیت). داوای لێبوردن بکە بۆ بڕینی نمایشی گرووپەکان لە ناوەڕاستدا، بەڵام ڕوونی بکەرەوە کە هەمووان پێویستیان بە دەرفەتی نمایش هەیە. بیرت بێت لە کۆتایی ١٥ خولەک نمایشی هەر گرووپێکدا، چەپڵە بۆ هەر گرووپێک لێ دەدرێت!

- **کاتی گفتوگۆی گشتی** (١٠ خولەک)

کاتێک هەموو گرووپەکان سیناریۆکانیان پێشکەش کرد و گفتوگۆیان لەبارەوە کرد، دووبارە پیرۆزبایی لە هەمووان بکە بۆ نمایشەکانیان. پاشان بەپێی ئەم پرسیارانەی خوارەوە، دەست بە گفتوگۆیەکی فراوانتر بکە:

- ئایا هەندێک جار پێشێلکاریی هاوشێوەی ئەوانەی لە دراماکاندا بینیمان، لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕوو دەدەن؟
- ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر مرۆڤەکان و کۆمەڵگا بە گشتی هەیە؟

هانی کەسەکان بدە تا چیرۆکەکانیان یان ئەزموونەکانیان باس بکەن ئەگەر هەست بە ئاسوودەیی دەکەن بۆ باسکردنیان. لە کاتێکدا بەشداربووان چیرۆکە کەسییەکانی خۆیان باس دەکەن، هەوڵ بدە پرسیاری گشتی بکە- ئایا ئەزموونی لەم شێوەیە مانای چی دەگەیەنێت بۆ کۆمەڵگا بە گشتی؟ هەوڵ بدە سەرنجیان بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشیت کە پێشێلکارییەکان لە کۆتاییدا زیان بە هەمووان دەگەیەنن، چونکە گرژی دروست دەکەن و دەبنە مەترسی بۆ سەر هەموو کۆمەڵگا.

## ٥. سەرنجەکانی کۆتایی و چیرۆکی پێشەنگەکان ٥ خولەک

### تسەبەم و ەسانێپ

ئامانجی سەرنجەکانی کۆتایی بۆ هاندانی کەسەکانە تا باوەڕ بهێنن بەوەی هەردەم ئەگەری گۆڕانکاری هەیە.

**سەرچاوەکان**

دانیشتنی ٤ی پاوەرپۆینت، سلایدەکانی ٤١-٤٤ یان چاپکراوی سلایدی ٤١.

### چی بگوترێت

- کاتێک لەبارەی ئەو کێشانەی کەسەکان لە کۆمەڵگاکەماندا ڕووبەڕووی دەبنەوە چیرۆکەکانمان دەگێڕینەوە، ڕەنگە ئاسایی بێت نائومێد بین. بەڵام ئەگەری گۆڕانکاری هەیە- تەنانەت لەو ڕەوشانەشی وا ڕق و کینە و توندوتیژی لەرادەبەدەر هەیە! با بە چیرۆکێکی هیواخواستن کۆتایی پێ بهێنین.
- چیرۆکی قەشە جەیمس و ئیمام ئەشەفا لە لاپەڕەی ٩٥ بخوێنەرەوە، (هەروەها لە سەرچاوە بارکراوەکانی دانیشتنەکەدا بەردەستن).
- ئەنجامدانی گۆڕانکاری پرۆسەیەکی خاوە بەڵام ئێجگار گرنگە. ئەوکاتە دەست پێ دەکات کە ئێمە هۆشیار دەبین بەرانبەر ڕەوشی ئازادیی ئایین یان باوەڕ، ئەمەش نەک تەنیا بۆ خۆمان، بەڵکوو بۆ هەمووکەسێک لە وڵاتەکەمان و کۆمەڵگاکەمان.

کورتە باس

# نووسراوی پێشکەشکردن

## تێگەیشتن لە پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ

ئەم نووسراوە بۆ دانیشتنی ٤ی پێشکەشکردنەکە لە سلایدەکانی ٤-٣٩ ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا خراوەتە ڕوو.

تێبینی: ئەم پێشکەشکردنە دووردرێژە (تۆزێک کەمتر لە ٢٠ خولەک)  هەروەها چەندان نموونە دەگرێتەوە. تۆ دەتوانیت ئەو نموونانە دەربکەیت کە کەمترین پەیوەندیداریيان بە گرووپەکەتەوە هەیە. هەروەها دەتوانیت هەندێک نموونە بە چیرۆک لە چوارچێوەی خۆتدا بگۆڕیت. پەیامە سەرەکییەکانی 'چیرۆکەکانی ....' بە ڕەنگی تۆخ تیشکی خراوەتە سەر. تکایە ئەم خاڵانە لە باسەکەتدا بخە ڕوو! پاوەرپۆینت، چاپکراوی سلایدە سەرەکییەکانی پاوەرپۆینت یان وێنەی هاوتای پەرەی پێشکەشکردن بەکار بهێنە بۆ یارمەتیدانی بەشداربووەکانت تا لە ناوەڕۆکەکە تێبگەن.

### پێشەکی



هەموو جۆرە مرۆڤێک لە هەموو جۆرە وڵاتێکدا بەهۆی نەبوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە. ئەوەی جیاوازە ئەوەیە کێ کاریگەر دەبێت، قورسایی پێشێلکارییەکە و ئەوەی کێ ئەنجامی دەدات.




لەم سیمینارەدا، ئێمە گوێبیستی چیرۆکی ژیانی ڕاستەقینە دەربارەی جیاکاریی، سنووربەندیی مافەکان و پێشێلکاریی دەبین.



ئەو پێشێلکارییانە لە لایەن دەوڵەت و کەسانی ناو کۆمەڵگاوە ئەنجام دەدرێن. زۆر جار بە پێشێلکاریی حکومەت و دوژمنایەتی کۆمەڵایەتی ناوی دەبەین. بەڵام دەکرێت پێشێلکارییەکان لەناو خێزان و کۆمەڵگا باوەڕییەکانیشدا ڕوو بدەن.




هەروەها جۆری چوارەمی پێشێلکاریی هەیە: شکستی حکومەت بۆ پاراستنی کەسەکان لە توندوتیژی ناو کۆمەڵگا. دەوڵەت ئەرکی پاراستنی هەموو مرۆڤێکی لە چوارچێوەی خاکی خۆیدا بەرانبەر جیاکاری، سنووردارکردنی نارەوای مافەکانیان و پێشێلکاری هەیە. زۆر حکومەت لە ئەنجامدانی ئەمەدا شکست دەهێنن.



بە زۆری  جیاکاری، سنووربەندیی مافەکان و پێشێلکاری پێکەوە بەندن و بەیەکدا دەچن. بۆ نموونە، دەکرێت سنووربەندییەک جیاکاریی بێت و ببێتە هۆکاری توندوتیژی. هەروەها زۆر جار پێشێلکارییەکانی حکومەت و دژمنداریی کۆمەڵایەتی یەک دەگرن و بازنەیەکی خراپ دروست دەکەن.
ئەو سنووربەندییانەی حکومەت کە جیاکاری دژی کەمینەکان دەکات، ڕەوایەتی بە بەرگەنەگرتن لە کۆمەڵگادا دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاکاری، هەراسانکردن و توندوتیژی لە کۆمەڵگادا. ئەگەر حکومەتەکان چاویان لە ئاست پێشێلکارییەکانی ناو کۆمەڵگا دابخەن، ئەوا خەڵک وا بیر دەکەنەوە دەتوانن لێی ڕزگار بن، بەم جۆرەش جیاکاری، هەراسانکردن و توندوتیژییەکان خراپتر دەبن.
با بڕوانین بزانین جیاکاری، سنووربەندی و پێشێلکاری لە بەشە جیاوازەکانی جیهان لە چی دەچن، ئەمەش بە بەکارهێنانی هەمان چیرۆکی ڕاستەقینەی ژیان. ڕەنگە هەندێکیان پەیوەندییان بەو شتانەوە هەبێت کە ئەزموونتان کردوون.

## چیرۆکەکانی جیاکاری



**جیاکاری زۆر باوە و کار دەکاتە سەر هەموو بوارەکانی ژیان.**
ڕێڤ کومار قەشەی گوندی سریلانکایە. خێزانەکەی لە کۆمەڵگای زۆرینە بوودایی گوندەکەیاندا ڕووبەڕووی جیاکاری بوونەتەوە. مامۆستا و هاوپۆلانی منداڵەکانی، منداڵەکانیان چەوساندووەتەوە، هەروەها کارەبا و ئاوی خێزانەکەیان بڕیوە، بە بیانووی ئەوەی خانووەکەی ئەوان شوێنێکی نایاسایی پەرستن بووە.[1]



**هەندێک لە حکومەتەکان لە تەرخانکردنی دارایی گشتیدا جیاکاری دەکەن** – بۆ نموونە، وەبەرهێنانی زۆر کەمتر لە ژێرخاندا، تەندروستی یان پەروەردە لە ناوچە کەمینەکان. ئەمەش مەترسی درێژخایەن بۆ گرژیی کۆمەڵایەتیی و ناسەقامگیریی سیاسیی دروست دەکات.
**هەروەها جیاکاری دەکرێت لە شێوازی کارکردنی دامەزراوەکاندا ڕوو بدات.** بۆ نموونە، دەکرێت منداڵانی خوێندنگە ڕووبەڕووی جیاکاری، بەشداریی زۆرەملێ لە چالاکییە دانپێدانراوە ئایینییەکان یان ئەو کتێبانەی بە خراپی لەبارەی کۆمەڵگاکانیانەوە دەدوێن، ببنەوە. لە ڕەوشە دەگمەنەکاندا، گرووپەکان پەروەردەیان لێ زەوت دەکرێت- لە ئێران بەهاییەکان ڕێگەیان پێ نادرێت بچنە زانکۆ.[2]

## چیرۆکی سنووردارکردنەکان و جیاکارییەکان



زۆر جۆری یاسا ئەو سنووربەندییانە دروست دەکەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبنە هۆی جیاکاری. ڕێساکانی نەخشەدانان کە ڕەنگە بێلایەن دەربکەون، بەربەستێکی باوی بەردەم کەمینەکانن لە دروستکردنی شوێنەکانی پەرستن.
لە ڕووسیا، ژمارەیەکی زۆری کەمینەکان ڕووبەڕووی دۆخی سەخت بوونەتەوە- بۆ نموونە، بەهۆی پێنەدانی مۆڵەت، کۆتاییهێنان بە کرێی شارەوانی پاش ئەوەی بونیادنانی بیناکان دەستی پێ کردووە، یان ڕووخاندنەکان.[3]



**هەروەها دەکرێت ئەو یاسانانەی تۆماری کۆمەڵگا ئایینییەکانیش بەڕێوە دەبەن، سنووردارکەر بن و جیاکارییان تێدا بێت.** حکومەتی جەزائیر داوا لە هەموو گرووپەکان، ئایینی یان نائایینی دەکات پێش ئەنجامدانی چالاکییەکان، وەکوو کۆمەڵەیەک خۆیان تۆمار بکەن. کۆمەڵگای بچووکی ئەحمەدی تۆمارکردنیان پێ نەدراوە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠دا، ٢٢٠ پەراوی یاسایی دژ بە ئەندامانی کۆمەڵگا هەبووە کە بە تاوانەکانی وەک ئەنجامدانی نوێژ لە شوێنی ڕێگەپێنەدراودا تۆمەتبار کراون.[4]



هەروەها هەندێک حکومەت کارپێکردنی ئایینی لە پێکهاتە زۆرینەکانیش سنووردار دەکەن. لە ساڵی ٢٠٢٠، بەرپرسانی ناوچەی لوباپ لە تورکمەنستان داوایان کرد فەرمانبەری دەوڵەت وەک مامۆستا و پەرستار بەشداریی نوێژی هەینی نەکەن و بە دەرکردنیان لە کارەکانیان هەڕەشەیان لێ کردن، ئەگەر لە مزگەوتدا ببینرێن.[5]

---

[1] سەرچاوە ناوخۆییەکان
[2] The Guardian, https://www.theguardian.com/world/2013/feb/27/bahai-student-expelled-iranian-university
[3] Forum 18, https://www.forum18.org/archive.php?article_id=2508
[4] US State Dept., https://www.state.gov/reports/2020-report-on-international-religious-freedom/algeria/
[5] Forum 18, https://www.forum18.org/archive.php?article_id=2555



ب ا یر لە دوو جۆری تری یاسا بکەینەوە کە دەتوانن سنووردارکردن دروست بکەن: کوفر یان یاساکانی لادان

**یاسای خێزان**

**هەردوو یاسای عەلمانی و ئایینی کە هاوسەرگیری، جیابوونەوە، میرات و چاودێری منداڵ بەڕێوە دەبەن، دەتوانن مافەکان سنووردار بکەن و جیاکاری بکەن.**

---



لە هیندستان. یاسای هاوسەرگیری تایبەتی عەلمانی داوا لە هاوسەرە ئایینییەکان دەکات کە ٣٠ ڕۆژ پێش هاوسەرگیرییەکە دادوەر ئاگادار بکەنەوە. دادوەرەکە لێکۆڵینەوەی داواکارییەکە دەکات و ئاگادارییەک بۆ خێزانی هەردوو هاسەرەکە دەنێرێت. ئەمەش چەندان هاوسەر دەخاتە ژێر مەترسی توندوتیژی لەسەر بنەمای ناموس.[6]

---



ڕێڤاتی ماسۆسای خەڵکی مالیزیایە. لە دایک و باوکێکی موسوڵمان لەدایک بووە، بەڵام لە لایەن داپیرە هیندۆسەکەیەوە بووە بە هیندۆس. دادگایەکی ئایینی بۆ ماوەی شەش مانگ ڕێڤاتی ڕەوانەی ناوەندی پەروەردەکردنەوەی ئیسلامی دەکات، بەهۆی هاوسەرگیریی لەگەڵ هیندۆسێک و ڕەتکردنەوەی گەڕانەوەی بۆ ناو ئیسلام.[7]

---



**هەندێک جار یاسای بنەماڵەی ئایینی و یاساکانی لادان، کەمینەکان دەکەنە قوربانی هێرشە تاوانکارییەکان.**

هەموو ساڵێک، سەدان کچی هیندۆس و مەسیحی ئەزموونی ڕفاندن، گەڕانەوە بۆ ئایین و هاوسەرگیری زۆرەملێ دەکەن. ئەمە بەسەر مایرە شەهبازدا ڕوویدا کاتێک ١٤ ساڵان بوو. دایک و باوکی چوونە دادگا تاوەکوو کچەکەیان بهێننەوە، بەڵام وەرگەڕان لە ئیسلام لە پاکستاندا قەدەغەیە، هەروەها دایک و باوکە مەسیحییەکان ناتوانن چاودێری منداڵە موسوڵمانەکان بکەن، بۆیە دادگای باڵا بڕیاریدا کچەکە بۆ لای ڕفێنەرەکەی بگەڕێنێتەوە. دوو هەفتە دواتر مایرە ڕزگاری بوو. ئەو ئێستا بە شاراوەیی ژیان دەکات و لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگرییەکەی و گەڕانەوەی پێگە یاساییەکەی تا وەک مەسیحی لە قەڵەم بدرێتەوە.[8]

---




**یاساکانی کوفر و لادان**

**زۆر جار یاساکانی کوفر و لادان (هەڵگەڕانەوە لە ئایین) بە بیانووی پاراستنی هاوسەنگی ڕەوایەتیيان پێ دەدرێت. بەڵام ئەو یاسایانە دەتوانن کاریگەریی پێچەوانەیان هەبێت. لە هەندێک وڵاتدا یاساکان خراپ بەکار دەهێنرێن، لەگەڵ بەکارهێنانی تۆمەتی درۆ بۆ تۆڵەسەندنەوەی کەسی. بەڵام زۆر جار یاساکان خۆیان بە شێوازێک وتار و ڕەفتارەکان سنووردار دەکەن کە هاوتای ئازادیی ئایین یان باوەڕ بێت- بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە دەوڵەت یان زۆرینەی کۆمەڵگا ئارەزووی باوەڕەکانیان ناکەن. ئەحمەدییەکان، کە باوەڕیان بە پەیامبەرێکی دوای موحەمەد هەیە، بێباوەڕەکان و ئەو کەسانەی ڕەخنەی دەوڵەت یان کەسانی خاوەن دەسەڵاتی ئایینی دەکەن، زۆر جار لە مەترسیدان، بەڵام دەکرێت هەرکەسێک ببێتە قوربانی.**

---

[6] The Leaflet, https://www.theleaflet.in/india-needs-to-overhaul-laws-on-interfaith-marriage-and-religious-conversion/
[7] Forum Asia, https://www.forum-asia.org/?p=7086
[8] UK Parliament https://edm.parliament.uk/early-day-motion/57474/maira-shahbaz-and-child-abduction-forced conversion-and-marriage-in-pakistan _



لە ٢٠٢٠، دادگایەکی ئایینی لە باکووری نایجیریا کوڕێکی موسوڵمانی ١٢ساڵانی بە ١٠ ساڵ زیندانی سزا دا، ئەمە پاش ئەوەی بە سووکایەتیکردن بە پەیامبەر تۆمەتبار کرا. سزاکەی لە ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن دادگای پێداچوونەوەوە هەڵوەشایەوە، بەڵام مەترسی هێرشی تۆڵەسەندنەوە وا دەکات ژیانی خێزانەکەی لە ناوچەکەدا سەلامەت نەبێت.[9]



**بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، ئەو گوتارەی پێویستە قەدەغە بکرێت، هاندانە بۆ توندوتیژی. لەبری وەستاندنی توندوتیژی، کوفر یان لادان و هەڵگەڕانەوە لە ئایین، یاساکان دەخوازن بە پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیە هانی بدەن کە دەڵێت ئەو کەسانەی بە ئاشتیانە بیروباوەڕەکانیان دەردەبڕن و زۆرینە حەزیان پێی نییە، دەبێت سزا بدرێن.**



**چاودێری و جڵەوی دەوڵەت**

**بوارێکی دیکەی چالاکی دەوڵەت کە سنووربەندی دروست دەکات لە لایەن حکومەتەوە، چاودێری و سەرپەرشتی و جڵەوی چالاکیی و دارایی کۆمەڵگا باوەڕییەکانە.** بۆ نموونە، هەندێك لە کڵێساکانی سریلانکا لە لایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەوە ڕاپۆرتی چاودێریی دەدەن.[10] **ئەمە بەشێکە لە نەریتێکی فراوانتری باو بۆ بچووککبوونەوەی پانتایی کۆمەڵگای مەدەنی.**

هیچ شوێنێک هێندەی ڕۆژئاوای چین چاودێریی توندڕەوانەی نییە، کە تێیدا گەشە بە تەکنەلۆژیای ناسینەوەی ڕووخسار دراوە تا کامێراکان بتوانن ئەندامانی کەمینە ویگورەکان بناسنەوە و پۆلیس لە شوێنەکانیان ئاگادار بکەنەوە.[11]



**سنووردارکردنە کۆمەڵایەتییەکان**

هەروەها دەتوانرێت لەنێو خێزان، گرووپە باوەڕمەندەکان یان کۆمەڵگای بەرفراوانتریشدا مافەکان سنووردار بکرێن. ئەمەش زۆر جار بە شێوازێکی جیاواز کاریگەری دەخاتە سەر ژنان و پیاوان. ژنان دەرفەتەکانیان لێ زەوت دەکرێت- بۆ نموونە بۆ خوێندن لە بواری یەزدانناسیدا. هەروەها ڕەنگە ڕەفتار و ڕەچاوکردنی ئایینی ژنان بابەتی جڵەوکردنی خێزان یان کۆمەڵگا بێت، ئەمەش لەسەر بنەمای ئایینی.

زۆر جار زۆرینەی کۆمەڵگاکان گوزارشتە ئایینییەکان لە ژنانی کەمینەش سنووردار دەکەن، بۆ نموونە بە فشارخستنە سەر ژنان بۆ شاردنەوەی ناسنامەی ئایینیان بە مەبەستی دامەزراندنیان.



ماریا گەنجێکی مەسیحی دانیشتووی میسرە. کاتێک زانکۆی تەواو کرد، دەرفەتی کارێکی لە بانکێک پێ درا، بەڵام پێی گوترا ئەگەر ئەو کارە بکات ئەوا دەبێت سەرپۆش بپۆشێت. ماریا بیری کردەوە ئەمە دادپەروەرانە نابێت وا دەری بخەیت کە ناسنامەیەکی ئایینی جیاوازت هەبێت، بۆیە ئەو کارەی ڕەت کردەوە.[12]

[9] BBC news, https://www.bbc.com/news/world-africa-55756834

10 سەرچاوە ناوخۆییەکان

[11] New York Times, https://www.nytimes.com/2019/04/14/technology/china-surveillance-artificial-intelligence-racial profiling.html

[12] سەرچاوە: ماریا، ناوەکەی بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش گۆڕدراوە.

## چیرۆکەکانی توندوتیژیی



با بیر لە توندوتیژی بکەینەوە. **گوتاری کینەوی و تاوانی کینەوی یەکێکن لە هەرە باوترین شێوازە ئەزموونکراوەکانی توندوتیژی. شوێنەکانی پەرستن و ئەو کەسانەی بۆی دەچن، بە تایبەتی ڕووبەڕووی تاوانی کینەوی دەبنەوە.**

لە بەرازیل، شوێنکەوتووانی ئایینی نەریتی ئافرۆ-بەرازیلی لە لایەن دراوسێ مەسیحییە نوێیە پێناکۆستالەکانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژیی دەبنەوە کە ئایینەکەیان وەکو شەیتان دەبینن. باوکە مارسیۆ، قەشەی ئایینی ناوچەی کاندۆمبلێیە، زیاتر لە ٢٠ هێرشی بۆ سەر پەرستگایەکەی ڕاگەیاندووە. هەروەها پۆلیس هیچ هەنگاوێکی نەناوە.[13]

---



**جارێکی تریش، ژنان و پیاوان بە شێوازێکی جیاواز کاریگەر دەبن.**

ژنانی موسوڵمان لە سوید، بە تایبەتی ئەوانەی پۆشاکە ئایینییەکان دەپۆشن، وەکو حیجاب، زۆرتر ئەزموونی تاوانی کینەوی دەکەن کە لە لایەن کەسانی نەناسراو لە شوێنە گشتییەکاندا ئەنجام دەدرێن. ئەمە لە کاتێکدا پیاوانی موسوڵمان زیاتر لە لایەن دراوسێ یان هاوڕێی کارەکانیانەوە ڕووبەڕووی تاوانی کینەوی دەبنەوە.[14]

---



**لە زۆر شوێندا پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا شێوازەکانی ئێستای جیاکاری و ڕق و کینەی بەهێزتر کرد.**

موسوڵمانان لە هیندستان بە ئەنجامدانی جیهادی کۆرۆنا پاش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە تۆمەتبار کران، ئەمەش دوابەدوای ڤیستیڤاڵێکی ئایینی موسوڵمانان. ئەحمەد شێخ، فرۆشیارێکی موسوڵمانی سەر جادەکانە کە بۆ بژێوی خۆی کار دەکات. لە نیسانی ٢٠٢٠، باندێکی نەتەوەپەرست پێیان ڕاگەیاند کۆشکەکەی کۆ بکاتەوە و شوێنەکە جێ بهێڵێت، چوونکە موسوڵمانان بۆ بڵاوکردنەوەی کۆرۆنا لەوێ یەکیان دەگرت. ئەحمەد تکای دەکرد، بەڵام بە توندی بە دار لێیان دەدا. ئەحمەد هەوڵی دا لای پۆلیس سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام ئامادەنەبوون پەراوەکە تۆمار بکەن و گوتیان کە فرۆشتنی سەر شەقام نایاساییە.[15]

---



**توندڕەوانەترین جۆرەکانی توندوتیژیی کۆمەڵگا، توندوتیژیی هاوبەش و هێرشە تیرۆرستییەکانن.**

قەشە ساموێل خەڵکی باکووری بورکینافاسکۆیە. وڵاتەکە نەریتی لێبووردەیی ئایینی هەیە کە گرووپە تیرۆریستەکان تێکی دەدەن. لە ساڵی ٢٠١٩، هەڵکوتانە سەر کەنیسەکان بوو بە بەشێک لە پلانی خۆیان. قەشە ساموێل ئێستا لە کامپی کەسانی ئاوارەی ناوخۆییدا دەژیت.

ئەو دەڵێت "ئەو هێرشانە ژیانی گەلەکەمانی تێکداوە، ئێمە پڕین لە ئازار"

لە ساڵی ٢٠١٩ەوە هێرشە تیرۆرستییەکان پەرەیان سەندووە و کاریگەریی لەسەر هەمووان هەبووە، هەروەها زیاتر لە ١ ملیۆن کەس ئاوارەبوون.[16]

---

[13] RioOnWatch, https://rioonwatch.org/?p=40117

[14] ئەنجوومەنی نەتەوەیی سویدی بۆ پێشگیریی تاوانەکان https://www.bra.se/om-bra/nytt-fran-bra/arkiv/press/2021-03-31 islamofobiska-hatbrott-yttrar-sig-i-manga-olika-former.html

[15] Sabrang India, https://sabrangindia.in/article/stop-targeting-discriminating-against-and-attacking-vendors-and-hawkers national-hawker

[16] Open Doors UK, https://www.opendoorsuk.org/persecution/world-watch-list/burkina-faso



**هەرچەندە ئەو گرووپە تیرۆریستیانەی پەیوەندییان بە ئیسلامەوە هەیە، ئامارەکانی جیهان قۆرغ دەکەن، بەڵام چەندان چوارچێوەی نیشتیمانی هەن کە گرووپەکانی تر مەترسییەکی زیاتریان دەخەنە سەر.**
خزمەتگوزاری ئاسایش لە هەندێک لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، سپی پێستەکان بە باڵادەست و توندڕەوە ڕاسترەوەکان بە گەورەترین هەڕەشەی تیرۆری ناوخۆیی دەزانن.[17] ئەو گرووپانە کەمینەکان دەکەنە ئامانج. لە ساڵی ٢٠١٨، یازدە کەس لە کەنیسەی جولەکەکان لە شاری پیتسبێرگی ئەمریکا کوژران، هەروەها ساڵی ٢٠١٩، ٥١ کەس لە مزگەوتێکی شاری کرایسچێرچی نیوزلادا کوژران.

---



**توندوتیژی لە لایەن پۆلیس، خزمەتگوزاری ئاسایش یان سەربازی، یان ئەوکەسانەی لە لایەن دەوڵەتەوە دامەزرێندراون، دەتوانن تاکەکان یان تەواوی کۆمەڵگاکان بکەنە ئامانج.** ڕەوشی ویگورەکان لە ڕۆژئاوای چین چەندێتی توندڕەوی و توندوتیژی حکومەت دەردەخات. ژنە ویگورەکان ڕووبەڕووی نەزۆککردنی زۆرەملێ و ڕێگری دووگیانی بوونەتەوە، کە بووەتە هۆی دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون، هەروەها نزیکەی ١.٨ ملیۆن ویگور بۆ کامپی پەروەردەکردنەوە نێردراون، ئەمەش بە مەبەستی پۆشینی حیجاب یان ڕیش دانان. ئەشکەنجە و لاقەکردن لەو کامپانە تۆمارکراون، کە زیندانییەکان زمان و ئایینی خۆیان لێ زەوت دەکرێت و دووبارە بە ئایدۆلۆژیای دەوڵەت گۆش دەکرێن. هەروەتر حکومەتی چین بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو کەمپانە ناوەندی پەروەردەیی خۆویستانەن.[18]

## بەرپرسیارییەتی و شکستەکانی حکومەت



با تەماشایەکی شکستەکانی حکومەت بکەین بۆ پاراستنی کەسەکان. **حکومەتەکان بەرپرسیارن لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. کاتێک لەمە شکست دەهێنن، جیاکاری و توندوتیژی زیاد دەکەن، بەڵام هەنگاوی کاریگەرانەی پۆلیس لە ڕەوشی تاکەکەسییدا، دەتوانێت توندوتیژییەکان بوەستێنێت.**

---



لە ٢٠١٧، ژنێکی بەتەمەن کە لە ئیسلامەوە ببووە مەسیحی، لە باشووری کیرگیزستان مرد. کاتێک کچەکەی هەوڵیدا لە گۆڕستانی شارەوانی بینێژێت، گرووپێک بە سەرۆکایەتی ئیمامی ناوچەکە توندوتیژانە نارەزایەتیان دەربڕی. چەندان جار جەستەکەیان هەڵدایەوە تا سەرنجی گشتی وایکرد دەسەڵاتداران کاردانەوەیان هەبێت. ئەنجامدەرەکان سزا دران. پاشان، دەنگە توندڕەوەکانی دژ بە هەڵگەڕاوەکان کەمتر بوونەوە.[19]

---



**زۆر جار دەسەڵاتداران لە دەستوەردانی پەیوەست بە توندوتیژی ناو خێزانەکان یان کۆمەڵگا باوەڕمەندەکان شکست دەهێنن.** نادیە، خوێندکارێکی زانکۆی ٢٢ ساڵانی مەسیحییە لە ئوردون، لەگەڵ خوێندکارێکی هاوڕێی کەوتە داوی خۆشەویستییەوە کە موسوڵمان بوو. کاتێک خێزانەکەی بەمەیان زانی، ڕەتیان کردەوە نادییە لە ماڵ بچێتە دەر و ئەشکەنجەیان دا. هەرچۆنێک بێت نادییە هەڵهات، بەڵام پاش دوو مانگ باوکی دۆزییەوە و کچەکەی کوشت. دادگا پاڵنەری "شەرەف"ی بە بارودۆخێکی سوککەرەوە ڕەچاو کرد و باوکی نادییەی ڕەوانەی زیندان نەکرد.[20]

---

[17] کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا https://www.congress.gov/116/bills/s894/BILLS-116s894is.xml
[18] The Guardian, https://www.theguardian.com/world/2020/sep/04/muslim-minority-teacher-50-tells-of-forced sterilisation-in-xinjiang-china
[19] Forum 18, https://www.forum18.org/archive.php?article_id=2248
[20] سەرچاوە ناوخۆییەکان

## دەرئەنجام



لەم سیمینارەدا تەماشای جیاکاری، سنووربەرندییەکان و ئەو پێشێلکارییانەمان کرد کە لە لایەن حکومەتەکان و کەسانی ناو کۆمەڵگا ئەنجام دەدرێن. هەروەها تەماشای شکستەکانی دەوڵەت لە پاراستنی مرۆڤەکانمان کرد.
دەتوانین لەو چیرۆکانەی بیستوومانە، بە چەند دەرئەنجامێک بگەین:




- پێشێلکاری لە هەموو جۆرە وڵاتێکدا ڕوو دەدات و کاریگەری لەسەر هەموو باوەڕدار و بێباوەڕێک هەیە. ئەوەی لە نێوان چوارچێوەکان دەگۆڕێت ئەوەیە کە کێ کاریگەر دەبێت، چۆن ئەو پێشێلکارییانە بەربڵاو و توند و یەک لەدوای یەکن، هەروەها ڕادەی بەشداریی حکومەت لە ئەنجامدانیان.



- چەندان جۆری یاسا و سیاسەتی حکومەت دەتوانن بەشداریی پێشێلکارییەکان بین.



- بەگشتی کەمینەکان زۆرترین پێشێلکاریيان بەرانبەر دەکرێت، لەگەڵ ئەوانەی وا بە شێوازێکی جیاواز بیر دەکەنەوە لە ناو زۆرینەکاندا. بەڵام زۆرینەی کۆمەڵگاکان دەتوانن بە پێشێلکارییەکان کاریگەر بن- واتە کەمترینیان بەهۆی پێشێلکاریی تیرۆروەوە نییە.




- ئەو چیرۆکانەی بیستوومانن دەری دەخەن کە چۆن پێشێلکاریی ئایین یان باوەڕ پێشێلی مافەکانی تریش دەکەن- بۆ نموونە، مافی پەروەردە یان هاوسەرگیری یان مافی ژیان. زۆر لە چیرۆکەکان چۆنییەتی جیاوازی کاریگەریبوونی ژنان لە پیاوان دەردەخەن- لە تاوانی کینەوە بۆ هاوسەرگیریی زۆرەملێ، بۆ کوشتنی شەرەف و نەزۆککردنی زۆرەملێ.



- هەروەها زۆرێک لەو چیرۆکانەی بیستوومانە دەری دەخەن کە چۆن پێشێلکارییەکان لە کۆمەڵگادا، هاوشانی شکستەکانی حکومەت و پێشێلکارییەکانی، یەکتر بەهێز دەکەن و سورێکی دڕندانە دەخوڵقێنن.



پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەبێتە هۆی ئازارێکی گەورەی تاکەکەسی بۆ کەسانی ئاسایی. هەروەها کۆمەڵگا ناسەقامگیر دەکەن. لە کۆتاییدا، هەمووان بەهۆی نەبوونی ئاسایش و کاریگەریی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ئازار دەچێژن.
بێ گوێدانە ئەوەی ئێمە کێین و سەر بە چ کۆمەڵگایەکی باوەڕین، زۆر شتمان هەیە کە لە ئازادی یان باوەڕ بەدەستی بێنین و بۆ هەموو تاکەکانی وڵاتەکەمان ڕێزلێگیراو بێت. هەروەها هەموومان مرۆڤی هاوباوەڕمان هەیە کە لە وڵاتانی تر وەک کەمینە ژیان دەگوزەرێنن و ئائومێدانە دەڕوانە مافی یەکسان لەوێ. مافی یەکسان بۆ هەمووان دەتوانێت جیهانێکی بەختەوەرتر و سەلامەتتر بۆ هەموومان ئاوا بکات.

# دوو خولەک سیناریۆی کورتە دراما

## وەشانی ڕوونکراوە بۆ ڕاهێنەرەکان

لەم لاپەڕانەدا دەتوانن سیناریۆ پێشنیارکراوەکان بۆ ڕاهێنانی دانیشتنی ٤ 'دوو خولەک سیناریۆی کورتە دراما' بدۆزنەوە. هەر سیناریۆیەک سێ پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەگرێتەوە، هەروەها ٥ سیناریۆ کە دەتوانیت هەڵی بژێریت.

### سیناریۆ: لەسەر شەقام و لە شوێنی کار

ژنێک بەرەو کارەکەی لە ڕێگادایە. پۆشاکێکی پۆشیوە کە ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کەمینەی ئایینەکەیەتی. ڕێبوارێک بەهۆی پۆشاکەکەیەوە هەراسانی دەکات. هیچ کەسێکیش هاوکاری ناکات. ژنەکە ئەفسەرێکی پۆلیس دەبینێت و داوای یارمەتی لێ دەکات. هەراسانکارەکە ڕادەکات بەڵام ئەفسەرەکە بە هیچ شێوەیەک یارمەتی نادات. ئەو دەگاتە نووسینگەکەی و هاوڕێیەکی پایەنزمتری کاری دەبینێت کە ئاهەنگی بەرزکردنەوەی پلەکەی دەگێڕێت. بەڵام ئەو بەرزکردنەوەی پلەکەی پێ نادرێت.

**کەسایەتییەکان**

کەسایەتییە سەرەکییەکان: ژن، هەراسانکار، ئەفسەری پۆلیس، ڕێبوارێک، هاوڕێی کار

کەسایەتییە زیادەکان: هاوڕێی کار و ڕێبواری زیادە

**پێشێلکارییەکان لەم سیناریۆیەدا**

ئەم پەڕاوە سەرنج دەخاتە سەر هەراسانکردن و جیاکاری لەسەر بنەمای ناسنامەی ئایینی کەسەکان و شکستی دەسەڵاتداران بۆ ئەنجامدانی شتێک لەو بارەیەوە.

- دوژمنداریی کۆمەڵایەتی: هەراسانکردن/تاوانی کینە.
- شکستی حکومەت بۆ پاراستن: ئەفسەری پۆلیس هاوکاری ناکات.
- دوژمنداریی کۆمەڵایەتی: جیاکاریی- بەربەستەکانی بەردەم کەمینەکان لە شوێنی کار.

### سیناریۆ: شوێنەکانی پەرستن

گرووپێکی کەمینەی ئایینی پارچەیەک زەوییان کڕیوە و لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە مۆڵەتی دروستکردنی شوێنی پەرستنیان پێ دراوە. دەست بە بیناسازییەکە دەکەن بەڵام بیناکە بە بەردەوامی تێکدەدرێت. پەیوەندی بە پۆلیس و دەسەڵاتدارانی ناوخۆییەوە دەکەن، ئەوانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ناتوانن هیچ لە بارەیەوە بکەن. لە کۆتاییدا شوێنەکە بونیاد دەنێن، بەڵام هەر جارێک خەڵک بۆ پەرستن دەچن، لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگای زۆرینەوە ڕووبەڕووی هەراسانکردن و قسەی نەشیاو دەبنەوە.

**کەسایەتییەکان**

کەسایەتییە سەرەکییەکان: دوو ئەندامی کۆمەڵگەی کەمینە، ئەفسەری پۆلیس، نوێنەری دەسەڵاتداری ناوخۆیی، دوو ئەندامی کۆمەڵگای زۆرینە

کەسایەتییە زیادەکان: ئەندامی زیادەی کەمینە یان زۆرینە

**پێشێلکارییەکان لەم سیناریۆیەدا**

ئەم پەڕاوە سەرنج دەخاتە سەر دوژمنداریی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئایین و شکستەکانی دەسەڵاتداران بۆ ئەنجامدانی هەرشتێک لەبارەیانەوە.

- دوژمنداریی کۆمەڵایەتی: تێکدانی شوێنی باڵەخانەکان
- شکستی حکومەت بۆ پاراستن: دەسەڵاتداران هیچ ڕێوشوێنێک ناگرنە بەر.
- دوژمنداریی کۆمەڵایەتی: هەراسانکردن لە دەرەوەی شوێنی پەرستن.

## سیناریۆ: ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە خوێندنگە

کوڕێکی ١٢ ساڵان لە کۆمەڵگای کەمینە دەچێتە خوێندنگەیەکی سەرەتایی حکومیی، ئەمڕۆش ڕۆژێکی ئاسایی خوێندنگەیە. ڕۆژەکە بە نوێژکردن لە نەریتی ئایینی زۆرینە دەست پێ دەکات، کە ئەویش پێویستە بەشداریی تێدا بکات. پاش نوێژەکان، دەچێتە وانەی مێژووەوە و مامۆستاکە بە شێوازێکی گاڵتەئامێز کتێبێک دەخوێنێتەوە دەربارەی کۆمەڵگای ئایینی کەمینەی کوڕەکە. لە کاتی پشووەکەدا پاش وانەکە، هاوپۆلەکانی بەهۆی ناسنامە ئایینییەکەیەوە گاڵتەی پێ دەکەن و لە یارییەکانیان دووری دەخەنەوە.

### کەسایەتییەکان

کەسایەتییە سەرەکییەکان: کوڕێک، مامۆستایەک بۆ ئەنجامدانی نوێژەکان/ وانەی مێژوو، دوو هاوپۆل
کەسایەتییە زیادەکان: مامۆستا و هاوپۆلی زیادە

**پێشێلکارییەکان لەم سیناریۆیەدا**

ئەم پەڕاوە سەرنج دەخاتە سەر پێشێلکارییە بەدامەزراوەییکراوەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ کە لە لایەن ئەندامانی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێت (ئەو دەزگا پەروەردەییانەی کتێبەکان، خوێندنگە و مامۆستاکان پەسەند دەکەن) هەروەها چۆنییەتی بەشدارییان لە دوژمنداریی کۆمەڵایەتی.

- پێشێلکارییەکانی حکومەت: بەشداریی زۆرەملێ لە نوێژەکانی ئایینی زۆرینە.
- پێشێلکارییەکانی حکومەت: دەقە جیاکارییەکان لە کتێبەکانی خوێندنگە.
- دوژمنداریە کۆمەڵایەتییەکان: گاڵتەپێکردن لە لایەن هاوپۆلەکانەوە.

## سیناریۆ: ئازادیی ئایین یان باوەڕ لەناو خێزان

کچێکی ١٧ ساڵان دەیەوێت بچێت بۆ زانکۆ تاوەکوو ببێتە مامۆستا. دایک و باوکی ڕەتی دەکەنەوە ڕێگەی پێ بدەن. لەبری ئەمە، دەیانەوێت هاوسەرگیریی بکات و شەرەفی خێزانەکەیان بپارێزێت. ئەوان مشتومڕیانە لەسەر ئەوەی ئایینەکەیان برەو بە پەروەردەکردنی کچان نادات و ڕۆڵی ژنان ئەوەیە لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە. کچەکە لەگەڵ ئەو باوەڕەدا ناکۆکە و دەیەوێت بڕیاری خۆی بدات. بەهۆی ترسی لە هاوسەرگیریی زۆرەملێ، ڕادەکات و لەگەڵ هاوڕێیەکی کچی گەورەتر لە خۆی، لە شارێکی تر دەمێنێتەوە. خێزانەکەی لەبارەی دیارنەمانی کچەکەیان پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە. کاتێک دەیدۆزنەوە، پێچەوانەی ویستی کچەکە خۆی، پۆلیس ڕەوانەی خێزانەکەی دەکاتەوە. ڕۆژی دواتر کچەکە هاوسەرگیریی لەگەڵ پیاوێک دەکات کە هەرگیز نەیبینیوە و ڕێگەی پێ نادرێت لە ماڵ دەربچێت.

### کەسایەتییەکان

کەسایەتییە سەرەکییەکان: کچێک، دایک و باوکی، هاوڕێیەک، ئەفسەری پۆلیس، هاوسەری کچەکە
کەسایەتییە زیادەکان: ئەندامی خێزانی زیادە، ئەو کەسانەی دەچنە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە، ئەفسەری پۆلیسی زیادە

**پێشێلکارییەکان لەم سیناریۆیەدا**

ئەم پەڕاوە تیشک دەخاتە سەر یەکتربڕەکانی نێوان مافەکانی ژن و ئازادیی ئایین یان باوەڕ

- دوژمنداریی کۆمەڵایەتیی (پێشێلکاریی ناو خێزان): ڕەتکردنەوەی ڕێگەدان بە پەروەردەی کچەکە.

  ئەمە پێشێلکاریی مافی کچەکەیە بۆ پەروەردە. هەروەها پێشێلکاریی مافی بڕیاردانی خۆیەتی سەبارەت بەوەی باوەڕی بە چی هەیە (بۆ نموونە، دەربارەی تێڕوانینی خودا لەسەر پەروەردەی کچان) و هەنگاونان بەگوێرەی ئەوە. بەم شێوەیە، پێشێلکاریی مافی کچەکەیە بۆ پەروەردە و مافی ئازادیی ئایین یان باوەڕەکەی.

**پێشێلکارییەکان لەم سیناریۆیەدا**

- شکستی حکومەت بۆ پاراستن: پۆلیس کچەکە بۆ دایک و باوکی دەگەڕێنێتەوە، ئەمەش بەبێ خواستی کچەکە و سەرباری مەترسی بەرانبەر هاوسەرگیریی زۆرەملێ.
- دوژمنداریی کۆمەڵایەتی (پێشێلکارییەکانی ناو خێزان): هاوسەرگیریی زۆرەملێ و قەدەغەکردنی ئازادیی جوڵەکردن.

تێبینی

بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی. دایک و باوکان مافیان هەیە بەپێی بیروباوەڕەکانی خۆیان منداڵەکانیان پەروەردە بکەن، بەڵام دەبێت دایک و باوکان ڕێزی توانستی گەشەسەندنی منداڵەکەیان بۆ بڕیاردان بۆ خۆیان سەربارەت بە ئایین یان باوەڕ بگرن (هەروەها ڕەهەندەکانی تری ژیانیش).

## سیناریۆ: قسەکردن- سەرکۆنەی گەندەڵی و پێشێلکاری

کچە خوێندکارێکی زانکۆ لە زانکۆیەکی دەوڵەت، ڕاپۆرتی هەراسانکردنی زایەندیی لە لایەن پرۆفسیۆرێکەوە بە ڕۆژنامەی خوێندکاران دەدات. خوێندکارێکی ڕۆژنامەنووس چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری زانکۆکە سەربارەت بە پەراوەکە دەکات. زانکۆکە دەیەوێت چیرۆکەکە پەردەپۆش بکات، بۆیە دەنگۆیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکەنەوە و دەڵێن گوایە خوێندکارە ڕۆژنامەنووسەکە ڕەخنەی سەرکردە ئایینی و باوەڕدارەکانی کردووە. گرووپێکی توندوتیژ بۆ خۆپیشاندان لە زانکۆ کۆ دەبنەوە، خوێندکارە ڕۆژنامەنووسەکە و ڕۆژنامەکە بە کوفرکردن تۆمەتبار دەکەن. زانکۆکە ئەمە وەک بیانوویەک بۆ داخستنی ڕۆژنامەی خوێندکاران بەکار دەهێنێت. هەروەها پۆلیس ڕۆژنامەنووسەکە بە گومانی کوفرکردن دەستگیر دەکات.

**کەسایەتییەکان**

کەسایەتییە سەرەکییەکان: خوێندکار، ڕۆژنامەنووس، بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆ، دوو ئەندامی گرووپێک، ئەفسەری پۆلیس

کەسایەتییە زیادەکان: ئەندامانی گرووپەکە

**پێشێلکارییەکان لەم سیناریۆیەدا**

ئەم نموونەیە تیشک دەخاتە سەر یەکتربڕەکانی نێوان ئازادیی کۆبوونەوە و ڕادەربڕین و ئازادیی ئایین یان باوەڕ، هەروەها پەیوەندیی نێوان پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ و گەندەڵی.

- پێشێلکارییەکانی حکومەت: بەکارهێنانی تۆمەتی ئایینی لە لایەن زانکۆی (دەوڵەت) بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانێک.
- دوژمنداریی کۆمەڵایەتی: گرووپێکی توندوتیژ
- پێشێلکارییەکانی حکومەت: پۆلیس خوێندکارێکی ڕۆژنامەنووس دەستگیر دەکات. سەرباری ئەوەش، داخستنی ڕۆژنامەی خوێندکاران پێشێلکاریی مافی ئازادی کۆبوونەوە و ڕادەربڕینە.

# چیرۆکی پێشەنگەکان

ئەم چیرۆکەی خوارەوە وەک بەشێک لە سەرنجەکانی کۆتایی دانیشتنی ٤ دەخوێندرێتەوە. لە سلایدەکانی ٤١-٤٤ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا خراوەتە ڕوو.

## چیرۆکی قەشە جەیمس و ئیمام ئەشەفا

چیرۆک

ئەمە قەشە جەیمس و ئیمام ئەشەفایە. ئەوان دوو پیاوی گەنجی پێشەنگی دژ بە گرووپە میلیشیاکان بوون کە بە شێوازێکی خراپ لە ماوەی ناکۆکیی ئایینی لە باکووری نایجیریا دژی یەکتر جەنگاون. قەشە جەیمس لە جەنگە توندڕەوانەکەدا دەستێکی لەدەست دا، ئەمە لەکاتێکدا ئیمام ئەشەفا ڕاهێنەرە ڕۆحییەکەی و دوو کەسی نزیکی خۆی لەدەست دا. ئەو دووانە بوونە دوژمنی سوێندخۆری یەکتر و سوێندی تۆڵەسەندنەوەیان خوارد.

پاش دوو ساڵ، بینینێکی بە ڕێکەوت هەموو شتێکی گۆڕی. لە کاتی کۆبوونەوەی سەرکردەکانی کۆمەڵگا سەبارەت بە کوتانی منداڵان دژی ئیفلیجی، هەردوو سەرکردە ئایینییەکە لە لایەن هاوڕێیەکی هاوبەشیانەوە کۆبوونەوە. هاوڕێکەیان دەستی هەردووکیانی پێکەوە گرێ دا و پێی گوتن، "دەزانم ئێوە دەتوانن دەوڵەتەکە لە ئاشتیدا بهێڵنەوە. دەمەوێت ئێوە قسە بکەن."

هەرچەندە هیچ کامێکیان مەبەستیان نەبوو لەگەڵ یەکتر قسە بکەن، بەڵام لە خۆشەویستییان بۆ نایجیریا و خۆبەخشییان بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکەیان، خاڵێکی هاوبەشیان دۆزییەوە.

قەشە جەیمس بیری کردەوە "ڕق و کینەی من بەرانبەر موسوڵمانەکان لەو کاتەدا هیچ سنوورێکی نەبوو". "ئێمە سوپاسگوزاری خوداین کە فێری توانای گوێگرتن لەیەکتر بووین بۆ دروستکردنی پانتاییەکی سەلامەت بۆ گفتوگۆ، کە بەبێ ئەمە، دەکرێ هەمیشە لە دوورەوە گریمانەی شتەکان دەکەین". بەردەوام بوو و گوتی "ئێمە فێری وانەیەکی تاڵ بووین".

ئیمام ئەشەفا بیری دێتەوە کە پاش پێشێلکارییەکەی کادونە لە ساڵی ١٩٩٢، خۆی و گرووپە میلیشیاکەی پلانی تۆڵەسەندنەوەیان هەبوو. بەڵام ڕۆژێک، لە کاتی نوێژکردن لە مزگەوتەکەیدا، بۆی دەرکەوت کە "قورئان فێرت دەکات سوود لەو شتانە ببینیت کە شەڕانگێزی کەمتر دەکەنەوە. بۆیە ئەگەر تۆ موسوڵمانیت و لێبوردن لەو کەسانە ڕەت دەکەیتەوە کە ئازارت دەدەن، چۆن دەتوانیت بەرجەستەیەکی ڕاستەقینەی موحەمەد بیت؟"

هەردوو سەرکردە ئایینییەکە بۆ خواستی تۆڵەسەندنەوە و ڕق و کینە خەباتیان دەکرد. بەڵام درکیان بەوە دەکرد کە ناتوانن ببنە سەرکردەی ڕاستەقینە ئەگەر ڕق و کینە لە دڵیاندا بێت.

متمانەیەکی هێواش و خاو بەڵام جێگیر لە نێوان ئیمام ئەشەفا و قەشە جەیمسدا گەشەی سەند. پەیوەندییەکەیان بۆ هاوڕێیەتی گەشەی سەند و ئەمەش بووە هۆکاری دامەزراندنی ناوەندی نێوەندگیریی نێوان ئایینەکانی موسوڵمان و مەسیحی.

ناوەندەکە داکۆکی لە پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەکات و ئامانجی ڕێگریی دووبارەبوونەوەی ململانێی توندوتیژی ئایینییە لە ناوچەکەدا. هەروەها هاوکار بووە بۆ هێنانەدی ڕێککەوتنەکانی ئاشتی پاش پێشێلکاریی لە نایجیریا و دەرەوە و ڕاهێنەری ناوخۆیی باوەڕپێکراوی ڕێکخراوەکان بۆ داکۆکی لە پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان شوێنکەوتووانی هەموو باوەڕەکان.

**سەرچاوەکان**

Tanenbaum. https://tanenbaum.org/peacemakers-in-action-network/meet-the-peacemakers/imam-muhammad-ashafa-pastor-james-wuye/

# دانیشتنی ٥

## ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەماندا

### پێداچوونەوەی دانیشتنەکە

سێ دانیشتنی پێشوو دەربارەی فێربوونی مافەکانی مرۆڤ بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ و پێشێلکاریی مافەکان بوون، بیرکردنەوە لە ڕەفتارەکانمان بۆ مافەکان و باسکردنی پرسەکانی ناسنامە، دەستکەوت و زیانەکان. بە فێربوون لەو دانیشتنانە وەک بنەمایەک، دانیشتنی ٥ بەشداربووان بە پرۆسەیەکی سەرنجراکێش دەربارەی پەرەدان بە شیکاریی دەقی ئازادیی ئایین یان باوەڕدا دەبات بۆ ناوچە یان وڵاتەکەی خۆیان.

ئەمە کۆتا دانیشتنی بەشی ١ی کۆرسەکەیە. ئەو شیکارە دەقییەی پەرەی پێ دراوە وەک خاڵێکی ئاماژەدان بە درێژایی بەشی ٢ی کۆرسەکە بەکاردێت.

### ئامانجەکانی فێربوون

ئەم دانیشتنە سەرنج دەخاتە سەر بونیادنانی کارامەییەکان لە شیکاری دەقییدا.

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا بەشداربووان دەتوانن:

- کێشە/ پێشێلکارییەکانی پەیوەست بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ ڕوون بکەنەوە کە کەسانی جیاواز و گرووپەکانی کۆمەڵگاکەیان ڕووبەڕووی دەبنەوە.
- دیاریی بکەن کە چۆن پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگادا، بە شێوەیەکی جیاواز کاریگەریی دەخەنە سەر ژنان و کچان وەک لە پیاوان و کوڕان.
- هاوسۆزیی لەگەڵ کەسانی کۆمەڵگاکانی تر بنوێنن کە کاریگەریی پێشێلکاری ئازادیی ئایین یان باوەڕیان لەسەرە.

### ناوەڕۆک و کاتی دانیشتنەکە

| | |
|---|---|
| **بەخێرهاتن و پێشەکی** | ٣ خولەک |
| **ڕاهێنانی دەستپێک: تۆڕی چاکە**<br>بەشداربووەکان شتە باشەکانی کۆمەڵگاکەمان بەرباس دەدەن. | ١٢ خولەک |
| **پێشکەشکردن: چۆن شتەکان خراپتر و ( باشتر) دەبن**<br>ئامرازێک بۆ شیکاریی دەق دەناسێنێت کە پێی دەگوترێت سێ قۆناغی ئەشکەنجە | ١٠ خولەک |
| **ڕاهێنانی نەخشەسازی: نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان، بەشی ١**<br>بەشداربووان لەڕێی ڕاهێنانی سەرنجراکێشەوە بروە بە بنەمای شیکاری دەقیی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەدەن. | ٦٠ خولەک |
| **وزەبەخش: ڕۆیشتن و وەستان**<br>ڕاهێنانێکی خۆش و جەستەییە، تێیدا کەسەکان پێچەوانەی ئەوە ئەنجام دەدەن کە پێیان دەگوترێت. | ٥ خولەک |
| **گفتوگۆی گشتی: نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان، بەشی ٢**<br>بەشداربووەکان شیکاری ئەوە دەکەن کە لە بەشی یەکەمی ڕاهێنانەکەدا گەشەی پێ داوە. | ٢٥ خولەک |
| **سەرنجەکانی کۆتایی و چیرۆکی پێشەنگەکان**<br>کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنێت کە سەرنجی لەسەر کێشەکانە بە تێبینییەکی پڕ لە ئومێدەوە. | ٥ خولەک |
| **کۆی گشتی کات** | **٢ کاتژمێر** |

**ئەگەر پاش دانیشتنی ٥ کۆتایی بە کۆرسەکە دەهێنیت**
ئەگەر مەبەستت نییە 'بەشی دووەم بڵێیتەوە: گەشتی بەرەو گۆڕانکاری'، یان هەندێک لە بەشداربووان بەشداریی لە بەشی ٢ دا ناکەن، ڕەنگە پێویستت بە زیادکردنی ئەم چالاکییانە ببێت بۆ کۆتاییهێنان بەم دانیشتنە. کات بۆ ئەمە تەرخان بکە، جا بە لێبڕینی ڕاهێنانی 'تۆڕی چاکە' و کورتکردنەوەی ڕاهێنانی نەخشەسازی بە ١٠ خولەک بێت یان وتنەوەی دانیشتنێکی دوورودرێژتر.

| | |
|---|---|
| **ڕاهێنانی هەڵسەنگاندن: سەر، دڵ و دەستەکان**<br>یارمەتیی بەشداربووان دەدات بیر لەو شتانە بکەنەوە کە لە کۆرسەکە لەگەڵ خۆیان دەبەن. | ١٥ خولەک |
| **سوپاس و ماڵئاوایی**<br>ئاهەنگگێڕان لەبیر مەکە! | ٥ خولەک |

## ئامادە بە

بەگوێرەی ڕێنوێنییەکانی لاپەڕە ١٥ ئامادەکاریی بۆ دانیشتنەکە بکە، "چۆن ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت". بیرت بێت- تۆ گرووپەکەت دەناسیت! بانگهێشت دەکرێیت بۆ گۆڕین و گونجاندنی هەر پێکهاتەیەکی دانیشتنەکە بەگوێرەی پێویستییەکانی گرووپەکەت.

**خوێندنەوەیەکی کەمێک زیاتر**
سەرباری خوێندنەوەی بابەتەکانی دانیشتنەکە، بە ڕێژەیەکی بەرچاو گرنگە خۆت ئامادە بکەیت بە خوێندنەوەی ڕەوشی ئازادیی ئایین یان باوەڕ (بۆ کەسانی باوەڕدار و بێباوەڕ) لە وڵاتەکەتدا. زۆر جار، ئێمە تەنیا دەربارەی ئەو کێشانە دەزانین کە ڕووبەڕووی گرووپەکەی خۆمان دەبێتەوە، یان گرووپە هەرە گەورەکانی کۆمەڵگا. کەمێک خوێندنەوە وا دەکات زیاتر هاوکاریی بەشداربووەکانت بکەیت!
دەتوانیت لە لاپەڕەی ١٥٣-١٥٤دا دەربارەی ئەوەی لەکوێ ئەم زانیارییەت دەست دەکەوێت، ڕێنمایی بدۆزیتەوە.

**سەرچاوەکانی ئەم دانیشتنە**

سەرباری سەرچاوە سەرەکییەکانی هەر دانیشتنێک کە لە لاپەرە ١٦دا ڕیزبەند کراوە، بۆ وتنەوەی ئەم دانیشتنە پێویستت بەم سەرچاوانەی خوارەوە دەبێت:
- تۆپێکی نەرمی خوری یان دەزوو بۆ ڕاهێنانی 'تۆڕی چاکە"
- نەخشەی پەڕەی پێشکەشکردنی پێشوەختە ئامادەکراو بۆ ڕاهێنانی 'نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارەکەمان'.
- ئەگەر تۆ ڕاهێنانی هەڵسەنگاندنی 'سەر، دڵ و دەستەکان' ئەنجام دەدەیت، پێویستت بە کۆپییەکی بڵاونامەکە دەبێت بۆ هەر بەشداربوویەک.

**دەتوانیت سەرچاوە هاوبەشەکان بۆ ئەم دانیشتنە لێرەدا بدۆزیتەوە.**

**ژوورەکە ئامادە بکە**
بۆ ئەم دانیشتنە، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر بە نیمچەبازنەکردنی کورسییەکان و ڕووەو پێشەوە دەست پێ بکەیت، لەگەڵ بۆشاییەکی گەورە لە ناوەڕاستدا. بەم جۆرەش گرووپەکە دەتوانن بە ئازادی بجوڵێنەوە. هەروەها ژوورێکی گەورە بەبێ هیچ مێزێک زیاتر یارمەتیدەر دەبێت.



نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان

'بەشداربووەکان چێژیان لە ڕاهێنانی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان بینی- زۆر باش کاری کرد. دەرفەتێکی پێ دان بۆ بیرکردنەوە لەو پێشێلکارییانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە و وتووێژی قووڵی دروست کرد. بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، داهێنەرانە و شیکاریی، هەروەها کارامەیی کارکردن بە گرووپ نایابە."

**هەمام حەداد، ڕاهێنەر، ئوردون**

# وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە

## ١. بەخێرهاتن ٣ خولەک

کورتە باس

### چی بگوترێت

بەخێرهاتنی هەمووان بۆ دانیشتنەکە بکە. بەمانەی خوارەوە دانیشتنەکە بناسێنە:

- لە سێ دانیشتنی کۆتاییدا ڕوانیمانە مافەکانی مرۆڤ بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ. دەربارەی ئەو مافانەی هەمانە و جۆرە جیاوازەکانی پێشێلکاری کە دەکرێت ڕوو بدەن، فێربووین. هەروەها بیرمان لەوە کردەوە مافی مرۆڤ بۆ ئێمە چی دەگەیەنێت و لە پرسی ناسنامە و دەستکەوت و زیانەکانمان کۆڵییەوە.
- لەم دانیشتنەدا، سەرنج دەخەینە سەر شیکاریی بەستێنی خۆمان بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ڕەنگە گرووپ و کەسە جیاوازەکان ڕووبەڕووی چ کێشەیەک ببنەوە. ئێمە پێکەوە بە دروستکردنی نەخشەی بینراوی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ناوچەکەی خۆماندا ئەوە ئەنجام دەدەین. بەڵام پێش ئەوەی بڕوانینە کێشەکان، با بیر لە شتە باشەکان بکەینەوە!

## ٢. ڕاهێنانی دەستپێک: تۆڕی چاکە ١٢ خولەک

ڕاهێنانی گشتی

> **تێبینی**
>
> ڕاهێنانەکە خۆشە و خاڵێک دەخاتە ڕوو، بەڵام بۆ پرۆسەی دانیشتنەکە شتێکی بنەڕەتی نییە. ڕەنگە بتەوێت ئەم ڕاهێنانە نەکەیت بۆ تەرخانکردنی کاتی زیاتر بۆ گفتوگۆی گشتی 'نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەی خۆمان' کە کات تێیدا سنووردارە.

### پێناسە و مەبەست

ئەم ڕاهێنانە ڕێگایەکی خۆشە بۆ دروستکردنی نوێنەرایەتییەکی بینراوی شتە باشەکان کە لە کۆمەڵگاکەماندا بەرز دەیاننرخێنین، ئەمە پێش ئەوەی بچینە سەر تەماشاکردنی کێشەکان.

> **سەرچاوەکان**
>
> - تۆپێک لە خوری (یان دەزوو).

### چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت

پرسیار لە گرووپەکە بکە لە بازنەیەکدا بوەستن. (پێویستە قەبارەی بازنەکە بە جۆرێک بێت بەشداربووان بە ئاسانی بتوانن تۆپە خورییەکە بۆ یەک هەڵ بدەن).

ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

- ئێمە تۆپێکی خوری بە سەر ئەڵقەکەدا بۆ یەکتر هەڵدەدەین.
- پێش هەڵدانی تۆپەکە، هەر کەسێک دەبێت ئەم ڕستەیەی خوارەوە تەواو بکات، "شتێکی باش دەربارەی ژیان لە شارۆچکەکەی من ئەوەیە............". بۆ نموونە، "شتێکی باش دەربارەی ژیان لە شارۆچکەکەی من نزیکییە لە خێزانەکەم"، یان تیمی یاری تۆپی پێ یان خوێندنگەی ناوخۆیی. ڕێگەت پێ نادرێت شتێک بڵێیت کە کەسێکی تر وتوویەتی، هەروەها وردە وردە قورستر دەبێت!
- کاتێک تۆپەکە هەڵدەدەیت، دەستێک بە دەزووی خورییەکەوە بگرە و هەموو تۆپە خورییەکە بە دەستەکەی تر بۆ پێشەوە فڕێ بدە. ئەمەش دەزوویەک دروست دەکات کە تۆ بە کەسی پێش خۆت و کەسی دوای خۆت دەبەستێتەوە. دەزووەکە بە درێژایی ڕاهێنانەکە بەدەستەوە بگرە.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت**
خۆت ڕاهێنانەکە دەست پێ بکە بە تەواوکردنی ڕستەکە و هەڵدانی تۆپی خورییەکە بۆ کەسێک لە لایەکەی تری بازنەکەوە. بیرت بێت دەست بە کۆتایی خورییەکەوە بگریت! ورده ورده 'تۆڕێک" لەنێوان بەشداربووواندا دروست دەبێت.

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت**
کە هەموو بەشداربووەکان جارێک تۆپە خورییەکان گرت، کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بێنە، بەڵام داوایان لێ بکە دەست بە دەزووەکانەوە بگرن.

بەم بیرکردنەوانەی خوارەوە کۆتایی پێ بهێنە:
- ئەم پانتاییەی نێوانمان ئێستا لە چی دەچێت؟ تۆڕێکی جاڵجاڵۆکە؟
- تەنانەت ئەگەر ئەم دانیشتنە سەرنج بخاتە سەر کێشەکانی وڵاتەکەمان یان کۆمەڵگاکەمان، کەسانی باش هەن و شتی باشیش ڕوو دەدەن. شتگەلێک هەن کار دەکەن!
- گرنگە کاتێک کار بۆ گۆڕینی کێشەکان دەکەین ئەو شتانەمان بیربێت. بەشێکی بەهۆی ئەوەی هێز و هیوامان پێ دەبەخشن، وە بەشێکی بەهۆی ئەوەی دەکرێت پەیوەندیی کەسە باشەکان و شتە باشەکان سەرچاوەیەکی هاوکاریی ئێمە بێت بۆ مامەڵە لەگەڵ کێشەکان.

## ٣. پێشکەشکردن: چۆن شتەکان خراپتر و (باشتر) دەبن ١٠ خولەک



پێشکەشکردن

**پێداویستی و مەبەست**
ئەم کورتە زانیارییە ئاگایی بەشداربووان بەهێز دەکات لەسەر ئەو پرۆسانەی بەهۆیانەوە پێشێلکارییەکان لە کۆمەڵگادا خراپتر دەکات. هەروەها ئامرازێک بۆ شیکاری دەقیی دەستەبەر دەکات کە لە ڕاهێانی دواتری 'نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەتدا' بەکاردێت.

**سەرچاوەکان**
- دەکرێت نووسراوی پێشکەشکردنەکە لە لاپەڕەی ١٠٧ی ئەم ڕێنوێنییەدا بدۆزرێتەوە.
- نووسراوەکە هاوتای سلایدەکانی ٣-١٣ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەیە و لە تێبینی ئاخێوەرەکان بۆ ئەم سلایدانەدا هاتووە.
- وەشانێکی دەستکاریکراوی وۆردی ئەم نووسراوە لە سەرچاوە هاوبەشەکانی ئەم دانیشتنەدا بەردەستە.

ڕێنمایی: داوایان لێ بکە پرسیار و سەرنجەکانیان بۆ کۆتایی پێشکەشکردنەکە دابنێن.

**ئامادەکاریی پێشوەختە**
بەگوێرەی ڕێنماییەکانی لاپەرە ١٥ ئامادەکاریی بکە 'چۆن ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت'. نووسراو و سلایدی پاوەرپۆینتەکان بخوێنەوە و یەکیان بخە (یان پەڕەی پێشکەشکردن بۆ خاڵە سەرەکییەکان لەسەر سلایدەکان دروست بکە) هەروەها ڕاهێنان بۆ پێشکەشکردنی سیمینارەکە بکە ، ئەمەش بەیەکەوە لەگەڵ سلایدەکان/ پەڕەکانی پێشکەشکردن.

ڕاهێنانی گشتی

## ٤. ڕاهێنانی نەخشەسازی: نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان، بەشی ١ ٦٠ خولەک

### پێناسە

ئەم ڕاهێنانە 'نەخشە'ی پەڕەی پێشکەشکردن بۆ شارۆچکەیەک و چەند کەسایەتییێک بەکار دەهێنێت بۆ یارمەتیدانی بەشداربووەکان تا نەخشەی پێشێلکارییەکانی پەیوەند بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە چوارچێوەی خۆیاندا بکێشن و شیکاری بکەن. ئەزموون و ئاگایی بەشداربووەکان خۆیان لەگەڵ هەر ئاگاییەکی زیادە کە تۆ وەک ڕاهێنەر دەستەبەری دەکەیت، بەکاردێت. ڕاهێنانەکە لە دوو بەش پێکدێت لەگەڵ وزەبەخشێک لە ناوەڕاستدا.

### مەبەست

یارمەتی بەشداربووان دەدات بۆ گەشەسەندنی ئاگایی و تێگەیشتن لە چۆنییەتیی کاریگەریی پرسەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لەسەر کەسە جیاوازەکان لە چوارچێوەی خۆیاندا و فێربوونی کارامەیی بۆ نەخشەسازی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بە بەکارهێنانی نموونەیەکی سادە و بینراو.

**سەرچاوەکان**

- نەخشەی پەڕەی پێشکەشکردنی پێشوەختە ئامادەکراو (بروانە ڕێنماییەکانی خوارەوە).
- پێنووسی پەڕەی پێشکەشکردن.

### ئامادەکاریی پێشوەختە

دەتوانیت باشتر بەشداریی لەم ڕاهێنانەدا بکەیت ئەگەر بۆ ئامادەکاریی ئەم دانیشتە، سەبارەت بە ڕەوشی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە وڵاتەکەی خۆتدا بخوێنیتەوە. بەستەری سەرچاوەکان بۆ خوێندنەوە لە لاپەڕە ١٥٣-١٥٤ دا بدۆزەرەوە.

پێش دانیشتنەکە ئەم ئامادەکارییە کردارییانە بکە:

- **نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەی خۆت بکێشە**

  چوار پەڕەی پێشکەشکردن لەسەر قاڵبێک پێکەوە ببەستە. نەخشەی گوندێک/شارۆچکەیەک لەسەر لاپەڕەکان بکێشە. وێنەی نارێک یان ناوی ١٠ شوێنی جیاواز بنووسە کە خەڵک تێیدا ڕووبەڕووی کێشەکانی پەیوەست بە ئایین یان باوەڕ دەبنەوە. (وێناکان لە لاپەڕە ٩٨ ببینە).

  ئەمانەی خوارەوە ڕیزبەندی چەند شوێنێکی پێشنیارکراون تا بیانخەیتە ناو 'نەخشەکەت'. هەموو ئەوانەی وا لە چوارچێوەی تۆدا پەیوەندیدار نین جێ بهێڵە، بەوانەی وا زیاتر پەیوەندیدارن بیانگۆڕەوە. دڵنیابەرەوە لەوەی ماڵ و شوێنەکانی پەرستن و شوێنە گشتییەکانی وەک دووکان و شوێنە 'فەرمییەکان' وەک بنکەی پۆلیس دەگرێتەوە.

  کاتێک نەخشەکە دەکێشیت، لەنێوان شوێنەکان بۆشایی جێ بهێڵە، بەڵام ئەو شوێنانەی زۆر لە یەکەوە نزیکن، پێکەوە دابنێ، بۆ نموونە فەرمانگە جیاوازەکانی حکومەت. هەوڵ مەدە هەموو شتێک لەسەر یەک پەڕەی پێشکەشکردن جێ بکەیتەوە- لە ماوەی ڕاهێنانەکەدا پێویستت بە بۆشایی دەبێت بۆ نووسین لەنێوان وێنەکێشانەکان.

  شوێنە پێشنیارکراوەکان تا بیانخەیتە ناو نەخشەکەتەوە: ماڵەکان، خوێندنگەیەک، نەخۆشخانەیەک، شوێنەکانی پەرستن، مارکێتێک، کارگەیەک، کێڵگەیەک، پاسێک، بنکەی پۆلیس و دادگا، فەرمانگەی حکومەت بۆ ڕێگەپێدانی نەخشەسازیی، فەرمانگەی حکومەت بۆ کاروباری ئایینی، هەروەها فەرمانگەی حکومەت بۆ تۆمارکردنی لەدایکبوون، مردن و هاوسەرگیرییەکان.

(وەشانی جێگرەوە: بەسەر چەند گرووپێکدا دابەش ببن و پرسیاریان لێ بکە تا نەخشەی خۆیان دروست بکەن. بە بۆچوونی گشتی کۆتایی پێ بهێنە. ٢٠ خولەک زیاد دەکات.)

- **پەڕەی پێشکەشکردن لەگەڵ کەسایەتییەکان ئامادە بکە**

  ٢-١ پەڕەی پێشکەشکردن ئامادە بکە کە ئەم کەسایەتییانەی خوارەوەی لەسەر نووسرابێت، پیتە هێڵ بەژێرداهاتووەکان بە ناوی ئەو ئایینانەی بە چوارچێوەی وڵاتەکەی تۆوە پەیوەندیدران، بگۆڕەوە. بۆ نموونە، لەبری نووسینی 'ژنانی کەمینە بچووکتر' ڕەنگە بنووسیت ژنانی بەهایی بۆ نموونە. پێویستە نووسینەکە گەورە بێت و ئەوەندە ڕوون بێت کە هەمووان بتوانن لە دوورییەکی کەمەوە بیخوێننەوە.

کەسایەتییەکان

- **زۆرینەی** پیاوان/کوڕان
- **زۆرینەی** کچان/ژنان
- **زۆرینەی** سەرکردە ئایینییەکان
- **گەورەترین کەمینەی** کوڕان/پیاوان
- **گەورەترین کەمینەی** کچان/ژنان
- **بچووکترین کەمینەی** کوڕان/پیاوان
- **بچووکترین کەمینەی** کچان/ژنان
- **بچووکترین کەمینەی** سەرکردە ئایینییەکان
- گەڕانەوەی مێینە لە **ئایینی زۆرینەوە** بۆ **ئایینی کەمینە**
- گەڕانەوەی نێرینە لە **ئایینی زۆرینەوە** بۆ **ئایینی کەمینە**
- نێرینە بێباوەڕەکان کە تێڕوانینەکانیان لە ڕێگەی پۆستەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەون
- هاوسەری نێوان ئایینەکان (دیاریی بکە ژن و پیاوەکە سەر بە چ ئایینێکن)
- بەرەنگاریکار: **ژنانی زۆرینە** کە ڕەفتار/بیرۆکەکانیان دژی **زۆرینەی** نەریتە کولتوورییەکان بێت
- ڕەخنە: کەسێک کە ڕەخنەی بیرۆکە و کارپێکردنە ئایینییەکان دەکات یان ڕەفتاری کەسێکی ئایینیی یان چۆنییەتیی مامەڵەی دەوڵەت لەگەڵ ئایین.

پێش دانیشتنەکە نەخشەی پەڕەی پێشکەشکردن و پەڕەکانی پێشکەشکردنی کەسایەتییەکان لەسەر دیوارەکە دابنێ

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت** ١٠ خولەک

- **'نەخشە'ی پەڕەی پێشکەشکردنەکە پێشکەش بکە**

  داوا لە گرووپەکە بکە بە چواردەوری نەخشەی پەڕەی پێشکەشکردنەکەدا بە شێوەیەکی نیمچە بازنەیی ڕابوەستن. ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

  - مرۆڤەکان لە ڕەوشە بەرجەستەکان و شوێنەکاندا ڕووبەڕووی کێشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەبنەوە. ڕەنگە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە پاسدا ڕووبەڕووی وتاری کیناوی ببنەوە، هەروەها جیاکاریی لە شوێنی کار یان کێشە لە بەریەککەوتنیان لەگەڵ دەوڵەت- پۆلیس و یاساکان، بەرپرسە ناوخۆییەکان یان هێزی پۆلیسی.
  - دەتوانرێت هەندێک لەو شوێن و ڕووداوخانە لەم 'نەخشە'یەدا ببینرێ. (ڕیزبەندی ئەو شوێنانەی کێشاوتە/ لەسەر نەخشەکە نووسیوتە).
  - ئەم نەخشەیە نوێنەرایەتیی شارۆچکە و ناوچەکەی ئێمە دەکات، بەڵام دەشتوانین بە شێوازێکی زۆر فراوانتر بیر لە وڵاتەکەمان بکەینەوە. ئێمە نەخشەی ئەو کێشانە دەکێشین کە بە ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین یان باوەڕەوە پەیوەندیدارن.

- **کەسایەتییەکان پێشکەش بکە**

  ڕوونی بکەرەوە کە نەخشەکەمان خاڵی دەستپێکی لە چەند کەسایەتییەکەوە دەست پێ دەکات کە ڕەنگە ڕووبەڕووی کێشەکانی پەیوەند بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە یەکێک یان زیاتری شوێنەکانی سەر نەخشەکە ببنەوە.

  ڕیزبەندیی کەسایەتییەکانی سەر پەڕەی پێشکەشکردنەکە بخوێنەوە. پرسیار بکە داخۆ هیچ کەسایەتییێک کە ڕووبەڕووی کێشە بووەتەوە، لەبیرکراوە یان بەپێی گونجانی گرووپەکە کەسایەتییەکان زیاد بکە.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ٥٠ خولەک

- **بیر بکەرەوە** (٥ خولەک)

  داوا لە هەمووان بکە کەسایەتییێک هەڵبژێرن کە وا بیر دەکەنەوە لە وڵاتەکەیاندا/کۆمەڵگاکەیاندا ڕووبەڕووی کێشەکانی پەیوەند بە ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین یان باوەڕ دەبنەوە. داوایان لێ بکە تەماشا 'نەخشە'کە بکەن و سێ خولەک بیر لەم پرسیارانە بکەنەوە: لە کام شوێنی نەخشەکەدا کەسایەتییەکەت ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە بەهۆی بیرۆکەکانیان یان ناسنامەی ئایینی، کارپێکردن و باوەڕەکانیان؟ ڕووبەڕووی چ کێشەیەک دەبنەوە؟ دڵنیا ببەوە لەوەی ئەرکەکە ئەوەیە نەخشەی ئەزموونی قوربانیانی پێشێلکاریی بکێشیت نەوەک سەرنج خستنەسەر ئەنجامدەرەکان.

- **هاوبەشیپێکردن و بەڵگاندن**         (٤٥ خولەک)

  ١. پرسیار لە یەکێکیان بکە تا بڵێت کامە کەسایەتیی هەڵدەبژێرێت و زۆر بە کورتی لە کام شوێنەی نەخشەکەدا کەسایەتییەکەی ڕەنگە ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە و جۆری کێشەکەش دەستنیشان بکات. لەسەر پەڕەی پێشکەشکردنەکان، لە تەنیشت هەر شوێنێکی ئەو کێشانەی ئەزموونیان کردووە، بە کورتی تێبینی لەسەر ئەو کەسایەتیی و جۆری کێشانە بدە کە باسیان کردووە. بۆ نموونە، ڕەنگە بنووسیت 'هەراسانکردنی-هاوسەرانی نێوان ئایینەکان' لە تەنیشت پاسەکە. پاش دوو خولەک کەسەکە لە باسکردن بوەستێنە، تەنانەت ئەگەر کەمترین شوێن/کێشەیان وتبێت. ئەمە بۆ دڵنیاییە لەوەی ئەوانی تر کاتی بەشدارییان هەیە!

  ٢. داوا لە کەسێکی تر بکە کە هەمان کەسایەتیی هەڵبژێرێت و ئەگەر هەر خاڵێکی زیادەیان هەبێت دەربارەی کەسایەتییەکە باسی بکەن. لەم خاڵەدا هانی گفتوگۆ و باسکردنی چیرۆک بدە.

  ٣. پرسیار بکە داخۆ هەر کەسایەتییێکی تر ڕووبەڕووی هەمان کێشە و لە هەمان شوێن دەبێتەوە. ئەو کەسایەتییانە لە تەنیشت کێشە پەیوەندیدارەکان ئاماژە پێ بدە.

خاڵەکانی ١-٣ی سەرەوە دووبارە بکەرەوە بە پرسیارکردن لە کەسێکی تر دەربارەی ئەو کەسایەتییەی خۆیان هەڵیان بژاردووە. بەناو کەسایەتییەکاندا بەردەوام بە تا ئەو کاتەی تەنیا ١٠ خولەک لە ٤٥ خولەکە تەرخانکراوەکە دەمێنێتەوە. لەم ڕەوشەدا، پرسیار لە هەموو ئەوانە بکە کە کێشەیان هەیە و تا ئێستا گفتوگۆی لەسەر نەکراوە تاوەکو کێشەکە لە شوێنی پەیوەندیدار لەسەر نەخشەکە بنووسن و ئاماژە بە کەسایەتییە پەیوەندیدارەکە بدەن. هەروەها چەند خولەکی کۆتایی بە خوێندنەوەی زیادکردنەکانی یەکتر بەسەر بەرە.

ئەم ڕاهێنانە بە گفتوگۆیەکی گشتی پاش وزەبەخشەکە بەردەوام دەبێت.

## ٥. وزەبەخش: ڕۆیشتن و وەستان     ٥ خولەک

**ڕاهێنانی گشتی**

### ەسانیپ

بەشداربووەکان ڕێنماییەکان پەیڕەو دەکەن، پێچەوانەی ئەوە ئەنجام دەدەن کە گوتراوە.

### تسەبەم

بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وزە و باشترکردنی باری دەروونیی لە دانیشتنێکی پڕ کێشەدا.

### چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت

ئەم چەند هەنگاوانە ئەنجام بدە:

- داوا لە گرووپەکە بکە بە چواردەوری ژوورەکەدا بڵاو ببنەوە.
- ڕێنمایی بەشداربووەکان بکە کاتێک تۆ دەڵێیت "برۆ" بڕۆن و کاتێکیش دەڵێیت "بووەستە"، بوەستن. هەندێک لەو بڕیارانە دەربکە، بە هەر ڕیزبەندێک بێت بۆ ماوەی ٢٠ بۆ ٣٠ چرکە.
- ڕای بگەیەنە کە واتای فەرمانەکان گۆڕاون، واتە "برۆ" بە واتای ڕاوەستانە و "بووەستە" بە مانای ڕۆیشتن دێت. هەندێک بڕیاری تر بۆ کەسێکی تر دەربکە بۆ ماوەی ٣٠ چرکە.
- دوو بڕیاری تری نوێ دەربکە: کاتێک گوێیان لە "ناو" دەبێت، ئەوا دەبێت ناوی خۆیان بە دەنگی بەرز بڵێن؛ کاتێک گوێیان لە "چەپڵە" دەبێت، پێویستە هەمووان جارێک چەپڵە لێبدەن. کاتێک ئەمە ئەنجام دەدەن، پێویستە بەردەوام بن لە ڕۆیشتن یان وەستان.
- پێکەوە کار بەم دوو بڕیارە نوێیە بکەن "برۆ" و "بوەستە" (هێشتا ماناکانیان پێچەوانەیە).
- لە کۆتاییدا، مانای ئەو دوو بڕیارە نوێیە ڕابگەیەنە کە پێچەوانەکراونەتەوە- کاتێک دەڵێیت "ناو"پێویستە هەمووان چەپڵە لێبدەن و بە پێچەوانەشەوە.
- لە یارییەکە بەردەوام بە تا پێنج خولەکەکە تەواو دەبێت.

لێرە
ڤیدیۆی فێرکاریی ئەم ڕاهێنانە بدۆزەرەوە

گفتوگۆی گشتی

## ٦.ڕاهێنانی نەخشەسازی: نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان، بەشی ٢ ٢٥ خولەک

### پێناسە

ئەمە درێژەپێدەری ئەو ڕاهێنانەیە کە پێش وزەبەخشەکە دەستی پێ کرد. لەم بەشەی ڕاهێنانەکەدا، بەشداربووان شیکاریی ئەو تێبینیانە دەکەن کە لە ڕاهێنانی نەخشەسازییەکەدا کردوویانە، ئەمەش بە بەکارهێنانی نموونەی سێ قۆناغی کە لە پێشکەشکردنەکەدا ناسێنرا.

### چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت ٥ خولەک

داوا لە هەمووان بکە بە شێوازێکی نیمچەبازنەیی لە بەردەمی نەخشەی پێشکەشکردنەکەدا دابنیشن

- بە گرووپەکە بڵێ ئێوە شیکاریی دۆزینەوەکانی نەخشەکێشانەکانی خۆتان دەکەن بە بەکارهێنانی ئەو نموونەیەی لە باسەکەدا فێری بوون.
- پرسیار بکە داخۆ هیچ کامێکیان سێ قۆناغەکەیان بەبیر دێتەوە. کاتێک وەڵامیان دایەوە ، دووبارە سلایدی ١٣ی پاوەرپۆینتەکە یان پەڕەی پێشکەشکردنەکە پیشان بدەرەوە، بە شێوەیەک کە هەمان ئەو وشانەی لەسەر نووسرابێت.
- پرسیار بکە داخۆ واتای زانیاری ناڕاستیان بیر دێتەوە، وە ئەگەر پێویستی کرد بەبیریان بهێنەوە.

### چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت ٢٠ خولەک

ئەم پرسیارانەی خوارەوە بکە و خاڵە سەرەکییەکانی گفتوگۆیەکە لەسەر پەڕەیەکی سپی پێشکەشکردن بنووسە. ئەگەر کێشە و کەسایەتیی نوێ لە گفتوگۆیەکەدا هاتە پێش، لەسەر نەخشەکە ئاماژەیان پێ بدە.

- ئایا نموونەی زانیاریی ناڕاست، جیاکاریی و پێشێلکاریی لەسەر نەخشەکەمان هەیە؟
- کێ بەو کێشانەی دیاریمان کردوون کاریگەر بووە؟
  - کێ بە تایبەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا مەترسی لەسەرە؟
  - ئایا کچان و ژنان لە چاو پیاوان و کوڕان ڕووبەڕووی کێشەی جاواز دەبنەوە؟
- ئایا کێشەکان لە ڕووی دووبارەبوونەوە و پێوانە و کاریگەرییەوە چەندە گرنگن؟
  - دووبارەبوونەوە: ئایا ئەو کێشانەی هەمانە جاروبار ڕوو دەدەن یان بە بەردەوامی؟ ئایا هیچ کامێکیان سیستماتیکین- بە شێوازی کارکردنی کۆمەڵگا بونیادنراون؟
  - پێوانە: ئایا چەند کەسێکی کەم یان زۆر کەس بەو کێشانە کاریگەر بوون؟ کام کێشانە کاریگەریی لەسەر زۆرینەی کەسەکان هەیە؟
  - کاریگەری: کام کێشانە قورسترین کاریگەرییان لەسەر ئەوانە هەیە کە تووشی دەبن؟ بیری گرووپەکەت بهێنەوە تەنانەت ئەگەر چەند کەسێکی کەمیش تووش ببن و ئەگەر پێشێلکارییەکە کاریگەرییەکی وێرانکەری لەسەر ئەو کەسانە هەبێت، ئەوا لە ڕاستیدا کێشەیەکی گرنگە.
- کێ لە کێشەکاندا بەشدارە؟
  - ئایا دەوڵەت چالاکانە بەشداریی پێشێلکارییەکان دەکات، دەربارەی ئەو کێشانەی کەسانی تر دروستی دەکەن بێ هەڵوێستە یان لە بەرەودان بە ئازادیی ئایین یان باوەڕدا چالاکە؟
  - ئایا ئێمە بەشێکین لە کێشەکان، جا بە ئاگایی بێت یان نائاگاییانە؟
- ئایا هیچ کەسایەتیی- تاک و کۆمەڵگایەکی ئایینی هەیە کە دەربارەی کێشەکانیان نەزانین یان بەباشی لێیان تێ نەگەین؟ داخۆ دەتوانین دەربارەی ئەزموونەکانیان بزانین و بۆ نەخشە یان شیکارییەکانمانی زیاد بکەین؟
- دیاریکردنی ئەم کێشانە چ هەستێکت پێ دەدات؟

لە ماوەی گفتوگۆکەدا، هەوڵ بدە تیشک بخەیتە سەر چۆنییەتیی ورووژاندنی پرسیارەکان لە لایەن بەشداربووان کە دەری دەخات چۆن پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ پێشێلکاریی مافەکانی تریش دەگرێتەوە، بۆ نموونە، مافی ژنان، مافی پەروەردە و دامەزراندن. سەرنج بخەرە سەر ئەو خاڵەی کە مافە مرۆییەکانمان هەموو پێکەوە گرێدراون. پێویستیمان بە هەموویانە!

ڕێنمایی! نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕەکە لەسەر پەڕەی پێشکەشکردنەکان بپارێزە، ئەگەر کرا لەسەر دیوارەکە جێی بهێڵە. بۆ هەموو دانیشتنەکانی داهاتوو پێویستت پێی دەبێت.

تێبینی

به ئاسانی دەتوانیت زیاتر لە ٢٠ خولەک بۆ ئەنجامدانی ئەمە تەرخان بکەیت. کاتێکی زۆر بۆ گفتوگۆی یەک پرسیار تەرخان مەکە تا بتوانیت وەڵامی زۆرینەی پرسیارەکان بدەیتەوە. دەتوانیت کاتی زیاتر بۆ ئەم گفتوگۆیە تەرخان بکەیت، ئەویش بە لابردنی ڕاهێنانی 'تۆڕی چاکە'.

کورتە باس

## ٧. سەرنجەکانی کۆتایی و چیرۆکی پێشەنگەکان ٥ خولەک

**پێناسە**

ئەم کورتە باسە کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنێت، کە پەیوەندە بە بونیادنانی گۆڕانکاریی، ئەمەش بە بەکارهێنانی چیرۆکی کەسێکی ئاسایی کە بۆ مافی خۆی، بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ هەوڵی داوە، هەروەها بە بەشداربووان دەڵێت لە دانیشتنەکانی داهاتوودا چاوەڕێی چی بکەن.

**چی بگوترێت**

ئەم خاڵانەی خوارەوە بخە ڕوو. سلایدەکانی ١٤-١٩ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکە بەکار بهێنە بۆ پیشاندانی چیرۆکی ئێمینا ئەگەر کرا (یان ئەو سلایدانە چاپ بکە تا بە دەستیانەوە بگرن).

- ئێمە ئێستا لە کۆتایی ئەو پێنج دانیشتنەداین کە بەشی یەکەمی کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان پێک دەهێنن.
- لەو دانیشتنانەدا، ڕوانیمانە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ئایین یان باوەڕ، دەستکەوت و زیانەکان و ڕەوشی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە وڵاتەکەمان و کۆمەڵگاکەماندا. لە دانیشتنی ئەمڕۆدا، بە تایبەتی سەرنجمان خستووەتە سەر ئەو کێشانەی وا خەڵک ڕووبەڕووی دەبنەوە.
- ڕەنگە ئەوە بێت کە ئێمە هەرگیز لەسەری ڕێکنەکەوتووین، دەربارەی ئەوەی داخۆ کێشەکان چین یان پێویستییەکانی گۆڕانکاری چین. بەڵام چەندان شت هەن کە لەسەریان ڕێک دەکەوین و ئەو گۆڕانکارییانەی هەموومان دەمانەوێت ببینین.
- لە بەرانبەر هەموو ئەو کێشانەی دەستنیشانمان کردوون، دوو بژاردەمان هەیە: هەستکردن بە نائومێدی و بێتوانایی یان بۆ دەستنیشانکردنی شتێکی بەرجەستە، هەرچەندە بچووکیش بێت، بۆ هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری. بۆ بوون بە پێشەنگ لە کۆمەڵگاکەی خۆماندا.
- لە لاپەڕە ١٠٩ چیرۆکی ئێمینا بخوێنەرەوە و سلایدەکانی ١٤-١٩ی پاوەرپۆینتەکە پیشان بدە (یان ئەو سلایدانە چاپ بکە).
- با چەپڵەیەکی گەورە بۆ ئێمینا لێ بدەین بۆ کارەکانی، هەروەها چەپڵەیەک بۆ خۆمان بۆ تەواوکردنی بەشی یەکەمی ئەم کۆرسە! لە بەشی دووەمی کۆرسەکەدا، سەرنج دەخەینە سەر ئەوەی چۆن دەتوانین گۆڕانکاریی بکەین- دەتوانین کام شێواز بەکار بهێنین، لەگەڵ دانانی نەخشەی کارکردن پێکەوە.

# ناوەڕۆکی زیادە بۆ ئەو گرووپانەی تەنیا دانیشتنی ١-٥ی کۆرسەکە ئەنجام دەدەن

ئەگەر تۆ تەنیا بەشی یەکەمی کۆرسەکە دەڵێیتەوە، تکایە ئەم پێکهاتانەی خوارەوە بخەرە کۆتایی دانیشتنی پێنجەم. جا یان نەخشەی دانیشتنێکی زیاتر لە ٢٠ خولەک دابنێ یان ڕاهێنانی ١ لاببە: تۆڕی چاکە، هەروەها ٥ خولەک لە ڕاهێنانی نەخشەسازیی ببڕە.

ڕاهێنانی تاکەکەسی

## ٥. ڕاهێنانی هەڵسەنگاندن: سەر، دڵ و دەستەکان ١٥ خولەک

ئەم ڕاهێنانە سادەیەی هەڵسەنگاندنی تاکەکەسیی یارمەتی بەشداربووان دەدات تا بیر لەو شتانە بکەنەوە کە لە کۆرسەکە لەگەڵ خۆیانی دەبەن.

**سەرچاوەکان**

- بڵاونامەیەکی 'سەر، دڵ و دەستەکان' بۆ هەر بەشداربوویەک.
- پێنووسێک بۆ هەر بەشداربوویەک.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت** ٢ خولەک
بڵاونامەیەک بە هەر بەشداربوویەک بدە.
ڕوونی بکەرەوە کە دەست دەکەن بە ڕاهێنانی هەڵسەنگاندن بۆ بیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی ئەوان لە کۆرسەکە چی لەگەڵ خۆیان بۆ ماڵەکانیان دەبەنەوە. ڕوونی بکەرەوە داخۆ دەبێت لاپەرەکان کۆ بکرێنەوە تا یارمەتیت بدەن بۆ هەڵسەنگاندنی کۆرسەکە یان دەتوانن لەگەڵ خۆیان بیبەنەوە ماڵەکانیان وەک بیرخەرەوەیەک. گرنگە لەوکەسانە دووربیت کە بیروڕای تایبەتی خۆیان دەنووسن، ئەمە کاتێک لاپەرەکان کۆ دەکەیتەوە!

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ١٣ خولەک
داوا لە بەشداربووان بکە بیر لەمانەی خوارەوە بکەنەوە:

- بیر بکەرەوە داخۆ لە ڕووی ئاگایی و بیرۆکەوە چیت بەدەست هێناوە، بیرۆکەکانت لە بەشی سەرەوەدا بنووسە.
- بیر بکەرەوە داخۆ چ هەستێکت دەربارەی خۆت هەیە و چی دۆزینەوەیەکت کردووە یان ڕەفتارێکی نوێی خۆت، لە بەشی دڵدا بینووسە.
- هەروەها بیر لە بیرۆکەکانت دەربارەی ئەنجامدانی شتێک و هەنگاونان بە شێوازێکی جیاواز بکەرەوە. ئەمە لە بەشی دەستدا بنووسە.
- هەوڵ بدە چەن دەتوانیت تایبەتمەند بیت. بۆ ئەنجامدانی ئەمە ٥ خولەکیان پێ بدە.

بەگوێرەی قەبارەی گرووپەکەت، یاخود بە دەوری بازنەکەدا بجوڵێ و پرسیار لە هەریەکەیان بکە باس لە شتێک بکەن، یان داوا لە بەشداربووان بکە ببنە تیمی دوو کەسی تا هاوبەشی بکەن و بیر بکەنەوە. (٨ خولەک)

(وەشانی جێگرەوە: وێنەی سەرێک و دڵ و دەستێک لەسەر سێ پەڕەی پێشکەشکردن بە جیا بنووسە. داوا لە بەشداربووان بکە لە دەفتەری تێبینیدا وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوە بدەنەوە و بینووسێنن بە پەڕەی پێشکەشکردنەکانەوە. گفتوگۆی ئەنجامەکان لە گشتیدا بکە.)

## ٩. سوپاس و ماڵئاوایی ٥ خولەک

لە ماوەی کۆرسەکەدا بەشداربووان باشتر یەکتریان ناسیوە و وزە و کاتی خۆیان بە پرۆسەکە داوە. ئێستا کاتییەتی سوپاسیان بکەیت و ئاهەنگی بیرۆکە نوێیەکان و تێگەیشتن و کارامەیی و ئەو پەیوەندییانەی گەشەیان پێ داوە لە ماوەی کۆرسەکەدا بگێڕیت!
نەخشەی ئاهەنگێکی کورت دابڕێژە بۆ ئافەرین و سوپاسکردنیان. ڕەنگە ئارەزوو بکەیت گۆرانییەک یان چەند وشەیەک بڵێیت، نزا بکەیت یان سەما بکەیت. هەروەها ئەگەر ویستت، ئەوا بڕوانامە بەردەستە بۆ چاپکردن و پێدانی بە بەشداربووەکان.

**سەرچاوەکان**

/www.playmeo.com/activities/energizer-warm-up-games/walk-stop

# نووسراوی پێشکەشکردن

## چۆن شتەکان خراپتر و (باشتر) دەبن

ئەم نووسراوە بۆ پێشکەشکردنی دانیشتنی ٥ لە سلایدەکانی ٣-١٣ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکە خراوەتە ڕوو.

**ناساندن**



لە دانیشتنی پێشوودا:

- سەرنجمان خستە سەر ئەوەی داخۆ پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ چۆنن و چۆن کاریگەرییان بەسەر ژیانی کەسەکانەوە هەیە.
- بیرمان لەوە کردەوە کێ پێشێلکارییەکان ئەنجام دەدات- دەوڵەت، لە ڕێگەی یاسا و ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی کردەوەی بەرپرسان یان کەسانی ناو کۆمەڵگا.
- هەروەها بەکارهێنانی دراما وەک ئامرازێک بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتیی پێشێلکارییەکان و ڕاهێنان بۆ دەستنیشانکردنیان.



ئێمە ئێستا بیر لەوە دەکەینەوە چۆن پێشێلکارییەکان لە ماناوەندەوە دەبنە خراپ و خراپتر- لە ڕووداوی ناوبەناوەوە کە کاریگەری لەسەر تاکەکان دەکات، بۆ هێرشی قورس و بەرفراوان و سیستماتیک بۆ سەر مافی کەسەکان. ڕێگەیەکی بیرکردنەوە لە چۆنییەتیی خراپتربوونی شتەکان، بیرکردنەوەیە لە سێ قۆناغەکە- زانیاریی ناڕاست- جیاکاری و توندوتیژی.

**سێ قۆناغی ئەشکەنجە**




یەکەم قۆناغ زانیاریی ناڕاستە. لەم قۆناغەدا، لایەنگری، باوەڕباوی و درۆکان، لەسەر تاکەکان و گرووپەکان بڵا دەبنەوە- بۆ نموونە وەک کەمینە ئایینییەکان. ئەو لایەنگرییانە بە چەندان شێواز بەرێلاون-بەو ڕێگایەی دایک باوکان، مامۆستاکان و کتێبەکانی خوێندنگە فێری منداڵانی دەکەن، هەروەها لە ڕێگەی ڕادیۆ و تۆ کۆمەڵایەتییەکان یان گوتاری سیاسییەکان و ئامۆژگاریی سەرکردە ئایینییەکان.



هیچ کۆمەڵگایەک بێ لایەنگری نییە، بەڵام کاتێک لایەنگری و باوەڕباوییەکان مسۆگەر دەبن، وە با تایبەتی کاتێک لە لایەن سەرکردە سیاسی و ئایینییەکانەوە پەرەیان پێ دەدرێت، دەبنە هۆی بونیادنان کولتووری دەمارگرژی و گرژیی لەنێوان گرووپەکان دروست دەکەن.

کاتێک ئەمە ڕوو دەدات، بۆ کەسانی ئاسایی و بەرپرسە ناوخۆییەکان و تەنانەت حکومەت ئاساێ دەبێت و تەنانەت ئاسایی دەبێتەوە کە نەوەک تەنیا بیر بکەنەوە و قسە بکەن، بەڵکوو بە شێوازێک هەڵسوکەوت بکەن کە جیاکاری دژی ئەوانی تر بکات. زانیاریی ناڕاست وا دەکات جیاکاری پەسەندکرا بێت. لە شێوازە هەرە توندڕەوەکەیدا، زانیاریی ناڕاست بۆ هاندانی کەسەکان بەکاردێت تا باوەڕ بهێنن بەوەی نەک تەنیا جیاکاری بەڵکوو پێشێلکارییش ڕێگەپێدراوە یان تەنانەت دروستیشە.




جیاکاری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کاریگەری لە کەسەکان دەکات. لە دانیشتنی پێشوودا، تەماشا نموونەکانی جیاکاریی دەوڵەتمان کرد- بۆ نموونە یاسای جیاکاریی خێزان و ناسنامەی تاکەکەسی، جیاکار لەو شێوازەی وا یاسا لە لایەن پۆلیس و دادگاکانەوە دادەمەزرێت، هەروەها جیاکاری لە برگەکا خزمەتگوزاری وەک پەروەردە. هەروەتر نموونەی جیاکارییمان لە کەرتی تایبەتدا بینی کە کاریگەر دەخاتە سەر دەستگەیشتنی مرۆڤەکان بە دامەزراندن.

هیج کۆمەڵگایەک لە جیاکاریی بەدەر نییە، بەڵام جیاکاریی بەربڵاو و سیستماتیک تەنیا کات
بەردەوام دەبێت کە لەسەر کولتووری پشتگوێخستن و دەرمارگرژی بونیاد نرابێت. هەروەها جیاکا
بەردەوام نابێت ئەگەر زۆرینەی مرۆڤەکان پەسەندی نەکەن.




تەنیا زانیاریی ناڕاست بناغەی جیاکاری دروست دەکات، زانیاری ناڕاست و جیاکاری پێکەوە بناغەی پێشێلکاریی دادەڕێژن. پێشێلکاری لە کۆمەڵگادا چەندان شێواز دەگرێتەوە- هەر لە وێرانکردنەوە تا هەراسانکردن و بۆ هەڕەشە و بۆ توندوتیژیی جەستەیی. هەروەها پێشێلکاریی دەوڵەت زیندانیکردنی هەڕەمەکییانە، ئەشکەنجە و توندوتیژیی جێندەریی دەگرێتەوە.

## پێوەر، دووبارەبوونەوە و کاریگەریی




هەر سێ جۆرەکەی کێشە- زانیاریی ناڕاست، جیاکاری و پێشێلکاری- دەتوانن بە قۆناغ و پێوەر و دووبارەبوونەوەی جیاواز دەرکەون، هەروەها بە کاریگەریی جیاواز. پێشێلکاری دەتوانێت کاریگەری بخاتە سەر چەند تاکێک یان گرووپی زۆر گەورە. دەکرێت ناوبەناو، بەردەوام یان سیستماتیک بێت- واتە لەناو سیستم و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بونیاد نراوە. هەروەها دەتوانێت کاریگەریی سنووردار و وێرانکەری لەسەر ژیانی ئەوکەسانە هەبێت کە کاریگەر بوون.



ئەزموونی زۆرێک لە وڵاتان پێمان دەڵێن تاوەکوو لایەنگریی و زانیارییە ناڕاستەکان زیاتر بەربڵاو و توندتر بن، ئەوا جیاکاریش زیاتر توندتر و بەرفراوانتر دەبێت. هەروەها تا هەردووکیان زیاتر بەربڵاو بن، ئەگەری توندوتیژیی توندتر و بەربڵاوتر دەبێت. شتێک دەبێتە هۆی شتێکی تر. ڕەنگە ئەمە دڵتەنگ دەربکەوێت، بەڵام تێگەیشتن لەوەی چۆن شتەکان خراپتر دەبن دەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ بیرکردنەوە لەوەی چۆن شتەکان دەتوانن باشتر بن.

## دەرئەنجام



هەموو شتێک لە شێوازی بیرکردنەوە و قسەکردن و مامەڵەکردنمانەوە دەست پێ دەکات. هەروە
ئەمە شتێکە کە هەریەکێک لە ئێمە دەتوانێت کاری لەسەر بکات - لە خێزانەکانمان و پەیوەندی
کەسییەکانمان. هەروەها ئەگەری هەیە بتوانین لە ئاستی کۆمەڵگادا شتێک بکەین- بۆ نموونە لە کۆمەڵ
باوەڕمەندەکانمان، خوێندنگە و شوێنی کارەکانمان.
بێگومان، ئەمە بەس نییە. پێویستە ئەو سیستمە فەرمییە بگۆڕین کە زیان بە مرۆڤەکان دەگەیەنێت
جیاکاری دەکات- لە یاسای خراپەوە تا ڕەفتاری بەرپرسەکان وەک مامۆستای خوێندنگە یان ئەفسەرا
پۆلیس.



بۆ ئەوەی ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە بێنە دی، ئەوا پێویستمان بەو کەمینانە هەیە کە مافەکانی خۆیان دەزانن و ئامادەن داکۆکیی لێ بکەن، هەروەها ئەو زۆرینانەی ئامادەن پاڵپشتیان بکەن و ئەو سەرکردە ئایینیی و سیاسییانەی تێگەیشتنیان بەرانبەر بەرپرسیارییەتیی خۆیان هەیە بۆ ڕێزگرتن و پاراستن و پێشخستنی مافەکانی مرۆڤ.




هێنانەدی ئەمە پرۆسەیەکی خاو و سەختە. پرۆسەکە کاتێک دەست پێ دەکات کە ئێمە شیکاریی بەستێنی خۆمان دەکەین و کێشەکان دەستنیشان دەکەین. دەتوانین ئەم سێ نموونەیەی زانیاریی ناڕاست- جیاکاری و پێشێلکاری بەکار بێنین تا لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا یارمەتیدەرمان بن.

**پێزانین**

ئەم نووسراوە لەسەر بنەمای نموونەی 'سێ قۆناغی ئەشکەنجە'یە، لە لایەن یۆهان کانڵین پەرەی پێ دراوە.

# چیرۆکی پێشەنگەکان

ئەم چیرۆکەی خوارەوە وەک بەشێک لە سەرنجەکانی کۆتایی دانیشتنی ٥ دەخوێندرێتەوە. لە سلایدەکانی ١٤-١٩ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا خراوەتە ڕوو.

## چیرۆکی ئێمینا، بۆسنە هێرتسەگۆڤینا

چیرۆک

لە کۆتایی جەنگی بۆسنە لە ساڵی ١٩٩٥، گۆڕەپانی ئایینی بۆسنە هێرتسەگۆڤینا گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات. هەندێ ناوچەی زۆرینە موسوڵمان بوونە کەمینەی مەسیحی و بە پێچەوانەشەوە. گرژییە نەژادی و ئاینییەکان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامن و ئەوانەی وا دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان، بە تایبەتی لە مەترسیدان.

ئەمە ئێمینایە. ئێمینا ویستی بەشداریی گۆڕانکاریی ئەرێنی بکات، بۆیە بەشداری لە کۆرسێکی ڕاهێنانی کورت لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە کرد کە لە لایەن ڕێکخراوێکی ناحکومی بۆسنە بە ناوی نەهلا بەڕێوە دەبرا.

"زۆر سوودم لە کۆرسەکە بینی. تێگەیشتم ئازادیی ئایین یان باوەڕ مانای چییە و دەستم کرد بە ناسینەوەی پێشێلکارییەکان لە چوارچێوەی خۆمدا. هەروەها لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەستم بە بەرهەڵستیی وتاری کیناوی کرد."

پاش کۆرسەکە، نەهلا، ئێمینای بە گرووپێکی خۆبەخشی گەنج ناساند کە ڕاپۆرتی میدیا ناوخۆیی و نیشتیمانییە پەیوەندیدار و متمانەپێکراوەکان بۆ بەڵگاندنی پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە وڵاتەکەی خۆیاندا بەکار دەهێنن و ڕیزبەندی ئەو ڕووداوانە دەکەن کە هەموو ساڵێک ڕوو دەدەن.

ئێمینا دەڵێت، "ئێمە کۆمەڵێک پرسیارمان هەیە بۆ پۆلێنکردنی ڕووداوەکان بەکاریان دەهێنین- بۆ نموونە کام کۆمەڵگایە کاریگەر بووە و جۆری پێشێلکارییەکە- هەڕەشە- هێرشکردنە سەر ماڵومولک یان هێرشکردنە سەر خەڵک و هتد".

گرووپەکە ڕاپۆرتی خۆی بۆ دەسەڵاتداران و میدیای بۆسنە دەنێرێت، هەروەها بۆ دەزگا نێودەوڵەتییەکان وەک ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاریی لە ئەورووپا، کە زۆربەی کات زانیاریی خۆبەخشەکان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا دەخاتە ڕوو.

ئێمینا دەڵێت، "پێموایە کردارەکانمان جیاوازی دروست دەکەن، گرنگ نییە چەندە بچووک دەرکەون. بەڵگەنامەکردن و ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ پێشێلکارییەکان دەتوانێت دەسەڵاتداران ڕازی بکات تاوەکوو پرسەکان بە هەند وەربگرن. هەروەها بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ یارمەتیمان دەدات تاوەکوو لە لایەنگرییەکانی خۆشمان تێبگەین."

**سەرچاوەکان**

ئێمینا فرلجاک، ناوەندی نەهلا بۆ پەروەردە و توێژینەوە.

# دانیشتنی ٦-٩

## بەشی ٢: گەشتی بەرەو گۆڕانکاریی

ئامانجی کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان ئامادەکردنی بەشداربووەکانە تا ببنە پێشەنگی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا. پرۆسەی گۆڕانکاریی گەشتێکی درێژ و هەندێک جار سەختە. وەک هەر گەشتێک، یارمەتیدەرە بۆ پێدانی نەخشەیەک تاوەکوو بزانیت چۆن لە آ بۆ ب گەشت دەکەیت!

بەشی دووەمی کۆرسەکە یارمەتی بەشداربووان دەدات تا نەخشەی "گەشتی گۆڕانکاری" خۆیان بکێشن. بەشداربووان فێری چەند تاکتیکێک دەبن کە دەتوانرێت بۆ پەرەپێدانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ و مافەکانی تر بەکار بێن، هەروەها لە ڕێگەی پرۆسەیەکی نەخشەی کارەوە ڕێنوێنی دەکرێن بۆ ئەو کێشانەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ کە دەستنیشانی دەکەن. دانیشتنەکە سەرنج دەخاتە سەر کارامەیی و کردەوەکان سەبارەت بە ئامادەکردنی بەشداربووان بۆ ڕاهێنان لەسەر ئەوەی فێری دەبن!

بەشی ٢ چوار دانیشتن دەگرێتەوە، بەسەر دوو جووتدا دابەش بوون. هەر جووتێک ئامانجی فێربوونی هاوبەشیان هەیە و یەک پرۆسەی فێربوون بەسەر هەردوو دانیشتنەکەدا درێژ دەبێتەوە.

- دانیشتنی ٦ و ٧ سەرنج دەخاتە سەر فێربوونی تاکتیکەکان، لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە لایەن بەشداربووانەوە بۆ برەودان بە مافەکانی مرۆڤ، هەروەها لەسەر ئیلهام وەرگرتن لە چیرۆکی ئەو کەسانەی ئەو تاکتیکانە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی بەکاردێنن.
- دانیشتنی ٨ و ٩ سەرنج دەخاتە سەر نەخشەی کار- سەبارەت بە گەشەپێدانی بیرۆکەی بەرجەستە بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگادا. بەشداربووان برەو بە کارامەییەکانی نەخشەی کار دەدەن و ڕاهێنان بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی نەخشەی کار دەکەن. هەروەها بەگوێرەی سرووشتی گرووپەکەت، ڕەنگە نەخشەی کارەکە نەخشەی ڕاستەقینە بێت تاوەکوو پاش نەخشەی 'ڕاهێنان'ی کۆرسەکە، جێبەجێ بکرێت.

# دانیشتنی ٦

## ئیلهام وەرگرتن لە چیرۆکەکان – هێزوەرگرتن لە تاکتیک

### پێداچوونەوەی دانیشتنەکە

دانیشتنی ٦ و ٧ پێکەوەن - لەگەڵ فێربوونی ئامانجی هاوبەش و یەک پرۆسەی فێربوون.

زۆر ڕێگە هەن بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ کە دەتوانرێت لە ١٥ تاکتیکدا کۆ بکرێنەوە. دانیشتنی ٦ و ٧ ئەو تاکتیکانە لە قۆناغێکی سەرەتاییدا دەناسێنن. هەرچەندە دانیشتنی ٦ پێشکەشکردنێک دەگرێتەوە، بەڵام سەرنجەکە لەسەر فێربوون و وەرگرتنی ئیلهامە لەڕێی چیرۆک و تێڕامانی هاوبەشەوە، نەوەک شێوازی تیۆری.

ئەم دانیشتنانە لەبری دەستەبەرکردنی ئاگایی قووڵ لەبارەی یەک دوو تاکتیکەوە، دیدگای کەسەکان بە ڕووی چەندان شێوازی جیاوازدا دەکەنەوە کە بتوانن لە ڕێگەیانەوە گۆڕانکاری ئەنجام بدەن. لە لاپەڕەکانی ١٥٥-١٥٨دا، دەتوانیت ڕێنمایی و سەرچاوەی زیاتر بدۆزیتەوە کە زیاتر لەسەر فێربوونی ئاگایی قووڵ سەبارەت بە هەندێک لەو تاکتیکانە دەستەبەر دەکەن.

**تێڕوانینێکی گشتی بۆ ١٥ تاکتیکەکە**

**تاکتیکە خێراکان:** ڕێگری؛ وەستاندن و ڕزگارکردن؛ پەیوەندیکردن بە مەبەستی داواکردنی یارمەتی و ئاگادارکردنەوە.

**تاکتیکەکانی گۆڕانکاریی:** هەڵمەت؛ داکۆکی؛ دەستەبەرکردنی هاندان؛ ئاڵنگاری.

**تاکتیکەکانی بونیادنان:** بونیادنانی هۆشیاریی؛ بونیادنانی بەشداری، بونیادنانی کارامەیی؛ بونیادنانی پەیوەندی و تۆڕەکان.

**تاکتیکەکانی چاکبوونەوە:** پاڵپشتی ماددی و دەروونیی کۆمەڵایەتی، پێشێلکاریی بەڵگەنامەکردن؛ تیشک خستنە سەر و یادکردنەوە؛ داواکردنی دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە.

> **تێبینی**
>
> ناوەڕۆکی دانیشتنی ٦-٧ وەشانێکی گونجێندراوی چوارچێوەی ڕێچکەناسی بەکار دەهێنێت کە بە تاکتیکە نوێیەکانی پرۆژەی مافەکانی مرۆڤ پەرەی پێ دراوە و لە لایەن ناوەندی قوربانیانی ئەشکەنجەوە بەڕێوە دەبرێت. www.newtactics.org ئەم وێبسایتە دەتوانێت کۆمەڵێک ئیلهامت پێ ببەخشێت.

### ئامانجەکانی فێربوون

دانیشتنی ٦ و ٧ سەرنج دەخەنە سەر گەشەپێدانی ئاگایی سەبارەت بە تاکتیکەکان، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ.

لە کۆتایی ئەم دانیشتنانەدا، بەشداربووان:

- دەتوانن ڕوونکردنەوەیەکی سادە دەربارەی چوار پۆلێنە جیاوازەکەی ئەو تاکتیکانە بدەن کە دەتوانرێت بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ بەکاربێت، هەروەها دەتوانن نموونەی کردارەکان بۆ هەر جۆرێک بدەن.
- گوزارشت لە ویستی خۆیان بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا بکەن.
- لانی کەم پێنج کردار دەستنیشان بکەن کە دەتوانن وەک تاکتیک ئەنجامی بدەن، هەروەها پێنج کردار کە ئەو گرووپ/ ڕێکخراوانەی بەشدارن تییدا، ئەنجامی بدەن، ئەمەش بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەیاندا.

تێبینی

بیرت بێت کە واقعیەتی ئەو ئامانجانەی فێربوون بەندە لەسەر خاڵی دەستپێکی گرووپەکەت. مەبەستی ئامانجەکانی فێربوون بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بوارانەیە کە ڕاهێنەرەکە لە ڕووی ئاگایی و ڕەفتار و کارامەیی هەنگاونانی بەشداربووانەوە دەتوانێت بەدوای پێشکەوتندا بگەڕێت. ڕەنگە پێشکەوتن لە کۆرسەکەدا پلە بە پلە ڕوو بدات لەبری تەنیا دانیشتنێک.

## ناوەڕۆک و کاتی دانیشتنەکە

| | |
|---|---|
| **ڕاهێنانی دەستپێک: گرووپی گفتوگۆی چیرۆکی پێشەنگەکان**<br>دانیشتنەکە بە ئیلهام وەرگرتن لەوانی ترەوە دەست پێ دەکات. | ٢٠ خولەک |
| **ڕاهێنانی تێڕامان: تەماشاکار و چارەخوازان**<br>توانای بیرکردنەوە لەوەی بۆچی هەندێک جار هەنگاو بۆ وەستاندنی نادادپەروەری دەنێین و هەندێک جار هەنگاو نانێین. | ٢٥ خولەک |
| **ڕاهێنانی تاکەکەسی: من کێم؟**<br>ڕاهێنانی وێنەکێشان کە ڕێ بە بیرکردنەوە لە چوارچێوەی جیاوازدا دەدات کە بتوانین تێدا گۆڕانکاریی دروست بکەین. | ١٥ خولەک |
| **پێشکەشکردن: ناساندنی تاکتیکەکان**<br>پێشکەشکردنێکی سەرەکیی کە وێنەی ئاگر بەکار دێت بۆ ناساندنی چوار جۆرەکەی تاکتیک بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکان (تاکتیکە خێراکان، تاکتیکەکانی گۆڕانکاری، تاکتیکەکانی بونیادنان و چاکبوونەوە). | ١٠ خولەک |
| **ڕاهێنانی گرووپ لەگەڵ بۆچوونی گشتی: باسکردنی تاکتیکە خێراکان**<br>بەشداربووان گفتوگۆی تاکتیکە 'خێراکان' دەکەن و بیر لە شێوازە نوێیەکانی بەکارهێنانیان دەکەنەوە. | ٤٥ خولەک |
| **سەرنجەکانی کۆتایی**<br>خاڵەکان لەنێوان بەشە جیاوازەکانی دانیشتنەکەدا پێکەوە دەبەستێتەوە. | ٥ خولەک |
| **کۆی گشتی کات** | **٢ کاتژمێر** |

## ئامادە بە

بەگوێرەی ڕێنمایی لاپەرە ١٥ خۆت بۆ دانیشتنەکە ئامادە بکە، 'چۆن ئامادەکاری بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت'. بیرت بێت- تۆ گرووپەکەت دەناسیت! پێشوازیت لێ دەکرێت بۆ گونجاندن و گۆڕینی هەر پێکهاتەیەکی دانیشتنەکە بەگوێرەی پێویستییەکانی گرووپەکەت.

**سەرچاوەکان بۆ ئەم دانیشتنە**

سەرباری سەرچاوە سەرەکیەکان بۆ هەر دانیشتنیک کە لە لاپەرە ١٦دا ریزبەند کراوە، بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە، پێویستت بەم سەرچاوانەی خوارەوە دەبێت:

- لاپەڕەی پێشکەشکردن و پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ، یەک دانە بۆ هەر بەشداربوویەک.
- لاپەڕەی پێشکەشکردنی 'نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان' کە لە دانیشتنی پێشوودا پەرەی پێ دراوە.
- پەڕەیەکی پێشکەشکردن کە بە 'بیرۆکەی هەنگاونان' سەردێڕ کرابێت: تاکتیکە خێراکان و ستیکەری تێبینی.
- چاپکردنی پۆستەری پوختەی تاکتیکەکان و هەموو پۆستەرەکانی تاکتیکە خێراکان.
- (بژاردەیی) ئەگەر پاوەرپوینت بەکار ناهێنیت، ئەوا ڕەنگە بتەوێت وێنەی چیرۆکی پێشەنگەکان لە سلایدەکانی ٣-١٠ی پاوەرپۆینتەکە چاپ بکەیت.

**دەتوانیت سەرچاوە هاوبەشەکان بۆ ئەم دانیشتنە لێرەدا بدۆزیتەوە.**

**ژوورەکە ئامادە بکە**

بۆ ئەم دانیشتنە، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر بە نیمچەبازنەکردنی کورسییەکان و ڕووەو پێشەوە دەست پێ بکەیت. پێش دەستپێکردنی دانیشتنەکە 'نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ' و بیرۆکەی هەنگاونان': لاپەڕەی پێشکەشکردنی 'تاکتیکە خێراکان' بە دیوارەکانەوە بنووسێنە.



من کێم؟

"ڕاهێنانەکانی تەماشاکاران- چارەخوازان و ڕاهێنانی من کێم، هەستی تێکەڵاویان ئافراند. خەمێک لە درکپێکردنی ئەوەی چۆن ئێمە زۆربەی جار تەماشاکاربووین، بەدی دەکرێت، لەوانەش لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام فێربوون لەبارەی هەموو ئەو تاکتیکە بەرجەستانەی دەتوانین بەکاریان بێنین، هیوایەکی زۆریان بەخشی بەوەی چۆن دەتوانین گۆڕانکاری بکەین و ببینە پێشەنگێکی زۆر چالاک. ویستێکی بەهێزی بەشداری بۆ بەکارهێنانی ئەو تاکتیکانە لە گرووپەکەدا بەدی دەکرا."
**یوکۆها نۆبیا، ڕاهێنەر، نایجیریا**

# وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە

## ١. ڕاهێنانی دەستپێک: گرووپی گفتوگۆی چیرۆکی پێشەنگەکان ٢٠ خولەک

راهێنانی گفتوگۆی گرووپ

**پوخته**

سێ چیرۆک دەخوێندرێنەوە و پاشان لە گرووپی گفتوگۆدا گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت.

**مەبەست**

بۆ ناساندنی پرۆسەی بەشی ٢ی کۆرسەکە و دابینکردنی دەستپێکێکی ئەرێنی بۆ دانیشتنەکە، هەروەها ئیلهام وەرگرتن لە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە لایەن ئەوانی ترەوە.

**سەرچاوەکان**

سلایدی ١-١٠ی پاوەرپۆینت یان چاپکراوی سلایدەکان.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت** ٢ خولەک

بەخێرهاتنی هەمووان بۆ دانیشتنەکە بکە و ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

- لە دانیشتنەکان تاوەکوو ئێستا، دەربارەی مافەکانی مرۆڤ و دەربارەی مافی ئازادیی ئایین یان باوەڕ و دەربارەی پێشێلکاریی مافەکان فێربووین. هەروەها نەخشەی پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕمان لە کۆمەڵگاکەماندا کێشا.
- لە ئێستا بەدواوە سەرنج دەخەینە سەر هەنگاوەکان! لەم دانیشتنە و دانیشتنی دواتردا، چەند ڕێگایەکی جیاوازی تاکتیکەکان دەدۆزینەوە کە بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ بەکار دێن، هەروەها بیرکردنەوە لە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو تاکتیکانە. لە دوو دانیشتنی کۆتاییدا، سەرنج دەخەینە سەر گەشەپێدانی نەخشەی کار.
- ئێمە بە گوێگرتن لە سێ چیرۆکی ئەو کەسانە دەست پێ دەکەین کە بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا گۆڕانکاری دروست دەکەن.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ١٦ خولەک

- سێ چیرۆکەکەی "پێشەنگەکان" لە لاپەڕەی ١٢٤-١٢٥ بخوێنەرەوە، بە بەکارهێنانی سلایدی ٣-١٠ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکە یان چاپکراوی ئەو سلایدانە.
- داوا لە بەشداربووان بکە ببنە تیمی سێ کەسی لەگەڵ ئەو کەسانەی لە تەنیشتیان دانیشتوون و گفتوگۆ بکەن: کام چیرۆکە زۆرترین ئیلهامی پێ بەخشیت و لەبارەی تۆوە دەدوا؟ بۆچی؟

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت** ٢ خولەک

بە وتنی ئەوەی تەنانەت ئەگەرچی ڕەنگە ڕەوشەکان لە چیرۆکەکاندا لە شارۆچکەکەی ئێمەدا زۆر جیاواز بن، وە تەنانەت ئەگەر ئەو هەنگاوانەی کەسەکان دەیگرنە بەر شتگەلێکی پەیوەندیدار نەبن بە ئێمەوە، خۆشبەختانە ئەو پێشەنگە داهێنەر و بوێرانە ئیلهاممان پێ دەبەخشن تاوەکوو وا بیربکەینەوە ئەگەری گۆڕانکاری هەیە و شیاوی تێکۆشانە بۆی. بە باوەڕهێنان بەوەی هەمووان دەتوانن شتێک بکەن تاوەکوو گۆڕانکاری دروست بکەن، هەرچەندە بچووکیش بێت، کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنە.

## ٢. ڕاهێنانی تێڕامان: تەماشاکاران و چارەخوازان ٢٥ خولەک

راهێنانی گشتی

**پوخته**

بەشداربووان بیر لەو کاتانە دەکەنەوە کە دەستوەردانیان لە وەستاندنی نادادپەروەریدا کردووە (هەرچەندە بچووکیش بێت) وە ئەو کاتانەی هیچ شتێکیان نەکردووە، گفتوگۆی ئەو هۆکارانەی وامان لێ دەکەن زیاتر هەنگاو بنێین.

**مەبەست**

ئەم ڕاهێنانە ئامانجییەتی کە:

- یارمەتی بەشداربووان بدات تا بزانن هەر یەک لە ئێمە لە شوێنێکدا وەک تەماشاکار (بە مانەوەمان بە بێدەنگی لە کاتی بینینی نادادپەروەری)، هەروەها وەک چارەخواز (بە داکۆکی لە مافەکانی خۆمان یان ئەوانی تر) هەڵسوکەوتمان کردووە، هەرچەندە بچووکیش بێت.
- یارمەتی بەشداربووان دەدات ئەو هەڵبژاردە و هەنگاوە ئامانجدارانە دەستنیشان بکەن کە دەتوانن بۆ بوونە 'چارەخواز'ێکی چالاکتر پەیوەست بە پێشێلکاریی مافەکان بیگرنە بەر.

**سەرچاوەکان**

- لاپەڕەیەکی A٤ بۆ هەر بەشداربوویەک.
- پێنووسێک یان دوو دانە بۆ هەر بەشداربوویەک.
- پەڕەی پێشکەشکردن/تەختەی سپی و ماجیک.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت** ٢ خولەک

پەڕەیەکی A٤ بە هەر یەکەیان بدە و داوایان لێ بکە لە ناوەڕاستدا بینوشتێننەوە و وشەی 'تەماشاکار' لە بەشی سەرەوەی نیوەی لاپەڕەکە بنووسن و وشەی 'چارەخواز' لە بەشی سەرەوەی نیوەکەی تر بنووسن.

ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

- ڕاهێنانێک دەکەین کە لە ئەزموونەکانمان بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری یارمەتیمان دەدات.
- تەماشاکار کەسێکە کە بێدەنگ دەمێنێتەوە و لەکاتی بینینی ڕوودانی نادادپەروەریدا هیچ شتێک ناکات - بۆ نموونە قسەی نابەجێ و جیاکاری.
- پێداگری بکە لەوەی هەمووومان لە کاتە جیاوازەکاندا هەردوو ڕۆڵەکەمان گێڕاوە.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ٢٠ خولەک

- **نووسین و وێنەکێشان** ٥ خولەک

  داوا لە هەر بەشداربوویەک بکە تاوەکوو نموونەیەکی ئەوکاتەی لەسەر بڵاونامەکانیان ئەو ڕۆڵەیان گێڕاوە، بنووسێت یان بکێشێت. دەکرێت ئەمە دۆخێکی ڕۆژانە بێت، بۆ نموونە کاتێک لە کاتی جنێودان بە هاوپۆلەکەیان داوای هاوکاریان کردووە یان کاتێک ئەندامێکی خێزانەکەیان یان هاوڕێیەکی کار مامەڵەیەکی خراپی لەگەڵ کراوە و ئەوان لە پشتی وەستاون و داکۆکیان کردووە. یان کاتێک تەنیا تەماشاکار بوون و داوای هاوکاریان نەکردووە یان لە ڕەوشێکی وەهادا هیچ شتێکیان بۆ وتن نەبووە، جا بە هەر مەبەستێک بێت.

- **گفتوگۆی گشتی** ١٥ خولەک

  بە پێداگریی لەوەی هەمووان هەردوو ڕۆڵەکە لە کاتێکدا یان دوو کاتی جیاوازدا دەگێڕن، دەست پێ بکە، داوا لە دوو یان سێ خۆبەخش بکە تا نموونەی کاتێک بدەن تیایدا تەماشاکار یان چارەخواز بوون. گفتوگۆی ڕووداوە تایبەتییەکان مەکە چونکە ئەمە مەبەستی ڕاهێنانەکە نییە. تەنیا ئەزموونی کەسەکان پشتڕاست بکەرەوە.

  پاشان ئەم پرسیارانەی خوارەوە لە گرووپەکە بکە:

  – ئەنجامدانی ئەم ڕاهێنانە چ هەستێکی پێت بەخشی؟
  – بۆچی هەندێک جار هەنگاوتان ناوە و هەندێک جاریش نا؟ چی شتێک ئەو جیاوازییەی دروست کرد؟
  – چی شتێک یاریدەدەرت بوو تا لە تەماشاکاریکەوە ببیتە کەسێک کە بۆ مافەکانی خۆت و مافی ئەوانی تر تێبکۆشیت؟
  – وەڵامەکان لەسەر لاپەڕەی پێشکەشکردن/ تەختە سپییەکە بنووسە.

**گفتوگۆی گشتی**

هەوڵ بدە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە وەڵامی کەسەکانەوە دەربهێنیت بۆ پرسیاری کۆتایی، یان بۆ هاندانی کەسەکان تا ئەو وەڵامانە بدەنەوە، ئەمە بە بەکارهێنانی پرسیاری پەیوەندیدار بەم خاڵانەوە:

– ئێمە زیاتر کاتێک مەیلی هەنگاونانمان هەیە کە پەیوەندی و هاوسۆزیمان لەگەڵ قوربانییەکەدا هەیە.

– کاتێک بە تەنیا نین، بە متمانەیەکی زیاترەوە هەنگاو دەنێین، بە تایبەتتریش کاتێک بەشێکین لە دەستەیەکی ڕێکخراو.

– ئێمە کاتێک ئاگاییمان دەربارەی بابەتەکە و سیستمەکە هەبێت- یاساکان چین و گەلێ لە کێ بکەین یان داوای هاوکاری لە کێ بکەین، ئەوا زیاتر متمانەمان بە خۆمان دەبێت.

– ئێمە کاتێک ئامادە دەبین- ئەگەر لەڕێی ڕەوشەکەوە بیرمان کردبێتەوە و نەخشەی چۆنییەتیی هەنگاونانی پێشوەختەمان هەبێت یان پێشتر هەنگاومان نابێت، ئەوا زیاتر متمانەمان بە خۆمان دەبێت. ڕۆڵگێڕان دەتوانێت ڕێگایەکی زۆر باش بێت بۆ ڕاهێنان!

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت** ٣ خولەک

بە تیشک خستنە سەر ئەمانەی خوارەوە و پیشاندانی سلایدی ١١ی پاوەرپۆینتەکە، کۆتایی بە گفتوگۆیەکە بهێنە:

- دەتوانین بڕیاری هۆشیارانە بنێین تاوەکوو لەبری تەماشاکار ببینە چارەخواز، بۆ نموونە بە بونیادانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەی بە پێشێلکردنی مافەکانیان کاریگەر بوون، ڕێکخستنی ناو گرووپەکان، گەڕان بەدوای ئەو زانیارییانەی پێویستمانە و نەخشەسازیی چۆنییەتیی خواستی ئێمە بۆ هەنگاونانی پێکەوەیی.

- ئێمە هەمیشە ناتوانین هەنگاو بنێین- هەمیشە سەلامەت یان بونیادنەرانە نابێت! بەڵام ئەگەر پەیوەندی دروست بکەین و پێکەوە کار بکەین، ئەوا ئەگەری هەنگاونانمان زیاتر و کاریگەرانەترە.

- ئاماژە بە پەڕەی پێشکەشکردنی نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان بکە. داوا لە کەسەکان بکە تا بە بێدەنگیی بیر بکەنەوە داخۆ ئارەزوو دەکەن ببنە چارەخوازی کام لەو کێشانەی ڕیزبەند کراوە. (ساتێکیان بۆ بیرکردنەوە پێ بدە، بەڵام هیچ وەڵامێک وەرمەگرە.)

- لە دانیشتنەکانی تردا، بیر دەکەینەوە چۆن پەیوەند بەو کێشانە لە تەماشاکارێکەوە ببینە چارەخواز.

## ٣. ڕاهێنانی نەخشەکێشان: من کێم؟ ١٥ خولەک

ڕاهێنانی تاکەکەسی

تێبینی

ئەمە ڕاهێنانێکی خۆشە و خاڵێک دەخاتە ڕوو، بەڵام بۆ پرۆسەی دانیشتنەکە گرنگ نییە. ڕەنگە لابردنی ئەم ڕاهێنانە پەسەند بکەیت و کاتی زیاتر بە ڕاهێنانەکانی تر بدەیت.

**پوختە و مەبەست**

بەشداربووان بە کێشانی تۆڕی تایبەتی و پیشەیی خۆیان دیاری دەکەن داخۆ لە کوێدا دەتوانن جیاوازی دروست بکەن.

**سەرچاوەکان**

- لاپەڕەی پێشکەشکردن و پێنووس.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت** ١ خولەک
لاپەڕەی پێشکەشکردن و پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ بە هەمووان بدە

ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:
ئێمە هەموومان بەشێکین لە کۆمەڵگایەک کە پەیوەندییەکی زۆرمان هەیە و ڕۆڵی جیاواز دەگێڕین- لە ناو خێزانەکانمان، شوێنی کار و کۆمەڵگا باوەڕمەندەکان، هەروەها لە پەیوەندیمان لەگەڵ هاوڕێ و ناسیاوەکانمان.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ١٠ خولەک
ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:
ئێمە هەوڵ دەدەین وێنەی تۆڕە کەسییەکانمان بکێشین. وێنەی خۆت لە ناوەندی لاپەڕەکە بکێشە و تۆڕەکانیشت لە بەشە جیاوازەکانی لاپەڕەکە بکێشە.

دەکرێت ئەمانە بن:
- خێزان و هاوڕێکان.
- شوێنی کارەکەت و هاوڕێی کار/ خوێندنگە و هاوڕێکانی خوێندنگە.
- کۆمەڵگا باوەڕمەندەکەت. یان هەر گرووپێکی کۆمەڵگای تری پەیوەست بە تۆوە- ڕەنگە لە ڕێگەی خولیایەکی وەک تیمی یاری، یان گرووپی ژنان. دەکرێت گرووپی فەرمیی بن یان تەنیا تۆڕی نافەرمی.
- تۆڕی تۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

بۆ هەر یەک لەو گرووپ و تۆڕانەی دەستنیشانیان دەکەیت، بیر لەو ڕۆڵە بکەرەوە کە دەتوانیت بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ یان لەو چوارچێوەیەدا بیگێڕیت. ١٠ خولەک کاتت هەیە.

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت** ٤ خولەک
داوا لە هەمووان بکە لە بازنەیەکدا بوەستن و وێنەکانیان بەرز بکەنەوە. سەرنج لەبارەی چەندێتیی دەوڵەمەندی و سەرنجڕاکێشی ئەو وێنانە بدە و ئەوەی چۆن ئەوان چەندان ڕۆڵی جیاواز کە لە ژیانماندا دەیگێڕین، دەخەنە ڕوو.

ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەرە ڕوو:
- لە هەر یەک لەو ڕێکخستنانەی دەستنیشانمان کردن، دەتوانین وەک تەماشاکارێک یان چارەخوازێکی چالاک ڕۆڵ بگێڕین. دەتوانین ببینە سەرچاوەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ڕێگەی ئەم تۆڕ و گرووپانەوە.
- لە هەر شتێکی وا لە ماوەی کۆرسەکەدا گوێبیستی دەبیت و ئەنجامی دەدەیت، تکایە بیر لە سێ پرسیار بکەرەوە. (سلایدی ١٢ی پاوەرپۆینتەکە پیشان بدە یان پەڕەی پێشکەشکردن لەگەڵ هەمان ئەو پرسیارانە.)
  - من دەتوانم چی بکەم؟
    داخۆ دەتوانم وەک دایک و باوک، منداڵێک، هاوڕێییەک یان دراوسێیەک ڕۆڵەکەم بگێڕم؟ داخۆ دەتوانم لەڕێی ڕۆڵەکەمەوە لە شوێنی کارەکەم چی بکەم، یان لەڕێی ئەو ڕۆڵانەی لە ژیانی تایبەتیمدا دەیانگێڕم- بۆ نموونە لە کۆمەڵگا باوەڕمەندەکەمدا؟
  - داخۆ دەتوانین چی بکەین ئەگەر ڕێک بکەوین و پێکەوە کار بکەین؟
    بۆ نموونە، داخۆ کۆمەڵگا باوەڕمەندەکەم، گرووپی گەنجان یان شوێنی کار دەتوانن دەستپێشخەری بکەن؟
  - داخۆ دەتوانین بۆ ئەنجامدانی چی شتێک هانی کەس و ڕێکخراوەکانی تر بدەین؟
    شتگەلێک هەن کەسانی تر دەتوانن بەڵام ئێمە ناتوانین ئەنجامیان بدەین. ڕەنگە کۆمەڵگایەکی باوەڕداری تر، یان سەرۆکی خوێندنگەیەکی ناوخۆیی بتوانێت هەنگاو بنێت. ئێمە دەتوانین هانی کێ بدەین تا هەنگاو بنێت؟

## ٤. پێشکەشکردن: ناساندنی تاکتیکەکان    ١٠ خولەک



پێشکەشکردن

**تسەبەم و ەسانیێپ**

ئامانجی ئەم پێشکەشکردنە بونیادنانی هۆشیارییە دەربارەی ئەو ڕێگا کردارییانەی بەشداربووان دەتوانن تێیدا پەرە بە مافەکانی مرۆڤ بدەن، هەروەها ناساندنی چوار جۆری تاکتیک کە کەسەکان دەتوانن بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ بەکاری بهێنن.

**سەرچاوەکان**

- دەتوانرێت نووسراوی پێشکەشکردنەکە لە لاپەڕە ١٢١ی ئەم ڕێنوێنییەدا بدۆزرێتەوە.
- نووسراوەکە هاوتای سلایدەکانی ١٣-٢٤ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەیە و لە تێبینی ئاخێوەرەکە بۆ ئەم سلایدانەدا خراوەتە ڕوو.
- نموونەیەکی وۆردی نووسراوەکە لە سەرچاوە هاوبەشەکان بۆ ئەم دانیشتنەدا بەردەستە.

**ئامادەکاری پێشوەختە**

بەپێی ڕێنماییەکانی لاپەڕە ١٥ 'چۆن ئامادەکاری بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت' ئامادەکاری بۆ دانیشتنەکە بکە. نووسراو و سلایدەکانی پاوەرپۆینتەکە بخوێنەوە و بیانگونجێنە (یان پەڕەی پێشکەشکردن بۆ خاڵە سەرەکییەکان لەسەر سلایدەکان دروست بکە) هەروەها پێکەوە لەگەڵ سلایدەکان/پەڕەکانی پێشکەشکردن، ئامادەکاری بۆ گەیاندنی پێشکەشکردنەکە بکە.

> ڕێنمایی! داوا بکە پرسیار و سەرنجەکانیان بۆکۆتایی پێشکەشکردنەکە دابنێن.

## ٥. ڕاهێنانی گفتوگۆ- باسکردنی تاکتیکە خێراکان    ٤٥ خولەک



ڕاهێنانی گرووپ

**تسەبەم و ەسانیێپ**

ڕاهێنانێکی گفتوگۆی گرووپ کە تێیدا بەشداربووان دەربارەی تاکتیکە خێراکان فێر دەبن، ئەمەش لە ڕێگەی تەماشاکردنی نموونە کردارییەکان، لەبارەی چۆنییەتی بەکارهێنانیان لە لایەن کەسەکانەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە پەیوەندیدارەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ. بەشداربووان بیر لەو تاکتیکانە و بەکارهێنانی ئەو بیرۆکە نوێیانە دەکەنەوە کە بۆ پەرەدان بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا بەکاری دەهێنن، هەروەها پەرەپێدانی ئاگایی و کارامەییەکان.

**سەرچاوەکان**

- چاپکراوێکی هەموو پۆستەرەکانی 'تاکتیکە خێراکان'
- ستیکەری تێبینی و پێنووس
- پەرەیەکی پێشکەشکردن سەردێڕەکەی 'بیرۆکەی هەنگاونان: تاکتیکە خێراکان.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت**    ٤ خولەک

ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەرە ڕوو:

- لە دانیشتنەکانی تردا، سەرنج دەخەینە سەر تاکتیکە خێراکان و بیر لە بەکارهێنانیان دەکەینەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە پەیوەندیدارەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکانماندا. هەروەها لە دانیشتنی داهاتوودا، تەماشایەکی تاکتیکەکانی تر دەکەین.
- لە ڕێگەی ئەم ڕاهێنانەوە فێری تاکتیکە خێراکان دەبین و زۆرترین بیرۆکە بۆ کردەوە و هەنگاونان لە کۆمەڵگاکەماندا دەخەینە ڕوو. بیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی چی بکەم، دەتوانین چی بکەین و داخۆ دەتوانین هانی ئەوانی تر بدەین چی بکەن؟
- بەڵام پێش ئەوەی دەست پێ بکەین، گرنگە بیر خۆمانی بهێنینەوە کە چی شتێک 'باری لەناکاو'ی ئازادیی ئایین یان باوەڕ پێک دەهێنێت. تاکتیکە خێراکان کاتێک بەکاردێن کە پێشێلکارییەکی تایبەتی مافەکانی مرۆڤ لە شوێنێکی دیاریکراو یان بەسەر کەسێکی دیاریکراودا ڕوو بدات یان نزیک بێت ڕوو بدات. کەواتە ئێمە هەوڵ دەدەین بەم تاکتیکانە ڕووبەڕووی چ جۆرێکی پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ ببینەوە؟

سڵایدی ٢٤ی پاوەرپۆینتەکە پیشان بدە و ئەم نموونانەی خوارەوە بخوێنەوە:
- هەراسانکردن، بۆ نموونە هەراسانکردنی سەرشەقام بەرانبەر ژنانی کەمینە
- وتاری کیناوی (ئۆنلاین یان ڕاستەوخۆ)
- تاوانی کیناوی وەک وێرانکردن یان دەستدرێژی
- هێرشکردنە سەر شوێنەکانی پەرستن
- توندوتیژیی کۆمەڵایەتیی
- دەستگیرکردنی هەڕەمەکی

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ٤٠ خولەک

- **گرووپی گفتوگۆ** (٢٠ خولەک)
  - بەشداربووان بەسەر سێ گرووپدا دابەش بکە
  - سێ تاکتیکی خێرا هەن: ڕێگری- وەستاندن و ڕزگارکردن- داواکردنی یارمەتی و ئاگادارکردنەوە. ڕوونی بکەرەوە هەر گرووپێک سەرنج دەخاتە سەر یەکێک لەو تاکتیکانە.
  - پێنووس و دەفتەری تێبینی، پۆستەری تاکتیکی پەیوەندیدار و پۆستەری چیرۆکی هاوپێچ، هەروەها بڵاونامەی پرسیارەکانی گفتوگۆ بۆ تاکتیکە تایبەتییەکانیان، بە هەر بەشداربوویەک بدە.
  - ئەم ڕێنماییانە بە گرووپەکان بدە: دەقەکان لەسەر پۆستەرەکان بخوێنەرەوە. پاشان گفتوگۆی پرسیارەکان لەسەر بڵاونامەکان بکە. وەک بەشێک لەمە، ئێوە بیرۆکەکانتان بۆ بەکارهێنانی ئەم تاکتیکانە دادەڕێژن- بیرۆکەکانتان لە دەفتەری تێبینیدا بۆ هەنگاونان بنووسن. ٢٠ خولەک کاتی گفتوگۆتان پێ دەدرێت.

- **بۆچوونی گشتی** (٢٠ خولەک)

زیاتر لە ٥ خولەک بە هەر گرووپێک بدە بۆ پێشکەشکردنی ئەو تاکتیکەی پێیان دراوە لەگەڵ بیرۆکەی هەنگاونانەکانیان. بیرۆکەی هەنگاونانەکانیان لە دەفتەری تێبینیدا بخەرە سەرە لاپەڕەی پێشکەشکردنی هەنگاوە خێراکان: بیرۆکەی هەنگاونان. پاش پێشکەشکردنەکە، لەمەڕ ئەم پرسیارانەی خوارەوە گفتوگۆ بکەرەوە:
- پاش گوێگرتن لە گرووپەکانی تر، هیچ کام لە ئێوە بیرۆکەی زیاتری دەربارەی ڕێگاکانی مامەڵە لەگەڵ بارە لەناکاوەکاندا هەیە؟
- داخۆ بیرکردنەوە لە بیرۆکەکان سەخت بوو؟
- کام بیرۆکەیەت زیاتر بە دڵ بوو؟

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت** ١ خولەک

هانی گرووپەکە بدە و ستایشی هەر بیرۆکەیەکی نوێ بکە و دانی پێدا بنێ کە بیرکردنەوە لە بیرۆکەکان کارێکی ئاسان نییە- بە تایبەتی پەیوەند بە تاکتیکە خێراکان، لە کاتێکدا دەتوانرێت گرتنەبەری هەنگاو مەترسیدار بێت.

## ٦. سەرنجەکانی کۆتایی ٥ خولەک

کورتە باس

بە باسکردنی ئەم سەرنجانەی خوارەوە و پیشاندانی سڵایدی ٢٦-٢٨ کۆتایی بە دانیشتنەکە بهێنە:
- پێشتر لە دانیشتنەکەدا باسی ڕێگاکانی بوون بە چارەخوازمان لە تەماشاکارەوە کرد. باسمان لە بونیادنانی پەیوەندی، کاری پێکەوەیی، گەڕان بەدوای زانیاری و نەخشەکێشان و ئامادەکاری کرد.
- پەیوەند بە تاکتیکە خێراکان، کە ورووژاندنی ئەو پرسیارانە دەگرێتەوە کە گفتوگۆمان لەبارەوە کردن، بۆ نموونە:
  - دیاریکردنی ئەوەی ڕەنگە کێ بە بارە لەناکاوەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ کاریگەر بێت، لە کوێ و کەی.
  - بیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی چۆن دەتوانین پێش ڕوودانیان وەڵامی ئەو بارە لەناکاوانە بدەینەوە. بۆ نموونە، ئایا من چۆن دەمەوێت هەڵوێست بنوێنم کاتێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وتاری کیناوی دەبینم، یان هەراسانکردن لەسەر شەقامەکان؟ یان ئایا دەمەوێت گەشە بە وەڵامێکی ڕێکخراوتر و چالاکتر بدەم، وەک بەشێک لەو گرووپەی نەخشەڕێژی و ئامادەکاری و کار دەکات؟

- پێداچوونەوە بەوەی داخۆ ئێمە هەموو ئەو زانیاری و پەیوەندییانەمان هەیە کە بۆ توانای وەڵامدانەوە پێویستن.
- وە بە دڵنیاییەوە هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان، ئەمەش بۆ دڵنیایی لەوەی سەلامەت دەمێنییەوە و شتەکان خراپتر ناکەین.

بێگومان، لەوانەیە تاکتیکەکە ئەو تاکتیکە خێرایە بێت کە ئێمە نەمانەوێت بەکاری بێنین، بۆ نموونە ڕەنگە ئێمە بتوانین کار بۆ بونیادنانی هۆشیاری یان هەڵمەتەکانی گۆڕانکاری بکەین. هیچ کەسێک ناتوانێت یان پێویست نییە هەوڵ بۆ ئەنجامدانی هەموو شتێک بدات!

لە دانیشتنی داهاتوودا، دەربارەی بیرۆکەی هەنگاونان بۆ تاکتیکەکانی گۆڕانکاری، تاکتیکەکانی بونیادنان و تاکتیکەکانی چاکبوونەوە فێر دەبین و بیرۆکە دادەڕێژین. ئامانجمان کۆکردنەوەی زۆرترین بیرۆکەی هەنگاونانە!

پاشان لە دوو دانیشتنی کۆتاییدا، شتەکان تەسکتر دەکەینەوە- بیرکردنەوە لەوەی ئێمە لە ڕاستیدا دەمانەوێت ڕووبەڕووی کام کێشانە ببینەوە و کام لە هەنگاوەکانی ئێمە زۆرترین کاریگەریان دەبێت و واقعی دەبن تاوەکوو بەکاریان بهێنین.

بە سوپاسکردنی هەمووان بۆ بەشداریی چالاکانەیان کۆتایی بە دانیشتنەکە بهێنە.

**سەرچاوەکان**

تەماشاکار-چارەخواز: لە کتێبی پەروەردەی مافەکانی مرۆڤەوە یەکخراوە، کریستی ڕودێلیۆس پاڵمەر، ناوەندی سەرچاوەی مافی مرۆڤی زانکۆی مینیسۆتا
http://hrlibrary.umn.edu/edumat/hreduseries/hrhandbook/activities/17.htm

ناساندنی تاکتیەکان/باسکردنی تاکتیکە خێراکان: پێشکەشکردن و ڕاهێنانی بنەڕەتی لەسەر بنەمای گونجاندنی نموونەی تاکتیەکەکانی 'تاکتیکە نوێیەکان لە پرۆژەی مافەکانی مرۆڤ'
www.newtactics.org

# نووسراوی پێشکەشکردن

## تاکتیکەکانی بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ

نووسراوی دانیشتنی ٦ی پێشکەشکردنەکە لە سلایدەکانی ١٣-٢٤ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا خراوەتە ڕوو.

**ناساندن**



لەم دانیشتنە و دانیشتنی پێشوودا، گوێبیستی چیرۆکی کەسانی جیاواز بووین کە شتی جیاواز ئەنجام دەدەن بۆ هەوڵدان و باشترکردنی ڕەوشی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەیاندا. هەروەها دەربارەی کێشەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەماندا، بەبیر خۆمانمان هێنایەوە. (ئاماژە بە پەڕەی پێشکەشکردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان بکە).

ئێمە ئێستا لەبارەی تاکتیکی جیاوازەوە فێر دەبین کە دەکرێت بۆ بەرەوپێشبردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی کۆمەڵگەییدا بەکاربێن. هەروەها بیر لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەو تاکتیکانە دەکەینەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی لە کۆمەڵگاکەماندا دەستنیشانمان کردوون.




کەواتە ئێمە مەبەستمان چییە لە تاکتیکەکان؟ تاکتیکەکان بە ' ئەنجامدانی چەند کردەوەیەکی نەخشەکێشکراو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک' پێناسە دەکرێن'.



چوار جۆری جیاوازی تاکتیک بۆ کاری مافەکانی مرۆڤ هەن. بۆ هاوکاریی ڕوونکردنەوەی ئەو چوار تاکتیکە، دەتوانین بیر لە ئاگر بکەینەوە، ئەویش وەک نموونەیەک بۆ نواندنی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ. ئەمە ئاگرێکی جوان نییە کە بە چواردەوریدا دابنیشین تا گەرممان ببێتەوە، بەڵکوو ئاگرێکی مەترسیدار و جڵەونەکراو. هەروەک پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، ئاگر زیان بە کەسەکان دەگەیەنێت و دەیان ترسێنێت و بریندارایان دەکات و دەیانکوژێت، هەروەها ماڵوموڵک و زەوییەکان وێران دەکات.

کەواتە چۆن ئاگرەکان بوەستێنین؟ چوار جۆر شت ئەنجام دەدەین:

**١. تاکتیکە خێراکان**




تاکتیکە خێراکان دەربارەی وەستاندنی ئاگرەکانن پێش هەڵگیرسانیان، نەهێشتنی ئاگرەکان و ڕزگارکردنی مرۆڤەکان.

چی دەکەیت ئەگەر منداڵێک ببینیت یاری بە دەنکە شقارتە دەکات؟ ئایا تۆ شقارتەکان دەکوژێنیتەوە و دووریان دەخەیتەوە! هەوڵی ڕێگری لە داگیرسانی ئاگرەکە دەکەیت.

ئەگەر تۆ زۆر درەنگ کەوتیت و ئاگرێکی بچووک کەوتبووەوە، ڕەنگە هەوڵ بدەیت خۆت بیکوژێنیتەوە، جا ئەمەش بە ئاگرکوژێنەوە یان سەتڵێک ئاو. تۆ بە وەستاندنی ئاگرەکە هەوڵ بۆ پاراستنی مرۆڤەکان و ماڵوموڵکەکە لە مەترسی دەدەیت. وە ئەگەر ئاگرەکە زۆر گەورە بوو، داوای یارمەتی لە تیمی ئاگرکوژێنەوە دەکەیت و مرۆڤەکان ئاگادار دەکەیتەوە تا بڕۆنە دەرەوە.

تاکتیکە خێراکان بۆ مافەکانی مرۆڤ هەر بەم شێوەیەن! ئێمە تاکتیکە خێراکان بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەکار دەهێنین کە خەریکە لە شوێنێکی دیاریکراو یان بەسەر چەند کەسێکی دیاریکراودا ڕوو بدەن یان لە ئێستادا ڕوو دەدەن. ئەمە ڕەنگە مانای دەستوەردانی ڕاستەوخۆ بێت بۆ ڕێگری یان وەستاندنی پێشێلکاری و ڕزگارکردنی مرۆڤەکان، یان ڕەنگە بە مانای داواکردنی یارمەتی و ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانە بێت وا لە مەترسیدان. کەواتە ڕەنگە تاکتیکە 'خێراکان' بۆ چ جۆرێکی پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بەکار بێنین؟ هەراسانکردن، وتاری کینەوی، سووکایەتی، وێرانکردنی ماڵوموڵک، هێرشکردنە سەر شوێنەکانی پەرستن، پێشێلکاریی کۆمەڵایەتی و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی، هەموو پێکەوە نموونەی ئەو پێشێلکاریانەن کە بەسەر کەس و گرووپی دیاریکراودا لە شوێنی دیاریکراو و کاتی دیاریکراودا ڕوو دەدەن.




هەرچەندە تاکتیکە خێراکان وەڵامی ڕووداوی دەستبەجێی وەک ئەمانە دەدەنەوە، پێویستیان بەوەیە ئێمە ئامادە بین- تا بزانین چی دەکەین. هەر هێندەی مرۆڤەکان ژمارەی تەلەفۆنی تیمی ئاگرکوژێنەوە فێربوون یان چۆنییەتی بەکارهێنانی ئاگرکوژێنەوە، ئەوا دەتوانین فێری ڕێگاکانی ڕێگری، وەستاندن و داواکردنی هاوکاری ببین، ئەمە کاتێک پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ ڕوو دەدەن.

## ٢. تاکتیکەکانی گۆڕانکاری



ئاگرەکان بە چەندان هۆکار ڕوو دەدەن و بڵاو دەبنەوە- بۆ نموونە وایەری مەترسیداری کارەبا. تاکتیکەکانی گۆڕانکاری دەربارەی گۆڕینی ئەو ڕەوشانەن کە دەبنە هۆی ڕوودانی ئاگر- بۆ نموونە دڵنیاییدان لەوەی بونیادانی باڵەخانەکان بە جۆرێکن کە دڵنیایی لە سەلامەتی وایەرەکان دەدەن.
هەروەها پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیش بە چەند هۆکارێک ڕوو دەدەن- بۆ نموونە بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگا ئەو یاسایانەی نییە کە بۆ پاراستنی مرۆڤەکان پێویستن یان بەهۆی ئەوەی ئەو کەسانەی دەبێت دڵنیایی لە پەیڕەوکردنی ئەو یاسایانە بدەن، ئەمە ئەنجام نادەن. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگا بە هەڵە بونیاد نراوە.

---




دەکرێت چەندان پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ تەنیا بە ڕازیکردنی مرۆڤەکان بۆ گۆڕینی یاساکان یان چۆنییەتی ئەنجامدانی شتەکان چارەسەر بکرێن. دەتوانین ئەمە بە چوار ڕێگای جیاواز ئەنجام بدەین:

- بە هەڵمەتی نارەزایەتی بۆ تیشک خستنە سەر کێشەکان.
- بە ڕازیکردنی ئەو کەسانەی توانای گۆڕینی شتەکانیان هەیە کە دەبێت شتێک دەربارەی کێشەکان بکەن- یا بەمەیان بڵێین داکۆکی.
- بە دەستەبەرکردنی هاندان بۆ مرۆڤەکان تاوەکوو جیاواز ڕەفتار بکەن.
- یان بە ئاڵنگاریی ئاشتیانەی یاسا چەوتەکان یان نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمە بۆ نیشاندانی ئەوەی ئێمە ئەوانە پەسەند ناکەین.

ئەمانە تاکتیکەکانی گۆڕانکارین. ئەوان زیاتر سەنج دەخەنە سەر کێشە درێژ مەوداتر و سیستماتیکترەکان لە کۆمەڵگادا- ئەو کێشانەی کە کاریگەری دەخەنە سەر چەندان کەس لە چەندان شوێندا.

## ٣. تاکتیکەکانی بونیادنان



یەکێکی تر لە ڕێگاکانی وەستاندنی ئاگرەکان، بونیادنانی هۆشیاریی گشتیی و گۆڕینی هەڵوێستەکانە، بۆ نموونە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی لەمەڕ مەترسییەکانی فڕێدانی جگەرە بۆ سەر زەوی وشک. هەروەها دەتوانین هاوبەشیی گشتی بونیاد بنێین- کەسی زیاتر بەشداری بکەن لە ئاگرکوژێنەوەی خۆبەخشانە. هەروەها دەتوانین کارامەییەکان بونیاد بنێین- بۆ نموونە دڵنیاییدان لەوەی مرۆڤەکان دەزانن چۆن ئاگرکوژێنەوە بەکار بهێنن.
پەیوەند بە مافەکانی مرۆڤەوە، بونیادنانی تاکتیکەکان دەربارەی کاری درێژخایەنن بۆ بونیادنانی کولتووری مافەکانی مرۆڤ. ئەمەش بە مانای کارکردن بەرەو کۆمەڵگایەک دێت کە تییدا هەموو کەسێک لە مافەکانی خۆی و کەسانی تر تێدەگات، هەروەتر ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بە ئاسایی و ڕاست دەبینێت، وە دەزانێت لە کاتی پێشێلکردنی مافەکان چی بکات و دەزانێت چۆن بۆ مافی خۆی و کەسانی تر بوەستێتەوە و داکۆکیان لێ بکات.

بونیادنانی کۆمەڵگایەکی لەم شێوەیە، ئەنجامدانی ٤ شت دەگرێتەوە:




- بونیادنانی هۆشیاریی دەربارەی گرنگیی مافەکانی مرۆڤ، هۆشیاریی لەمەڕ ئەو پێشێلکارییانەی روو دەدەن و ئەو وێرانکارییانەی دروستی دەکەن.
- بونیادنانی بەشداریی- بەشداریکردنی کەسانی زیاتر و زیاتر لە گرتنەبەری هەنگاوەکانی بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ.
- بونیادنانی کارامەییەکان- بەم شێوەیەش مرۆڤەکان دەزانن چۆن مافەکانی مرۆڤ بەرەوپێش ببەن.
- بونیادنانی پەیوەندی لەنێوان کەسەکان و رێکخراوەکان، کێ شتی جیاواز لە شوێنی جیاوازدا دەکات، بەڵام کارکردن بەرەو ئامانجی هاوبەش بە شێوازێکی هەماهەنگ.

ئەمانە تاکتیکی درێژخایەنن کە پێشمەرجی بۆ گۆڕانکاری بونیاد دەنێن. بناغەیەکمان بۆ دروست دەکەن تاوەکوو لەسەری بوەستین کاتێک هەموو تاکتیکەکانی تر بەکار دەهێنین.

## ٤. تاکتیکەکانی چاکبوونەوە



لە کۆتاییدا، تاکتیکی چاکبوونەوەمان هەیە. هەر وەک ئاگرەکان، پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ، مرۆڤەکان، ماڵوموڵک و کۆمەڵگاکان وێران دەکەن. تاکتیکەکانی چاکبوونەوە دەربارەی ئەوەن داخۆ ئێمە پاش رووودانی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، چی بۆ چاودێریی مرۆڤەکان دەکەین.

---




بەشێکی ئەمە سەبارەت بە دڵنیایە لەوەی مرۆڤەکان ئەو پاڵپشتییە تەندروستی، ماددی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەیان پێ دەگات کە بۆ چاکبوونەوەیان پێویستە. بەڵام ئەمە دەربارەی شکۆ و دادپەروەریشە:

- دەربارەی بەڵگەنامەکردنی ئەوەی روویداوە، بۆ دڵنیایی لەوەی بە شاراوەیی نامێنێتەوە.
- دەربارەی پێدانی دەرفەت بە مرۆڤەکان بۆ قسەکردن و یادکردنەوەی ئەوەی چی روویداوە.
- دەربارەی دڵنیاییدان لەوەی مرۆڤەکان دادپەروەری و قەرەبوو بەدەست دەهێنن.

## دەرئەنجام



هەموو ئەم شێوازانەی کارکردن بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ گرنگن. ئەوانە تەواوکەر و پێکداچوون و دەتوانرێت هاوتەریب بە یەکتر بەکار بهێنرێن.
هیچ کەس و رێکخراوێک ناتوانێت هەموو ئەو تاکتیکانە بەکار بهێنێت- ئێمە رۆڵ و کارامەیی و دەرفەتی جیاوازمان هەیە کە راستەوخۆ کاریگەری لە هەڵبژاردنی بەکارهێنانی هەر تاکتیکێک دەکات. خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کە هەمووان دەتوانن دەستپێشخەرییەک بکەن، جا ئەمەش لەنێوان خۆمان، لەرێی پەیوەندیی کەسەکان و رێکخراوەکان کە بە هەمان ئاراستە هەوڵ دەدەن، دەتوانین شتەکان بگۆڕین.
هەروەتر هەمووومان دەتوانین بەشداری وەستاندنی ئاگری پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بکەین و کۆمەڵگایەک بونیاد بنێین کە مافەکانی مرۆڤ لە ماڵەکانمان و کۆمەڵگاکانماندا، هەروەها لە لایەن حکومەتەکانمانەوە رێزلێگیراو بن.

**پێزانین**
ئەم پێشکەشکردنە ئیلهام لە وەشانێکی یەکخراوی چوارچێوەی رێچکەناسیی تاکتیکەکانەوە وەردەگرێت و بەکاری دەهێنێت، کە لە لایەن تاکتیکە نوێیەکانی پرۆژەی مافەکانی مرۆڤەوە پەرەی پێ دراوە و لە لایەن ناوەندی قوربانیانی ئەشکەنجەوە بەرێوە دەبرێت www.newtactics.org

# چیرۆکی پێشەنگەکان

ئەم چیرۆکانەی خوارەوە لە کاتی ناساندنی 'ڕاهێنانی گرووپی گفتوگۆی چیرۆکی پێشەنگەکان' لە دانیشتنی ٦ـدا دەخوێندرێنەوە. لە سلایدی ٣-١٠ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا خراونەتە ڕوو.

## چیرۆکی ڕاهول، هیندستان

**چیرۆک**

ڕاهول لە شاری بەگالپور لە ڕۆژهەلاتی هیندستان دەژی. نزیکەی لەسەدا ٨٠ ی دانیشتووانی شارەکە هیندۆسن و لەسەدا ١٨ موسولمانن، هەروەها شارەکە مێژوویەکی دێرینی توندوتیژی هەیە. لە سالی ١٩٨٩، زیاتر لە ١٠٠٠ موسولمان گیانیان لەدەست دا، ئەمەش پاش ئەوەی ئاژاوەگێرییەکان ٥٠٠٠٠ کەسیان ئاوارە کرد.

ڕاهول، کەسێکی هیندۆسە، بەشدارە لە ناوەندی ئاشتی نێوان ئایینەکان لە شارەکەدا. ئەوان بۆ بونیادنانی پەیوەندی و متمانە لە سەرانسەری دابەشبوونەکاندا کار دەکەن، بۆ نموونە لە ڕێگای کۆمەلگاکانی ئاشتی، لەڕێی ڕێکخستنی فێستیڤالی کولتووری سالانە و لەڕێی بەیەکگەیاندنی سەرکردە ئایینیەکان. ئەم کارە دژمەودایەی ئاشتی بناغەیەک دادەڕێژێت لەوەی کام هەنگاوی خێرا و بەپەلە دەبێت بگیرێتە بەر کاتێک ڕووداوەکان لەدەست دەردەچن. ئەمانە زۆربەی جار پێویستن.

توندوتیژی بە تایبەتی لە کاتی بانگەشەکانی هەلبژاردندا شتێکی باو و ئاساییە. لە سالی ٢٠١٩، بەربژێرێکی نیشتیمانپەروەری هیندۆسی لە ناوچەیەکی موسولمانانداا، بە بەکارهێنانی وتاری کیناوی و هەولدان بۆ ئاژاوەگێڕیی پێشەنگایەتی بانگەشەیەکی کرد. کاتێک هەندێک گەنجی موسولمان بە تورەییەوە هاواریان کردەوە، بەربژێرەکە توندوتیژی بەکارهێنا، کە بووە هۆکاری زیانگەیاندن بە دووکان و مالەکان. مەترسییەکی جددی هەبوو کە ئاژاوەگێڕییەکان بە ناوچەکانی تریشدا بلاو ببنەوە و توندوتیژی زیاد بکات. ڕاهول و هاوکارەکانی دەیانزانی دەکرێت ئەمە چەندە مەترسیدار بێت.

لە ڕۆژەکانی دواتردا، ڕاهول و هاوکارەکانی چەند کۆبوونەوەیەکی کۆمەلایەتییان لە گەڕەکە موسولمان و هیندۆسییەکاندا ئەنجامدا کە لە بەردەم زۆرترین مەترسی توندوتیژیدا بوون. لە کۆبوونەوەکاندا، چەندان گرووپی خۆبەخشی ئاشتی پێکهاتن کە لە گەڕەکەکانی خۆیاندا دەرگا بە دەرگا دەرۆیشتن.

ڕاهول دەلێت، "ئەوە گرنگ بوو کە ژنان و پیاوان شانبەشانی یەکتر دەرۆیشتن، بەم شێوەیەش کەسێک هەبوو ئازادانە دەیتوانی قسە لەگەل هەموو ئەو کەسانەدا بکات کە دەرگایان بۆی دەکردەوە".

خۆبەخشەکان نامیلکەیان بلاو دەکردەوە و قسەیان لەگەل دراوسێکان دەکرد و گوێیان لێ دەگرتن، بە دووپاتکردنەوە لەوەی چۆن ئاژاوەگێری، بارودۆخەکە بۆ هەمووان خراپتر دەکات، ئەمە بێ گوێدانە ئایین. خۆشبەختانە کۆبوونەوەی دراوسێکان و خۆبەخشەکان یارمەتیدەر بوون لە ئارامکردنەوەی دۆخەکە لە شارەکەدا.

**سەرچاوەکان**

ناوەندی توێژینەوەی کۆمەلایەتی و عەلمانییەت، هیندستان

چیرۆک

## بەگوێرەی بەرگەکەی، بڕیار لەسەر کتێبێک مەدە – The Human Library، کتێبخانەی مرۆیی، دانیمارک

لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەتەکاندا، چوار هاوڕێ پێکەوە ڕێکخراوێکی گەنجانیان بۆ هەڵمەتی دژ بە توندوتیژیی شارەکان دامەزراند. ژمارەی ئەندامەکانیان زیادی کرد و ڕێکخەری فێستیڤاڵێکی مۆسیقای دانیمارکی داوای لێیان کرد بیرۆکەی پێشهاتێک دابڕێژن بۆ بەرزکردنەوەی گفتوگۆ لەنێوان سەردانیکەرانی فیستیڤاڵەکە. بەم جۆرە بیرۆکەی کتێبخانەی مرۆییان داهێنا کە سەردانیکەران دەتوانن کتێبە مرۆییەکان بە قەرز وەربگرن- ئەو کەسانەی ئارەزوو دەکەن بەشداریی وتووێژی پەیوەند بە ناسنامە و ئەزموونی ژیانیان بکەن.

بە گشتی کتێبە مرۆییەکان کەسانی کۆمەڵگای ناوخۆیی دەگرێتەوە کە ڕێ دەدەن چیرۆکەکانیان ببێتە ئەزموونێکی فێرکاری بۆ ئەوانی تر. خۆبەخشەکان بە گشتی ئەو کەسانەن کە ڕەهەندێکی ناسنامەکانیان بە لایەنگری یان چەواشەکارییەوە پەیوەستە، بۆ نموونە ئایین، باوەڕ، نەژاد، ئاراستەی زایەندیی، خاوەن پێداویستیی تایبەت و دۆخی نەرێنیی نەخۆشیی هەڵگرانی ئایدز. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی باوەڕپاویی زانیارییە چەوتەکان. لە ئێستادا ڕێکخراوی کتێبخانەی مرۆیی لە زیاتر لە ٨٥ وڵاتی دونیادا چالاکی هەیە.

**سەرچاوەکان**

ڕێکخراوی کتێبخانەی مرۆیی

www.humanlibrary.org

چیرۆک

## ڕازیکردنی دەسەڵات بۆ هەنگاونان، کیرگیستان

دوای شۆڕشی ٢٠١٠، باندێکی بچووکی کەسانی تێکدەری بێئۆقرە، دەستیان کرد بە تاڵانکردنی شوێنەکانی پەرستن کە سەر بە چینی مەسیحییە ناکاتۆلیکییەکان و مەسیحییە ڕۆژهەڵاتییەکان (ئۆرثۆدۆکسەکان) بوون. هێرشەکە نزیکەی شەش مانگ بەردەوام بوو. سەرباری چەندان سکاڵا، هیچ کاردانەوەیەک لە لایەن نووسینگەی داواکاری گشتی، کۆمیتەی دەوڵەت بۆ کاروبارە ئایینییەکان یان وەزارەتی ناوخۆییەوە بەدی نەکرا. تەنانەت دەسەڵاتداران ئامۆژگاریی کۆمەڵگاکانیان دەکرد تا خۆیان مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەدا بکەن.

سەرکردە ئایینییەکان بەوپەڕی بێزارییەوە کۆبوونەوە تاوەکوو پەیوەندی بە ڕۆژنامەیەکی نیشتیمانییەوە بکەن بۆ تیشک خستنە سەر ڕووداوەکان و نابەرپرسیاریی دەسەڵاتداران. زانیارییەکان گەیشتنە دەستی سەرۆک، ئەویش پەراوەکەی خستە ژێر جڵەوی خۆیەوە و هەموو ئەندامەکانی باندەکە لە ماوەی چوار ڕۆژدا دەستگیر کران.

**سەرچاوەکان**

نێلیا شاکیرۆڤا، قەشە، کڵێسای یونایتد میتۆدیست لە بیشکێک.

# دانیشتنی ٧

## باسکردنی تاکتیکەکان

### پێداچوونەوەی دانیشتنەکە

لێکۆڵینەوەی تاکتیکەکان بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ لە دانیشتنی ٦ەوە دەستی پێ کردووە و تاوەکوو دانیشتنی ٧ بەردەوام دەبێت. دانیشتنی ٦ و ٧ پێکەوەن- لەگەڵ ئامانجی فێربوونی هاوبەش و تاکە پرۆسەیەکی فێربوون. تکایە بڕوانە نەخشەی دانیشتنی ٦ بۆ ئامانجەکانی فێربوونی ئەم دانیشتنە. بە پشتبەستن بەوەی گرووپەکەت چەندە قسە دەکەن، ڕەنگە ئەم دانیشتنە کەمتر لەو دوو کاتژمێرەی بۆی دانراوە بخایەنێت.

### ناوەڕۆک و کاتی دانیشتنەکە

| | |
|---|---|
| **بەخێرهاتن و پێشەکی**<br>چوار جۆرەکەی تاکتیک بەبیر دەهێنێتەوە کە لە دانیشتنی پێشوودا پێشکەشکراون. | ٥ خولەک |
| **گفتوگۆی گرووپ: قسەکردن لەبارەی تاکتیکەکانەوە، بەشی ١**<br>بەشداربووان گفتوگۆی تاکتیکەکانی گۆڕانکاری، بونیادنان و چاکبوونەوە دەکەن، هەروەها ڕێگاکانی بەکارهێنانیان لە چوارچێوەی خۆیاندا دادەڕێژن. | ٥٠ بۆ ٦٥ خولەک |
| **وزەبەخش: سەر تا پا**<br>ڕاهێنانێکی جەستەیی کە تیایدا بەشداربووان لاسایی جووڵەکانی ڕاهێنەرەکە دەکەنەوە. | ٥ خولەک |
| **گفتوگۆی گشتی: قسەکردن لەبارەی تاکتیکەکانەوە، بەشی ٢**<br>گفتوگۆی گشتی بیرۆکەی هەنگاوەکان کە لە کاری گرووپەکەوە دێن. | ٢٠ بۆ ٤٠ خولەک |
| **ڕاهێنانی کۆتایی: ئیمۆجییەکان**<br>بەشداربووان هەستەکانیان دەربارەی ئەوانەی فێری بوون باس دەکەن، ئەمەش بە بەکارهێنانی پەیکەری مرۆڤ. | ٥ خولەک |
| **کۆی گشتی کات** | **دوو کاتژمێر یان کەمتر** |

### ئامادە بە

بەگوێرەی ڕێنمایی لاپەرە ١٥ خۆت بۆ دانیشتنەکە ئامادە بکە، 'چۆن ئامادەکاریی بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت'. بیرت بێت- تۆ گرووپەکەت دەناسیت! پێشوازیت لێ دەکرێت بۆ گونجاندن و گۆڕینی هەر پێکهاتەیەکی دانیشتنەکە، بەگوێرەی پێویستییەکانی گرووپەکەت.

**سەرچاوەکانی ئەم دانیشتنە**

سەربارى سەرچاوە سەرەکیەکان بۆ هەر دانیشتنێک کە لە لاپەرە ١٦دا ڕیزبەند کراوە، بۆ ئەنجامدانی ئەم دانیشتنە، پێویستت بەم سەرچاوانەی خوارەوە دەبێت:

- چاپکراوی پۆستەرەکانی چیرۆک/تاکتیکەکانی 'گۆڕانکاری'، 'بونیادنان' و 'چاکبوونەوە'.
- سێ دانە لاپەڕەی پێشکەشکردنی ئامادەکراوی پێشوەختە، سەردێڕەکانیان نووسرابێت 'بیرۆکەی هەنگاوەکان: جۆری تاکتیک'- یەک دانە بۆ هەر یەک لەو جۆرە تاکتیکانەی خوارەوە: تاکتیکەکانی گۆڕانکاری، تاکتیکەکانی بونیادنان و تاکتیکەکانی چاکبوونەوە.
- بیرۆکەی هەنگاونان: پەڕەی پێشکەشکردنی تاکتیکە خێراکان لە دانیشتنی ٦دا.
- پەڕەی پێشکەشکردنی نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان لە دانیشتنی ٥دا.
- چەند دەفتەرێکی تێبینی و پێنووس.

**دەتوانیت سەرچاوە هاوبەشەکان بۆ ئەم دانیشتنە لێرەدا بدۆزیتەوە.**

**ژوورەکە ئامادە بکە**

پێش دانیشتنەکە، کورسییەکان بە نیمچە بازنەیی ڕووەو پێشەوە ئامادە بکە.

پۆستەری چیرۆک و تاکتیکەکانی گۆڕانکاری، بونیادنان و چاکبوونەوە بخەرە سەر سێ مێزی جیاواز کە بەشداربووان بتوانن لە چواردەوری دابنیشن، (یەک پۆلێنی پۆستەر بۆ هەر مێزێک). پەڕەی پێشکەشکردنی 'بیرۆکەی هەنگاونان'ە لێکچووەکان لەگەڵ پۆستەرەکان بخەرە سەر مێزەکە لەگەڵ دەفتەری تێبینی و پێنووسەکان.

پەڕەکانی پێشکەشکردنی نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ (لە دانیشتنی ٥) و پۆستەرەکانی تاکتیکە خێراکان (لە دانیشتنی ٦) بە دیوارەکانەوە بنووسێنە.



'تاکتیکەکانی قسەکردن'

"دانیشتنێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو. چالاکییەکان یارمەتی بەشداربووەکانیان دا تاوەکوو تێکرای ئەو ڕێگایانە بدۆزنەوە کە وەڵامی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەدەنەوە. پۆستەرەکان هاوکار بوون تا کەسەکان لە بیرۆکەی تاکتیکەکان تێبگەن و بیر لەو ڕۆڵانە بکەنەوە کە دەتوانن بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا بیگێڕن. بەشداربووی جیاواز دەتوانن خۆیان لە بەکارهێنانی تاکتیکی جیاوازدا ببیننەوە."

**هەمام حەداد، ڕاهێنەر، ئوردون**

# وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە

کورتە باس

## ١. بەخێرهاتن و ناساندن    ٥ خولەک

**ئامانج**

بۆ بیرهێنانەوەی مرۆڤەکان دەربارەی چوار جۆرەکەی تاکتیکەکان بۆ کاری مافەکانی مرۆڤ کە لە دانیشتنی پێشوودا پێشکەش کران.

**سەرچاوەکان**

دانیشتنی پاوەرپۆینت یان پۆستەری پوختەی تاکتیکەکان، (لە لاپەرە ٢ی بەڵگەنامەی پۆستەری تاکتیکەکان بیدۆزەرەوە).

**چی بگوترێت**

بەخێرهاتنی هەمووان بۆ دانیشتنەکە بکە. ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەرە روو، ئەمە بە ئاماژەدان بە سلایدی ٣ی پاوەرپۆینت یان پۆستەری پوختەی تاکتیکەکان.

لە کۆتا دانیشتندا، فێری ئەو تاکتیکانە بووین کە دەتوانرێت بۆ مامەڵەی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ بەکاربێت. ئایا بیرت دێتەوە کە وێنەی ئاگرمان بۆ وێناکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بەکارهێنا و باسی رێگاکانی مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئاگرەکاندا کرد؟

- ئێمە رێگریی بڵاوبوونەوەی ئاگرەکان دەکەین و دەیانکوژێنینەوە، داوای یارمەتی دەکەین و مرۆڤەکان ئاگادار دەکەینەوە. ئەمانە تاکتیکە خێراکانن.
- ئێمە هەڵمەت بۆ باشترکردنی رێساکانی سەلامەتی ئاگر دەکەین و بەرهەمە مەترسیدارەکان لەرێی هەڵمەت و داکۆکییەوە قەدەغە دەکەین. ئەمانە تاکتیکی گۆڕانکارین.
- ئێمە هۆشیاریی گشتی، بەشداریی و کارامەییەکان بونیاد دەنێین، بەم جۆرەش مرۆڤەکان دەزانن چۆن رێگریی لە ئاگر بکەن و بیکوژێننەوە. ئەمانە تاکتیکەکانی بونیادنانن.
- هەروەها ئێمە چاودێری ئەو کەسانە دەکەین کە بە ئاگر بریندار بوون، یادی مردووەکان دەکەینەوە و داوای دادپەروەری و قەرەبوو بۆ قوربانیان و خێزانەکانیان دەکەین. ئەمانە تاکتیکەکانی چاکبوونەوەن.

تاکتیکە خێراکان، تاکتیکی گۆڕانکاری و بونیادنان و تاکتیکەکانی چاکبوونەوە، ئەو چوار جۆرەی تاکتیکن کە دەکرێت بۆ مامەڵەی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ بەکار بێن.

لە دانیشتنی کۆتاییدا، گفتوگۆی تاکتیکە خێراکانمان کرد و نەخشەی بیرۆکەی هەنگاونانەکانمان بۆ بەکارهێنانی تاکتیکە خێراکان بۆ مامەڵەی کێشەکانی وەک وتاری کینەوی یان هەراسانکردن لە کۆمەڵگاکەماندا کێشا.

لەم دانیشتنەدا، ئێمە بەردەوام دەبین لە تەماشاکردنی نەخشەی بیرۆکەکان لەمەڕ سێ جۆرەکەی تری تاکتیکەکان: تاکتیکەکانی گۆڕانکاری، تاکتیکەکانی بونیادنان و تاکتیکەکانی چاکبوونەوە.

## ٢. گفتوگۆی گرووپ: باسکردنی تاکتیکەکان ٥٠ بۆ ٦٥ خولەک

ڕاهێنانی گرووپ

**پێناسە**

گرووپەکان مێزەکانیان دەگۆڕنەوە، بە سەیرکردنی هەر یەک لە ٣ جۆری تاکتیکەکان لە بەرانبەردا. ئەوان چیرۆکی ئەو کەسانە دەخوێننەوە کە ئەو تاکتیکانە بەکار دەهێنن و نەخشەی بیرۆکەی هەنگاوونانەکان دادەڕێژن.

**مەبەست**

بۆ دووپاتکردنەوە و قووڵبوونەوەی فێربوون دەربارەی تاکتیکەکانی بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ تا ئەم فێرکارییە بۆ چوارچێوەی خۆیان بەکار بێنن و بیرۆکەی هەنگاوانی بەرجەستە بخەنە ڕوو.

**سەرچاوەکان**

- سلایدی ٤ی پاوەرپۆینت (ڕێنماییەکانی گفتوگۆی گرووپ) یان پەڕەیەکی پێشکەشکردن کە ڕێنماییەکانی لەسەر بێت.
- چاپکراوی پۆستەرەکانی هەموو چیرۆک/تاکتیکەکانی گۆڕانکاری، بونیادنان و چاکبوونەوە.
- سێ پەڕەی پێشکەشکردن بە سەردێڕی 'بیرۆکەی هەنگاونان: جۆری تاکتیک' (یەک دانە بۆ هەر سێ جۆری تاکتیکەکان).
- دەفتەری تێبینی و پێنووس.

**ئامادەکاریی پێشوەختە**

پۆستەرەکانی چیرۆک/تاکتیکەکان و لاپەڕەی پێشکەشکردنی بیرۆکەی هەنگاونانەکان لەسەر سێ مێز دابنێ (یەک جۆری تاکتیک بۆ هەر مێزێک، بۆ نموونە، تاکتیکەکانی بونیادنان)، بەو شێوەیەی کە لەژێر بەشی 'ژوورەکە ئامادە بکە' لە سەرەوەدا باس کراوە.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت** ٥ خولەک

سلایدی ٤ (یان پەڕەی پێشکەشکردن لەگەڵ ڕێنماییەکان) بۆ ماوەی ڕاهێنانەکە پیشان بدە.

ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

- ئێمە ڕاهێنانی کێشانی نەخشەی بیرۆکەکان دەکەین، گفتوگۆی هەر سێ جۆرەکەی تاکتیک دەکەین- تاکتیکەکانی گۆڕانکاری، تاکتیکەکانی بونیادنان و تاکتیکەکانی چاکبوونەوە- بە سێ گرووپ. هەر گرووپێک ٢٠ خولەکی پێ دەدرێت بۆ خوێندنەوەی پۆستەرەکان و نەخشەکێشی بیرۆکەکان بۆ هەر پۆلێنێکی تاکتیکەکان. پاش ئەوە، گرووپەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن و ٢٠ خولەکی تر بۆ گفتوگۆی پۆلێنی دووەم تەرخان دەکەن، پاشان ئاڵوگۆڕ دەکرێن و بەردەوام دەبن لە گفتوگۆ.

- بخوێنەوە و بیر بکەرەوە: کاتێک پۆستەرەکانت پێ دەدرێت، سەرەتا چەند خولەکێک بۆ خوێندنەوە و بیرکردنەوە دەربارەیان تەرخان بکە، هەروەها دەربارەی هەر دەفتەرێکی تێبینی بیرۆکەی هەنگاونان کە لە گرووپەکانی پێشوو جێماوە.

- کێشانی نەخشەی بیرۆکەکان: بیرکردنەوە لەو کێشانەی لەسەر نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان دەستنیشانمان کردوون (ئاماژە بە پەڕەی نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بدە)، هەروەها نەخشەکێشی چەندان بیرۆکە بۆ ئەو ڕێگایانە بکە کە تێیدا دەتوانین تاکتیکەکان بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بەکار بێنین.

- بیرۆکەکانت لە دەفتەری تێبینیدا بنووسە و بە لاپەڕەی بیرۆکەی هەنگاونانەکان، بە تەنیشت پۆستەرەکانەوە بینووسێنە. تکایە بە ڕوونی لەسەر دەفتەری تێبینی بنووسە، تاوەکوو ئەوانی تر بتوانن بە ئاسانی بیخوێننەوە! لەم قۆناغەدا، گرنگ نییە وا بیر بکەیتەوە داخۆ بیرۆکەکان ڕاستەقینەن یان نا- تا دەتوانیت داهێنەر بە!

- بیرت بێت، بیر لەو کردارانە بکەیتەوە کە دەتوانین وەک تاکێک لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئەنجامی بدەین، هەروەها ئەو کردارانەی دەتوانین لەگەڵ گرووپ و ڕێکخراوەکان ئەنجامی بدەین- جا ڕەنگە لەڕێی کۆمەڵگا باوەڕمەندەکان، شوێنی کار یان گرووپی گەنجان یان لەڕێی کۆکردنەوەی گرووپێکی نوێی گەنجان بەیەکەوە.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ٤٥ بۆ ٦٠ خولەک
بەشداربووان بەسەر سێ گرووپدا دابەش بکە. بە گرووپەکان بڵێ پێویستە بە کام کۆمەڵە پۆستەرە دەست پێ بکەن، دواتر با دەست پێ بکەن. بە گرووپەکە بڵێ کەی کاتی ئەوەیە بچینە سەر پۆلێنێکی تری پۆستەرەکان – هەر ٢٠ خولەک جارێک. لە ماوەی کاری گرووپدا، لەنێوان گرووپەکاندا بجوڵێ تا بزانیت چۆن ئەنجامی دەدەن.
(ئەم ڕاهێنانە بە گفتوگۆی گشتی پاش وزەبەخشەکە بەردەوام دەبێت).

## ٣. وزەبەخش: سەر تا پا ٥ خولەک


ڕاهێنانی گشتی

**پێناسە**
چالاکی جەستەیی تێیدا بەشداربووان ئەوە دەکەن کە ڕاهێنەرەکە دەیڵێت و دەیکات. دەتوانرێت لە زۆر ڕووەوە بگونجێندرێت.

**مەبەست**
بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وزە.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت**
بە بەشداربووەکان بڵێ ئێستا کاتییەتی ئاستی وزەمان بەرز بکەینەوە، بەم شێوەیەش دەتوانین لە داهێنان بەردەوام بین! داوا لە هەمووان بکە هەستنە سەر پێ و کەمێک بۆشایی لەنێوان خۆیان و کەسی تەنیشتیان بهێڵنەوە. پێیان بڵێ بۆ چەند خولەکی داهاتوو پێویستە لاسایی جووڵە و وشەکانت بکەنەوە- ئەوە دووبارە بکەنەوە کە تۆ دەیڵێیت و ئەنجامی دەدەیت.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت**
ئەم وشانەی خوارەوە بڵێ، هەردوو دەستت لەسەر ئەو بەشەی جەستەت دابنێ کە ئاماژەی پێ دەدرێت:
سەر، دەم، شانەکان، ئانیشک، کەمەر، ئەژنۆکان، پەنجەکانی پێ.
لە سەرەتادا وشەکان بە خاوی دەربڕە، پاشان وشەکان بە خێراتر و وزەی زیاتر لە جوڵەکانتدا دووبارە بکەرەوە.

## ٤. بۆچوونی گشتی: باسکردنی تاکتیکەکان ٢٠ بۆ ٤٠ خولەک


گفتوگۆی گشتی

ئەمە بەردەوامیی ڕاهێنانی گفتوگۆی گرووپی 'تاکتیکەکانی قسەکردنە'.

**چۆن بەردوامی بە ڕاهێنانەکە بدرێت**
سێ پەڕەی پێشکەشکردنی بیرۆکەی هەنگاوان لە مێزەکانەوە بهێنە، لەگەڵ پەڕەی پێشکەشکردنی بیرۆکەی هەنگاوانە خێراکان لە دانیشتنی پێشوودا. هەر چوار لاپەڕەکە بەرز بکەرەوە. ئینجا لەسەر دیوارەکە و دوور لەیەک، هەڵیان بواسە.
داوا لە بەشداربووان بکە بە چواردەوری پەڕەکاندا کۆ ببنەوە و بیرۆکەی هەنگاوانەکان بخوێننەوە. پاش چەند خولەکێک، داوا لە بەشداربووان بکە بیرۆکەیەکی هەنگاونان هەڵبژێرن کە وابیر دەکەنەوە بیرۆکەیەکی باشە و لە چوارچێوەی ئەواندا کار دەکات. پێویستە ئەو تێبینییە لەسەر پەڕەی پێشکەشکردنەکە هەڵبگرن و دابنیشنەوە (لە گشتیدا).
داوا لە هەر بەشداربوویەک بکە بە نۆرە باسی ئەو بیرۆکەی هەنگاونانانە بکەن کە هەڵیان بژاردووە، بڵێن بۆچی هەڵیان بژاردووە. داوا لە هەموو ئەوانی تر بکە کە وا بیر دەکەنەوە بیرۆکەیەکی باش دەبێت دەستەکانیان بەرز بکەنەوە. داوا لە یەک دووانێکیان بکە تاوەکوو پرسیار لە یەک دوو کەسی تر بکەن بۆچی وا بیر دەکەنەوە ئەمە بیرۆکەیەکی باش بێت.
ئەگەر پاش ئەوەی هەمووان دەرفەتی باسکردنی بیرۆکەکانیان هەبوو، کات مایەوە، ئەوا داوا لە بەشداربووان بکە داخۆ هیچ بیرۆکەیەکی هەنگاونانی تر هەبووە کە لە ڕاستیدا ویستیان بۆ هەبووبێت وکەس هەڵی نەبژاردبێت.
هەموو تێبینییەکان کۆ بکەرەوە کە بەشداربووان هەڵیان گرتووە و لەسەر پەڕەیەکی پێشکەشکردنی نوێ دایان بنێ، لەسەری بنووسە ' بیرۆکەی هەنگاونانە دڵخوازەکانی ئێمە'.

### چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت

پیرۆزبایی لە بەشداربووان بکە سەبارەت بە هەموو بیرۆکەکانیان و سوپاسیان بکە بۆ بەشداریی چالاکانەیان. بە وتنی ئەوەی ئێمە دەربارەی تاکتیکەکان و بیرۆکەی هەنگاوەنانەکانمان فێری بووین، بۆ کۆتا دوو دانیشتن لەگەڵ خۆمانی دەبەین، کاتێک پەرە بە نەخشەی کار دەدەین، کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنە.

ڕاهێنانی گشتی

## ٥. ڕاهێنانی کۆتایی: ئیمۆجییەکان ٥ خولەک

### تسەبەم و ەسانێپ

بەشداربووەکان بە ڕووخسار و جەستەی خۆیان ئیمۆجی و پەیکەر دروست دەکەن بۆ پیشاندانی هەستەکانیان دەربارەی ئەوەی چی لە دانیشتنی تاکتیکەکانەوە فێربوون. ئەگەر کاتت نەبێت دەتوانیت ئەم ڕاهێنانە ئەنجام نەدەیت.

### چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت

داوا لە هەمووان بکە هەستنە سەر پێ. داوایان لێ بکە بیر لە وشەیەک بکەنەوە کە گوزارشت لە هەستەکانیان بکات دەربارەی ئەوەی لە دانیشتنی تاکتیکەکانەوە فێربوون. پێیان بڵێ ڕووخسار و جەستەیان بکەنە وێنەی ئیمۆجی و پەیکەرێك کە گوزارشت لەو هەستە بکات.

کاتێک هەمووان ئیمۆجی خۆیان دروست کرد، بە دەوری بازنەکەدا بڕۆ و داوایان لێ بکە ئەو وشەیە بڵێن کە بیریان لێی دەکردەوە.

### چۆن کۆتایی بە ڕاهێنان و دانیشتنەکە بهێنرێت

کاتێک هەمووان قسەی خۆیان کردووە، هەستە ئەرێنی و نەرێنییەکان دووپات بکەرەوە، بۆ نموونە هەستی نقووم بوون بە زانیاریی نوێ یان شڵەژان بە ئەرکی بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ.

دانپێدانان بەوەی دانیشتنەکە چەندان زانیاریی گرتووەتە خۆ و تەماشای چەندان تاکتیکمان کردووە.

ئاماژەدان بەوەی ئەوە بۆ هیچ کەسێک و ڕێکخراوێک نە ستراتیژییە و نە ڕاستەقینەیە تا هەموو شتێک ئەنجام بدەن. ئەوەی پێویستە دەزگا جیاوازەکانن، کە ئەرکە تەواوکەرەکان ئەنجام دەدەن.

هۆکاری سەیرکردنی هەموو ئەو تاکتیکانە بۆ دۆزینەوەی ئەو شتانەیە کە ئێمە دەتوانین ئەنجامیان بدەین و بۆ ئێمە ستراتیژین، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی ئێمە کێین و چوارچێوەی ئێمە چۆنە. لە دوو دانیشتنی کۆتاییدا، ئەو کێشە و بیرۆکەی هەنگاوانە دیاری دەکەین کە لە کاتی گەشەپێدانی نەخشەی کاردا بەکاری دەهێنین.

هیچ کەسێک ناتوانێت هەموو شتێک ئەنجام بدات- بەڵام هەمووان دەتوانین شتێک ئەنجام بدەین، وە پێکەوە شتە بچووکەکانمان جیاوازی دروست دەکەن.


**سەرچاوەکان**

تاکتیکەکانی قسەکردن: ڕاهێنانی بنەڕەتیی لەسەر بنەمای گونجاندنی نموونەی ئەو تاکتیکانەی لە لایەن تاکتیکە نوێیەکانی پرۆژەی مافەکانی مرۆڤ گەشەیان پێ دراوە

www.newtactics.org

# دانیشتنی ٨

## گەشتی گۆڕانکارییمان

### پێداچوونەوەی دانیشتنەکە

دانیشتنی ٨-٩ بەیەکەوەن- لەگەڵ ئامانجی فێربوونی هاوبەش و تاکە پرۆسەیەکی فێربوون. لەم دانیشتنانەدا، بەشداربووان ئەو ئاگایی و بیرۆکەی هەنگاونانانە بەکار دەهێنن کە لە دوو دانیشتنی پێشوودا گەشەیان پێ داوە، ئەمەش بۆ پەرەپێدانی نەخشەی کار لە شێوەی گەشتێکی بینراو بەرەو گۆڕانکاری.

بەشداربووان ئەو کێشانە دیاری دەکەن کە دەیانەوێت مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و لە رێگەی پرۆسەی بەرجەستەکردنی ئەو کێشەیە - گەشەپێدانی ئامانجەکان، دەستنیشانکردنی دەزگاکانی تر کە بەشدارن و چۆنییەتی پەیوەندییان پێیانەوە، هەڵبژاردنی تاکتیک و هەنگاوەکان، گەشەپێدانی پەیامەکان و هەڵسەنگاندنی مەترسییەکانەوە رێنوێنیی دەکرێن.

بە لەبەرچاوگرتنی کات، ئامانجەکە بەرهەمهێنانی نەخشەیەکی کاری گەشەسەندوو نییە، بەڵکوو بۆ فێربوون و ڕاهێنانە بە بەکارهێنانی کارامەییەکان بۆ نەخشەسازیی کار. دەکرێت نەخشە گەشەپێدراوەکانی کات، نەخشەی واقعی بن کە بەشداربووان مەبەستیان بێت بەکاری بهێنن یان ڕاهێنان لەسەر ئەو نەخشانە بکەن کە ئەرکی دەستەبەرکردنی ئەو کارامەییانە دەهێننە دی و دەتوانن بۆ هەر پرۆسەیەکی گۆڕانکاری کە تێیدا بەشدارن، بەکاری بهێنن.

### ئامانجەکانی فێربوون

ئەم دانیشتنە سەرنج دەخاتە سەر گەشەپێدانی کارامەییەکانی نەخشەسازیی کار.

لە کۆتایی دانیشتنی ٨ و ٩دا، بەشداربووان دەتوانن:

- گەشە بە نەخشەی کاری سادە بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە کۆمەڵگادا بدەن.
- ئەو هەنگاوە کردەییانە ناو بنێن کە دەتوانن بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ و مافەکانی تر بیگرنە بەر.
- بەشداریی خۆیان بۆ هەنگاونان بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ و مافەکانی تر دەربڕن.

لە کوێدا پەیوەندیدار بوو، بەشداربووان:

- پاش ڕاهێنانەکە، نەخشەی کارەکانیان جێبەجێ دەکەن.

**تێبینی**

هەموو مافە مرۆییەکانی ئێمە پێکەوە بەندن. زۆربەی کات، پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ، پێشێلکاریی مافەکانی تریش دەگرنەوە- بۆ نموونە، مافەکانی ژنان، مافی پەروەردە، دامەزراندن یان ئازادی ڕادەربڕین. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە بۆ ئەوەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بەرەوپێش ببەین، پێویستە سەرنج بخەینە سەر مافێکی تریش.

لە ماوەی ئەم دانیشتنە و دانیشتنی داهاتوودا، کاتێک بەشداربووان کێشەکان هەڵدەبژێرن و گەشە بە نەخشەی کار دەدەن، هەوڵ بدە تیشک بخەیتە سەر ئەمە.

## ناوەڕۆک و کاتی دانیشتنەکە

| | |
|---|---|
| **ڕاهێنانی دەستپێک: دەستخۆشیم لێ بکە**<br>گرنگیی بەشداریی تەواوکەری هەمووان بۆ گرووپەکە و ئەنجامدانی گۆڕانکاری، بیر هەمووان بهێنەوە. | ٥ خولەک |
| **ڕاهێنانی گشتی: کێشەکە چییە؟**<br>بەشداربووان چەند ژمارەیەکی کەمی کێشەکان دیاری دەکەن تاوەکوو گەشە بە نەخشەی کار بدەن بۆی. | ٥٢ خولەک |
| **وزەبەخش: گۆڕانکاریی ئەنجام بدە**<br>ڕاهێنانێکی جەستەیی خێرا و خۆش- بەشداربووان لە خۆچەماندنەوە و چرپەکردنەوە دەچنە سەر بازدان و بە دەنگی بەرز بڵێن 'گۆڕانکاری بکە' | ٥ خولەک |
| **پێشکەشکردن: گەشتی گۆڕانکاریی ئێمە**<br>زانیارییە سەرەکییەکان کە پێناسەی پرۆسەی گەشەپێدانی نەخشەی کار دەکات بە بەکارهێنانی وێنای گەشتێک. | ١٠ خولەک |
| **ڕاهێنانی گرووپ: گەشتی گۆڕانکاریی ئێمە**<br>بەشداربووان گەشە بە نەخشەیەکی کاری بیناوا دەدەن بە بەکارهێنانی ئەو پرۆسەیەی فێری بوون. | ٤٥ خولەک |
| **سەرنجەکانی کۆتایی** | ٣ خولەک |
| **کۆی گشتی کات** | **٢ کاتژمێر** |

## ئامادە بە

بەگوێرەی ڕێنوێنییەکانی لاپەڕە ١٥ ئامادەکاری بۆ دانیشتنەکە بکە، "چۆن ئامادەکاری بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت". بیرت بێت- تۆ گرووپەکەت دەناسیت! بانگهێشت دەکرێیت بۆ گۆڕین و گونجاندنی هەر پێکهاتەیەکی دانیشتنەکە بەگوێرەی پێویستییەکانی گرووپەکەت.

**سەرچاوەکان بۆ ئەم دانیشتنە**

سەرباری سەرچاوە سەرەکیەکانی هەر دانیشتنێک کە لە پەڕەی ١٦دا ڕیزبەند کراون، بۆ ئەنجامدانی ئەم دانیشتنە پێویستت بەم سەرچاوانەی خوارەوە دەبێت:

- یەک بڵاونامەی 'گەشتی گۆڕانکارییمان' بۆ هەر بەشداربوویەک.
- پەڕەی پێشکەشکردنی 'نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان' کە لە دانیشتنی ٥دا پەڕەی پێ دراوە.
- پەڕەی پێشکەشکردنی پێنج 'بیرۆکەی هەنگاونان'ەکە لە دانیشتنی ٦-٧.
- پۆستەری هەموو تاکتیکەکان.

**دەتوانیت سەرچاوە هاوبەشەکان بۆ ئەم دانیشتنە لێرەدا بدۆزیتەوە.**

### ژوورەکە ئامادە بکە

بۆ ئەم دانیشتنە، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر بە بازنەکردنی کورسییەکان دەست پێ بکەیت. بۆ ڕاهێنانی کاری گرووپی 'گەشتی گۆڕانکارییمان'، هەبوونی مێزێکی گەورە و کورسی بۆ هەر گرووپێک باش دەبێت. پێش دەستپێکردنی دانیشتنەکە، پەڕەی پێشکەشکردنی سادە و پێنووس و بڵاونامەی 'گەشتی گۆڕانکارییمان' لەسەر مێزەکان دابنێ.
پەڕەی پێشکەشکردنی 'نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ' و پۆستەری تاکتیکەکان، وەک بابەتی سەرچاوە بە دیوارەکەدا هەڵواسە.



'گەشتی گۆڕانکارییمان'

"دانیشتنێکی بەچێژ! بەشداربووان بە گەشەپێدانی نەخشەی گەشتی گۆڕانکارییان دڵخۆش بوون. هەموویان بیرۆکەی بەرجەستەیان هەبوو دەربارەی ئەوەی چی بکەن بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری، پاش ئەوەی کۆرسەکە تەواو دەبێت."
**هیدایا دود، ڕاهێنەر، تانزانیا**

"چالاکییەکانی ناو دانیشتنی نەخشەسازیی کار هاوکاریی بەشداربووان دەکات تاوەکوو کارامەییەکانیان بەهێزتر بکەن- لە ئەنجامدا دەبنە پێشەنگی کاریگەرتر."
**هەمام حەداد، ڕاهێنەر، ئوردون**

"بەشداربووان بڕیاریان دا گرووپێك پێك بهێنن کە بەردەوام بێت لە کارکردنی پێکەوەیی بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە شارەکەدا، ئەمەش لەڕێی داکۆکی، بەرزکردنەوەی هۆشیاری و کۆبوونەوەوە."
**یوکۆها نوابیا، ڕاهێنەر، نایجیریا**

# وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە

راهێنانی گشتی

## ١. ڕاهێنانی دەستپێک: دەستخۆشیم لێ بکە   ٥ خولەک

**ەسانێپ**

بەشداربووان بە دەوری بازنەکەدا دەسووڕێنەوە و ستایشی کەسی دەستەچەپی خۆیان دەکەن.

**تسەبەم**

بۆ تیشک خستنەسەر چۆنایەتی و کارامەییە ناوازەکانی هەر کەسێک کە دەیهێنێتە گرووپەکەوە، پێداگری لە بەشداریی هەمووان لە پرۆسەی گەشەپێدانی نەخشەی کاردا گرنگە.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت**

لە بازنەکەدا دابنیشە. بەخێرهاتنی هەمووان بۆ دانیشتنەکە بکە و بە گرووپەکە بڵێ کە بە ستایشکردنی یەکتر دەست بە دانیشتنەکە دەکەین!

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت**

پێویستە هەمووان تەماشای کەسی دەستەچەی خۆیان بکەن و بیر لە شتێکی گرنگ بکەنەوە کە ئەو کەسە دەیهێنێتە ناو گرووپەکە- بۆ نموونە بیرۆکەی باش، ئەزموون یان هەستی پێکەنین.
بە دەوری بازنەکەدا بسووڕێوە لەگەڵ هەریەک لەوانەی ڕوو دەکەنە دەستەچەپی خۆیان، وە یەک دوو وشە بڵێ کە گوزارشت لەوە دەکات کەسەکە چی بۆ گرووپەکە دەستەبەر دەکات.

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت**

بە گرووپەکە بڵێ کە چەپڵەیەک بۆ گرنگیی خۆیان لێ بدەن! ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەرە ڕوو:

- ئێمە هەموو تایبەتمەندیی ناوازەمان هەیە- ئێمە ستایشی یەکتر دەکەین و بەشداریی هەمووان گرنگە.
- بونیادنانی ئەو کۆمەڵگایانەی تیایدا مافەکانی مرۆڤ ڕێزیان لێ بگیرێت هەمان شتە- ئێمە زۆر کاریگەرتر دەبین کە پێکەوە کار دەکەین. بەشداریی هەمووان، هەرچەندە بچووکیش بێت، بە گرنگ دادەنرێت چونکە پێکەوە هەموو بەشدارییە بچووکەکانمان تەوژمێک بەرەو گۆڕانکاریی دروست دەکەن.
- لەم دانیشتنە و دانیشتنی داهاتوودا، گەشە بە نەخشەی کار دەدەین- با دڵنیایی بدەین لەوەی هەمووان دەتوانن بەشدارییە ناوازەکانیان لەگەڵمان بەش بکەن!

راهێنانی گشتی

## ٢. ڕاهێنانی گفتوگۆ: کێشەکە چییە   ٥٢ خولەک

**تسەبەم و ەسانێپ**

لەم ڕاهێنانەدا، بەشداربووان کێشە بەرجەستەکان هەڵدەبژێرن کە دەیانەوێت گەشە بە نەخشەی کار بدەن بۆی. ئەو ڕێچکەناسییەی بەکارهاتووە، دڵنیایی دەدات لەوەی هەمووان بەشداریی لە پرۆسەکەدا دەکەن.

**سەرچاوەکان**

- پێنج پەڕەی پێشکەشکردنی 'بیرۆکەی هەنگاونان' لە دانیشتنی پێشوودا.
- پەڕەی پێشکەشکردنی نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان.
- پەڕەی پێشکەشکردن و پێنووس.

**ئامادەکاریی پێشوەختە**
بڕیار بدە چەند گرووپی نەخشەی کار لە ڕاهێنانی 'گەشتی گۆڕانکارییمان'دا دەبێت (بڕوانە لاپەڕە ١٣٧). تۆ پێویستت بە ٤-٨ بەشداربوو بۆ هەر گرووپێک دەبێت. بەگوێرەی کاتی بەردەست بۆ پێشکەشکردنەوەی ڕاپۆرت (لە دانیشتنی داهاتوودا) هەوڵ بدە ژمارەی گرووپەکان بۆ سێ کەس یان کەمتر سنووردار بکە.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت** ٢ خولەک
داوا لە هەمووان بکە لە چواردەوری پەڕەی پێشکەشکردنی نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ/بیرۆکەی هەنگاوەکان کۆ ببنەوە و ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەنەوە.
ئامانجی ئەم کۆرسە هاوکارمان بووە تا ببینە پێشەنگ لە کۆمەڵگا ناوخۆییەکانی خۆماندا. لە دوو دانیشتنی کۆتاییماندا، گەشە بە نەخشەی کار دەدەین کە گرووپەکان بتوانن بۆ چارەسەری کێشەکان لەناو کۆمەڵگاکەماندا بەکاری بهێنن. پرسیارەکە ئەوەیە کام کێشانە؟
ئێمە کێشەکانمان بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ڕاهێنانی نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەماندا دیاری کردووە. بە گوێرەی ئەوە، نەخشەی بیرۆکەی هەنگاوەکانمان کێشاوە و بیرۆکەی کرداری دڵخوازیی خۆمان هەڵبژاردووە. هەریەک لەو بیرۆکانە پەیوەندە بە شتێکەوە کە ئێمە بە کێشەی دەزانین.
لەم ڕاهێنانە، ئێمە کێشەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ هەڵدەبژێرین تاوەکوو نەخشەی کاریان بۆ دروست بکەین، ئەمەش بە هەڵبژاردن لەو کێشانەی دیارییمان کردوون. بە دڵنیاییەوە، چەندان کێشەی مافی مرۆڤی تر هەن کە گرنگن چارەسەر بکرێن. ئێمە ئەمڕۆ سەرنج دەخەینە سەر ئازادیی ئایین یان باوەڕ، بەڵام دەکرێت ئەو کارامەییانەی فێریان دەبیت بۆ گەشەپێدانی نەخشەیەکی کار بۆ هەر جۆرێکی کێشە لە کۆمەڵگادا بەکاربێت.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ٥٠ خولەک

- **بیرکردنەوە!** (٥ خولەک)
  داوا لە بەشداربووان بکە تەماشای پەڕەی پێشکەشکردنی 'بیرۆکەی هەنگاونەکان' بکەن، وە بە تایبەتی لە 'بیرۆکەی هەنگاوانی دڵخوازمان'، هەروەها بە بێدەنگی بیر لەم پرسیارانەی خوارەوە بکەنەوە:
  - داخۆ بیرۆکەکانی هەنگاوانی ئێمە هەوڵی چارەسەری چ کێشەیەک دەدەن؟
  - کام لەم کێشانە گرنگترین بۆ چارەسەرکردن؟
  - ئێمە دەتوانین بۆ کام کێشانە جیاوازی دروست بکەین؟

- **تیمی دوو کەسی** (١٠ خولەک)
  داوا لە بەشداربووان بکە ببنە تیمی دوو کەسی و ئەم ئەرکانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:
  پێکەوە، کێشەیەک هەڵبژێرن کە وا بیر دەکەنەوە پێویستە ئەمڕۆ نەخشەی کاری بۆ دابنێین، بەگوێرەی بیرکردنەوەی ئێوە دەربارەی ئەوەی چی گرنگە و دەتوانین لە چ شتێکدا جیاوازی دروست بکەین. تا دەتوانیت بەرجەستە و تایبەتمەند بە لە پێناسەکردنی کێشەکەدا. بۆ نموونە، لەبری وتی کێشەکە 'دەمارگرژیی'ە دەتوانیت بڵێیت:
  - کەمینەیەکی منداڵان لە خوێندنگە ناوخۆییەکان گاڵتەیان پێ دەکرێت یان
  - سەرکردە ئایینیی یان سیاسییە ناوخۆییەکان یاخود میدیای ناوخۆ وتاری کیناوی بەکار دەهێنێت.

  لەبری وتنی کەمینە (یان هەموو) ژنان لە مەترسیدان، ڕەنگە بڵێیت:
  - ئاستی بەرزی وازهێنان لە خوێندنگە، لەنێوان کچانی (کەمینە)
  - هەراسانکردنی سەرشەقام. بە تایبەتی ژنانی کەمینە، یان
  - هاوسەرگیریی پێشوەختە و زۆرەملێ

  هەروەها لەبری وتنی جیاکاریی حکومەت ڕەنگە بڵێیت:
  - پۆلیسی ناوخۆ بە باشی، لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە ناکات کە بەرانبەر بە کەمینەکان دەکرێت، یان
  - کۆمەڵگەی آ ناتوانێت ڕێگەپێدان بۆ بونیادنانی شوێنی پەرستن وەربگرێت.

ڕێنمایی! ئەم نموونانە بگونجێنە، بەم شێوەیەش بە چوارچێوەی تۆوە پەیوەندیدار دەبن.

**باسکردن** (١٠ خولەک)
داوا لە هەر دوو کەسێک بکە بە ڕستەیەک بڵێن چ کێشەیەک هەڵدەبژێرن. کێشەکان بە ڕیزبەندێک لە بەشی دەستەچەپی پەڕەی پێشکەشکردنەکە یان تەختە سپییەکە بنووسە.لای ڕاستەوە بۆشایی جێ بهێڵە تا کەسەکان بتوانن نیشانەیەکی ڕاست و چەپ ( × ) لە تەنیشت ئەو کێشانە دابنێن کە دەیانەوێت دەنگی پێ بدەن.

- **دەنگدان و هەڵبژاردن** (٢٠ خولەک)
داوا لە بەشداربووان بکە نیشانەیەکی ڕاست و چەپ ( × ) لەسەر پەڕەی پێشکەشکردنەکە لە تەنیشت ئەو دوو کێشەیە دابنێن کە بە تایبەتی پێیان وایە پێویستە گرووپەکە نەخشەی کاری بۆ دابنێت. لە گرووپەکەدا گفتوگۆی ئەنجامەکان بکە و پێکەوە بە لایەنی زۆرەوە بڕیار لە سێ کێشە بدەن تاوەکوو نەخشەی کاری بۆ بنووسن، (کەمتر لە سێ دانە، ئەگەر گرووپەکەت بچووکتر بوو لە ١٢، چونکە لانی کەم پێویستت بە چوار بەشداربوو بۆ هەر کێشەیەک دەبێت).
پێداگری بکە لەوەی تەنانەت ئەگەر ئەو کێشەیەی نیشانەی ڕاست و چەپەکەی لە تەنیشتەوە دادەنێیت هەڵنەبژێردرابێت، تۆ دەتوانیت کارامەیی ئەو نەخشەی کارە بەکار بهێنیت کە ئەمڕۆ فێری دەبین، لەگەڵ کێشەی هەڵبژێردراوی تۆ لە ڕۆژی دواتردا.
- **دابەشبوون بەسەر گرووپەکاندا** (٥ خولەک)
داوا لە گرووپەکە بکە لە بازنەیەکدا بوەستن. بە دەوری بازنەی ژمارەی بەشداربووەکاندا بسوڕێوە، لە ژمارە یەک تاوەکوو ژمارەی گرووپی نەخشەی کار کە هەتە (بۆ نموونە لە ١ تاوەکو ٣ ئەگەر سێ گرووپت هەبوو).
هەر گرووپێک و کێشەیەکی پێ بدە، بە بەشداربووەکان بڵێ کە گرووپەکەیان دواتر لە دانیشتنەکەدا بۆ ئەو کێشەیە گەشە بە نەخشەیەکی کار دەدات.
ئەگەر هەر بەشداربوویەک زۆر ئارەزووی کرد لە گرووپێکی جیاوازدا بێت لەو کێشەیەی تەرخان کراوە (ڕەنگە بە هۆکاری ئەوەی ئەوان ئاگایان سەبارەت بە کێشەیەکی دیاریکراو هەیە)، ئەوا بڕوانە داخۆ کەسێک ئاڵوگۆڕ دەکات.

## ٣. وزەبەخش: گۆڕانکاریی ئەنجام بدە ٥ خولەک


راهێنانی گشتی

### پێناسە و مەبەست
ڕاهێنانێکی جەستەیی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وزە.

### چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت
داوا لە هەمووان بکە لە بازنەیەکدا بوەستن و تا دەتوانن بنوشتێنەوە (بەگوێرەی توانای کەسی). داوا لە هەمووان بکە وشەی "گۆڕانکاریی بکە: گ.ۆ.ڕ.ا.ن.ک.ا.ر.ی" بە گوێی یەکدا بچرپێنن. داوایان لێ بکە ئەو وشانە چەند جارێک دووبارە بکەنەوە، هەر جارێک بە دەنگێکی بەرزتر و لەگەڵیشیدا کەمێک بەرز ببنەوە. دەنگەکە پلە بە پلە بەرز دەبێتەوە، وە گرووپەکە بە هێواشی هەڵدەستنەوە سەر پێ، تا لە کۆتاییدا هەمووان بەرز باز دەدەن و هاوار دەکەن: "گۆڕانکاریی بکە: گ.ۆ.ڕ.ا.ن.ک.ا.ر.ی"

> ڕێنمایی! بە نموونەیەک پێشەنگی بکە، بە تەواوی دەنگ بەرز بکەرەوە لە کاتی بەرەوپێشچوونی یارییەکە!

## ٤. پێشکەشکردن: گەشتی گۆڕانکارییمان ١٠ خولەک


پێشکەشکردن

### پێناسە و مەبەست
ئەم پێشکەشکردنە ئامانجییەتی کارامەیی لە نەخشەسازیی کاردا بونیاد بنێت. وێناکردنی نەخشەسازیی گەشتێک بەکار دەهێنێت بۆ ناساندنی پرۆسەی نەخشەی کار و ئامرازی نەخشەی کار کە بەشداربووان لە ڕاهێنانەکانی دواتردا بەکاری بێنن.

**سەرچاوەکان**
- دەتوانرێت نووسراوی پێشکەشکردنەکە لە لاپەڕە ١٤٠ی ئەم ڕێنوێنییەدا بدۆزرێتەوە.
- نووسراوەکە هاوتای سلایدەکانی ٣-٢٤ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەیە و لە تێبینیی ئاخێوەرەکە بۆ ئەم سلایدانە هاتووە.
- وەشانێکی وۆردی دەستکارییکراوی نووسراوەکە لە سەرچاوە هاوبەشەکان بۆ دانیشتنەکەدا بەردەستە.

### ئامادەکاریی پێشوەختە
بەگوێرەی ڕێنماییەکانی لاپەڕە ١٥ ئامادەکاریی بکە 'چۆن ئامادەکاری بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت'. نووسراو و سلایدی پاوەرپۆینتەکان بخوێنەوە و یەکیان بخە (یان پەڕەی پێشکەشکردن بۆ خاڵە سەرەکییەکان لەسەر سلایدەکان دروست بکە) هەروەها ڕاهێنان بۆ پێشکەشکردنی سیمینارەکە بکە، ئەمەش بەیەکەوە لەگەڵ سلایدەکان/ پەرەکانی پێشکەشکردن.

> ڕێنمایی! داوایان لێ بکە پرسیار و سەرنجەکانیان بۆ کۆتایی پێشەکەشکردنەکە دابنێن.

## ٥. ڕاهێنانی گرووپ: گەشتی گۆڕانکاریی ئێمە    ٤٥ خولەک

راهێنانی گرووپ

### تسەبەم و ەسانێپ

ئەم ڕاهێنانە بەسەر ماوەی ئەم دانیشتنە و سەرەتای دانیشتنی داهاتوودا درێژ دەبێتەوە. لەوێدا گرووپەکان دەتوانن گەشە بە نەخشەی کار بدەن بە بەکارهێنانی ئەو ئامرازەی نەخشەی کار کە لە پێشکەشکردنەکەی پێشوودا ئاماژەی پێ دراوە. بەپێی سرووشتی گرووپەکەت، ئەم نەخشەی کارانە دەکرێت پلانی واقعی بن کە گرووپەکە بیەوێت جێبەجێی بکات، یان پلانی نموونەیی کە وەک شێوازێکی فێربوونی کارامەییەکانی نەخشەسازی کار گەشەی پێ بدەن.

گرووپەکە نەخشەی کارەکانیان وەک 'گەشتێکی' بینراو لەسەر پەڕەی پێشکەشکردن دەکێشن یان دەنووسن.

**سەرچاوەکان**

- بڵاونامەیەکی 'گەشتی گۆڕانکارییمان' بۆ هەر بەشداربوویەک.
- پەڕەی پێشکەشکردن و پێنووسی پەڕەی پێشکەشکردن و پێنووسی ئاسایی.

### ئامادەکاریی پێشوەختە

لایە کورتەکانی دە پەڕەی پێشکەشکردن بە تیپ بەیەکەوە بنووسێنە و پەڕەیەکی درێژ دروست بکە. دانەیەکی لەو شێوەیە بۆ هەر گرووپێك ئامادە بکە.

### چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت_    ٥ خولەک

دووبارە سلایدی ٢٤ پیشان بدەرەوە و ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

پێشتر لەم دانیشتنەدا، کێشەکانمان هەڵبژارد و بەسەر گرووپەکاندا دابەش بووین. ئێستا هەر گرووپێک هەوڵی گەشەپێدانی نەخشەیەکی کار دەدات تاوەکوو چارەسەری کێشەکانی پێ بکات، ئەمەش بە بەکارهێنانی نموونەی 'گەشتی گۆڕانکارییمان' کە لە پێشکەشکردنەکەدا گوێمان لێ بوو.

ئەم نەخشەی کارانە دەکرێت نەخشەی ڕاستەقینە بن کە بمانەوێت پاش ڕاهێنانەکە جێبەجێیان بکەین، یان نەخشەی کاری ڕاهێنان بن کە یارمەتیمان بدەن بۆ گەشەپێدانی کارامەییەکانی نەخشەسازیی کار کە دواتر بتوانین بەکاریان بێنین.

لەسەر مێزی گرووپەکان، ئەو پەڕەی پێشکەشکردنە دوورودرێژانە دەدۆزیتەوە کە گەشتی گۆڕانکاری خۆت لەسەریان دەکێشیت و دەنووسیت. هەروەها کۆپی نموونەی 'گەشتی گۆڕانکارییمان' دەدۆزیتەوە کە وەک بڵاونامەیەک یاریدەدەرت دەبێت و دەتوانیت لەگەڵ خۆت بیبەیتەوە ماڵەوە.

ئەرکی تۆ دروستکردنی نەخشەیەکی کارە لەسەر پەڕەکانی پێشکەشکردن بۆ چارەسەری کێشەکانی گرووپەکەت، ئەمە بە بەکارهێنانی چەند پێکهاتەیەکی جیاوازی نموونەی گەشتی گۆڕانکارییەکە. هەروەها تۆ ئەو دانیشتنەی ماوە و بەشی یەکەمی دانیشتنی داهاتووت لە بەردەستدایە بۆ ئەنجامدانی ئەمە- ئەمەش زیاتر لە کاتژمێرێکە بە گشتی.

سلایدی ٢٥ پیشان بدە و ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

ئەو هەنگاوانەی دەبێت بۆ دروستکردنی نەخشەکەت بیگریتە بەر بەم شێوەیەن:

- بڕیار بدە پێشەنگەکان کێن: ئەو کۆمەڵە کەسە یان ڕێکخراوە کە نەخشەکە جێبەجێ دەکەن کێن؟
- ئەو کێشە سەرەکییە بنووسە کە بە گرووپەکەت دراوە تا کاری لەسەر بکەن.
- ئەو یاسا و هەڵوێست و ڕەفتارە کردەییانە دەستنیشان بکە کە دەتەوێت بیانگۆڕیت.
- ئامانجێک دروست بکە کە ئاوێنەی کێشەکەت بێت.
- یاسا و هەڵوێست و ڕەفتارە خوازراوەکان دەستنیشان بکە.
- ئەو کەسانەی تر دەستنیشان بکە کە بەشدارن - ئەو کەسانەی کاریگەر بوون، کەس و ڕێکخراو و دەسەڵاتەکان کە بەشێکن لە کێشەکە یان دەسەڵات، تا جیاوازی دروست بکات.

ئەو چالاکییە سەرەکییانەی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکە پێویستە بۆ تاکتیکەکانت هەڵبژێرە و زیادیان بکە.

چەند هەنگاوێکی کرداریی سەرەکی دەستنیشان بکە کە بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییانە پێویستن.

دیاریی بکە پەیامەکانت بۆ کەسانی جیاوازی بەشداربوو چین. چی باس و بەڵگەیەک ئەوان ڕازی دەکات؟

وە لە کۆتاییدا بیر بکەرەوە ڕەنگە بە درێژایی ڕێگاکە ڕووبەڕووی چ مەترسییەک ببیتەوە.

پێویستت بەوە نییە شتەکان بەم ڕیزبەندییە ئەنجام بدەیت، بەڵام ڕەنگە یارمەتیدەر بێت!

پێداگریی لەمانەی خوارەوە بکە:
دەکرێت کاتێکی زۆر بە بیرکردنەوە لە هەر پرسیارێک بەسەر ببەیت، بەڵام ئامانجی ئەم ڕاهێنانە دروستکردنی 'هۆکار'ی نەخشەکەیە- وێنە گەورەکە، کە دەتوانین بیری لێ بکەینەوە و لە دواتردا زیاتر گەشەی پێ بدەین ئەگەر بڕیارماندا جێبەجێی بکەین.
ئامانجەکە پێدانی نزیکەی ٨ خولەکە بۆ هەر بەشێک! بیرت بێت ئەمە بیرکردنەوەیە لە نەخشەیەکی سەخت! بیرکردنەوە و بیرۆکە خۆڕسکەکانت بنووسە وکات بە ڕێکوپێککردنی شتەکان بە ئاگاییەوە مەکوژە- یەک ڕستەی ڕێکوپێککراوی سەخت یان چەند خاڵێک بۆ ئەمە بەسە.
هەروەها ئەو بیرۆکەی هەنگاونانە لەبیر مەکە کە لەسەر پەڕەکانی پێشکەشکردن هەمانە! لەوانەیە بتوانیت یەکێک یان دوو دانە لەوانە لە نەخشەکەتدا بەکار بهێنیت.

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ٤٠ خولەک
هەمووان بۆ گرووپەکانی خۆیان بنێرە تا دەست بەکار بن. لە گرووپێک بۆ گرووپێکی تر بڕۆ و بزانە لەوە تێگەیشتوون کە دەبێت چی بکەن.
ئاگاداری کات بە! بیری هەمووان بهێنەوە پاش ١٠ خولەک بچنە سەر پرسیارێکی تر و ئەمە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دووبارە بکەنەوە.
چاودێریی گرووپەکان بکە، بزانە داخۆ لەسەر بابەتەکە دەمێننەوە، هانیان بدە و تا دەتوانیت باشترین ڕێنماییەکانیان پێ بدە. ئەگەر گرووپێک لە پرسیارێکدا گیری خوارد و نەتتوانی هاوکاریی بکەیت، پێشنیار بکە بچنە سەر هەنگاوی داهاتوو لە پرۆسەی نەخشەسازیی کار و پاشان بگەڕێنەوە سەر ئەو پرسە.

## ٦. سەرنجەکانی کۆتایی ٣ خولەک

کاتێک دێتە کۆتایی کاتی دانیشتنەکە، پیرۆزبایی لە هەموو گرووپەکان بکە بۆ ماندووبوونیان و پێیان بڵێ بەردەوام دەبن لە کارکردن لەسەر نەخشەی کاری گەشتی گۆڕانکارییان لە دانیشتنی داهاتوودا. هانیان بدە بەردەوام بن لە بیرکردنەوە لە نەخشەی کارەکانیان لەنێوان ئێستا و دانیشتنی داهاتوودا، نووسینی هەر بیرۆکەیەک کە دەبێت بیهێنن بۆ دانیشتنی داهاتوو.

# نووسراوی پێشکەشکردن

## گەشتی گۆڕانکاریمان- ئامرازێکی بینراو بۆ نەخشەسازیی کار

نووسراوی دانیشتنی ٨ی پێشکەشکردنەکە لە سلایدەکانی ٣-٢٤ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکەدا خراوەتە ڕوو.

### نەخشەی کار چییە و بۆچی گرنگە؟




کەواتە نەخشەی کار چییە و بۆچی گرنگە؟ نەخشەی کار نەخشەیەکە بۆ ئەوەی بزانین چۆن دەمانەوێت لەو شوێنەی ئێستا ئێمەی لێین بچینە ئەو شوێنەی دەمانەوێت لێی بین.
ئەگەر ئێمە گەشتێکی دوورودرێژ بکەین، بیرۆکەیەکی باش دەبێت نەخشەیەک و پلانێکمان هەبێت تا بزانین چۆن گەشت دەکەین. لەوانەیە بە پێ تا وێستگەی پاسەکە بچین، سواری پاس بین پاشان شەمەندەفەر، وە پاشان ئۆتومبێلێک بە کرێ بگرین تاوەکوو بمانباتە شوێنی مەبەست! بەبێ نەخشە و پلان، ڕەنگە نەگەینە شوێنی مەبەستمان، یان ڕەنگە کاتی زۆر زیاتری بوێت تا دەگەین.



نەخشەی کار تا ئاستێک وەک نەخشە یان پلانی گەشت وایە- نەخشەی ئەو هەنگاوانە دادەڕێژێت کە نەخشەمان بۆ داناوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان بیانگرینە بەر، هەروەها هاوکارمان دەبێت تا خاوەن ستراتیژ و هۆشیار بین.
هەموومان پلانی کارکردن دادەنێین. هەندێک جار زۆر سادەن، بە ڕادەیەک کە کەم تا زۆر خۆڕسکانە دێنەوە بیرمان. بەڵام بۆ کێشە ئاڵۆزەکان، وەک ئەو شتانەی پێشتر ئەنجاممان نەداون و ئەو شتانەی لەناو گرووپەکانمان ئەنجامی دەدەین، پێویستە زۆر ئاگایانەتر نەخشە دابڕێژین و پلانەکانمان بنووسین تاوەکوو هەمووان بتوانن بیریان بێتەوە.




لەو پێشکەشکردنەی ماومانە، فێری بەکارهێنانی ئامرازێکی سادەی بینراو دەبین کە پێی دەگوترێت 'گەشتی گۆڕانکاریمان' بۆ ئەنجامدانی نەخشەی کار.

### گەشتیارەکان




کاتێک ئێمە نەخشەیەکی کار بۆ گەشتێک ئامادە دەکەین تاوەکوو گۆڕانکاری دروست بکەین، یەکەم پرسیار ئەوەیە ئێمە کێین؟
گەشتیارەکان کێن کە دەیانەوێت گەشتی بەرەو گۆڕانکاریی بکەن؟ هەروەک چۆن هەندێک گەشتیار بە پێ دەڕۆن لە کاتێکدا ئەوانی تر سەیارە لێ دەخوڕن یان سواری فڕۆکە دەبن، ئێمە وەک تاک، گرووپ و ڕێکخراوەکان، دەرفەت، بەهێزی و لاوازیی جیاوازمان هەیە و ڕووبەڕووی مەترسی جیاواز دەبینەوە. بە پرسیاری 'ئێمە کێین؟' دەست پێ دەکەین، ئەمە یاریدەدەرمان دەبێت ئەو شتانە لە بەرچاو بگرین.




با گەشتێکی گۆڕانکاریی خەیاڵیی دروست بکەین و بڵێین کە ئێمە چەند هاوڕێیەکی گەنجین لە کۆمەڵگای باوەڕیی جیاوازی شارۆچکەکەی خۆمانەوە هاتووین.

### خاڵی دەستپێکی ئێمە




کاتێک نەخشەی گەشتێک دادەنێین، یەکەم شت کە پێویستە بیزانین ئەوەیە خاڵی دەستپێکمان چییە.
گەشتی گۆڕانکاریی بە کێشەیەک دەست پێ دەکات، وە ئێمە بە پێناسەکردنی دەست پێ دەکەین. هەرچەند دەربارەی پێناسەکردنی کێشەکەمان تایبەتمەندتر بین، دەستنیشانکردنی چۆنییەتیی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی ئاسانتر دەبێت.



کەواتە لەبری وتنی ئەوەی کێشەکە دەمارگرژییە، ڕەنگە بڵێین 'منداڵەکان هاوڕێی کۆمەڵگا باوەڕییەکانی تریان نییە'. ئەمە هەردووکیان ئەنجام و هۆکاری بەردوامیی دەمارگرژیین.



کێشەی لەم شێوەیە هۆکاری بنەڕەتی هاوبەشی جیاوازیان هەیە.
دەکرێت ئەو کێشە بنەڕەتییانە ئەمانە بن:

- هەڵوێستە کێشەدارەکانی خەڵک
- ڕەفتارە کێشەدارەکان- ئەو شتانەی مرۆڤەکان ئەنجامی دەدەن
- یاسا و ڕێسا و پێودانگە کێشەدارەکان

پێکەوە، ئەو ڕەفتار و هەڵوێست و یاسایانە کێشە دروست دەکەن. بۆیە پەیوەند بەو کێشانەی دەستنیشانمان کردوون، دەمانەوێت کام هەڵوێست و ڕەفتار و یاسا تایبەتمەندانە بگۆڕین



پەیوەند بە نموونەی ئێمەوە، ڕەنگە بڵێین 'دایک و باوکان هەڵوێستی نەرێنییان بەرانبەر منداڵەکانیان هەیە کاتێک خاوەنی هاوڕێی کۆمەڵگاکانی ترن' یان 'خوێندنگە ڕێگە بە گاڵتەپێکردن لەنێوان منداڵانی کۆمەڵگا باوەڕمەندە جیاوازەکان دەدات یان 'سەرکردەیەکی ئایینیی ناوخۆ دەڵێت نابێت ڕێگە بە هاوڕێیەتی نێوان منداڵانی کۆمەڵگا جیاوازەکان بدرێت'. ئەم هەڵوێست و ڕەفتار و یاسایانە لە کێشەکانمان بەشدارن.

## شوێنی مەبەستی ئێمە



کاتێک ئێمە گەشتی بەرەو گۆڕانکاریی دەکەین، گرنگە بزانین دەمانەوێت بەرەو کوێ بڕۆین! پێناسەکردنی شوێنی مەبەستی ئێمە ئاڵۆزە. هەمووومان دەمانەوێت بە ئاشتی، دادپەروەری و ناجیاکاریی بگەین! بەڵام پێویستە دەربارەی ئەوەی دەتوانین لە کاتێکی دیاریکراودا چی بەدەست بهێنین، واقعی و بەرجەستە بین.



بۆ نموونە، ئامانجی ئێمە ڕەنگە ئەوەبێت 'منداڵان هاوڕێی کۆمەڵگا باوەڕمەندەکانی تریان هەبێت'. وە بۆ ئەم ئامانجە، دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە داخۆ دەمانەوێت چ ڕەفتار و هەڵوێست و یاسایەکی تایبەتمەند لەجێی ئەوانەی وا کۆن و خراپن، ببینین.
بۆ نموونە، 'دایک و باوکان هانی منداڵان دەدەن تا هاوڕێی کۆمەڵگا باوەڕمەندەکانی تریان هەبێت'، یان 'خوێندنگەکە چالاکانە ڕووبەڕووی گاڵتەپێکردن دەبێتەوە' یان 'سەرکردە ئایینییەکان هانی هاوڕێیەتی نێوان کۆمەڵگاکان دەدەن'.



وەک دەیبینیت، کێشە و ئامانجەکانی ئێمە، وێنەدانەوەی یەکترن. کێشە و ئامانجەکە پێناسەی چوارچێوەی گەشتی گۆڕانکارییمان دەکەن. لە کوێ پرۆسەی گۆڕانکاریی دەست پێ دەکات و دەمانەوێت بە کوێ بگات؟

## ئەو مرۆڤانەی لە سەر ڕێگا دەیانبینین



لە گەشتێکی دوورودرێژدا، ڕەنگە چەندان مرۆڤ ببینین – هاوڕێ گەشتیارەکان کە بە هەمان ئاراستە دەڕۆن، ئەفسەرانی بلیت کە پشکنینمان بۆ دەکەن، یان ئەو کەسانەی بەربەست دروست دەکەن لە ڕێگاکە دەمانوەستێنن و لامان دەدەن. کەواتە، لە گەشتەکەماندا کێ دەبینین؟



ئەمانەن:

- ئەو مرۆڤانەی بە کێشەکان کاریگەر بوون (لە پەراوی ئێمەدا منداڵانن)
- کەسانی دەسەڵاتدار تاوەکوو شتێک دەربارەی کێشەکە بکەن (بۆ نموونە، سەرۆکایەتی خوێندنگە و کارمەندان، دایک و باوکان و سەرکردە ئایینییەکان).



هەروەها ڕەنگە ئەمانە بن:

- هاوڕێ گەشتیارەکان، ئەو کەسانەی هاوبەشی ئامانجەکانمانن و دەتوانن لە ڕێگادا یارمەتیمان بدەن. لە نموونەکەی ئێمەدا، هاوپەیمانەکانمان ڕەنگە ئەنجوومەنی نێوان ئایینە ناوخۆییەکان بن.
- یان ئەو مرۆڤانەی دژایەتیی ئامانجەکانمان دەکەن و هەوڵ دەدەن لەسەر ڕێگامان بوەستن. ڕەنگە یەکێک لە مرۆڤە کاریگەرە دەمارگرژەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەمان بێت.



لە کاتێکدا ئێمە نەخشەی کار دەنووسین، بیرۆکەیەکی باش دەبێت بیر لەو مرۆڤ و ڕێکخراو و دامەزراوانە بکەینەوە، بەم شێوەیەش دەتوانین لە کاتی هەڵبژاردنی تاکتیک و نەخشەی کردارەکانماندا ڕەچاویان بکەین.
کێ دەتوانێت لە ئەنجامدانی گۆڕانکارییدا یارمەتیدەرمان بێت؟ پێویستە کێ ڕازی بکەین- وە لە چی؟ یان دەکرێ کێ هەوڵ بدات ببێتە کۆسپ لە بەردەم ڕێگای گۆڕانکاریدا؟

## هەڵبژاردنی ڕێگاکە




چەندان ڕێگای جیاوازی گەیشتن هەن تاوەکوو لە آ بگەینە ب- ڕێگا و شێوازی گواستنەوەی جیاواز. کەواتە چ ڕێگەیەک دەگرینە بەر؟
ڕێگاکەمان بەو تاکتیکانەی بەکاری دەهێنین دیاری دەکرێت. بیرت بێت ١٥ تاکتیکی جیاواز هەن تاوەکوو لێیان هەڵبژێرین- هەر لە بونیادنانی هۆشیارییەوە بۆ داکۆکی و بەڵگەنامەکردنی پێشێلکارییەکان. ئێمە پێشتر چەندان بیرۆکەی کارمان هەبووە بۆ بەکارهێنانی ئەو تاکتیکانە! ئێرە ئەو شوێنەیە کە دەتوانیت بەکاریان بهێنیت!




بۆ نموونە، ئایا ئێمە سەرنج دەخەینە سەر گۆڕینی بیرکردنەوەی منداڵان لە ڕێگەی دروستکردنی تیمێکی تۆپی پێی نێوان ئایینەکانەوە، یان لەسەر بەڵگەنامەکردنی ڕووداوەکانی گاڵتەپێکردن و بەکارهێنانی ئەمە بۆ داکۆکی تاوەکوو سەرۆکایەتیی خوێندنگە هەنگاو بنێت؟ یان بە هاندانی مامۆستایان تاوەکوو پەیوەندیی ئەرێنی بەرەوپێش ببەن لە ڕێگەی دروستکردنی خەڵاتێک بۆ ئەو مامۆستایانەی بە باشترین شێوە هەمەچەشنی بەرەوپێش دەبەن و دڵنیایی ڕێزگرتن لەناو پۆلەکاندا دەدەن؟ یان بە ڕازیکردنی سەرکردە ئایینییەکان تاوەکوو هانی هاوڕێیەتی نێوان ئایینەکان بدەن؟ یان تێکەڵەیەک لە هەموو ئەمانە؟
زۆر شتی جیاواز هەن کە بتوانین ئەنجامیان بدەین، ئێمە ناتوانین هەموویان ئەنجام بدەین، بەڵام ڕەنگە پێویستمان بەوە بێت لە شتێک زیاتر بکەین ئەگەر بمانەوێت سەرکەوتوو بین. بۆ نموونە، دەستپێکردنی تیمێکی تۆپی پێ هیچ سوودێکی نابێت ئەگەر سەرکردە ئایینییە سەرەکییەکان سەرکۆنەی بکەن، بەم جۆرەش کە بوێری ناکات بێت. بە زۆری نەخشەی کاری سەرکەوتوو چەند تاکتیکێکی کەمی جیاواز بەڵام تەواوکەر دەگرێتەخۆ.

## هەنگاوەکانی گەشتەکە




کاتێک بڕیارماندا چ تاکتیکێک بەکار بهێنین، بیر لەوە دەکەینەوە چۆن بەکاریان بهێنین.
پێویستە چ هەنگاوێکی بەرجەستە و بە چ ڕیزبەندییەک بگرینە بەر؟ بۆ هەر تاکتیکێکی وا هەڵمان بژاردووە، کێ وکەی چی دەکات؟ چۆن بە شێوەیەکی کرداری تیمی تۆپی پێ ڕێک دەخەین و بەرەوپێشی دەبەین یان ڕاپرسی ئەنجام دەدەین؟ کێ لەگەڵ کام سەرکردەی ئایینی قسە دەکات؟

## پەیامەکە




کاتێک لەگەڵ مرۆڤەکان دەدوێین، پێویستە بیربکەینەوە داخۆ دەبێت چی بڵێین.
کام جۆری زانیاریی یان گفتوگۆ هاوپەیمانە بەتواناکان ڕازی دەکات تاوەکوو بەشدارمان بن یان مرۆڤەکان ڕازی دەکات تا هەڵوێست و ڕەفتارەکانیان بگۆڕن؟ چی شتێک خاوەن دەسەڵاتەکان بۆ هەنگاونان ڕازی دەکات؟ ئایا هیچ ڕێگەیەکی لە قاڵبدانی پەیامەکانمان هەیە تاوەکوو لە دژبەری بەدوور بین؟
بۆ نموونە، ڕەنگە دایک و باوکان گوێبیستی سوودەکانی بونیادنانی پەیوەندیی بن لەنێوان کۆمەڵگاکان بۆ داهاتووی منداڵەکانیان، هەروەها زانیارییە کردارییەکان کە دڵنیایان دەکاتەوە لەوەی منداڵەکانیان سەلامەت دەبن و لە تیمی تۆپی پێدا بە باشی چاودێریی دەکرێن.
ڕەنگە ئەنجوومەنی ناوخۆی نێوان ئایینەکان سەرسام بێت بە بیستنی ئەوەی چۆن ئێمە بەشداریی بە پێگەشتووەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکانەوە دەکەین بۆ سەرکردایەتی تیمی تۆپی پێ.
هەروەها ڕەنگە هانی سەرۆکایەتی خوێندنگە بدرێت گرنگی بە چۆنییەتیی بەکارهێنانی سیاسەتی دژ بە گاڵتەپێکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنگەکە بدات.

## بەربەست و مەترسییەکان




لە گەشتێکی درێژ و سەختدا، گەشتیارەکان ڕەنگە ڕووبەڕووی بەربەست و مەترسی و ئەو زیانانە ببنەوە کە پێویستە لێی بەدوور بن یان بەسەریاندا زاڵ بین تاوەکوو بگەنە شوێنی مەبەستیان.
هەموو پرۆسەکانی گۆڕانکاری، بەربەست و مەترسی لەخۆ دەگرن. ئەگەر ئێمە بیر لە پێش خۆمان بکەینەوە، تا دەکرێت ڕێگایەکی سەلامەت هەڵبژێرین و پلانمان هەبێت بۆ چۆنییەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕەوشە جیاوازانەی ڕەنگە سەر هەڵبدەن، ئەوا یارمەتیدەر دەبێت بۆمان.
کەواتە ڕەنگە ڕووبەڕووی چ بەربەست و مەترسییەک ببینەوە ئەگەر ئەو هەنگاوانە بگرینە بەر کە پێشبینیمان کردوون؟ ئایا هیچ کام لەو هەنگاوانە زۆر مەترسیدارن، یان ئایا هیچ ڕێگایەک هەیە مەترسییەکان کەم بکەینەوە؟
بۆ نموونە: لە هەندێک چوارچێوەدا، بەرەوپێشبردنی تیمی تۆپی پێی نێوان ئایینەکان لە وێستگەی ڕادیۆی ناوخۆ، ڕەنگە لە لایەن گرووپە دەمارگرژەکانەوە کە ڕەنگە پەرە بە دژبەریی بدەن، سەرنجی نەخوازراو ڕابکێشێت. هەروەها ڕەنگە بمانەوێت بە هێمنی دەست پێ بکەین و پاڵپشتییەک بۆ کۆمەڵگا بونیاد بنێین.

## دەرئەنجام




ئێمە ئێستا لە ڕێگەی پرۆسەی دروستکردنی نەخشەی کارەوە کارمان کردووە. بۆ گەشتی گۆڕانکارییمان ئەمانەمان دەستنیشان کردوون:

- خاڵی دەستپێکی ئێمە- کێشەکە
- شوێنی مەبەستمان- ئامانجەکە
- ئەو مرۆڤانەی لەسەر ڕێگا دەیانبینین- هاوڕێ، نەیار و ئەو کەسانەی دەمانەوێت بە جۆرێک کاریگەری بخەینە سەریان.
- ڕێگاکە- ئەو تاکتیکانەی بەکاریان دەهێنین و ئەو هەنگاوە بەرجەستانەی پێویستە بۆ بەرەوپێشچوون بیانگرینە بەر.

دەتوانرێت ئەم پرۆسەیە بۆ دروستکردنی نەخشەیەکی کاری سادە یان پڕوردەکاری بۆ هەر جۆرێکی تاکتیک بەکار بێت کە دەتەوێت بەکاری بهێنیت.

کەواتە ئێستا کاتی ئەوەیە خۆت تاقی بکەیتەوە- هەروەها نەخشەی کاری گەشتی گۆڕانکاری خۆت دروست بکەیت بۆ ئەو کێشەیەی دەتەوێت چارەسەری بکەیت!

# دانیشتنی ٩

## گەشتی گۆڕانکارییمان (بەردەوام دەبێت)

### پێداچوونەوەی دانیشتنەکە

پرۆسەی بەرەوپێشبردنی نەخشەی کار بە دانیشتنی ٨ دەست پێ دەکات و لە دانیشتنی ٩دا بەردەوام دەبێت. ئەمە کۆتا دانیشتنی کۆرسەکەیە و بە ڕاهێنانێکی هەڵسەنگاندن و ئاهەنگگێڕان کۆتایی پێ دەهێنرێت.

دانیشتنی ٨ و ٩ پێکەوەن- بە ئامانجێکی فێرکاریی هاوبەش و تاکە پرۆسەیەکی فێربوون. تکایە بڕوانە نەخشەی دانیشتنی (دانیشتنی ٨) بۆ ئامانجەکانی فێربوونی ئەم دانیشتنە.

### ناوەڕۆک و کاتی دانیشتنەکە

دانیشتنی ٩ بە دانیشتنێکی درێژتر نەخشەی بۆ کێشراوە، بە نزیکەی ٢ کاتژمێر و ٣٠ خولەکە. هەرچەندە درێژیی دانیشتنەکە و کاتی بەردەست بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی دانیشتنەکە بەندە لەسەر ژمارەی ئەو گرووپانەی پێویستە ڕاپۆرت بە گرووپە گشتییەکە بدەنەوە. ئەگەر تۆ لە سێ گرووپ زیاترت هەیە، ئەوا پێویستت بە دانیشتنێکی دوورودرێژتر دەبێت. ئەگەر کەمتر لە سێ گرووپت هەیە، ئەوا دەتوانیت کەمتر لە ٢ کاتژمێر و ٣٠ خولەک بەکار بێنیت.

٣٠ خولەکی کۆتایی ڕاهێنانێکی هەڵسەنگاندن و ئاهەنگگێڕانێک پێکدێنن.

| | |
|---|---|
| **ڕاهێنانی گرووپ: گەشتی گۆڕانکارییمان (بەردەوام دەبێت)**<br>بەشداربووان لە گەشەپێدانی ئەو نەخشەی کارە بەردەوام دەبن کە لە دانیشتنی ٨دا دەستیان پێ کردووە. | لانی کەم ٣٠ خولەک |
| **گفتوگۆی گشتی: گەشتی گۆڕانکارییمان- پێشکەشکردن و بۆچوون**<br>گرووپەکان نەخشەی کاری خۆیان پێشکەش دەکەن و گفتوگۆی دەکەن. | ١٠-٢٠ خولەک بۆ هەرگرووپێک |
| **وزەبەخش: پەیکەری پێشەنگەکان**<br>گرووپەکان جەستەی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ دروستکردنی پەیکەرێکی مرۆیی کە نەخشەی کارەکانیان پیشان بدات. | ٥ خولەک |
| **گفتوگۆی گشتیی: لێرەوە بەرەوکوێ دەچین؟**<br>بەشداربووان گفتوگۆی ئەو هەنگاوانە دەکەن کە دەیانەوێت پاش کۆرسەکە بە تایبەتی یان بە هەرەوەزی بیگرنە بەر. | لانی کەم ٢٥ خولەک |
| **ڕاهێنانی هەڵسەنگاندن: سەر، دڵ و دەستەکان**<br>بەشداربووان بیر دەکەنەوە لەوەی لە کۆرسەکە چی لەگەڵ خۆیان دەبەن. | ٢٠ خولەک |
| **ئاهەنگگێڕان**<br>ئاهەنگگێڕانی ئاگایی، هەڵوێستەکان، کارامەییەکان و ئەو پەیوەندییانەی لە ماوەی کۆرسەکەدا پەرەیان پێ دراوە. | ١٠ خولەک |
| **کۆی گشتیی کات** | **٢ کاتژمێر و ٣٠ خولەک** |

## ئامادە بە

بەگوێرەی ڕێنمایی لاپەرە ١٥ خۆت بۆ دانیشتنەکە ئامادە بکە، 'چۆن ئامادەکاری بۆ هەر دانیشتنێک بکرێت'. بیرت بێت- تۆ گرووپەکەت دەناسیت! پێشوازیت لێ دەکرێت بۆ گونجاندن و گۆڕینی هەر پێکهاتەیەکی دانیشتنەکە، بەگوێرەی پێویستییەکانی گرووپەکەت.

### بڕیار لە کاتی دانیشتنەکە بدە

بۆ ئەم دانیشتنە پێویستە بڕیار لە چوارچێوەیەکی کات بدەیت کە دەتەوێت بۆ کاری گرووپەکە و گفتوگۆی گشتی تەرخانی بکەیت. کاتی بەردەست بۆ ئەمانە بەندە لەسەر ئەوەی پێویستە چەند گرووپ نەخشەی کارەکانیان پێشکەش بکەن.

**دەتوانیت سەرچاوە هاوبەشەکان بۆ ئەم دانیشتنە لێرەدا بدۆزیتەوە.**

### سەرچاوەکان بۆ ئەم دانیشتنە

سەرباری سەرچاوە سەرەکیەکان بۆ هەر دانیشتنێک کە لە پەڕەی ١٦دا ڕیزبەند کراون، بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە پێویستت بەم سەرچاوانەی خوارەوە دەبێت بەگوێرەی نەخشەی دانیشتنەکە:

- پەڕەی پێشکەشکردنی 'گەشتی گۆڕانکارییمان' ی هەر گرووپێک لە دانیشتنی ٨.
- پەڕەی پێشکەشکردنی 'نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان' کە لە دانیشتنی ٥دا پەڕەی پێ دراوە.
- پەڕەی پێشکەشکردنی پێنج 'بیرۆکەی هەنگاونان' لە دانیشتنی ٦-٧.
- پۆستەری هەموو تاکتیکەکان.

### ەکب ەدامائ ەکەرووژ

دانیشتنەکە لە هەمان کاری پێکەوەیی ئەو گرووپە دەست پێ دەکات کە دانیشتنی ٨ی پێ کۆتایی هات. بە گوێرەی ئەوە کورسی و مێزەکان ڕێک بخە.
پەڕەی پێشکەشکردنی ڕاهێنانی 'گەشتی گۆڕانکارییمان' ی هەر گرووپێک لە دانیشتنی پێشوودا لەسەر مێزەکانیان دابنێ، پێکەوە لەگەڵ چەند پێنووسێک و دەفتەرێکی تێبینی.
پەڕەی پێشکەشکردنی 'نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ' و 'بیرۆکەی هەنگاوەکان' و پۆستەری تاکتیکەکان وەک سەرچاوە لەسەر دیوارەکان هەڵواسە.



'سەر، دەستەکان، دڵ'

# وردەکاریی نەخشەی دانیشتنەکە

**بیرت بێت:**

پێویستە بڕیار لە چوارچێوەی کات بۆ کاری گرووپەکەت بدەیت، لەگەڵ گفتوگۆی گشتی!

## ١. کاری گرووپ: گەشتی گۆڕانکارییمان (بەردەوام دەبێت) لانی کەم ٣٠ خولەک

ڕاهێنانی گرووپ

**سەرچاوەکان**

پەڕەی پێشکەشکردن 'گەشتی گۆڕانکارییمان' کە لە دانیشتنی پێشوودا لە لایەن گرووپەکەوە پەڕەی پێ دراوە، پێنووسی پێشکەشکردن و پێنووسی ئاسایی و دەفتەری تێبینی.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنیت**

بەخێرهاتنی هەمووان بۆ کۆتا دانیشتنی کۆرسەکە بکە. بە باسکردنی گرنگیی و ناوازەیی کارەکەیان، هانیان بدە.

بەشداربووان بانگێشت بکە تا بگەڕێنەوە سەر گرووپی نەخشەسازیی کارەکانیان لە دانیشتنی پێشوودا بۆ بەردەوامیی کارکردن لەسەر 'گەشتی گۆڕانکارییان'. هانی گرووپەکان بدە تا سەرنج بخەنە سەر تاکتیک و هەنگاوی کردارەکان ئەگەر پێشتر ئەمەیان ئەنجام نەداوە. بە گرووپەکان بڵێ چەند کاتیان هەیە.

## ٢. گفتوگۆی گشتی: گەشتی گۆڕانکارییمان - پێشکەشکردنەکان و بۆچوونەکان

١٥-٢٠ خولەک/گرووپ

گفتوگۆی گشتی

**پێشەکی**

ئەمە کۆتا قۆناغی ڕاهێنانی 'گەشتی گۆڕانکارییمان'ە، تیایدا گرووپەکان نەخشەی کارەکانیان پێشکەش دەکەن و بۆچوونەکان وەردەگرنەوە.

> تێبینی
>
> ئەگەر تۆ گرووپێکی زۆر بچووکت هەیە و هەمووان پێکەوە کاریان لەسەر تاکە نەخشەیەک کردووە، ئەوا قۆناغی پێشکەشکردنە تێپەڕێنە و گفتوگۆی کۆتایی ئەنجام بدە، ئەویش بە بەکارهێنانی ئەو پرسیارانەی لەژێر 'چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت' دا ڕیزبەند کراون.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنیت** ١ خولەک

ڕوونی بکەرەوە کە هەر گرووپێک ٥ خولەکی پێ دەدرێت بۆ پێشکەشکردنی 'گەشتی گۆڕانکارییان' بۆ گرووپی گشتی، پاشان گفتوگۆیەک لەسەر نەخشەی کارەکەیان دەکەن.

ڕوونی بکەرەوە کە ئامانجی ئەم گفتوگۆیە بۆ پاڵپشتی و هاندان و یارمەتی یەکترییە، هەروەها بۆ گەشەپێدانی بیرۆکەکانمان پێکەوە. ئەمە پێشبڕکێیەک نییە بۆ ئەوەی ببینین داخۆ کێ باشترین نەخشەی کاری هەیە- هیچ کام لە ئێمە کاتی نەبووە تاوەکوو پلانێکی تەواو و بێ کەموکوڕی هەبێت!

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت**

هەموو گرووپەکان بانگهێشت بکە تا سیمینارێکی (٥ خولەکی) پێشکەش بکەن و بۆچوون وەربگرن (لانی زۆر ١٥ خولەک).

ئەم پرسیارانەی خوارەوە بۆ سەرکردایەتیی گفتوگۆی بۆچوونەکان بەکار بهێنە:

- حەزت بە چ شتێک هەیە دەربارەی ئەم نەخشەی کارە؟
- ئایا هیچ پێشنیارێکت هەیە دەربارەی ئەوەی چۆن پلانەکە باشتر بکرێت؟ بۆ نموونە، کەسی زیاتر کە بتوانین کاریان لەگەڵ بکەین یان بەکارهێنانی هەر تاکتیکێکی تر.
- داخۆ هیچ لەو تاکتیک/کردارانە ناکاریگەر و ناڕاست یان زۆر مەترسیدار دەبن؟
- ئایا پێت وایە ئەو تاکتیک و نەخشانەی پلانیان بۆ دانراوە دەبنە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجەکان لە گۆڕانی هەڵوێست و ڕەفتار و یاساکان یان لە پێشکەوتن بەرەو ئەو ئامانجە؟

لە ڕێکخستنی کاتدا توند بە، دڵنیایی بدە لەوەی هەموو گرووپێک دەرفەتێکی دادپەروەرانەی بۆ پێشکەشکردن و وەرگرتنی بۆچوونەکان پێ دەدرێت.

**چۆن کۆتایی بە ڕاهێنانەکە بهێنرێت** ٢ خولەک

پیرۆزبایی لە بەشداربووان بکە بۆ کارە مەزنەکانیان و بەشدارییان. پێداگری لەمە بکە، پێ گوێدانە ئەوەی داخۆ مەبەستیانە نەخشەی کارەکانیان بەکار بهێنن یاخود نا، فێری زۆر کارامەیی نەخشەسازیی کار بوون کە دەتوانن لە هەموو جۆرەکانی پرۆسەی گۆڕانکارییدا کە تێیدا بەشدار دەبن، لە داهاتوودا بەکاری بێنن.

## ٣. وزەبەخش- پەیکەری پێشەنگەکان ٥ خولەک

رێنمایی! ئەگەر گرووپەکە لە کاتی ڕاهێنانەکەدا ماندوو دیاربوون، ئەم وزەبەخشە زووتر ئەنجام بدە- لەنێوان پێشکەشکردنی گرووپەکان.

### تسەبەم

بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وزە لە دانیشتنێکی چڕوپڕدا.

### چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت

ئەم ڕێنماییانە بە بەشداربووان بدە و ئەم پرۆسەیەی خوارەوە لە بەرچاو بگرە:

لە گرووپی نەخشەسازیی کارەکەتدا، پەیکەرێکی مرۆیی هەرەوەزیی بە جەستەی خۆت بۆ پیشاندانی نەخشەی کارەکەت دروست بکە. ٤ خولەکت هەیە، کاتێک کاتەکە تەواو بوو، چەپڵەیەک لێ دەدەم و دەبێت هەمووان لە شوێنی خۆیاندا بوەستن و نەجوڵێن. پاشان دەڕوانینە پەیکەری یەکتر و چەپڵەیەک لێ دەدەین!

## ٤. گفتوگۆی گشتی: لێرەوە بەرەو کوێ دەچین؟ لانی کەم ٢٥ خولەک

گفتوگۆی گشتی

### ەسانێیپ

ئەم گفتوگۆ گشتییە کۆتایی بە کۆرسەکە دەهێنێت. سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی داخۆ بەشداربووەکان دەیانەوێت چی بکەن بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ پاش کۆتاییهاتنی کۆرسەکە.

### چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت

ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

ئێمە پێکەوە دێینە کۆتایی کۆرسەکەمان. ئەم کۆرسە سەرنجی خستبووە سەر مافی مرۆڤ بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ.

ئێمە بیرمان لە ناسنامە و دەستکەوت و زیانەکانمان کردەوە. دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، ئازادیی ئایین یان باوەڕ و پێشێلکاریی مافەکان فێربووین. هەروەها دەربارەی چەندان تاکتیکی جیاواز فێربووین کە دەکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ بەکاربێن و دەربارەی دروستکردنی 'گەشتی گۆڕانکاریی- نەخشەی کاری خۆمان ڕاهێنانمان کرد.

کەواتە دەمانەوێت لێرەوە بەرەو کوێ بچین- وەک تاکێک یان بە گرووپ؟ چۆن دەمانەوێت لە بوون بە پێشەنگ بەرەو پێشەوە بڕۆین؟

### چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت

بانگهێشتی بەشداربووەکان بکە تاوەکوو بێ سنووردارکردنی کات بیر لەم پرسیارانەی خوارەوە بکەنەوە و گفتوگۆ بکەن.

- ئایا هیچ شتێک هەیە کە بمانەوێت وەک تاکێک لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئەنجامی بدەین لەسەر بنەمای ئەوەی فێری بووین؟
- ئایا ئێمە وەک گرووپێک دەمانەوێت بەردەوام بین لە کارکردن لەسەر هەر نەخشەیەکی کار و بیرۆکەکان، وە جێبەجێکردنیان بەیەکەوە؟ کام نەخشە/بیرۆکانە؟ کێ ئارەزوو دەکات سەرکردایەتی بکات؟ ئەگەر وابێت، هەنگاوی داهاتوومان چی دەبێت؟
- ئایا دەتوانین هیچ بیرۆکەیەکی کار لەڕێی کەناڵەکانی ترەوە بەرەو پێشەوە ببەین کە ڕاستەوخۆ تێیدا بەشدارین- وەک کۆمەڵگا باوەڕمەندەکان، شوێنی کار یان گرووپی ژنان؟
- ئایا هیچ ڕێکخرا و گرووپێک هەیە کە ئێمە تێیدا بەشدار نین، بەڵام دەتوانین لەگەڵیان بدوێین و هانیان بدەین تا هەنگاو بنێن؟ کێ وە چی؟

گفتوگۆی هەر پرسیارێک تۆمار بکە بە نووسینی تێبینی لەسەر پەڕەکانی پێشکەشکردن، بەم شێوەی خوارەوە سەردێڕ کرابن:

- ئەو شتانەی دەمەوێت ئەنجامیان بدەم.
- ئەو شتانەی دەمانەوێت لەم گرووپەدا ئەنجامیان بدەین.
- ئەو شتانەی دەمانەوێت وەک بەشێک لە گرووپ و ڕێکخراوەکانی تر ئەنجامی بدەین.
- ئەو شتانەی دەمانەوێت کەسانی تر هان بدەین تا ئەنجامی بدەن.

نیگەران مەبە ئەگەر هەندێک یەکتربڕ لەنێوان پەڕەکانی پێشکەشکردن هەبن- مەبەستەکە ڕیزبەندکردنی شتەکان بەپێی پۆلێنەکان نییە، بەڵکوو بیرکردنەوەیە لە ڕێگا جیاوازەکان کە دەتوانین لە هەنگاوی داهاتوو بیگرینە بەر.

لەم گفتوگۆیەدا، ئاماژە بدە بەوەی لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن کە گۆڕانکاری زۆر بە ئاسانی لە لایەن تۆڕە فراوانەکانی تاک و گرووپ و ڕێکخراوەکانەوە بەدەست دێت کە بۆ هەمان ئامانج هەوڵ دەدەن، هەروەها هەوڵی جیاواز و تەواوکەر، بە هەماهەنگیی یەکتر، دەگرنە بەر.

## ٥. ڕاهێنانی هەڵسەنگاندن: سەر، دڵ و دەستەکان ٢٠ خولەک

ڕاهێنانی تاکەکەسی

ئەم ڕاهێنانی هەڵسەنگاندنە سادەیە یارمەتی بەشداربووان دەدات بۆ بیرکردنەوە لەوەی ئەوان لەم کۆرسەدا چی لەگەڵ خۆیان دەبەن.

**سەرچاوەکان**

- چاپکراوی بڵاونامەی 'سەر، دڵ و دەستەکان' بۆ هەر بەشداربوویەک.
- پێنووسێک بۆ هەر بەشداربوویەک.

**چۆن ڕاهێنانەکە بناسێنرێت** ٢ خولەک

بڵاونامەیەک بە هەر بەشداربوویەک بدە.

ڕوونی بکەرەوە کە ئەوان ڕاهێنانی هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدەن، بۆ بیرکردنەوە لەوەی بە تایبەتی لەم کۆرسەوە، دەکرێ چی لەگەڵ خۆیان بۆ ماڵەکانیان ببەنەوە. ڕوون بە لەبارەی ئەوەی داخۆ لاپەڕەکان کۆ دەکرێنەوە بۆ یارمەتی ئەوان تا هەڵسەنگاندن بۆ کۆرسەکە بکەن یان ئەوەی داخۆ ئەوان دەتوانن لاپەڕەکان وەک بیرخستنەوەیەک بۆ ماڵەوە ببەنەوە. کاتێک لاپەڕەکان کۆ دەکەیتەوە،گرنگە لەو کەسانە دوور بکەویتەوە کە بیرکردنەوەی تایبەتی دەنووسن!

**چۆن ڕاهێنانەکە ئەنجام بدرێت** ١٨ خولەک

داوا لە بەشداربووان بکە بە بێدەنگی بیر لەمانەی خوارەوە بکەنەوە:

- بیر بکەرەوە داخۆ لە ڕووی ئاگایی و بیرۆکەوە چیت بەدەست هێناوە. بیرکردنەوەکانت لە بەشی سەردا بنووسە.
- بیر بکەرەوە داخۆ درکت بە چ هەست و شتێکی نوێ دەربارەی خۆت یان ڕەفتارە تازەکانت کردووە، ئەمە لە بەشی دڵدا بنووسە.
- بیر بکەرەوە داخۆ چ بیرۆکەیەکت هەیە بۆ هەنگاونان یان ئەنجامدانی شتێکی جیاواز. ئەمە لە بەشی دەستدا بنووسە.
- هەوڵ بدە تا دەکرێت تایبەتمەند بێت. ٨ خولەکیان بۆ ئەنجامدانی ئەمە پێ بدە.

بەگوێرەی قەبارەی گرووپەکەت، یان بە دەوری بازنەکەدا بسوڕێوە و داوا لە هەریەکەیان بکە بۆ باسکردنی شتێک، یان داوا لە بەشداربووەکان بکە تا ببنە تیمی دووکەسی و بیر بکەنەوە و باسی بکەن. (١٠ خولەک)

(وەشانی جێگرەوە: لەسەر سێ پەڕەی پێشکەشکردنی جیاواز، وێنەی سەر، دڵ و دەستەکان بکێشە. داوا لە بەشداربووەکان بکە وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوە بدەنەوە بە دەفتەری تێبینی و بە پەڕەی پێشکەشکردنەکەیەوە بنووسێن. گفتوگۆی ئەنجامەکان لە گرووپی گشتیدا بکە.)

## ٦. ئاهەنگگێڕان! ١٠ خولەک

لە ماوەی کۆرسەکەدا، بەشداربووان باشتر یەکتریان ناسیوە و کات و وزەی خۆیان بە پرۆسەکە داوە. ئێستا کاتییەتی بڵێیت سوپاس و ئاهەنگی بیرۆکە و تێڕوانین و کارامەیی و پەیوەندییە نوێیەکان بگێڕیت کە لەماوەی کۆرسەکەدا گەشەیان پێ داوە!

نەخشەی ئاهەنگێکی کورت دابڕێژە بۆ وتنی ئافەرین و سوپاسکردنیان. ڕەنگە ئارەزوو بکەیت گۆرانییەک بڵێیت، چەند وشەیەک، نزایەک یان خواردنی سووکە ژەمێک یان سەماکردن.

ئەگەر خوازیاریت ئەوا بڕوانامە بەردەستە تاوەکوو چاپی بکەیت و پێشکەشی بەشداربووەکانی بکەیت.



'پێشەنگە ناوخۆییەکان'

'بوون بە پێشەنگ گەشتێکە پێویستە هەمووان دەستی پێ بکەن'
**بەشداربوو، نایجیریا**

# بەشی پ

## بابەتەکانی سەرچاوە

# بەشدارییە سەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤ پەیوەند بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ

## جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، مادەی ١٨

هەمووان مافی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان و ئایینیان هەیە؛ ئەم مافە ئازادیی گۆڕینی ئایین یان باوەڕ و ئازادیی دەگرێتەوە، جا ئەمە بەیەکەوە یان لە کۆمەڵگایەکدا لەگەڵ ئەوانی تر بە شێوەیەکی ئاشکرا یان نهێنی، بە مەبەستی دەرخستنی ئایین یان باوەڕەکەی لە فێرکاری، ڕاهێنان، پەرستن و پابەندی.

## پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەمەڕ مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادەی ١٨

١. پێویستە هەمووان مافی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان و ئایینیان هەبێت. پێویستە ئەم مافە ئازادی هەبوون یان هەڵبژاردنی ئایینێک یان باوەڕێک بگرێتەوە، هەروەها ئازادی، جا بە شێوەیەکی تاکەکەسی بێت یان لە کۆمەڵگایەکدا لەگەڵ ئەوانی تر، بە ئاشکرا یان نهێنی، بە مەبەستی دەرخستنی ئایین یان باوەڕەکەی لە فێرکاری، ڕاهێنان، پەرستن و پابەندی.

٢. نابێت هیچ کەسێک ڕووبەڕووی زەبروزەنگ ببێتەوە کە زیان بە ئازادییەکەی بۆ هەبوون و هەڵبژاردنی ئایین یان باوەڕەکەی بگەیەنێت.

٣. ڕەنگە ئازادیی دەرخستنی ئایین یان بیروباوەڕی کەسێک تەنیا ببێتە هۆی ئەو سنووربەندییانەی کە یاسا دیاریی کردووە و بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی و ڕێکخستن و تەندروستی و ئاکار یان مافە بنەڕەتییەکان و ئازادییەکانی ئەوانی تر پێویستن.

٤. دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیەی لە بەردەستدا، بەڵێن دەدەن ڕێز لە ئازادیی دایک و باوکان بگرن، هەروەها سەرپەرشتیاری یاسایی بۆ دڵنیایی لە پەروەردەی ئایینی و ئاکاریی منداڵەکانیان لە کوێدا پێویست بوو ڕێنوێنییان بکات، ئەمەش بەگوێرەی باوەڕی خۆیان.

## پەیماننامەی مافەکانی منداڵ، مادەی ١٤

١. پێویستە دەوڵەتانی ئەندام ڕێزی مافی منداڵان بۆ ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان و ئایین بگرن.

٢. پێویستە دەوڵەتانی ئەندام ڕێز لە ماف و ئەرکی دایک و باوکان بگرن، هەروەها لە کوێدا پێویست بوو، سەرپەرشتیاری یاسایی دەستەبەر بکەن بۆ ڕێنوێنیی منداڵان بۆ کارپێکردنی مافی خۆیان بە شێوەیەک لەگەڵ توانا پەرەسەندووەکانی منداڵدا گونجاو بێت.

٣. ڕەنگە ئازادی دەرخستنی ئایین یان بیروباوەڕی کەسێک تەنیا ببێتە هۆی ئەو سنووربەندیيانەی کە یاسا دیاریی کردووە و بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی و ڕێکخستن و تەندروستی و ئاکار یان مافە بنەڕەتییەکان و ئازادییەکانی ئەوانی تر پێویستن.

تێبینی

جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ڕووی یاساییەوە پابەندیيە نێودەوڵەتییەکان پێکەوە دەبەستێت، لە کاتێکدا، پەیماننامە و ڕێککەوتننامەکان بە شێوەیەکی یاسایی پابەندییەکان بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی پێکەوە دەبەستن. جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ئەوەندە بە شێوەیەکی بەرفراوان پەسەند کراوە کە ئێستا وەک یاسایەکی نێودەوڵەتی نەریتی ڕەچاو دەکرێت.

## هەروەها بڕوانە

لێدوانی گشتیی ژمارە ٢٢ی کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ کە ڕێنوێنی شارەزایان لەمەڕ لێکدانەوەی مادەی ١٨ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنیی و سیاسییەکان دەستەبەر دەکات.
https://www.equalrightstrust.org/ertdocumentbank/general%20comment%2022.pdf

جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەمەڕ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی دەمارگرژی و جیاکاری لەسەر بنەمای ئایین یان باوەڕ.
https://www.ohchr.org/ar/instruments-mechanisms/instruments/declaration-elimination-all-forms-intolerance-and-discrimination

پلانی کارکردنی ڕەبەت لەمەڕ قەدەغەی داکۆکیی ڕق و کینەی نەتەوەیی، نەژادی یان ئایینیی کە هانی جیاکاری و دوژمنداری و توندوتیژی دەدات.
https://www.ohchr.org/ar/freedom-of-expression

دەتوانن لەم بەستەرەی خوارەوەدا پوختەی پێودانگەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیی پەیوەند بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ نووسینگەی کۆمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ بدۆزنەوە:
https://www.ohchr.org/EN/Issues/FreedomReligion/Pages/Standards.aspx

دەتوانن زانیاریی لەمەڕکاری ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەمەڕ ئازادیی ئایین یان باوەڕ لێرەدا بدۆزنەوە:
https://www.ohchr.org/ar/special-procedures/sr-religion-or-belief

## زیاتر فێر بە

فیلمەکان

بڕوانە ٨ کورتە فیلمی سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ سەبارەت بەوەی داخۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ چی دەگرێتەوە و لە چ کاتێکدا سنووردار دەکرێت.
https://www.forb-learning.org/ar/films-on-forb/

# زانیاریی دەربارەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە وڵاتەکەتدا بدۆزەرەوە

## ئامۆژگاریی گشتی سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرچاوەی زانیارییەکان

ئامۆژگاریی دەکرێت بۆ خوێندنەوە دەربارەی ڕەوشی ئازادیی ئایین یان باوەڕ و بۆ مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی فراوانتر لە وڵاتەکەتدا، پێش ئەوەی کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان بڵێیتەوە. ئەمە یارمەتیت دەدات بۆ دڵنیایی لەوەی پرسە یاساییەکانی ئاستی نیشتیمانی و ئەزموونی کۆمەڵێک گرووپ لە وڵاتەکەتدا لەگەڵ فێربوون و گفتوگۆدا یەک دەخرێن.

هەوڵ بدە سەرچاوەی نیشتیمانی زانیاریی بدۆزیتەوە، بۆ نموونە، لە ڕێکخراوە ناحکومییە سەربەخۆکان و تەواوکاریی ئەمە بە زانیاریی لە سەرچاوە نێودەوڵەتییە باوەڕپێکراوەکان.

کاتێک بەدوای زانیارییدا دەگەڕێیت، بیرت بێت کە مەحاڵە لە ڕەوشی گرووپێک بەبێ تێگەیشتن لە چوارچێوە بەرفراوانترەکەیان تێبگەیت، لەوانەش چۆنییەتیی کاریگەربوونی گرووپە باوەڕمەندەکانی تر. هیچ وڵاتێک نییە کە تەنیا مافی یەک گرووپ پێشێل بکات. لە هەموو پەراوەکاندا، چەندان گرووپ کاریگەر دەبن، بە شێوازی جیاواز و ئاستی جیاواز. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەو سەرچاوە متمانەپێکراوانە پشتگوێ بخەیت کە سەرنج دەخەنە سەر یەک گرووپ- بەڵام پێویستە زیاتر لە یەک سەرچاوە دەربارەی زیاتر لە گرووپێک بخوێنیتەوە.

**بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە!**

کاتێک زانیارییەکان دەخوێنیتەوە، ئاگاداری مەترسیی پڕوپاگەندە و لایەنگری بن.

هەندێک لە حکومەتەکان ڕێگری لە چاودێریی و ڕاپۆرتدانی مافەکانی مرۆڤ دەکەن، بە بەکارهێنانی زانیاریی ناڕاست، هەڕەشە و زەبروزەنگ. بۆیە ڕەنگە زانیاری لە لایەن حکومەتە ناوخۆییەکانەوە سەبارەت بە ڕەوشی وڵاتەکەی خۆیان متمانەپێکراو نەبێت.

هەندێک جار ئەو زانیارییانەی لە لایەن حکومەتە بیانییەکانەوە یان ئەندامە ئایینی و کۆمەڵگا مەدەنییەکانەوە دەستەبەر دەکرێن، دەکرێ لایەنگرانە و فریودەر بن. هەندێک جار لایەنگریی نێودەوڵەتیی بەمەبەست هەیە. هەندێک جار لایەنگریی سیاسیی بەمەبەست هەیە. زۆربەی کات کاریگەریی فریودەری تەواوەتیی ڕەوشێک، دەرئەنجامێکی بێمەبەستە بۆ سەرنج خستنەسەر دەستەیەک بە تەنیا. سەرچاوەی جۆراوجۆر بەکار بێنە. ڕاستییەکانت بپشکنە و ڕەخنەگرانە بیر بکەرەوە!

## سەرچاوەی زانیاریی نێودەوڵەتیی

لێرەدا چەند سەرچاوەیەکی بەنرخی زانیاریی خراونەتە ڕوو. بۆ دۆزینەوەی بەشەکانی پەیوەست بە وڵاتەکەوە، بە ناویاندا بگەڕێ. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا- ڕاپۆرتی ساڵانە لەمەڕ دۆخی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بە نزیکەیی لە هەموو وڵاتانی جیهان

www.state.gov/international-religious-freedom-reports

کۆمسیۆنی ئەمریکا لەمەڕ ئازادیی ئایینی نێودەوڵەتیی- ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر ئازادیی ئایین یان باوەڕ لەو وڵاتانەی کە پێشێلکاریی گەورەی مافەکانیان هەیە.

www.uscirf.gov/annual-reports

ناوەندی توێژینەوەی پیو- زانیاری لەسەر سنووربەندییەکانی حکومەت و دوژمنداریی کۆمەڵایەتیی پەیوەند بە ئایین لە سەرانسەری جیهاندا.

https://minorityrights.org/directory

گرووپی نێودەوڵەتیی مافی کەمینەکان- بەڕێوبەرایەتیی زانیاریی وڵات لەبارەی کەمینەکان و کۆمەڵگا ڕەسەنەکان.

https://www.ohchr.org/ar/special-procedures/sr-religion-or-belief

ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەمەڕ ئازادیی ئایین یان باوەڕ- ڕاپۆرتی سەردانی بابەتی و وڵات.

https://www.pewresearch.org/topic/religion/religious-freedom-restrictions/

دیداری ١٨- چاودێری و شیکاریی پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ئاسیای ناوەڕاست، باشووری قەفقاز، ڕووسیا، بیلاڕووس، کریمیا و تورکیا.
www.forum18.org

ڕاپۆرتی تاوانی ڕق و کینە، لەوانەش،؛ ئەوانەی لەسەر بنەمای ناسنامەی ئایینی لە ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری لە ئەورووپا  لە ناوچەکانی (ئەورووپا، قەفقاز، ئاسیای ناوەڕاست. باکووری ئەمریکا) دامەزراون.
OSCE - ODIHR | Hate Crime Reporting

## تەبیات ییڕەواب یپوورگ رەس ەنەخەد جنرەس یەناترۆپاڕ وەئ دژە جووگەرایی لە سەرتاسەری جیهاندا- ڕاپۆرتی ساڵانەی ناوەندی کانتۆر.

https://cst.tau.ac.il/annual-reports-on-worldwide-antisemitism/

بەرەنگاربوونەوەی فۆبیای ئیسلامی/ڕق و کینەی دژە موسوڵمان بۆ نەهێشتنی جیاکاری و دەمارگرژی لەسەر بنەمای ئایین یان باوەڕ: ڕاپۆرتی ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر ئازادیی ئایین یان باوەڕ، ٢٠٢١
https://ihs.smc.global/wp-content/uploads/documents/UN-SR-Rapport-Iislamophibie.pdf

ڕاپۆرتی ئازادیی بیرکردنەوە- ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی مرۆڤدۆستی نێودەوڵەتی.
https://fot.humanists.international/

ئەشکەنجەی سەر ئەحمەدییەکان لە سەرانسەری جیهاندا- ڕاپۆرتێک بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان لە کۆمیتەی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤەوە، ڕێکخراوێکی ناحکومییە کار بۆ مافەکانی ئەحمەدییەکان دەکات.
httpS://hrcommittee.org/wp-content/uploads/2021/06/Persecution-of-Ahmadis-worldwide.pdf

ئەشکەنجەی جیهانیی لەسەر گەواهیدەرانی یەهۆڤا-  ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ئەمریکا لەمەڕ ئازادیی ئایینی نێودەوڵەتیی .
https://www.uscirf.gov/publication/issue-update-global-persecution-jehovahs-witnesses

ڕیزبەندی چاودێریی جیهان- ڕاپۆرتی ساڵانە لەمەڕ ئەشکەنجەی مەسیحییەکان لە دەرگا کراوەکانەوە.
https://www.opendoorsuk.org/persecution/world-watch-list/

## یکەیەوێش ەب ڤۆرم یناکەفام و یسارکومید رەسەل ناکەواچرەس ییدازائ ،شەناوەل ،ناوارفرەب

### ئایین یان باوەڕ بە ئاستی جیاواز

پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ دیموکراسی و هاوکاریی هەڵبژاردنی نێودەوڵەتیی، چاودێریی دیموکراسیی دەوڵەت دەکات، لەوانەش ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە هەموو وڵاتەکانی جیهاندا. لەسەر نەخشەکە کلیک لەسەر وڵاتەکەت بکە و پێرستی دەستەچەپ بۆ گەڕان بە دوای داتاکاندا بەکار بهێنە.
https://www.idea.int/democracytracker

هاوپەیمانی سیڤیکس بەدواداچوون لەسەر 'پانتایی' بۆ هەنگاوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات، لەوانەش ئازادییەکانی دەربڕین، کۆبوونەوە و هاوبەشی- کە هەموویان پەیوەندن بە ئازادیی ئایین یان باوەڕەوە.
https://monitor.civicus.org/

ماڵی ئازادیی- هەڵسەنگاندن و ڕاپۆرتدان لەسەر دەستگەیشتنی مرۆڤەکان بە مافە یاساییەکان و ئازادییە مەدەنییەکان لە ٢١٠ وڵات و ناوچەدا. کلیک لەسەر وڵاتەکەت بکە بۆ دۆزینەوەی زانیارییەکان.
https://freedomhouse.org/explore-the-map

چاودێریی مافەکانی مرۆڤ ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە زیاتر لە ١٠٠ وڵاتدا بەرهەم دەهێنێت. (بۆ نوێترین ڕاپۆرت، ساڵی ٢٠٢١ لە بەستەرەکەی خوارەوەدا لەگەڵ ساڵی ئێستادا بگۆڕەوە.)
https://www.hrw.org/previous-world-reports

پرۆفایلی وڵاتانی لێخۆشبوونی گشتی نێودەوڵەتی، ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ چەند ئاستێک دەگرێتەوە.
https://www.amnesty.org/ar/countries/

سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ
www.forb-learning.org

FORB Learning Platform

# بەردەوام بە لە فێربوون: سەرچاوە و کۆرسی ئۆنلاینی زیاتر

## دەربارەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ فێر بە

ئەندامانی سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ و تۆڕی کڵێسای باکووری ئەورووپا لەمەڕ ئازادیی ئایین یان باوەڕ، کۆمەڵێك سەرچاوە و کۆرس بۆ یارمەتیدانی تۆ سەبارەت بە فێربوونێکی قووڵتر پێشکەش دەکەن.
https://www.forb-learning.org

**سەرچاوەکان ئەمانەن:**

- کۆمەڵێک فیلم کە ئازادیی ئایین یان باوەڕ، دەستگەیشتن بە دادپەروەری، خوێندەواریی ئایینی و ئامرازەکانی شیکاریی دەق دەناسێنن.
- کۆرسێکی ئۆنلاین و داواکراو، لەمەڕ ئازادیی ئایین یان باوەڕ.
- کۆرسێکی ئۆنلاین و لەسەر داواکاریی لەمەڕ ئازادیی ئایین یان باوەڕ و جێندەر.
- کۆرسێکی ئۆنلاین، لەسەر داواکاری، لەمەڕ گرفتەکانی گوتاری ڕقاوی.
- ڕاپۆرت لەسەر پرسە بابەتییەکانی وەک ئازادیی ئایین یان باوەڕ و جێندەر، وە ئازادیی ئایین یان باوەڕ و بچووکبوونەوەی پانتایی مەدەنیی.

## برەو بە کارامەییەکانی ڕاهێنەری ئازادیی ئایین یان باوەڕ بدە

سەرباری کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان، سەکۆی فێربوونی ئازادیی ئایین یان باوەڕ ئەمانەش پێشکەش دەکات:

- ئامرازی ڕاهێنەرانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ- ئامرازی ڕاهێنانەکان بۆ بەکارهێنان لە لایەن هەرکەسێکەوە کە لە دەستەبەرکردنی پەروەردەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بەشدارە. (لە بەهاری ٢٠٢٣ بڵاو دەکرێتەوە).
- کۆرسێکی ئۆنلاین ١٠ هەفتەیی بۆ ڕاهێنەران/ڕاهێنەرانی، ئازادیی ئایین یان باوەڕ، کە پێویستی بە نزیکەی ٦ کاتژمێر کارکردن لە هەفتەیەکدا هەیە، (شوێنەکان سنووردارن).
- دەرفەتەکانی پەیوەندی- بەشداریی تۆڕی پەیوەندیی – ڕاهێنەران و ڕاهێنەرانی ئازادیی ئایین یان باوەڕی ئێمە بکە بۆ دەستکەوتنی نوێترین زانیاری دەربارەی سەرچاوە و کۆرسە نوێیەکان بۆ بەشداریکردن لە بۆنەکانی تۆڕەکانی پەیوەندی.

## زیاتر دەربارەی تاکتیکەکان و چۆنییەتی بەکارهێنانیان فێر ببە

لێرەدا دەتوانیت بەستەری دیاریکردنی بابەتی فێرکاری بێبەرانبەر و کۆرسی ئۆنلاین لە دابینکەرانی ترەوە بدۆزیتەوە.

**تاکتیکە خێراکان: ڕێگریی، وەستاندن، داواکردنی یارمەتی و ئاگادارکردنەوە**
تاکتیکە خێراکان بۆ چارەسەری هەڕەشەی دەستبەجێی مافەکانی مرۆڤ بەکاردێن. ڕەنگە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە یارمەتیت بدەن بۆ بەکارهێنانی ئەو تاکتیکانە.

**کۆرسە ئۆنلاینەکان**

تێگەیشتن و ڕووبەڕووبوونەوەی وتاری کیناوی ئۆنلاین
کۆرسێک لەسەر داواکاری لە FacingFacts، کە دەستپێشخەرێکی پەروەردەییە، ئامانجی چارەسەریی تاوانی کیناوی و وتاریی کیناوییە لە ئەورووپا.
زۆربەی فێربوونەکان بۆ ئاستێکی بەرفراوانی چوارچێوەکان دەگونجێت. هەروەها بڕوانە ئەو کۆرسانەی تری وا پێشکەش کراون، بۆ نموونە 'تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی تاوانی کیناوی دژ بە جوولەکەکان.'

پاڵپشتی پرۆسەی ئاشتی و ڕێگریکردن لە توندوتیژیی دەنگدان
کۆرسی ئۆنلاین لە پەیمانگای ئاشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان.

### سەرچاوەکان

هەراسانکردنی سەر شەقام
هەراسانکردنی سەرشەقام کاریگەری لە هەموو ژنان دەکات. ڕەنگە ژنانی کەمینە بە تایبەتی ڕووبەڕووی هەراسانکردنی هاندراوی کیناوی یان هەراسانکردنی زایەندی ببنەوە. لێرەدا بیرۆکە و ستراتیژییەکان بۆ وەڵامدانەوە وەک قوربانییەک یان تەماشاکارێک بدۆزەرەوە.

**تاکتیکەکانی گۆڕانکاری: هەڵمەتەکان، داکۆکیی، هاندان و بەرەنگاریی**
داکۆکیی و هەڵمەتەکان تاکتیکی سەرەکیی ئەنجامدانی گۆڕانکارین. ڕێنمایی لەمەڕ بەکارهێنانی ئەو تاکتیکانە لەڕێی ئەم سەرچاوە و کۆرسانەی خوارەوە بدۆزەرەوە.

### کۆرسە ئۆنلاینەکان

بنەڕەتییەکانی داکۆکییکردن
کۆرسی ئۆنلاین لەسەر داواکاریی لە لایەن Tearfund دەستەبەر دەکرێت. لەم بەستەرەی خوارەوەدا پرۆفایل دروست بکە و 'بنەڕەتییەکانی داکۆکییکردن' لە کەتەلۆگی کۆرسەکەدا بدۆزەرەوە.

ئەکادیمیای داکۆکیی ئاکت
کۆرسی ئۆنلاین لەسەر داواکاریی لە لایەن هاوپەیمانی ACT دەستەبەر دەکرێت. لە Fabo. org پرۆفایل دروست بکە بۆ دەستگەیشتن بە کۆرسەکە.

کردەوەی ناتوندوتیژیی و بەرەنگاربوونەوەی مەدەنی
کۆرسی ئۆنلاین لە پەیمانگای ئاشتی ئەمریکا.

### سەرچاوەکان

ئامرازەکانی داکۆکیی- ببە بەو گۆڕانەی دەتەوێت ببینیت
لە لایەن سەکۆی ئەفریقا بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتیی و دامەزراوەی وڵاتانی هاوبەرژەوەندیی بەرهەم هێنراوە.

ئامرازی داکۆکیی- ڕێنمایی بنەڕەتەکان
لە لایەن Tearfund. بەرهەم هێنراوە

داکۆکیی: ڕێنوێنی بۆ ڕێکخراوە بچووک و ڕەوەندییەکان
لە لایەن INTRAC. ەوە بەرهەم هێنراوە

GAME ON- ڕێنوێنییەکی کرداریی بۆ هەڵمەت
لە لایەن ویگوام و فینێپ بەرهەم هێنراوە.

**تاکتیکەکانی بونیادنان: هۆشیاریی، بەشداریی، کارامەیی و پەیوەندی و تۆڕەکان**

تاکتیکەکانی بونیادنان بۆ دروستکردنی بناغەیەکی دوورودرێژی گۆڕانکاریی بەکاردێن، لە شێوەی هۆشیاریی گشتی و تۆڕی پەیوەندیی ئەو کەسانەی بەشدارن و بەو کارامەییانە هێزیان پێ دەدرێت کە بۆ بەکارهێنانی هەموو جۆرێکی تاکتیکەکان پێویستن.

### کۆرسە ئۆنلاینەکان

بەکارهێنانی پۆدکاست، ڤیدیۆ و مانەوە بە سەلامەتی لە ڕێگەی ئۆنلاین

سەردانی ماڵپەڕی ئەنجوومەنی داکۆکیی بکە بۆ دۆزینەوەی کۆمەڵێک کۆرسی ئۆنلاین بێبەرانبەری کورت بۆ یارمەتیدانت تاگەشە بە چەند کارامەییەکی کرداریی بدەیت.

گفتوگۆی نێوان ئایینەکان

ناوەندی نێودەوڵەتی شا عەبدوڵڵا بن عەبدولعەزیز بۆ گفتوگۆی نێوان کولتوورەکان، کۆمەڵێک کۆرسی ئۆنلاین ڕێچکەناسیی بۆ گفتوگۆی نێوان ئایینەکان دەستەبەر دەکات.

بونیادنانی ئاشتی و زیاتر

چەند کۆرسێکی ئۆنلاین لە لایەن پەیمانگای ئاشتی ئەمریکاوە بەڕێوە دەبرێن

https://www.usip.org/academy/catalog/introduction-religion-and-peacebuilding

www.usip.org/academy/catalog/religious-engagement-peacebuilding-common-ground-approach

لەوەدا بژی کە باوەڕت پێیەتی

وۆرکشۆپێک بۆ ئەو سەرکردە و کەسایەتییە کاریگەرانەی دەیانەوێت فێری چۆنییەتی بەرەوپێشبردنی گشتگیریی و هەمەچەشنی و ئازادی باوەڕ لە شوێنی کارەکانیان و کۆمەڵگاکانیان ببن.

### سەرچاوەکان

ئامرازەکانی هەفتە هاوبەشەکانی نێوان ئایینەکان

ڕێنوێنییەکی کرداریی بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکانی نێوان ئایینەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵگە، لە لایەن تۆڕی پەیوەندیی نێوان ئایینەکان بۆ بەریتانیا بڵاوکراوەتەوە.

ئامرازەکانی باوەڕ بۆ مافەکان

ڕیزبەندێکی پەروەردەی مافەکانی مرۆڤ کە لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئایینەکان، باوەڕەکان و ئەو مافانەی مرۆڤ دەکات کە بە ١٨ پابەندبوونەکەی باوەڕ بۆ چوارچێوەی مافەکان بەستراوەتەوە.

ئامرازی ئۆنلاین سەبارەت بە وتاری کیناوی بۆ مامۆستا و کرێکارە گەنجەکان

ئامرازی ئۆنلاین سێلما، سەرچاوەی تایبەتمەند بۆ مامۆستایان و ئەوانەی وا لەگەڵ منداڵان و گەنجاندا لەسەر پرسی وتاری کیناوی ئۆنلاین کاردەکەن، دەستەبەر دەکات.

کۆرسی ئۆنلاین بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر بەرەوپێشبردنی فرەیی

کۆرسێکی تێکەڵاوی ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ بەرەوپێشبردنی فرەیی و کۆمەڵگا گشتگیرەکان لە پۆلدا. لە لایەن هاردویرد گلۆباڵ بە ئینگلیزی و عەرەبی دەستەبەر کراوە.

سەرچاوەکانی یەزدانناسی لە ئایینەکانەوە بۆ ئاشتی

باوەڕی جوولەکە ئیبراهیمییەکان، مەسیحی و ئیسلامییەکان بۆ پاڵپشتیی هاوڵاتیبوون؛ ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان و ئایین یان باوەڕ؛ هەروەها پاراستنی ئەو کۆمەڵگایانەی لە مەترسیدان.

## تاکتیکەکانی چاکبوونەوە: بەڵگەنامەکردن، یادکردنەوە، داواکردنی دادپەروەریی و قەرەبوو، دابینکردنی پاڵپشتی ماددی و دەروونی و کۆمەڵایەتیی

تاکتیکەکانی چاکبوونەوە بۆ چاودێریی و گەڕان بەدوای دادپەروەریی بۆ ئەو مرۆڤ و کۆمەڵگانەی بە پێشێلکارییەکان کاریگەر بوون، بەکاردێن.

**سەرچاوە ئۆنلاینەکان**

بەڵگەنامەکردنی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ

سەردانی ماڵپەڕی ئەنجوومەنی داکۆکیی بکە بۆ دۆزینەوەی کۆمەڵێک کۆرسی بێبەرانبەری کورت تاوەکوو لە گەشەسەندنی کارامەییەکانی بەڵگەنامەسازیی یارمەتیت بدەن. کۆرسەکان ئەمانە دەگرنەوە:

- بەڵگەنامەکردن و ڕاپۆرتکردنی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بە بەکارهێنانی شایەتییدان.
- گرتن و هەڵگرتن و بڵاوکردنەوەی بەڵگەی ڤیدیۆیی.

پاڵپشتی دەروونی لەسەر بنەمای کۆمەڵگا

کۆرسێکی سێ نموونەی ئۆنلاین لەسەر داواکاریی پاڵپشتی دەروون کۆمەڵایەتیی لەسەر بنەمای کۆمەڵگا هاوکارت دەبێت بۆ فێربوونی بنەڕەتییەکان. لە لایەن کەنیسەی سویدەوە بەرهەمهێنراوە (بۆ هاوپەیمانی ئاکت).

# پێڕستی ڕاهێنانەکان

## ڕاهێنانە گشتییەکان

| ڕاهێنان | مەبەست | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ڕستەکە تەواو بکە | پێشەکی بەشداربووان- تیشک دەخاتە سەر پاڵنەری بەشداربووان بۆ بەشداریکردن | 35 |
| بیر لە چی دەکەیتەوە | پێشەکی بەشداربووان- تیشک دەخاتە سەر ئەوەی بەشداربووان چی شتێکی هاوبەشیان هەیە | 36 |
| تێپەڕاندنی سەبەتەکە | ڕاهێنانی یاسا بنەڕەتییەکان | 36 |
| دەستخۆشیم لێ بکە | تیشک دەخاتە سەر بەشداریی تەواوکەریی بەشداربووان لە گرووپەکەدا | 135 |
| بە هەمووان بڵێ | ڕاهێنانی دەستپێک کە فێربوون لە دانیشتنەکانی پێشوو بیری بەشداربووان دەهێنێتەوە | 49 |
| تۆڕی چاکە | تیشک دەخاتە سەر شتە باشەکانی کۆمەڵگاکانمان | 99 |
| هەمووان کورسییەکان دەگۆڕنەوە | وزەبەخشێک تیشک دەخاتە سەر هاوبەشییەکان | 71 |
| ڕۆشتن و وەستان | وزەبەخش | 103 |
| سەر تا پا | وزەبەخش | 130 |
| گۆڕانکاریی ئەنجام بدە | وزەبەخش | 137 |
| پەیکەری پێشەنگەکان | وزەبەخش | 147 |
| ئیمۆجییەکان | ڕاهێنانی کۆتایی سەرنج دەخاتە سەر هەستی بەشداربووان دەربارەی ئەوەی فێری بوون | 131 |
| سەر، دڵ و دەستەکان | ڕاهێنانی هەڵسەنگاندن | 148 |

## ڕاهێنانی لێکۆڵینەوە لە مافەکانی مرۆڤ، جیاکاریی و ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان

| ڕاهێنان | مەبەست | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| شۆربای ژیان، پێشانگەی مافەکانی مرۆڤ | دوو ڕاهێنان کە پێکەوە یارمەتی بەشداربووان دەدەن تاوەکوو پێداویستییە ئەزموونکراوەکانیان بە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤەوە ببەستنەوە | 37, 38 |
| دەفری بەخت | تیشک دەخاتە سەر دەستکەوت و زیانەکان، هەروەها سوودەکانی هاوسۆزیی | 68 |
| هەنگاوێک بۆ پێشەوە | یارمەتی بەشداربووان دەدات زیانە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکان و جیاکارییە یەکتربڕەکان لە چوارچێوەی خۆیاندا بناسنەوە | 69 |
| ناسنامە کۆمەڵایەتییەکانمان | یارمەتی بەشداربووان دەدات تاوەکوو هاوبەشییەکانیان لەگەڵ ناسنامەی کەسانی ئایین و باوەڕی تر ببینن | 72 |

## ڕاهێنانی لێکۆڵینەوەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بە تایبەتیی

| ڕاهێنان | مەبەست | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سەردەمانێک | یارمەتی بەشداربووان دەدات بیر بکەنەوە داخۆ نرخ دەدەن بەو شتانەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەیانپارێزێت | 50 |
| ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ڕۆژەکەمدا | یارمەتی بەشداربووان دەدات بیر لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی مافەکانیان بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بکەن | 52 |
| دوو خولەک کورتە درامای ئازادیی ئایین یان باوەڕ | پەرە بە کارامەییەکانی دەستنیشانکردنی پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەدات | 82 |
| نەخشەی ئازادیی ئایین یان باوەڕی شارۆچکەکەمان | ڕاهێنانێکی دوو بەشیی کە یارمەتی بەشداربووان دەدات شیکاریی دەق ئازادیی ئایین یان باوەڕ دروست بکەن | 101, 104 |

## ئەو ڕاهێنانانەی سەرنجیان خستووەتە سەر شێوازەکانی بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ و نەخشەسازی کار

| ڕاهێنان | مەبەست | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ڕاهێنانی دەستپێک: گرووپی گفتوگۆی چیرۆکی پێشەنگەکان | ئیلهام دەبەخشێت و دیمەنی گفتوگۆکان بۆ کردار دادەنێت | 114 |
| تەماشاکاران و چارەخوازان | یارمەتی بەشداربووان دەدات ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکەن کە توانایان پێ دەدات هەنگاو بنێن لەبری بوون بە تەماشاکار | 114 |
| من کێم | یارمەتی بەشداربووان دەدات ئەو بوارانە دەستنیشان بکەن کە تێیدا دەتوانن هەنگاو بنێن | 116 |
| باسکردنی تاکتیکە خێراکان | ڕاهێنانی گفتوگۆی گرووپ پەیوەند بە پێشکەشکردنی تاکتیکەکان لە دانیشتنی ٦ | 118 |
| باسکردنی تاکتیکەکان | نەخشەکێشانی بیرۆکەی کردارەکان لەسەر بنەمای تاکتیکەکان بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ | 129 |
| کێشەکە چییە؟ | یارمەتی بەشداربووان دەدات کێشەکان هەڵبژێرن تاگەشە بە نەخشەی کار بدەن بۆی | 135 |
| گەشتی گۆڕانکارییمان | ڕاهێنانی نەخشەسازی کاری بینراو | 138, 146 |
| لێرەوە بەرەو کوێ دەڕۆین؟ | یارمەتی بەشداربووان دەدات هەنگاوی داهاتوو دیاریی بکەن | 147 |

زۆر کەس لە وڵاتەکەیاندا لەبارەی پێشێلکردنی مافی ئازادیی ئایین یان باوەڕەوە نیگەرانن، هەروەها دەربارەی گرژیی نێوان ئایینەکان لەناو کۆمەڵگاکەیاندا، بەڵام دڵنیا نین لەوەی چۆن جیاوازیی دروست بکەن.

کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکان زنجیرەیەکە لە نۆ وۆرکشۆپی دوو کاتژمێریی کە بۆ بەهێزکردنی گرووپە بنەڕەتییەکانی کەسانی گەنج و بەتەمەن داڕێژراوە تاوەکوو فێربن و لە بەرەوپێشبردنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ هەمووان لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا چالاک بن.

لەم ڕێبەری ڕاهێنەرە و سەرچاوە هاوبەشەکانیدا، دەتوانین نەخشەی دانیشتنەکان، نووسراوی پێشکەشکردنەکان، پاوەرپۆینت، چیرۆکەکان، پۆستەر و کارتی یارییەکان- هەموو ئەو شتانەی بۆ وتنەوەی کۆرسەکەت پێویستە، بدۆزیتەوە. هیواداریین ئەو سەرچاوانە یارمەتیت بدەن بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لەو شوێنەی کە تۆی لێیت.

forb-learning.org

THE LOCAL
CHANGEMAKERS
COURSE

Nordic Ecumenical Network on Freedom of Religion or Belief
NORFORB

FORB Learning Platform

بەرهەمی بەرنامەی پەروەردەیی پەیوەست بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ، کە پرۆژەیەکی تۆڕیی باکوورییە تایبەت بە ئازادیی ئایین یان باوەڕ (NORFORB)
© مافی چاپ و بڵاوکردنەوە SMC Faith in Development ٢٠٢٢، www.smc.global، لەبری تۆڕی NORFORB
نووسین: Katherine Cash | وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی: ئیمان سەلیم
دیزاینی دەرەکی و ئایکۆن: KSB Design/Kristina Schollin-Borg & Eva-Marie Wadmann
وێنە ڕوونکەرەوەکان: Toby Newsome | وێنە ڕوونکەرەوەکان: PowerPoint: Gry Zierau
978-91-85141-43-2 | پەیوەندی: info@forb-learning.org | ئیمەیڵ:: www.forb-learning.org